# كەشتی یە سپی یەکە

**سەرچاوە:**

کشتی سفید

چنگیز آیتماتف

ترجمە: ف. فروغیان

انتشارات نوین

چاپ اول — تهران ١٣٦١

ناوی کتێب: کەشتی یە سپی یەکە
نوسینی: چەنگیز ئایتماتۆڤ
وەرگێڕانی: گوشاد حەمەسەعید
مۆنتێر: سۆران عەبدوڵڵا
هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: (٣٧١)ی ٢٠٠٧
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٨
کوردستان سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# کەشتییە سپییەکە

نووسینی: چەنگیز ئایتماتۆڤ
و. لە فارسییەوە: گوشاد حەمە سەعید

چاپی یەکەم
سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی ژمارە ( ٤٤٧ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ئەو تەنیا دوو ئەفسانەی هەبوو. یەکێکیان ئەفسانەی خودی خۆی بوو کە هیچ کەسێك لێی ئاگادار نەبوو. ئەوی دیکەیان ئەفسانەیەك بوو باپیرەی بۆی دەگێڕایەوە، لەم دووانەش بترازێت هیچ ئەفسانەیەکی دیکە نامێنێ. باسەکەی ئێمەش لەم بارەیەوەیە...

ئەو ساڵە ئەو حەوتی تەواو کردبوو، پێی نابووە ناو هەشتەم ساڵ، یەکەمجار جانتایەکیان بۆ کڕی، جانتاکە چەرمێکی ڕەشی کارگەکار بوو. قفڵێکی کانزایی بریقەداری هەبوو کە بەسەریەکدا جووت دەبوو و دادەخرا، جانتاکە باخەڵێکی بچووکی هەبوو بۆ وردەواڵە، بەکورتی، جانتایەکی سەیروسەمەرە بوو، ئاساییترین جانتاش بوو لە قوتابخانەکەدا.

هەموو شتێك لەو جانتایەوە دەستی پێکرد.

باپیرەی ئەو جانتایەی لەو دێوەرەیە کڕی بوو کە بە ئۆتۆمبێل دێوەرەیی دەکرد. ئەو دێوەرانە بە ئۆتۆمبێلی پڕ لە کاڵاو کەلوپەل و پێداویستی ئاژەڵدارانی چیانشین لەناو چیاکاندا دەگەڕان، جاری واش دەبوو سەری لە بنکەکەی دارستانیوانی ئەوان لە گەمی (سان تاش) دەدا.

جەنگـەڵی چـیاکانی (گـەرگ) گـەلی و دامەنـەکانی داپۆشـی. لـەم بنکـەو پاسـگای جەنگەڵوانییـەوە تـا تۆقەڵـەی سـەری چـیای داگرتبـوو. لـە بنکـەی پاسـەوانی دارسـتانەکان تـەنیا سـێ خێـزان دەژیـان، لەبەرئەمـە دێوەرەکـە جاروبارێك بە خۆو بە ئۆتۆمبێلەوە سەری لـە پاسـەوانەکانی ئـەم جەنگەڵانـەش خوارو دەکـردەوە، ئـەو منداڵـە کـە تاقـە کوڕیژگەیـەکی ئـەو سـێ خێزانـە بـوو هەمیشە بەر لە هەمووان ئۆتۆمبێلی دەێوەرەکـەی دەدیـت، بـەتاو ڕایـدەکردەوە ناو ماڵان، لەبەر دەرگاو بەر پەنجەرەی ماڵەکاندا دەیقیژاند:

"ئـەها واهـات! وا دێـوەرە بـە خـۆو ئۆتۆمبێلـەوە هـات!" ئـەو ڕێگایـەی ئۆتۆمبێل لـە کـەناری (ئیـسیك کـول)ەوە تـا بنکـەی جەنگـەڵوانان پێیـدا ڕەت دەبـوو هـەمووی گـەلی و کەنـدو باسـك بـوو، بـە ڕۆخـی ڕووبارێـك و بـەناو بەردەلاندا تێدەپەڕی. لەم ڕێگایەوە هاتنی ئۆتۆمبێل هێندە ئاسـان نـەبوو. ئـەم ڕێگایە دوای ئەوەی دەگەیشتە سەری چیای (قەراول) دۆڵێکـی بـچووکی دەبـڕی و دوای ئەوە تا ناو ماڵە جەنگەڵوانەکان بە نشێوییەکی ڕووتـەنی بـێ داروبـاردا تێدەپەڕین.

چـیای قـەراول لـە مـاڵی جەنگەڵوانەکانـەوە نزیـك بـوو، هاوینـان... بگـرە هـەموو ڕۆژێـك کوڕیژگەکـە دەچـووە سـەر ئـەو چـیایەو بـە دووربـین سـەیری دەریاچەی دەکـرد. لەوێنـدەرێ هـەموو ڕێبوارێـك چ پیـادەو چ سـوارە، چ جـای ماشێن بەباشی دەبینران.

ئەو جارەیان کە گەرمە ڕۆژێکی هاوین بـوو. کوڕیژگەکـە لـە گۆمێکـدا کـە باپیرەی بۆی هەڵبەستبوو خۆی تێفڕێدابوو لەوێوە دیتی ماشـێن لـە نـشێوێکەوە دێ و تـەپ و تـۆزی بڵنـد کردۆتـەوە. بـاپیرەی ئـەم گۆمیلکـەی لـە تـەنکاوی ڕووباردا لە شوێنێك کە ژێرەکەی بەردەڵان بوو دروست کردبـوو، ئەگـەر بـاپیرەی

ئـەو گۆمـەی بـۆ هەڵنەبەسـتبا، کـێ دەزانـێ؟ ڕەنگـە وەك داپـیرەی گوتبـووی دەمێك بوو کوڕێژگەکە گیانی لەدەستدابوو و ڕووبـار هێـسکەکانی شـۆڕدەبۆوەو بۆ دەریاچەی ئیسیك کولی ڕامالٚی بوو. ئێـستا ماسـی و زینـدەوەرە ئاوییـەکان لە ئێسقانەکانی ئەو ڕادەمان. ئەوحەلە هیچ کەسـێك بـەدوای ئـەودا نەدەگـەڕاو کەسیش دلٚی پیٚ نەدەسـووتا، چـونکە نەدەبووایـە ئـەو تێبکـەوێ، چـونکە ئـەو شتێکی هێندە گرنگیش نیە[1] کە زۆر پێویـستی کەسـێك بـێ. هەرچـۆنێك بـێ ئەمەیان ڕووینەدا، بەلاٚم ئەگەر پێش بهاتابا: کـێ دەیزانـی؟، ڕەنگـە داپـیرە بـە هانایەوە نەچووبایەو ڕزگـاری نـەکردبا. ئەگـەر نـەوەی خۆشـی بـا هـەر قەیـدی نـەدەکرد، بـەلاٚم ئـاخر دایکـی دەیگـوت ئـەو منداڵـە بێگانەیـەو بێگانـەش هەرچەندەی قـەدری بگـری و نـانو ئـاوی بـدەیتێ سـاردو گـەرمی بکـەی هـەر بێگانەیە...

ئەگەر ئەو نەیەوێ بێگانەبێ، ئەوساکە چی دەبێ؟ بۆ دەبێ ئەو بێگانە بێ؟

ڕەنگە نەك ئەو، بەڵکە دایکە خۆی بێگانەبێ؟

بەلاٚم لەدواییدا لەمبارەوە قسە دەکەین، دواتریش لەمەڕ ئـەو گۆمیلکەیـەی باپیرەی بۆی هەڵبەستبوو هەندێ باس دەکەین.

ئەو ڕۆژە کاتێ ئەو ئۆتۆمبێلـەی دێوەرەکـەی دیـت، ئۆتۆمبێلەکـە لـە چـیا نشێو دەبۆوەو دوای خۆی بەقەد یەك چیا تـەپ و تـۆزی بـە ئاسمانـدا خـستبوو. ئەو هێندە شادمان بوو، وەك دلٚنیابێ لەوەی جانتای بۆ دەکڕدرێ.. واش بوو.

هێندەی بلێی یەك و دوو لـە ئاوەکـە هاتـەدەرێ، شـەڕواڵەکەی لـە لینگـان هەڵکێشاو بە لەشی تەڕ کە لـەناو ئـاوی سـاردی ڕووبـار شـین هەڵگـەڕابوو، لـە

[1] فارسیەکەی دەڵێ ئەو خواردنێکی هێندە گەرمو داغ نەبوو کە پێویستی خەڵکی بێ (کەسێك بێ).

کوێرە ڕێگاوە بەرەو گۆڕەپانی ناو ماڵان ڕایکرد تا ئەو یەکەم کەسێك بێ مژدەی هاتنی دێوەرەکە بە هەمووان بدا.

کوڕیژگەکە بەخێرایی دابەزی و بەسەر پنچکاندا بازی دەداو ئەو تاوێرەبەردانەی نەیدەتوانی بەسەریاندا بازبدا بەدەوریاندا دەسوڕاوەو لە هیچ شوێنێکدا بۆ دەقەیەکیش خۆی نەدەگلخاند تا بە تەنیشت و پاڵ ئەو گیاو تاشەبەردانەشەوە کە دەیزانی ئاسایی نین. ڕەنگە ئەوان لێی بڕەنجێن و بەرپێینەی بدەنێ سەرنگرێی بکەن. هەر کە بە ڕۆخ وشترێکی یخ بوودا تێدەپەڕی، دەیگوت: "موغازەی ماشێنی هاتووە، دوایی دێمەوە کنت." ئەو بەردە سوورەی وەك پشتی وشتر لە زەوی بەرزببووەوە تا کەمەریشیان بەزەویدا ڕۆچوو بوو، ناونابوو (وشتری نووستوو). هەر کاتێ ئەو بە کەنار وشترە نووستوەکەیدا تێدەپەڕی دەستێکی بە گردەکانی پشتیدا دەهێنا. لەمەشدا لاسایی باپیرەی دەکردەوە. وەك چۆن باپیرەی دەستی بە کەفەڵی ئەسپە کلك قوتەکەیدا دەهێنا، ئەویش ئەوها بەبێ بایەخیەوە دەستی بەسەر (وشترە یخ بووەکە)یدا دەهێناو وەك پێی بڵێ: هەر نەختێ ددان بەخۆتدا بگرە، من کارێکم هەیە، دەڕۆم و دەگەڕێمەوە. ئەو بەردە بەڵەکەی نیوەی ڕەش و نیوەی سپی بوو، ڕۆچوونی سەر بەردەکە وەك زینی ئەسپ وابوو و دەکرا سواری بێ. ناوی نا بوو (زین). ناوی لە بەردێکی دیکە نابوو (گورگ)، ئەو بەردە بۆرە کە خاڵ خاڵی سپی تێدابوو زۆر لە گورگ دەچوو، ملێکی ئەستوورو تەوێڵێکی پانی هەبوو.

ئەو بەخشکەیی لەو تاشەبەردە نێزیك دەبۆوەو نیشانەی لێ دەگرت، بەڵام ئازیزترین بەرد لە کن ئەو (تانك) کە تاوێرە بەردێکی بێ ڕەزا بوو کەوا ڕێك لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکەدا بوو. لەم کاتەدا ئاوی کەنار شوشتبوویەوە، وا دەهاتە

پێش چاوان هەر ئێستا تانکەکە بەگەڕ دەکەوێو ڕووبارەکە دێنێتە جۆش‌و خرۆش‌و شەپۆلی گەورەی چیا ئاسا بە هەموو لایەکدا دەدا. تانکەکان لە سینەماندا ڕێك بەم تەرزە بەگەڕ دەکەوتن: لە کەنارەوە بۆ ناو ئاوی دەریا دەیان هاژواو دەڕۆیشتن. کوڕیژگەکە زۆر کەم دەچووە سینەما، لەبەرئەوە هەرچیەکی دەدیت لە مێشکیدا دەمایەوە. باپیرەی ناوناوە ئەوی لەگەڵ خۆیدا دەبردە سینەمای بنکەی پەروەردەکردنی ولاخە ڕەسەنەکانی (ساوخۆز) کە لەوبەری چیاداو لە لەوەڕگای تەنیشتیاندا بوو، لەبەرئەمە بوو کە تانك لە کەناری ڕووبارەکە پەیدابوو، هەموو کاتێك ئامادەبوو خۆی بە ئاوەکەدا بداو لێی بپەڕێتەوە. تاشەبەردی دیکەش هەبوو- بەردی (میهرەبان)، یا (نامیهرەبان) هەتا بەردی فێڵبازو گەلحۆش هەبوون.

لەناو گژوگیاو گیاکەلانیشدا گیای (ئازیز)، (ئازا)،(ترسنۆك) (شەڕانی)و زۆر تەرزو جۆری دیکەش هەبوو. بۆ نموونە دڕکی مەغیلان دوژمنی هەمووان بوو، کوڕە هەموو ڕۆژێك دەیانکا لەگەڵ ئەم دڕکە دەکەوتە شەڕەشیر، بەلاّم ئەم جەنگە بنەبڕ نەدەبوو، ئەم دڕکە دەڕسکاوە، بەلاّم (نیلوفەر)ی دەشت‌و چۆڵیان هەرچەندە بە گیاگەلێکی بێ کەڵك دەژمێردرا، بەلاّم عاقڵترین‌و شادمانترین گوڵەکێویلکە بوو. ئەم گوڵە لە هەموو گژوگیایەکی دیکە چاکتر پێشوازی تیشکی خۆری بەیانیان دەکا. گیاکانی دیکە لە هیچ نەدەگەیشتن، لە کن ئەوان شەوو ڕۆژ وەك یەك وابوو، بەلاّم نیلوفەڕ هەر لەگەڵ کەوتنی گزنگی بەیاندا چاوی دەکاتەوەو پێدەکەنێ. سەرەتا چاوێکی دەکاتەوە، ئینجا ئەوی دیکەی و دوای ئەوە گوڵە پێچەڵ پێچەڵە سپیەکان‌و ڕەنگ ئاسمانی‌و بنەوشەییەکانی یەك بەدوای یەکدا دەپشکون. ئەگەر بە ماتی لە کەناری پنچکی نیلوفەرێك دانیشی‌و گوێی بۆ هەڵخەی، وا دێتە بەرچاوان هەرکە گوڵەکانی بێداربوونەوە،

بە کشوماتی لەگەڵ یەکدیدا دەکەونە ڕازونیاز. هەتا مێروو و مووریش بەم مەسەلەیان دەزانن، بەیانیان بە پنچکی نیلوفەڕ هەڵدەگەڕێن، چاویان بە تیشکی خۆر مەست دەکەنو گوێ بۆ ڕازونیازی گوڵان هەڵدەخەن. ڕەنگە خەونەکانیان بۆ یەکدی بگێڕنەوە؟

کوڕیژگەکە حەزی دەکرد ڕۆژانە بەرەبەری نیوەڕۆیان بچێتە نێو (گەزجارە) قەد درێژەکان. (گەز) گیایەکی قەد بڵندە، گوڵ نادا، بەڵام بۆنو بەرامەی خۆشەو پنچکەکانیان بەڕەوە دەڕوێن، وەك بڵێی لە دەوری یەکدیدا دەڕسکێن و ڕێگە بە گیاکانی دیکە نادەن لێیان نێزیك ببنەوە. ئەم گەزجارانە دۆستی یەکەمی کوڕیژگەکە بوون، بەتایبەتی ئەگەر لە شتێك دڵی شکاباو ویستبای بگری، گەزجارەکە باشترین پەنای بوو بچێ لەوێ بگری و کەس بە گریانەکەی نەزانێ. لە گەزجاردا بۆنو بەرامەی دارستانی سنەوبەر دەهاتە بەر لووتان.

ئەوێ پەنایەکی گەرموگوڕو بێدەنگ بوو، لە هەموویشی خۆشتر ئەم پنچکجارانە بەری ئاسمانیان نەدەگرت. دەبووایە لەسەر پشت درێژ بێو تەماشای ئاسمان بکا. سەرەتا لەبەر فرمێسکان هیچ نەدەبینرا، بەڵام دوای تاوێك هەوری سپی لە ئاسمان دەکەوتنە مەلە بەشێوەی هەر شتێك ئەو بیری لێ دەکردەوە دەهاتنە بەرچاوان. پەڵەهەوران دەیانزانی ئەو لەو وەختانەدا لە پەژارەو ناخۆشیدایە، حەزی دەکرد بۆ جێگایەك بچێ، یان بەرەو شوێنێك بفڕێ تا هەمووان ئاه و خەفەتی بۆ هەڵکێشنو بڵێن: کوڕیژگە غەریب بوو، لەکوێی ببینینەوە؟.. بۆئەوەی کارێکی وا ڕوونەدا، بۆئەوەی گۆڕغەریب نەبێو بۆئەوەی بە ئارامی لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشێو لە تەماشای هەوران چێژ وەرگرێ، هەورەکان دەهاتنە سەر ئەو شێوانەی ئەو دەیویست. لە پەڵەهەورێك وێنەی

جۆراوجۆرو پارچەی جۆراوجۆری زۆر شتان پەیدا دەبوو. تەنیا دەبووایە لەوە بگا هەوران وێنەی چ شتێك دەگرن؟

گەزجارەکە کشومات بوو، پنچکە گەزەکان بەری تیشکی خۆریان نەدەگرت. گەز گیایەکی وابوو کە بەرامەی سنەوبەری وشکی لێوە دەهات[1] کوڕیژگەکە زۆری لەمەڕ گژوگیاوە دەزانی. ئەو بشتانەی لە چەمەنزارەکەی ڕۆخ ڕووبار دەڕوان بە خۆشەویستیەوە دەیجاملاندن. بشتە گیاکەڵەی سەیرو سەرسووك بوو، هێشووی نەرمو وێنە ئاوریشمیەکانیان بەبێ شنەی با هەڵیان نەدەکرد. چاوەڕێ بوون با بۆ کامە لا هەڵ بکا بۆ ئەو لایە سەردانەوێنن. هەموویان لە چەمەنزار وەك تەنێك، وەك دەستە سەربازێك کە فەرمانیان پێ درابێ، سەریان لەبەر خۆیان دەنا. کە باران بباریباو هەورەتریشقە دەستی پێکردبا، نەیاندەزانی سەر بەرەو چ لایەك ببەن؟! ئۆقرەیان لەبەر دەبڕا، دەکەوتن، بە زەویەوە دەنووسان، ئەگەر قاچیان هەبووایە گومانی تێدا نەبوو پێیان بە غارەوە دەناو سەریان بۆ بیابان هەڵدەگرت... بەڵام ئەوان تەنیا وایان نیشان دەدا پەشۆکاون. هەرکە باران کڕی دەدایەوەو هەوا ئارام دەبۆوە، بشتەکان دیسانەوە خۆیان دەداوە دەست شنەباو با بۆ کوێی هەڵکردبا بەرەو ئەو لایە دەچەمانەوە... کوڕیژگە بەبێ دۆستو برادەر، تاكو تەنیا ژیانی لەناو ئەو شتە سادەو ئاساییانەی لە دەوروبەری بوون بەسەر دەبرد، تەنیا وەختێ ماشێنی ئەو دیوەرەی دەدیت، هەموو شتێکی لەبیر خۆی دەبردەوەو وەك خیتی ئەستێرە ڕژانان خێرا بۆ پێشوازی ئەو دەبەزی. ئاشکرایە جیاوازی

---

[1] بشتە: هەر هەمان ناوە فارسییەکەیەتی.

نێوان ماشێن-دێوەرەو فلاْنو فیسارە بەردو گژوگیا ئاسمان و ڕێسمانە. لەناو ئەو ماشێنە هەرچیەکت بوێ هەیە؟

هەرکە ئەو بەستەزمانە خۆی گەیاندەوە ماڵێ، ماشێنەکە گەیشتبووە پشت ماڵان و خەریك بوو لە گۆڕاییەکەی بەردەمی ماڵان نزیك دەبۆوە. ماڵە پاسەوان نشینەکانی جەنگەڵوانان ڕوویان لە ڕووبار بوو، حەوشەکەی بەر ماڵان بە لێژاییەکی کەم نشێو درێژدەبۆوە کە تا دەمی ڕووبار دەڕۆیشت، لە ئەوبەری ڕووبار دوای هەڵدێرێ کەنار ڕووبارەکە داوێنێکی پڕ لە سەرەونشێوی چیاو لێڕەوار بوو. لەبەرئەوە تاکە ڕێگای ئۆتۆمبێل ئەو ڕێگایەی پشت ماڵان بوو، ئەگەر کوڕیژگەکە بەتاو ڕاینەکردباو خێرا نەگەیشتبا ناو ماڵان، هیچ کەسێك لە هاتنی ماشێن- دێوەرەکە ئاگادار نەدەبوو.

لەم وەختەدا پیاوەکان کەسیان لەوێ نەبوون، هەموویان سەرلەبەیانی ماڵەکانیان بەجێهشتبوو و هەریەکەیان بەرەو لایەك چووبوون، ژنان سەرقاڵی ماڵداری خۆیان بوون. کە منداڵەکە ڕایکردە بەردەرگای ماڵەکان بە دەنگێکی تیژو باریك‌و گوێ کاسکەر دادو هاواری ناوە: "هات... دێوەرە بە خۆو ماشێنەوە هات."

ژنان جمانو دەستو پێی خۆیان کۆکردەوە تا ئەو پارانەی لە پەناو پرێسکان قایمیان کردبوو بیهێننە دەرێ. لە ماڵ وەدەرکەوتن. هەر کەسە لە پەلەی ئەوەدا بوو زووتر خۆی بگەیەنێتە ماشێنەکە. هەتا نەشکەوتە پێداهەڵکوتنی کوڕیژگەکە:

— تەماشای بکە نەوەکانمان چاویان چەندە تیژە.

کوڕیژگەکە هەستی کرد بایەخو نرخی دەدەنێ، دەتگوت ئەو خۆی ماشێن- دێوەرەکەی هێنابوو. ئەو لەوەی مژدەی دابوونێ، لەوەی لەگەڵیاندا بۆ

گۆڕەپانەکە ڕایکردبوو و هەروەها لەبەردەرگا کراوەکەی ماشێن دێوەرەکەدا لەگەڵیاندا بوو، لە دڵەوە هەستی بە شادی دەکرد، بەڵام ژن وژار ئەوەندە سەرقاڵ بوون کە یەکسەر ئەویان لەبیر چۆوە بە هاتو بات و قاوقیژەوە کەوتنە تەماشاکردنی شتومەکان. ژنەکان تەنیا سێ بوون: داپیرەو، بەگی پووری کوڕیژگەکە کە ژنی (ئارۆزکۆل) بوو. (گوڵ جەمال) ژنێکی لاو بوو. کیژۆڵەکەی لە ئامێز کردبوو بەرەو ئەوێ هاتبوو. ژنەکان تەنیا سێ کەس بوون، بەڵام قاوقیژێکی وایان نابۆوە دەتگوت حەمامی ژنانە. شتومەکو کاڵاکانیان ئەوها ئەم دیو ئەو دیو پێدەکرد کە فرۆشیارەکە ناچار بوو داوایان لێبکا ئاگایان لە سەرە بێ و بە نۆبەت تەماشای کاڵاکان بکەنو هەر هەموویان پێکەوە دەنگەدەنگ و هاتو بات نەنێنەوە، بەڵام قسەی کابرا هیچ کارێکی لێ نەکردن. یەکەمجار هەموویان بە کاڵاکانیان هەڵدەگوت، ئینجا کەوتنە هەڵبژاردنی ئەو شتانەی دەیانویستو پەسەندیان دەکردو ئینجا دووبارە دەیان گەڕاندەوە، جیایان دەکردەوە، ئەندازەیان دەگرت، بێنەوبەرەیان دەکرد، دوودڵ دەبوونو شتێکیان دە جاران لێ دەپرسی. کاڵایەکیان بەدڵ نەبوو، ئەوی دیکەیان نرخەکەی گران بوو، ڕەنگی سێیەمیان بەدڵ نەبوو، کوڕیژگەکە لە کەنارەوە ڕاوەستابوو، حەوسەڵەی لەسەردا نەما، ئاگری ئەو خۆشیو شادیەی کاتی دیتنی ماشێنەکە لەسەر چیاوە کە لە دڵیدا هەڵبوو، خامۆش بۆوە. لەناکاو ماشێنەکە بووە ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی پڕ لە خرتو پرتی جۆراوجۆر. منداڵەکە گرژ بوو بە خۆی گوت: بۆچیو لەبەرچی من ئەم ڕێگە دوورەی ناو چیام کوتاوەو هاتمە ئێرە؟ وادیار بوو هیچ هیوایەك نەبوو ئەم ژنانە شتێك بکڕن.

هەرواش بوو، ژنان بەرەبەرە کشانەوە، ئاگری ئارەزوویان دامرکاوەو وەك ئەوەبوو کە هیلاك بووبن. عوزرخواییان دەهێناوەو هەولێان دەدا پاکانەی خۆیان لە پێش یەکدی، یان فرۆشیارەکە بکەن.. پێش هەموویان داپیرە کەوتە ئاهەڵکێشان کە پارەی نیەو ناتوانێ شتێك بکرێ. (پوورە بەگی) نەیدەوێرا بەبێ قسەی پیاوەکەی شتێك بکرێ، پوورە بەگی بەدبەخترین ژنی دنیا بوو، لەبەرئەوەی منداڵی نەبوو، ئارۆزکۆل بەردەوام خۆی مەست دەکردو دارکاری دەکردو باپیرەش خەموخەفەتی پێ دەخوارد، چونکە کچی خۆی بوو. پوورە بەگی هەندێ وردەواڵەو دوو شووشە فۆدگای کری، دەبووایە فۆدگا نەکرێ، چونکە بۆ ئەو خراپ بوو. داپیرە نەیتوانی خۆی بگرێو لەسەرخۆ، بەجۆرێك کە فرۆشیارەکە گوێی لێنەبێ، گوتی:

- ئاخر بۆچی بە دەستی خۆت بەڵا بۆ سەری خۆت دەهێنی!؟

پوورە بەگی وەڵامی داوە:

- خۆم دەیزانم.

داپیرە دیسانەوە بە دەنگێکی لەسەرخۆتر، بەڵام بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە تەوسەوە گوتی:

- بەڕاستی ئەحمەقی- ئەگەر ئەم کابرا فرۆشیارە لێرە نەدەبوو، ڕێك حسابی لەمستان دەنا کە ئینجا وەرەو تەماشای ئەو بەزمە بکە، کە شەڕو بەزمیشیان دەبوو هەر دەبووایە تەماشای بکەی.

گوڵ جەمالی لاو هاتە نێو قسانەوە گوتی کە سەید ئەحمەد بەمزوانە دەچێتە شارو شاریش پێویستی بە پارەیەو لەبەرئەوە ناتوانێ دەست لە پارە بدا.

پێی ناوێ.. ژنان لە پێش ماشێنەکە کردیانە سمڕسمڕ، وەك کابرای دێوەرە گوتی بایی چەند فرۆشێکتان وردەواڵە کرِی. هەریەکەیان چۆوە ماڵی خۆی، بەڕاستی بێنەو بگرەیەکی عەجایب بوو! کابرای تایین بەسەر ژنەکاندا نەڕاندی: تفوو! تفێکی کردو دەستی بە کۆکردنەوەی شتومەکە پەرش‌و بڵاوکراوەکانی کرد تا ڕێگای خۆی، چۆن هاتبوو، ئەوها بگرێتەوە بەر، هەرکە چاوی بە کوڕێژگەکە کەوت لێی پرسی:

- ها گوێدرێژ، تۆ شتێك دەکڕی؟

منداڵەکە دوو گوێچکەی گەورەو بەرجەستە، ملێکی باریك‌و کەللەیەکی زل و خڕی هەبوو.

- ئەگەر شتێك دەکڕی پەلە بکە، دەنا دای دەخەم. پارەت هەیە؟ فرۆشیار بۆئەوەی عەریزەکەی خاڵی نەبێ‌و خەمی بێکاری لە خۆی بڕەوێنێتەوە ئەم پرسیارەی کرد. بەڵام منالە سەری باداو بەڕێزەوە گوتی:

- نەخێر، خاڵە گیان پارەم نیە.

فرۆشیارەکە بە باوەڕپێنەکردنێکی ساختەوە گوتی:

- من لەو باوەڕەدام پارەت هەبێ. ئێوە هەمووتان پارەدارن، بەڵام خۆتان دەکەنە مشکەتۆپیو. ئەمە چیە لە باخەڵت، مەگەر پارە نیە؟

کوڕێژگەکە وەك جاری یەکەم، بەڕاستی و بێ درۆ گوتی:

- نەخێر، خاڵە گیان.

و باخەڵەکەی کە کون بوو هەڵگەڕاندەوە (باخەڵی لایەکەی دیشیان بە تەقەڵان داخستبوو). دێوەرەکە گوتی:

- دیارە پارەکانت لێ کەوتووە. بڕۆ ئەولا لەوێ یاریت دەکرد، بەدوایدا بگەڕێ دەیبینیەوە.

کوڕیژگەکە وەڵامی نەدایەوە. دێوەرەکە دوای کەمێ بێدەنگی پرسی:

- تۆ منداڵی کێی؟ منداڵی بابە مەئموونی؟

منداڵە وەك قسەی ئەو بسەلمێنی سەری خۆی بادا.

- نەوەی ئەوی؟

کوڕیژکەگە دووبارە سەری باداو گوتی:

- بەڵێ.

- دایکت لەکوێیە؟

منداڵەکە وەڵامی نەدایەوە، حەزی نەدەکرد لەم بارەیەوە بدوێ. دێوەرەکە درێژەی پێدا:

- دایکت هەواڵی خۆیتان بۆ نانێرێ. تۆ خۆت هیچ شتێك نازانی؟

- نەخێر نازانم

- ئەدی باوکت؟ هەواڵی ئەویش نازانێ؟

کوڕیژگەکە وەڵامی نەداوە. کابرا بە سوحبەتو گاڵتەوە سەرزەنشتی کردو گوتی:

-کوڕە، چۆن تۆ هیچ نازانی؟!

دەستی دایە چنگێك نوقڵو نەباتو گوتی:

- عەیبی تێدا نیە، ئێستا کەوایە بگرە... دەی خواحافیز.

کوڕیژگەکە شەرمی کرد. کابرا پێی گوت:

- بگرە، بگرە! دەی خەریکم مەکە! من دەبێ بڕۆم.

منداڵەکە نوقڵەکانی لێوەرگرتو کەوتە خۆئامادەکردن تا بەدوای ئۆتۆمبێلەکە ڕابکات و بەڕێی بکا. (بالتەك) سەگە تووکنو لەڕادەبەدەر تەمبەڵەکە وەڕی. ئارۆزکۆل دەیگوت بۆچی دەبێ سەگێکی وا ڕاگیرێو هەر

گەفو گوڕی ئـەوەی بـوو بـە گوللەیـەك دەیتۆپێنـێ. بـاپیرەش بـەردەوام تکـای دەکـردو دەیگـوت: دەبـێ سـەگێکی مێگـەل پەیـدا بکـرێ. ئینجـا باڵتـەك بـۆ جێگایەکی دووردوور ببرێو بەرەڵڵا بکرێ، بەڵام باڵتەك پەیوەندی بـەم کارانـەوە نەبوو، کە تێر بووایە دەنووستو کە برسی بووایە کلکی بۆ هەر کەسێك بـادەدا، جا چ خۆیی یان بێگانە بووایە، بەڵکو ئـەوە خوایـە پارویـەکی بهاوێتـە بـەردەم، بەڵام بۆ ڕەواندنەوەی دڵتەنگی بەدوای ئۆتۆمبێلان ڕایدەکرد. هەڵبەتـە زۆر دوور نەدەچوو. تەنیا حەمبازی دەنا، لەپاشـدا لـەپڕ دەگـەڕاوەو وردەوردە بـەرەو مـاڵ دەبۆوە. باڵتەك سەگێك نەبوو متمانەی پێبکرێ، بەڵام ڕاکردن لەگـەڵ سـەگێکدا سەد جاران باشترە لـەوەی بـێ سـەگ بیت. جـا هەرچـیەکی بێـت، سـەگ هـەر سەگە.

کوڕیژگەکە نوقڵێکی بۆ بەردەمی سەگەکە هەڵدا، بەڵام بەجۆرێك کـە کـابرا نەیبینیبێو گوتی: "ببینە ئێـستا زۆر ڕادەکـەین." باڵتـەك نوسـکەیەکی کـردو کلکی باداو چاوەڕێ بوو نوقڵی دیکەشی بۆ هەڵـدا، بـەڵام کوڕیژگەکـە نـەیوێرا، نەوەکا کابرا لێی بڕەنجێ، خۆ ئەم چنگە نەباتەی بۆ سەگ نەدابوویێ! لەم نـاوەدا سەروکەللەی باپیرە بـەدیار کـەوت. ئـەو چـووبوو سـەری لـە شـانە مێـشەکانی دابوو، لەوێڕا پشت ماڵان نەدەبینرا.

باپیرە ڕێك لە وەختی خۆیدا، بەرلـەوەی ماشـێنەکەی بـڕوا گەیـشتە ئـەوێ. وانەبایە کوڕیژگەلـە قـەت نـەدەبووە خـاوەنی جانتـای خـۆی، بـەڵام ئـەو ڕۆژەی بەختی یار بوو.

لـەو دەوروبـەرەدا هـەموو مـەئموونی پیریـان دەناسـیو ئـەویش تێکـڕای دەناسـین. ئەوانـەی خۆیـان بـە عـاقڵ دەزانـی ناویـان لـەو پیرەمێـردە نـابوو (مەئموونی زرنـگ). مـەئموون بـەهۆی ڕەفتـاری بەئەدەبانـەی لەگـەڵ دۆسـتو ئاشـنایانی دوورو نزیکـی خـۆی، هـەروەها بـەهۆی ئامـادەیی دایمـی بـۆ

خزمەتگوزاری بەرانبەر هەموو کەسێك، ئەم نازناوەی بەدەست هێنـابوو، بـەڵام کەس بۆ ئەو موکوڕیو هەوڵو کۆششەی نرخـی دانـەدەنا. وەك ئـەوەی لـەپڕێك زێڕو زەبـەرێکی موفتـە بدەنـە مـرۆڤ، کـەس نرخـی نازانـێ. ئـەوها بـوو، هـیچ کەسـێك ئـەو ڕێـزەی لێنـەدەنا کـە پیرەمـەردانێکی هاوتەمـەنی وەك مـەئموون شایانی بوون. زۆر سادەو خۆمانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکـرد. وا ڕێکدەکـەوت بـۆ یادکردنەوەیـەکی پـڕ شـکۆی لـە ڕیشـسپییە زۆر بـەڕێزەکانی هـۆزی (بۆگـۆ)- مەئموون خۆی لەو هۆزە بوو- زۆر بەوە شـانازی دەکـرد کـە لـە هـەموو کـۆڕی یادکردنەوەکاندا بەشداری دەکرد. دەستوریان پێـدەدا بـەرخ سـەربڕێو پێـشوازی میوانە بەڕێزەکان بکاو دەستەبەری لە هەسپ دابـەزینیان بکـا، چـایی بگێـڕێو دارو چـیلکە بـشکێنێو ئـاو بێنـێ، بـەڵام لـەم جـۆرە کـۆڕە پـڕ شـکۆیانە کـە میـــوانێکی زۆرو زەبەنـــدی لـــە هـــەموو گۆشـــەو کەنارێکـــەوەی تێـــدەڕژێ، هەرچەندەکی بتەوێ کار هەیـە. هـەر کـارێکی بـە مـەئموونیان دەسـپارد، ئـەو یەکسـەرو بـێ چەندوچـوون جێبـەجێی دەکـرد، لەمانـەش گـرنگتر وەك هەنـدێ کەس، قەت بەبێ کـار دانەدەسـەکنا. ژنـە لاوەکـان کـە دەبووایـە لـەو هـەموو ئەسپانەی میوانان ئاگاداری بکەنو دایان کەن، کـە مـەئموونیان دەدەیـت چـۆن هەموو ئیشوکارەکان جێبەجێ دەکا، دەیانگوت:

- ئەگەر مەئموونمان نەبایە.. چ خاکەسارێکمان بەسەری خۆماندا دەکرد؟

جارێکیـان مـەئموونی پـیر کـە لەگـەڵ کوڕەزاکـەی لـە ڕێگایـەکی دوورەوە هاتبۆوە کۆڕێکی ئائەوهاوە، ببووە بەردەستیکەری کوڕە لاوێك کە سەرپەرشـتی چاییو سەماوەری دەکرد. ئەگەر کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەو بایە ئەم کـارەی بە سووکایەتیەکی گەورە دەزانی، بەڵام مەئموون هەر بەخەیاڵیشیدا نەدەهات.

هیچ کەسێك سەیری لەوە نەدەهات مەئموونی پیر قۆڵی لە خزمەتکردنی میوان هەڵدەکرد. هەر لەبەر ئەمەش ئەمە هەموو ژیانی ئەم پیرەمێردە بوو. لەوەش کە ببوو بە مەئموونی زرنگ خۆی گوناهبار بوو.

بەڵام ئەگەر غەریبەیەك سەرسامی خۆی نیشانداباو پێ بگوتبا، ها پیرەمێرد بۆچی بە دووی قونی ژنانەوەی؟ مەگەر لە هۆزەکەتان کوڕە لاو بڕاوە؟ مەئموون وەڵامی دەداوە: (بەهەشتی برای من بوو) ئەو هەموو پیاوانی هۆزەکەی بە برای خۆی دەزانی، بەڵام ئەو پیاوانە لەگەڵ خڕی میوانانیش بەهەمان ئەندازە برا بوون. ئەگەر من لە پرسەی ئەودا کار نەکەم، ئەدی دەبێ کێ کار بکا؟ ئێمە لە ڕەچەڵەکەوە لە ئاسکەمێی[1] دایکە گەورەی شاخدارمانەوە لەگەڵ یەکدیدا خزمو کەسی یەکدین. ئەو دایکە ئاسکە نازەنینەمان وەسیەتی کردووە ئێمە هەم لە پرسەو هەم لە ژیانیشدا، دۆستایەتی یەکدیمان لا ئازیزو شیرینە.. مەئموونی زرنگ لەم جۆرە پیاوانە بوو.

پیرو لاو بە (تۆ) بانگی ئەویان دەکرد. ڕەنگ بوو دەستی لێ ڕاستکەنەوە، چونکە قەت نەیدەزانی ڕەنجان چیە، ڕەنگە جێگای بۆ دانەنێن، چونکە ئەو بێ دەمو زمان بوو. لەخۆڕا نیە گوتویانە: (کەسێك نەتوانێ خەڵکی دیکە ناچار بکا بۆ ڕێزلێنانی، خەڵك نایبورن). مەئموون نەیدەتوانی. ئەو سەری لە زۆر کاروبار دەردەچوو: دارتاشی دەکرد، زیندروو بوو، وەستای گێشەکردنی پووشو پەڵاش بوو. سەردەمێ کە لاو بوو لە کاڵخۆزدا گێشەقەسەری ئەوهای دروست دەکرد کە پیاو دڵی نەدەهات زستانان تێکیان بدا، لەبەرئەوەی بەفرو باران بەهیچ جۆرێك دزەی نەدەکردە ناویەوەو هەر بە وشکی دەمایەوە. لە سەروبەندانی جەنگ وەك وەستای ساختمان سەربازی کاری دەکرد لە

---

[1] ئەم (ئاسکە)بەزۆر جۆر ناوی دێ لەوانەش (گوزەن)(دایکە شاخدار).

(ماگنیتوگورسك) دیواری کارخانەی هەڵدەناو بە باشترین کرێکار دادەنـدرا.کـە گەڕاوە خانووەکانی بنکەی جەنگەڵوانی لە داروتەختـە دروسـت کـردو ملـی لـە جەنگـەڵوانی نـا. هەرچـەندە ئـەو بـە بەردەسـتکار دادەنـرا، بـەڵام کاروبـاری جەنگەڵداری لەئەستۆدا بوو. ئارۆزکۆلی زاوای زۆربەی وەختی خۆی لـە میـوانی ئـەم و ئـەودا بەسـەر دەبـرد. تـەنیا ئـەو کاتانـەی سەروسـەکوتی بەرپرسـیارو سەرۆکان پەیدا دەبوو، ئارۆزکۆل خۆی جەنگەڵی پێ نیشان دەدان، دامودەزگـای ڕاوکردنـی دابـین دەکـردو بـەکورتی لـەم بـارەوە ئـەو خـاوەنی دەسـەڵاتدارێتی جەنگـەڵ، مـەنزڵگاو خانـەخوێی سـەرۆکەکان بـوو. مـەئموون ڕەشـەوڵاخەکانی دەلەوەڕاندو سەرپەرشـتی شـانە مێـشەنگوینەکانی دەکـردو خـەمی دەخـواردن. مەئموون هەموو تەمەنی خۆی لە ڕاکەڕاکدا بەسـەر بردبـوو، بـەڵام فێـری ئـەوە نەببوو خەڵکی ناچار بکا ڕێـزی لێبگـرن. ڕەنـگو ڕووخساریـشی لـە ڕیشـسپی نەدەچوو. ئەو نە هێندە گوێی بە ڕێزو سەنگی دەداو نە هەواو فیـزو توڕەبـوونو هەڵـچوونی هـەبوو. مرۆڤێـك بـوو سـادە، دڵمیهرەبـانو هـەر یەکـەمجار چـاوت پێدەکەوت ئەم خەسـڵەتە مرۆڤـدۆستیەی هـیچ کـەس نرخـی نـەدەزانی نیـشان دەدای. لە هەموو چەرخو زەمانێکدا وا دەرس بـەم کەسـانە دەدەن: "میهرەبـان مەبە، بێ بەزەیيو دڵڕەق بە! ڕێك لە مشتی دەنێن دڵڕەقو بـێ بـەزەیی بـە!" ، بەڵام ئەو هەروەك خۆی بـوو چـارەی نـەدەکراو بـە قـسەی ئەوانـە نەدەخەڵـەتاو ئەمە بەڵایەك بوو خۆی بەسەری خۆی هێنابوو. هەمیشە هەر لێوبەخەنـدە بـوو، چـرچو لۆچـی زیـادی لـە دەموچـاودا بـوو. بـەردەوام پرسـیار لـە چـاوەکانیدا دەیپرسی: "چیت گەرەکە؟ دەتەوێ خزمەتێکت بکـەم؟ دەڵلـە ئاسـت تـەنیا دەم هەڵبێنە پێویستیت بە چی هەیە" . لوتی لە دەنووکی مـراوی دەچـوو، ئەوەنـدە نەرم بوو دەتگوت هەر ئێسكو کرکڕاگەی تێدا نیە. بەژنو باڵاشی ورد بوو، بـەم پیرییەی بە لاوێکی بچکۆلەکەی وریاو چوست و چاپووك دەچوو.

ڕیشیشی هەر ڕیش نەبوو، بەڵکو مایەی گاڵتەجاڕیی بوو، لە دوو سێ تاڵە مووی خاکی کە لە چەناگەی هاتبوونەدەر پێك دەهات.

جاری وا دەبوو دەدیترا پیرەمێردێکی پڕ لە ڕێزو سەنگین سواری ئەسپێکی ڕەسەنی زین ڕازاوەی بە نوقرەی پڕ باق و بریق بووە بە ڕێگادا ڕادەبوورێو پاڵتۆیەکی یەخە پانو بەرینی کەوڵە بەرخی لەبەرە، کڵاوی گرانبەها. بەکورتی هەموو هەیئەتی ئەوەی دەگەیاند ئەو لە حەکیمو هۆشمەندو پیران هیچ کەمتر نیە. پیرێکی وا لە هەموو جێگایەکدا جێگای ڕێزلێگرتنەو شایانی ڕێزلێنانو بەرزنرخاندنیەتی، بەڵام مەئموون تەنیا مەئموونی زرنگ هاتبووە دنیاوە. تاکە خەسڵەتی ئەمە بوو هیچ ڕقی لەوە نەبوو لەبەرچاوی خەڵکەکە بە بچووکی سەیری بکرێو بیری لەوە نەدەکردەوە نابێ ئەوها دانیشتباو ئەوەهای بگوتبا، نەدەبووایە ئەوەهای وەڵام دابایەوە، ئەوها پێکەنیبا، یان فلان کاری دەکردو ئەوها قسەی دەکرد. لەم لایەنەوە مەئموون بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێ یەکێك بوو لە خۆشبەختترین مرۆڤەکانی دنیا.

زۆر کەس نەك بە نەخۆشی، بەڵکو پتر بەوە دەمرن کە هەواو هەوەسێکی گیان وەڕسکەری کینەبۆوەی بەردەوام تێیان ڕادەخورێ کە خۆیان بە شتێکی لەوە گەورەتر نیشاندەن، کە لەڕاستیدا هەن. (کێ هەیە نەیەوێ ناوبانگ بە هۆشو فامو لێوەشاوەیی جوانی، لەهەمان کاتیشدا بە شکۆمەندیو دادگەری دەرکا؟)

بەڵام مەئموون لەم جۆرە مرۆڤانە نەبوو. ئەو مرۆڤێکی عەجیب بوو، هەر بۆیەش وەك مرۆڤێکی سەیر هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. مەئموون تەنیا لە شتێك دەڕەنجا ئەویش ئەوە بوو لە بانگهێشتکردنی بۆ شورای خزمو هۆزەکەیو بەستنی کۆڕی کەسایەتی لەبیری بکەن... بەڵام زوویربوونیشی لەسەر ئەوە

نەبوو حساب بۆ ئەو نەکراوە- گرنگ ئەوە بوو لەو دەمانە لەوێ بووایە، چونکە ئەو لە چارەسەرکردنی مەسەلەکان و مشتومڕی کێشەکان بەشداری نەبوو، بەڵکو لەوە لالووت دەبوو نەریتو ئەرکو فەرمانێکی کۆنو لە مێژیینەیان پێشێلو پشتگوێ خستبوو.

مەئموون بابی خۆیشی بەدبەختیو دەردو غەمی هەبوو کە پێوەی دەناڵاندو شەوانە لەداخاندا دەگریا. لاییدە[1] ئاگایان لەم مەسەلە نەبوو، بەڵام خۆییەکان بەم دەردەی ئەویان دەزانی.

کاتێ مەئموون نەوەکەی خۆی لە ڕۆخ ماشێنەکە دیت، یەکسەر تێگەیشت کە کوڕیژگەکە غەمو کەسەرێکی لە دڵدایە، بەڵام لەبەرئەوەی دێوەرەکە لەوێ غەریب بوو، یەکەمجار چووە کن ئەو دەمودەست لە سواری ئەسپەکەی دابەزی، هەردوو دەستی بۆ درێژ کردو بە ئاوازێکی نیوە تێکەڵ لە قۆشمەو دڵگەرمییەوە گوتی:

- سڵاوتان لێبێ ئەی گەورە بازرگان. ئایا بە ڕووبارگەو کاروانت بەخێرو سەلامەتی گەیشتووە؟ ئایا بازاڕتان گەرمە؟ مەئموون کە تروسکەی شادی لە چاوانی دەباریو دەستی کابرای بە تۆقەیەکی گەرمەوە ڕادەتەکاند بۆ سەرگەرمیو لوتفنواندنی زێتر گوتی:

- دەمێکی باشە چاومان بە دیداری ئێوە ڕۆشن نەبووە. بەخێر بێی سەرچاوان.

کابرا لە حاڵێکدا بە لووتفی شیرینو قیافە بەدرِسکاوەکەی مەئموونی هەڵدەڕوانی، بە چەکمە نیوداشتە چەرمیو کارخانەییەکەیو ڕانکەکەی کە ژنەکەی بۆی دووری بوو، بە چاکەتو کورتەکە پڕ لە پینەو پەڕۆو سەرکڵاوە

[1] لاییدە: بێگانە، یان کەسێکی کەم ئاشنا.

خورییە. هەتاو باران بردوو و ڕەنگپەڕیوەکەی پێدەکـەنی، بـە ئـاوازێکی گـەورە پیاوو خانەدانانەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- کاروان ڕێکوپێکە، بەڵام خەوشی کارەکە لەمەیە کە بازرگـان خـۆی دێتـە بـەر دەرگاتـان، کەچـی ئێـوە لـە چـنگ بازرگـان دەدەنـە کێـوو بیابانـان. بـە ژنەکانیشتان دەڵێن گیانی شیرین بە ئیزراعیل بـسپێرن، بـەڵام نەکـەن دینارێـك خەرج کەن. لێرە ئەگەر پڕ بە زارکی خـراران[1] کـاڵاو شـتومەك هەڵڕێـژی کـەس زارکی کیسەی پارە شل ناکاتەوە. مەئموون بە دەنگێکی پـڕ لـە عوزرخـوایی و تەریقیەوە گوتی:

- ببـوەرە کاکـە گیـان، ئەگـەر بمانزانیبـا تـۆ تەشـریف دەهێنـی، لێـرە نەدەبزوتین، بەڵام کە پارەمان نەبێ چ دەسەڵات هەیـە؟ مـوفلیس لـە ئەمانـەتی خوادا بێ. پاییز پەتاتەکەمان دەفرۆشین.

کابرای دێوەرە قسەکەی مەئموونی بڕی و گوتی:

- ئەمە تۆ دەڵێی چـی کـابرا! مـن ئێـوە دەناسـم. لەبەرئـەوەی چیانـشینن، هەرچەندەی زەویو پووشو پاوانتان بوێ هەیە، لە هەموو لایەکتان تـا چـاو بـڕ بکا بە فرسەخ جەنگەڵو لێرەوارە. گاو گۆتاڵتان هەیـە؟ مێـشەنگوین پـەروەردە دەکەن؟ بەڵام دڵتان لە دینارێك نابێتەوە بۆ گیـانی خۆتـان خـەرجی بکـەن. وەرە ئەم ملپێچە ئاوریشمیە بکڕە، تەنیا تەنیا دوورمانێکی پێدەوێ.

مەئموون بە دەنگێکی پڕ لە پاکانەکردنەوە گوتی:

- قەسەم بە خوا ئەم بڕە پارانەم نیە.

- بە گیانی تۆ باوەڕم کرد. ئاخر پێم بڵێ پارە بۆچی کۆدەکەنەوە؟

- بە خوا بەم شێوە نیە. سوێند بە ئاسکەمێ- دایکە شاخدار دەخۆم!

[1] خرار: خەروار

- کەواتە مەحمەل بکرە، ڕانکێك بۆ خۆت دەدووری.
- قەسەم بە ئاسکەمێ- دایکەی شاخدار ئامادەم بیکرم.
کابرای دێوەرە بە نائومێدییەوە دەستی جولاندەوەو گوتی:
- ئاهـ، سەردانم بۆ تۆ چ کەلکی هەیە! لـە ختوخـۆڕایی- هـاتن. ئـارۆزکۆل لەکوێیە؟
- لە بەیانیەوە ون بووە، پێدەچێ چووبێتە ئاکسای. لەگەلّ شـوانەکان کـاری هەیە.
کابرای دێوەرە وەك کەسێك سۆراغی هەموو شتێك بکا گوتی:
- دەلّێی دەتەوێ بلّێی چۆتە سەردان.
بێدەنگییەکی ناخۆش ئەم ناوەی داگرت. مەئموون بێدەنگیەکـەی شـلّەقاندو گوتی:
- دلّەکەم، زوویر مەبە، ئینشائەللّا پاییزێ پەتاتەکەمان دەفرۆشین.
کەرە مەمرە بەهارە- کورتانت بۆ دێ لە شارە.
- بینا بەر خاتری خوا ببورە، وەرە بابچینە مالّەوەو چایەك بخۆینەوە.
- من بۆ چایی خواردنەوە نەهاتوومەتە ئێرە.
فرۆشیارەکە ئەوەندەی گوتو دەستی کرد بە داخستنی دەرگـای دامودەزگـا دێوەرەییەکەی، بەلاّم لەم کاتەدا چاوی بە نەوەکەی مەئموون کـەوت گوێـچکەی سەگێکی گرتبـوو بـە ئامـادەیی وەسـتابوو تـا بـەدوای ئۆتۆمبێلەکـەدا ڕابکـا، لەبەرئەمە گوتی:
- ئێ هـەر هـیچ نـەبێ جانتایـەکی قوتابخانـە بکـرە. هـەر دەبـێ نەوەکـەت بەمزوانە بچێتە بەر خوێندن؟ تەمەنی چەند سالّە؟

مەئموون یەکسەر بیری کڕینی جانتاکەی کەوتە سەر. بیری کردەوە سەرەنجام شتێك لەو دێوەرە چاوقایمە دەکڕێ. لەڕاستیشدا جانتا بۆ نەوەکەی پێویستە، دەبێ پایز بچێتە قوتابخانە. ئەمە بوو کەوتەخۆو گوتی:

- ڕاست دەفەرمووی، من بیرم لەمەیان نەکردبۆوە. هەڵبەتە حەوتەی تەواوکردووە، پێی ناوەتە ناو هەشتە.

نەوەکەی دەنگدا:

- ئا وەرە ئێرە ڕۆڵە.

ئینجا باخەڵەکانی گەڕا، ئەسکەناسێکی پێنج ڕۆبڵی کە وەختایەك بوو حەشاری دابوو دەرهێناو دایە کابرا: کابرا چاوێکی شەیتانانەی لە منداڵەکە کرد، جانتاکەی دایەو گوتی:

- بگەرە، گوێدرێژ. ئێستا دەرسەکانت باش بخوێنە. ئەگەر فێری خوێندەواری نەبی تا ژیانت ماوە لەگەڵ باپیرەت هەر لە شاخ و داخ دەمێنیتەوە.

مەئموون لەگەڵ ئەوەی باقی پارەکەی دەژمارد، گوتی:

- فێری خوێندەواری دەبێ، کوڕێکی عاقڵە.

پاشدان بە نەوەکەیدا هەڵڕوانی کە بەجۆرێکی ناشیانە جانتاکەی گرتبوو، بەخۆیەوەی چەسپاندو فشاری دا گوتی:

- زۆرباشە، پایز دەچێتە قوتابخانە. دەستە زبرو قورسەکەی لەسەرەخۆو بە هێمنی بەسەری منداڵەکە هێنا.

منداڵەکە هەستی بە بۆنی لەشە لاوازو جلوبەرگەکەی باپیرەی کردو لەپڕ ڕقێك قورگی گرت. بۆنی پووش و پەلاشو ئارەقەی باپیرەی پڕ لە ئیشوکارو زەحمەتکێشی بە بەر لووتدا هات. تاکە مرۆڤی موکوڕو وەفادار خزمی ئازیزو

ڕەنگە تاکە کەسێکی کە گیانی خۆی لە نەوەکەی چاو نەبوو پیرەمێردێکی ئەوها شادو سەرسوڕهێنەر بوو، و کەسانێك ناویان نابوو مەئموونی زرنگ! کە خۆیان بە عاقڵی دنیا دەزانی... چ خەوشێکی تێدایە؟ هەرچیو هەرچۆنێك بێ چ لەوە باشترو خۆشترە ئەو باپیرەی هەیە.

هەتا کوڕیژگە ئەوەیشی وێنا نەدەکرد شادییەکەی ئەوەندە لە ڕادەبەدەر بێ، ئەو تا ئەو کاتە بیری لە قوتابخانە نەدەکردەوە.

ئەو تا ئەو وەختە تەنیا ئەو منداڵانەی دیتبوو کە دەچوونە قوتابخانە، قوتابخانەکەش لەودیوی چیای ئیسیك کول بوو، لەو شوێنەی ئەوو باپیرەی بۆ کۆڕی یادکردنەوەی پیرانی ناوداری هۆزی بۆگۆ دەچوونە ئەوێ. لەو دەقەوە کوڕیژگە هەرگیز جانتاکەی لە خۆی دوور نەدەخستەوە. ئەو بەوپەڕی شادیو بەخۆنازینو خۆشحاڵییەوە سەری لە هەموو خەڵکەکەی بنکە جەنگەڵوانیەکە دا. یەکەمجار جانتاکەی نیشانی نەنەی داو پێی گوت باپیرەی بۆی کڕیوەو ئینجا نیشانی پوورە بەگی دا. پوورە بەگیش لە دیتنی جانتاکە خۆشحاڵی خۆی نیشانداو کەوتە پێداهەڵگوتنی کوڕیژگەکە. زۆر کەم وا ڕێدەکەوت پوورە بەگی کەیفی لەجێ بێ. ئەو زۆربەی کات غەمبارو توڕە بوو، زۆربەری بە خوشکەزاکەیەوە نەبوو، دەردو کەسەری ئەوەندە زۆر بوو جێی بۆ خوشکەزاکەی نەهێشتبۆوە. نەنە دەیگوت ئەگەر ئەو منداڵی هەبووایە ژنێکی دیکە دەبوو، ئارۆزکۆلی مێردیشی پیاوێکی دیکە. ئەو کاتە بابە مەئموونیش کەسێکی دیکەی لێدەردەچوو. زۆر جیاوازی لەگەڵ ئێستایدا دەبوو، هەرچەندە بابە مەئموون دوو کچی هەبوو کە پوورە بەگیو هەروەها دایکی کوڕیژگەکەش مەبەست کچی بچووکیەتی- لەگەڵ ئەمەشدا نەنەی دەیگوت کە زۆر خراپە

مرۆڤ منداڵی نەبێ، لەوەش خراپتر ئەوەیە منداڵی خەڵکی دیکە منداڵیان نەبێ. کەس تێنەدەگەیشت نەنە دەیویست چی بڵێ؟!

کوڕێژگەکە لە ماڵی پوورە بەگی چووە لای گوڵ جەمال تا جانتاکە نیشانی ئەوو کچەکەی بدا. لەوێوەش پێی بە غارەوە ناو بەرەو شوێنی گێشەکردنی پووش و پەلاش بۆ لای (سەید ئەحمەد). هەر بەڕاکردن لە ڕۆخ بەردە سورەکە (کە ناوی وشتر بوو) ڕابوردو ماوەو دەرفەتی ئەوەیشی نەبوو دەستێك بە پشتیدا بێنێ بە ڕۆخ (زین) بە تەنیشت (گورگ) بە کن (تانك)و لەدواییدا بەدرێژایی کەنار ڕووبارەکە، لە کوێرە ڕێی سەنجەزار[1] و دوایی لە باریکە ڕێیەکی درێژدا کە پووشەکانیان دروێنە کردبۆوە ڕایکردو خۆی گەیاندە سەید ئەحمەد. ئەو ڕۆژە سەید ئەحمەد بە تەنیا لەوێ بوو. باپیرە قەدەرێك پێشتر بەشی خۆیو بەشی ئارۆزکۆلی دووریبۆوە، ئینجا کێشابوونیەوەو گێشەی کردبوون- داپیرەو پوورە بەگی پووشەکەیان کۆدەکردەو باپیرەش لەناو عارەبانەکەی کۆمەڵی دەکردو کوڕێژگەکەش هاریکاری دەکرد، پووشەکانی بۆ کن عارەبانەکە دەبرد، لەپاڵ تەویلەوە دوو گیشەیان خەرمان کردبوو. بابە گەورە خەرمانەکانی ئەوها ڕێكو بێ گرێ هەڵنابوو، وەك قژی شانەکراو وابوون، کە قەت باران دزەی نەدەکردە ناویەوە، هەموو ساڵێ هەر هەمان ئاشو هەمان باراش بوو. ئارۆزکۆل هیچی بۆ خۆی نەدەدووریەوە. هەموو کارەکانی بە مل بابە گەورەدا دەدا.

هەر هیچ نەبێ ئەو سەرۆك بوو و دەیگوت: "ئەگەر بەوێ بە چاوتروکانێك لە کارەکە دەرتان دەکەم". لە کاتی مەستیدا ئەم قسانەی بە بابە گەورەو سەید

[1] سەنجە: جۆرە گیایەکی دڕکدارە.

ئەحمەد دەگوت. ئەو نەیدەتوانی بابە گەورە دەربکا، ئەگەر دەری کردبا کێ کارەکانی بۆ دەکرد. بەبێ بابە گەورە هەموو کارەکان بەسەریەکدا کەڵەکە دەبوون. لە دارستان کار زۆرە، نەخوازەلا سەر لە پاییزان. باپیرە دەیگوت: "جەنگەڵ ڕانەمەڕ نیە پەرشو بلاو بێتەوە، بەلام لە ڕانەمەڕیش کەمتر پێویستی بە چاودێریکردن نیە، چونکە ئەگەر ئاگرێك بکەوێتەوە یان لە چیاوە سێلاو بێتە خوارێ، دارودرەخت ناتوانن لە جێی خۆیان بجولێنەوە، یان پێی پێوە نێن، هەر لە جێگای خۆی عەدم دەبێ. جەنگەڵوان کاری ئەوەیە نەهێڵێ دارودرەخت لەبەین بڕوا".

ئارۆزکۆل سەید ئەحمەدیشی دەرنەدەکرد، چونکە سەید ئەحمەد پیاوێکی گوێڕایەڵ بوو، نەدەبووە ئەسکۆی هیچ دێزەیەك. لەبەرئەوەی سەید ئەحمەد گەنجێکی بەهەرەکەتو گوێڕایەڵ بوو، بەلام تەمبەڵ و زۆر حەزی لە خەو دەکرد. هەر لەبەرئەمەش کاری جەنگەڵوانی هەڵبژاردبوو. باپیرە دەیگوت: "ئەم جۆرە کوڕە لاوانە لە ساوخۆز ماشێنرانی دەکەنو بە تەراکتۆر زەوی دەکێڵن"، بەلام کێڵگە پەتاتەی سەیدەحمەد گیاوگۆڵی بیژۆك و سپێناغی کێوی داپۆشی بوو، گوڵ جەمالیش لەگەڵ ئەوەی منداڵێکی چکۆلەی هەبوو، ناچار بوو خۆی دەست بە کێڵگەدا بێنی.

سەید ئەحمەدیش بە درەنگەوە دەستی بە دوورینەوەی پووش و پەلاشو عەلەفەکەی کردبوو. پیرێ بابە گەورە نەختێ قڕەقڕی بەسەردا کردو گوتی: "زستانی پار ڕەحم پێتدا نەتلیساوە، بەڵکە بەزەییم بە ئاژەڵەکانتدا هاتەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پووش و ئالیکەکەم لەگەڵ تۆ دابەش کرد. ئەگەر ئومێدی خۆت بە کاوو کۆتو گیشە پووشو پەلاشەکەی من قایم کردووە،

ئەوە هەر لە ئێستاوە پێم بڵێ تا بەشەکەی تۆش بدوورمەوە". غیرەتی دا بەر خۆیو لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە دەستی دایە داسو خەریکی دروێنە بوو.

سەید ئەحمەد هەر کە گوێی لە تەپەتەپی هەنگاوان بوو، تەماشای دواوەی خۆی کردو چاوی بە کوڕیژگەکە کەوت لێی پرسی:

- چی بووە؟ بانگی من دەکەن؟

- نا، من جانتام هەیە. ئەمەیە باپیرەم بۆی کڕیم. دەچمە قوتابخانە.

سەید ئەحمەد لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

- لەبەرئەوە بە ڕاکردن هاتیە ئێرە؟ بابە مەئموون بەسەری پەڕیوە [1]، تۆش چیت لەبەر ئەودا نیە. دەباشە بمدەیە ببینم جانتایەکە.

جانتاکەی وەرگرت، قوفڵەکەی کردەوەو دایخستەوە، هەر بە پێکەنینەوە سەری خۆی بادەدا، جانتاکەی بەرێکی بەدەستەوە گرتو لەپڕ گوتی:

- دەبا بزانین دەچیتە کام قوتابخانە؟ ئەو قوتابخانەی تۆ لەکوێیە؟

- چۆن؟ بە چ قوتابخانەیەك؟ دەچمە قوتابخانەی بنکەی پەروەردەکردنی ئاژەڵەکان.

سەید ئەحمەد بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- مەبەستت (جەلسای)ە؟! تا ئەوێندەرێ بەلانی کەمەوە پێنج کیلۆمەتر ڕێگایە.

- بابە گەورە گوتی بە سواری ئەسپ دەمباو دەمهێنێتەوە.

---

[1] بەسەری پەڕیوە: تێکچووە.

– هەموو ڕۆژێك بتباو بتهێنێتەوە؟ پیرەمێردێكی سەیرە... كاتی ئەوە هاتووە خۆی بچێتە قوتابخانە، لەگەڵ تۆدا لەسەر تەختەیەك دانیشێ و كە وانەكانت تەواو بوو لەگەڵتدا بگەڕێتەوە.

سەید ئەحمەد ئەوەی هێنا بەرچاوی خۆی كە چۆن بابە مەئموون لەگەڵ نەوەكەیدا لەسەر تەختەی قوتابخانە دانیشتوە... پێكەنینێك دایگرت كە هێندەی نەمابوو شەق ببا.

كوڕیژگەكە لە حەپەساویاندا مات ببوو.

سەید ئەحمەد ئەمەی ڕوونكردەوە:

– من ئەم قسەم هەروا بۆ پێكەنین كرد.

لەدواییدا پتێكی لە لووتی كوڕەكە دا. كاسكێتی باپیرە كە بەسەر سەری كوڕیژگەكەوە بوو، تا سەرچاوەكانی داگرتە خوارەوە.

مەئموون كاسكێتی ڕەسمی دایەرەی جەنگەڵوانی لەسەر نەدەكرد، شەرمی دەكردو دەیگوت: "مەگەر من سەرۆكم؟ من كڵاوە قەرەگیزیەكەی خۆم بە هیچ كڵاوێكی دیكە ناگۆڕمەوە". مەئموون هاوینان كڵاوە خورییە لچكو ڕۆخدارەكەی سەردەمی دەقنانووس- كە پێیان دەگوت (ئاقلپاق) كە دوو لێوارەكەی (بە خەیاتەو سامتین)ی ڕەشێكی ڕەنگپەڕیوو دروابوو، لەسەر دەكردو زستانانیش كڵاوێكی زەمانی دەقنانووسی كە لە پێستە مەڕ دروستكرابوو ناوی (تەبنی) بوو لەسەر دەكرد. كاسكێتە سەوزەكەی نیشانەی ڕەسمی كرێكارانی جەنگەڵ بوو دەدایە نەوەكەی تا لەسەری بكا.

بەرخوردە گاڵتەئامێزەكەی سەید ئەحمەد بە هەواڵی جانتاكە نەكەوتە بەر دڵی كوڕیژگەكە. نێوچەوانی گرژو كاسكێتەكەی لەسەر چاوی بەرز كردەوە، كە

سەید ئەحمەد ویستی دووبارە پت لە لووتی بدا، کوڕیژگەکە کشاوە دواوەو بە زبرییەوە گوتی:

- دەستت لادە؟

سەید ئەحمەد بە گرژینەوەیەکەوە گوتی:

— چەندە توڕەی! زوویر مەبە، جانتاکەت زۆرباشە.

پاشدان دەستێکی لە شانی داو گوتی:

- ئێستا ڕێگای خۆت بگرەبەر. من عەلەفێکی زۆرم ماوە بیدوورمەوە...

سەید ئەحمەد تفێکی لەناو پەلی کردو سەرلەنوێ خەریکی کارەکەی بۆوە. کوڕیژگەکە هەر لەو کوێرە ڕێیەی لێیەوەی هاتبوو بە ڕۆخ بەردەکان بەرەو ماڵ بۆوە، بەڵام وەختی یاری‌و سەرگەرمکردنی لەگەڵ بەردەکاندا نەبوو. جانتای قوتابخانە هی گاڵتە نیە. منداڵەکە حەزی دەکرد قسە لەگەڵ خۆیدا بکا. بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ جانتاکەی بوو و پێی گوت: "تۆ باوەڕ بە قسەکانی سەید ئەحمەد مەکە، باپیرەی من نە هۆشی تێکچووەو نە هیچ. ئەو پیاوێکی بێ فڕوفێڵە، لەبەرئەوەیە پلاری لێدەدەن. ئەو من‌و تۆ بۆ قوتابخانە دەبا. تۆ هێشتا نازانی قوتابخانە لەکوێیە؟ زۆر دوور نییە. من نیشانت دەدەم. لەسەر چیای (قەراول)ەوە بە دووربین تەماشای دەکەین. کەشتییە سپیەکەشمت نیشان دەدەم. تەنیا یەکەمجار سەرێك لە (کادین) دەدەین. من دووربینەکەم لەوێ حەشارداوە. دەبێ ئاگام لە گوێرەکەکە بێ، بەڵام هەموو جارێك ڕادەکەم سەیری کەشتییە سپییەکەم دەکەم. گوێرەکەکەمان ئێستا هەراشە. وەختی مرۆڤ زۆر دەبا ناتوانی ڕکێفی بگری. بەڵام خووی بەوە گرتووە گوان بمژێ‌و شیر بخواتەوە. چێلەکە داکیەتی، بۆیە شیری لە گۆلکەکەی چاو نییە. تێدەگەی؟ دایکان هیچ کاتێ هیچیان لە بەچکەکانیان چاو نییە. گوڵ جەمال کە ئەویش کچۆڵەیەکی هەیە..

دەلّێ، ئێستا مانگاکە دەدۆشن، پاشدان گوێرەکەکە دەبەینە لەوەڕ. ئەوساکە دەچینە سەری چیای قەراولو لەوێوە کەشتیی سپی دەبینین. من قسە لەگەلّ دووربینەکەمدا دەکەم. ئێستا دەبینە سیان: منو تۆو دووربینەکەم..."
کوریژگەکە بەمجۆرە گەڕاوە مالّ، زۆری کەیف بەوە هات کە قسەی لەگەلّ جانتاکەیدا کرد. ئەو دەیویست لەسەر قسەکانی بەردەوام بێ و باسی خۆی بۆ بکاو باسی شتانێکی بۆ بکا کە جانتاکە نەیدەزانین. بەلاّم لێیان تێکدا. تەقەی نالّی ئەسپێکی لە تەنیشت خۆیەوە گەیشتە بەرگوێ. پیاوێك کە بەسەر ئەسپێکی بۆرەوە بوو، لە پشت درەختەکانەوە بەدیارکەوت. ئەم ئەسپسوارە ئارۆزکۆل بوو. ئەویش بەرەو مالّ دەبۆوە. ئەسپە بۆرەکەی ناوی (ئالاّ باش) بوو ئارۆزکۆل نەیدەهێشت لە خۆی بترازێ کەس سواری بێ. ئەسپەکە بە زینێکی پڕشکۆ زین کرابوو و ئاوزنگی مسی و سنەبەندێکی پێوە بوو کە تلّتلّەو پلّپلّە نوقرەکانی وەك زەنگ زرەیان لێوە هەلّدەستا.

کلاّوی ئارۆزکۆل خزابووە پشت سەریەوەو نێوچەوانە سوورو بچووکەکەی رووت کردبوو. هەواکەی گەرم بوو، ئارۆزکۆل بەسەر ئەسپەکەیەوە کوتکە خەو دەیبردەوە. فەرەنجیەکی مەخمەلی لەبەردا بوو کە لەسەر برِشتی فەرەنجیەکانی سەرۆکەکانی شارنشین دوورا بوو. قۆپچەکانی فەرەنجیەکەی لەسەرەوە تا خوارەوە کرابوونەوە. کراسە سپییەکەی لەژێر کەمەربەندەکەی هاتبووە دەرەوە. ئارۆزکۆل تێروپڕ بوو لەهەمان کاتدا مەستیش بوو. هەر نەختێك دەبوو لە میوانداری دانیشتبوو ئەوەندەی شیری ترشی ئەسپو گۆشت خوارد بوو. مێشکی وەك دەهۆل دەنگی دەهات.

زۆربەی جاران شوانو ئیلچیانی ئەو دەوروبەرە کە کۆچو کۆچباریان بۆ لەوەرگاکانی ناو چیایان دەهێنا، ئارۆزکۆلیان بانگ دەکرد. ئارۆزکۆل لەنێو

ئەمانەدا ئاشناو دۆستی لەمێژینەی هەبوو، بەڵام کەسانێکیش هەبوون بۆ کاری خۆیان بانگیان دەکرد، چونکە پێویستیان پێی هەبوو، بەتایبەتی ئەو کەسانەی خانوویان دروست دەکرد، و خۆشیان لەناو چیادا ڕانیان دەلەوەڕاند. نەیاندەتوانی بەدوای پێداویستیەکانی خانوودروستکردندا بڕۆنو مێگەلەکانیشیان بەرەڵلا بکەن. لەکوێ پێداویستیەکانی هەڵنانی خانوو، بەتایبەتی دارو چیلکەیان دەهێنا؟ بەڵام ئەگەر دڵی ئارۆزکۆلیان بەدەست هێنابا دەیانتوانی لە جەنگەڵی (قرق) دوو سێ نێرگەی باش هەڵبژێرنو بیبڕنەوە. بەجۆرە نەبووایە، دەبووایە تا ژیانیان ماوە هەر لەو شاخ و داخە بەدوای مێگەلەکانیاندا ببەزنو ئەو خانووانەی دروستیان دەکرد بە نیوەچڵی دەماوە...

ئارۆزکۆل لەسەر زین دانیشتبوو و زۆر بەبێ هەندوەرگرتنەوە پێیەکانی لە ئاوزنگ دەرهێنابوو، خەو دەیبردەوە. منداڵەکە جانتاکەی ڕاتەکاندو بەرەو ئارۆزکۆل رایکردو هاواری کرد:

- خاڵە ئارۆزکۆل من جانتام هەیە! من دەچمە قوتابخانە. سەیری چ جانتایەکم هەیە!

ئارۆزکۆل ترسا، راچەنیو هێندەی نەمابوو بکەوێ.

جڵەوەکەی راکێشاو بەرەقیەوە گوتی:

- ئەوە چیتە کوڕە!

بە دوو چاوی سورهەڵگەڕاوو خەواڵوو مەستو هەڵزەپەتاوەوە چاوێکی لە کوریژگەکە کردو لێ پرسی:

- چیت دەوێ، لەکوێوە دێی؟

منداڵەکە بە دەنگێکی کزەوە گوتی:

– دەچمەوە ماڵ، جانتام هەیە، بە سەید ئەحمەدم نیشاندا.

ئارۆزکۆل قیڕاندی:

– دەباشە، برۆ یاری بکە. هەر لەو حاڵەی لەسەر زینەکە لار دەبۆوە، ڕێگای خۆی گرتەوەبەر.

ئارۆزکۆل دەڕۆیشتو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: کاتێ ئەو خۆی تا ئەو ڕادەیە ناڕازییە، کە خوداوەند منداڵێکی پێنەداوە، کەچی منداڵی زۆری داوەتە خەڵکی دیکە، ئەو بەم جانتا نەگبەتە، بە خوشکەزای هاوسەرەکەی، بەم منداڵەی دایكو باوکی بەجێیانهێشتوە، چ کارێکی هەیە؟

ئارۆزکۆل کەوتە پڕمەپڕمی گریان. داخو تووڕەیی قوڕگی دەگرت. داخی دەخوارد کە خەریکە تەمەنی بەرەو کۆتایی دەچێ، وجاغێکی لەدوادا بەجێنامێنێ، ئاگری توڕەیی لە ژنە نەزۆکەکەی لە دڵێدا گڵپەی سەندو بە خۆی گوت: هەموو گوناهەکان بە گەردنی ئەو، بە ئەستۆی ئەو ژنە نەحلەتیە کە لەو چەند ساڵەدا نەیتوانیوە منداڵێك بێنێ...

ئارۆزکۆل مستە گۆشتنەکەی خۆی گووشی، لە دنیای خەیاڵیدا گەفو گوڕی لە خێزانەکەی کرد: "نیشانت دەدەم!" و بۆئەوەی بە دەنگی بڵند نەگریە، بە دەنگێکی کپەوە هۆق هۆق گریا. دەیزانی کە دەگاتەوە ماڵ دارکاریەکی ژنەکەی دەکا. هەر جارێك کە دەیخواردەوە، لە خەمو خەفەتو لە داخو ڕق و توڕەییا وەك وشتری مەست سەرشێت دەبوو و دارکارییەکی چاکی ژنەکەی دەکرد. کوریژگەکە لە کوێرە ڕێگاکەدا بەدوای ئارۆزکۆلەوە دەهات. منداڵە زۆر سەیری لەوە هات، کە لەپڕ ئارۆزکۆل ون بوو، بەڵام ئارۆزکۆل بەرەو لای ڕووبارەکە پێچی کردەوە، لە ئەسپەکە دابەزی، جڵەوەکەی بەڕەڵا کردو بەناو پووشو پەڵاشەکەدا قەدبڕ ڕۆیشت. خۆی کوور کردبۆوە، بەلادا دەهاتو

بەرەوپێشەوە دەچوو، سەری خۆی بردبووەوە قەپێلك و، بە هەردوو دەستی دەموچاوی خۆی حەشار دەداو هەر دەڕۆیشت. گەیشتە دەم رووبار. چۆکی دادا. چەند جاران گۆمە ئاوی بە دەموچاوی خۆیدا دەکرد و دەیشوشت. هەرکە مندالەکەی ئارۆزکۆلی لەم بارەدا دیت.. بە خۆی گوت: "هەبێ و نەبێ لە گەرمانا سەری بەژان کەوتووە". ئەو نەیدەزانی ئارۆزکۆل زارزار دەگریاو نەیدەتوانی بەری گریانەکەی خۆی بگرێ. لەبەرئەوەی دەگریا کە مندالەکە بە جانتاوە هاتبووە پێشوازی، مندالی خۆی نەبوو، لە داخی ئەوە دەگریا. لە دوو توێی دلیدا ئەو هەستە پێویستەی نەدیتەوە کە بتوانێ وەك مرۆڤ لەگەڵ کوڕیژگەکەدا قسەی پێبکا.

لە دوندی چیای (قەراول) بە هەر لایەکتدا هەڵڕوانیبا هەر دیمەنی جوان جوان بوو. مندالەکە لەسەر سك ڕاکشا بوو و دووربینەکەی لەبەرچاوی خۆیدا پارسەنگ دەدا. ئەم دووربینە دووربینێکی سەربازی زۆر بەهێز بوو. زەمانێك ئەم دووربینەیان بەبۆنەی خزمەتی دووورودرێژی بابە مەئموون بە بابە مەئموون پاداشت کردبوو. پیرەمێردە حەزی نەدەکرد دووربینەکە لەگەڵ خۆیدا هەلگرێو دەیگوت: "چاوەکانم هیچیان لەبەر دووربیندا نیە" . بەلام کوڕیژگەکە عاشقو شەیدای دووربین بوو. ئەم جارەیان ئەو لەگەڵ دووربینو جانتاکەی هاتبوونە سەرچیا. سەرەتا شتانێك دەجوولانەوەو لەبەر کونی دووربینەکەدا تێکەلی یەکدی دەبوون. لەپاشدا لە جوولە دەکەوتنو بە جوانی دەدیتران. ئەمە زۆر باش بوو سەرنجراکێش بوو. کوڕیژگەکە هەناسەی لە خۆی دەبڕی تا ئەو خالەی دۆزیبوویەوە ونی نەکا. پاشان ڕووی لە خالێکی دیکە دەکردو سەرلەنوێ هەموو شتەکان بە تێکەلو پێکەلی دەهاتنە بەرچاوان. دیسان دەکەوتەوە پارسەنگکردنو ڕێکخستنەوەی ڕوانگەی دووربینەکە.

لەوێوە هەموو شتێك دەدیترا. بڵندترین لووتکەی بە بەفر داپۆشراو کە خۆی لە ئاسمان دەسوێ. ئەم ترۆپکانە لە دواوەی هەموو قوللەکانی دیکەوە بوونو بەسەر هەموو چیاکانی دنیایاندا دەڕوانی. هەروەها چیاکانی دامێنتریش کە لە خوار چیا بە بەفر داپۆشراوەکان بوونو بە جەنگەل داپۆشرابوون. ئەم چیایانە لە داوێنیان بە درەختی پەلك پانو لە هەورازیش بە جەنگەڵی سنەوبەری ڕەنگ تاریك داپۆشرابوون. هەروەها چیاکانی "کونگیش" کە ڕوویان لە خۆر بوو و جگە لە گیاوگۆڵ هیچی دیکەی لێنەدەڕوا. هەروەها بەسەر چیا بچووکترەکانی دیکەش کە لەملاوئەولای دەریاچەدا هەڵکەوتبوونو لە بەردەڵانی پڕ لە نشێوی بێ درەختو گیا پێکدەهات ئەم بەردەڵانە بەرەو شیوێکی پان دەچوو شیوەکە تا لێواری دەریا درێژ دەبۆوە. کێڵگەی سەوزو ئاوایش لەو دەوروڕۆخانەدا هەبوون.. لەو کێڵگە سەوزانەدا پەڵەی زەرد دەدیتراو نیشانی دەدا کە وەرزی دروێنە نزیك دەبێتەوە. ئۆتۆمبێلی زۆر بچووك، وەك مشك لەو ڕێ و بانە تیژ تێدەپەڕینو لەدواوەیاندا تۆزو خۆڵێکی زۆر بەرز دەبۆوە. لە دوا خاڵی ئاسۆ، لە دوورترین خاڵێکی چاو بڕی دەکرد، لەوبەری هێڵی چەوەڵانی کەنار دەریا، ڕووی قۆقزی تاریك ڕەنگی دەریاچە بە بەرچاوان دەکەوت. ئەمە (ئیسیك کول) بوو. لەوێ ئاوو ئاسمان دەگەیشتەوە یەك. دوای ئەوە هیچی دیکە نەبوو، ڕووی دەریا بێ جووڵەو درەوشاوە بوو هیچی لێ بەدی نەدەکرا. تەنیا کەفی سپیی شەپۆلی ئاو جووڵەی دەکرد.

کوریژگە قەدەرێکی زۆر سەیری ئەو لایەی کردو بە جانتاکەی گوت: "کەشتیی سپی بەدەرنەکەوت، وەرە با کایەیەکی دیکەش تەماشای قوتابخانەکەی خۆمان بکەین" .

لەوێوە سەرانسەری شیوەکەی تەنیشت کە لەوبەری چیاکەوە هەڵکەوتبوو، بە باشی دەدیترا، بە دووربین دەکرا هەتا دەزووی دەستی پیرەژنەکەی کە لەلای ماڵەوە لەژێر پەنجەرە دانیشتبوو، بدیترێ.

لە گەلی جەلسای جەنگەڵ نەبوو، تەنیا تاکە تاکە ئەو دارسنەوبەرانە بە بەرچاو دەکەوتن کە لە بڕینی جەنگەڵ مابوونەوە. ئێستا چەند تەویلەیەکی سەربەجەمالۆن لەوێ دروست کرابوو کۆمەڵە شتی وا بەدی دەکرا کە ڕەنگیان ڕەشێکی تاریك بوو. لەوێ مانگای شیردەریان پەروەردە دەکرد. لە نزیك تەویلەکاندا جادەی کورتی دێی ئاژەڵ پەروەردەکارەکان کشابوو.

ئەم جادەیە لە تەپۆڵکەیەکی کەم نشێودا تێدەپەڕیو لە کۆتاییەکەی خانوویێکی بچووك دەدیترا کەوا پێدەچوو ئاوەدانی تێدا نەبێ. ئەم خانووە قوتابخانەیەکی چوار پۆلی بوو کە مندالان لەوێ دەیانخوێند. منداڵەکە جارێکیان کە گەرووی کەوتبوو، لەگەڵ باپیرەیدا بۆ سەر دکتۆر چووبووە ئەو ساوخۆزە. هەنووکەش بە دووربین سەیری ئەو قوتابخانە بچووکەی دەکرد کە سەری بە جەمالۆنی ڕەنگ سوور گیرابوو. تابلۆیەکی بچووکی سێ گۆشەی لە تەختە بەسەر دیواری قوتابخانەکەوە چەسپ کرابوو لەسەری نووسرابوو (قوتابخانە). منداڵەکە خەتو قەڵەمی نەبوو، لەبەرئەوە نەیدەتوانی بخوێنێتەوە بەڵام وای مەزەندە دەکرد کە ئەوە وشەی قوتابخانە بێ کە نووسراوە. بە دووربین هەموو شتێك تا بچووکترین شتیش کە مرۆڤ باوەڕی نەدەکرد، دەدیترا: هەندێ وشە یان لەسەر گەچکاریەکەی دیوار هەڵکەندبوو، ئەو کاغەزانەی بە شووشەی پەنجەرەوە چەسپ کرد بوو، ئەو تەختەو کورسی و کەلوپەلانەی لە هەیوانەکە بوون، هەموویان دەدیتران. کوڕیژگەکە هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن بە خۆیو

جانتــاوە دەچــێتە ئــەوێ‌و، لــەو دەرگایــەی ئێــستا قــوفڵێکی گــەورەی پێــوە شۆڕبۆتەوە، دەچێتە ژوورێ، بەڵام لەوێ، لەودیو ئەو دەرگەوە دەبێ چی هەبێ؟

منداڵەکە دوای تەماشاکردنی قوتابخانە، دیسانەوە ڕووی دووربینەکـەی لـە دەریاچە کردەوە. بەڵام لەسەر ڕووی دەریاچەکە هەموو شتێك وەك باری پێـشوو وا بــوو. کەشــتیی ســپی بــەدەر نەدەکــەوت. پــشتی لــە دەریاچــەکە کــرد، دووربینەکەی لەلایەك داناو کەوتە سەیرکردنی دیمـەنی دامێنـی چیا. ڕێـك لـە خوارەوەی چیاکە، لـەناو گەلییـەکی تەنگـژو درێـژ ڕووبـارێکی پـڕ لـە جـۆش‌و خرۆشی بەخوڕ وەك جیوە دەدرەوشاوە. ڕێگایەك کە لەسـەر شـێوەی ڕووبـار بـە پێچ و لـوول بـوو لـە کـەنارەوە دەڕۆیـشت، لـە دواوەی پێـچی گەلیەکـە لەگـەڵ ڕووبارەکە لەبەر چاوان بزر دەبـوو. کەنارەکـەی بەرانبـەری زۆر نـشێو بـوو و بـە دارستان داپۆشرا بوو.

جەنگەڵی (سان تاش) لەم کەنارەوە دەسـتی پێـدەکردو تـا تۆقەڵـەی سـەری چــیاکان پــان ببــۆوەو بــە ترۆپکــی بــە بــەفر داپۆشــراو کۆتاییــان دەهــات. دارسنەوبەرەکان لەوەش بەرزتر، لە بەرزترین تاشـەبەردە بـە بـەفر داپۆشـراوەکان زنجیرە چیاکان وەك پنچکی بچووك ڕەش دەچوونەوە.

کوریژگەکـە بـە پێکەنینــەوە دەیڕوانیــە خانووەکــان، عــەمباران‌و هــەموو خانووبەرەکانی حەوشەی بنکە جەنگەڵوانیەکە. هەر هـەمووی ئـەو سـاختمانانە لەو بڵندایـیـەوە بـچووك‌و نارێـك دەهاتنـە بەرچـاوان. لـەو بەرزاییـەوە لەوبـەری بنکەی جەنگەڵوانیەوە بەردەکانی ئاشنای خـۆی یـەك یـەك لـە کـەنار ڕووبـاردا دەدیت. ئەو بەردانەی "وشتر" و "گورگ" و "زیـن" و "تـانگ" بـۆ یەکـەمجار لەم جێگایەوە، لە ترۆپکی چیای قەراولەوە بە دووربـین دیـت‌و هەرهـەمان کـات ئەم ناوانەی لێنابوون.

کوریژگەکە زەردەخەنەیەکی زۆلآنەی هاتێ. هەڵساو بەردێکی بەرەو حەوشە هاوێشت. کوچکە بەردەکە هەر لەبەردەمی خۆی کەوت. دیسانەوە هەڵتوتاو بە دووربین سەیری بنکەکەی جەنگەڵوانی کردەوە. یەکەمجار بەپێچەوانەوە سەیری کونەکانی دووربینەکەی کرد، ماڵەکان زۆر دوورکەوتنەوە هەر بە قوتیلکەو شتومەکی یاری منداڵان دەچوو. گابەردەکان بوونە وردە چەو. ئەو بەنداوەی باپیرەی لە تەنکاوی ڕووباردا بۆی هەڵبەستابوو. زۆر پێکەنیناوی دەهاتە بەرچاوان، ئەگەر چۆلەکە مەلەی تێدا بکردابا، ئاو نەدەگەیشتە قاچەکانی. کوریژگە پێکەنی، سەری باداو دووربینەکەی لەبەرچاوان لاداو وەری گێڕاوەو پارسەنگی کردەوە. بەردەکانی بوونەوە بەردی مەزن مەزن دەتگوت بە شووشەی دووربینەکەوە نووساون. "وشتر" "گورگ" ، "زین" و "تانگ" لە ڕادەبەدەر زەبەلاحو بەشکۆ هاتنەوە بەرچاوانو ژمارەیەکی زۆر ددانەو کەڵەگیاو پەڵەی ڕەنگ سوور لە دەوروبەر سەریاندا بەرچاوان دەکەوت. لە تێکڕای ئەمانەش گرنگتر ئەوە بوو کتومت ئەو شتانە بوون کە کوریژگەکە لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی دەکردن. بە خۆی گوت: ئۆی چ "گورگێکە" ! بە مەیان دەڵێن "تانگ" !.." .

ئەو گۆمیلکەی باپیرەی بۆی هەڵبەستبوو لەوبەری بەردەکان لە تەنکاوی ڕووباردا هەڵکەوتبوو ئێرە بە دووربین لە کەنارەوە بە باشی دەدیترا. ئاو لە بەشە بە خوڕەکەی ڕووبار بەرەو تەنکاوێکی پانوبەرین کە سەرەکەی وردە چەو بوو دەڕۆیشتو دیسانەوە سەرلەنوێ بەخوڕو تاو دەچۆوە خوڕایی ئاوەڕۆی ڕووبارەکە. لەو تەنکاوی ئەو ناوە ئاو تەنیا تا ئەژنۆ دەهات، بەڵام خێراییەکەی بەڕادەیەك بوو دەیتوانی منداڵێکی وەك ئەو ببا. دارییەکی کورتیلە لە ڕۆخی ڕووبارکە ڕوا بوو، هەندێ لە لقوپۆپەکانی کەوتبوونە وشکاییەوەو هەندێ لقی

دیکەشی کەوتبوونە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە. بۆئەوەی منداڵەکە ئاو نەیبا، بە لقی ئەم داربیەوە خۆی دەگرتو دەچووە ناو ئاوەوە. بەڵام ئەمەیان چۆن مەلەسەك بوو؟ ڕێك بە ئەسپی بە جلەو بەستراوە دەچوو. لەسەر ئەم بەزمەی هەموو دەم ڕووداوی ناخۆشی دەهاتە پێشو شەڕو جوێنو قسەی پێدەگوترا! داپیرە هەموو دەم قرەقری بەسەر بابە مەئموونـدا دەکرد: "ئاو دەیبا"، ئەوساکە چی دەقەومێ لە تۆی دەبینم. من کارم بە کاری ئەودا نەداوە. دایكو باوکیان بەجێیان هێشتو لێیاندا ڕۆیشتن، من دەمەوێ بیکەم بە چی! من ئەوەندەم کارو دەردەسەری هەیە تینو تاوم تێدا نامێنێ".

دەکرا چی پێبڵێ، وەك بڵێی پیرێژن قسەکانی ڕاست بوون، بەڵام ویژدانیش نەبوو منداڵە مەلە نەکا، لەبەرئەوەی ڕووبارەکە بە بەردەرگادا دەڕۆیشت. هەردەم داپیرە گەڕوگیفی لێدەکردو دەیترساند، منداڵە خراپتر تێدەکەوت، ئەوساکە مەئموون بڕیاریدا لە تەنکاوی ڕووبار بە بەردان گۆمیلکەیەکی بۆ هەڵبەستێ تا شوێنێك بێ منداڵە بتوانێ بەبێ ترس مەلەی تێدا بکا.

بابە مەئموون هەندێ بەردی زلی وای هەڵبژارد ئاو نەتوانێ بیانباو هێنانیە ڕۆخ ڕووبارەکە. بەردەکانی هەڵدەگرت، توند بە سکی خۆیەوەی دەنوساندنو لەناو ئاوەکەی دادەنان، بەڵام وای لەسەریەك دادەنان بتوانرێ بەبێ ترس مەلەی تێدا بکرێو لەلایەك ئاوی برژێتە ناوو لەلایەکی دیکە ئاوەکەی لەبەر بڕوا. ئەو بە پەیکەرێکی لاوازو پێکەنیناوی، بە سەروڕیشێکی بچووكو کەم مووەوە، بە کراسێکی تەڕەوە کە بە لەشیەوە نووسابوو، لە بەیانی تا شەو دەیکردو دەیکۆشاو گۆمیلکەی هەڵدەبەستا. شەو بێ جووڵە لێی ڕادەکشا، دەکۆکیو نەیدەتوانی کەمەری ڕاستکاتەوە. ئەو وەختە بوو کە داپیرە هەرقاو قیژی بوو و ددانەکانی لە جیرەوە دەبردو دەمی دەکردەوەو هەرچی دەیگوت نەیدەگوتەوە،

دەیگوت: "ئەگەر کوڕیژگەکە ئەحمەق بێ، دەڵێی، منداڵەو لێـی نـاگیرێ، بـەڵام کە پیرەمێردی داڕزیو ئەحمەق بێ دەبـێ چـی بگـوترێ؟ بۆچـی خـۆت دەکـوژی؟ نانو ئاوی دەدەیتێ، چیی دیکەی دەوێ؟ بە نازی دەکـەی. وای لـە سـەرەنجامی ئەم کارە!.." . لەگەڵ ئەم هەموو قسانەش، گۆمیلکەکـەی تـەنکاو ڕووبارەکـە لـە ئاوەکـە بـەرزتر بـۆوە. ئێـستا ئیـدی کوڕیژگـە بـەبێ تـرس مەلـەی دەکـرد. لقەداری دەگرتو دەچووە ناو ئاوەکەوە خۆی دەدا بەر تەوژمەکەی، بێگومان بـە چاوی کراوە، لەبەرئەوە ماسی بە چاوی کراوەوە مەلە دەکەن. ئەو ئارەزوویـەکی سەیری هەبوو، ئەویش ئەمە بوو، دەیویست ببێتە ماسـیو، مەلـە بکـاو بـڕوا. ئێستاکە کوڕیژگەکە بـە دووربـین سـەیری گۆمەکـەی دەکـرد، هێنایـە بەرچـاوی خۆی چۆن پانتۆڵو کراسەکەی دادەکەنێ، ڕووتو قـووت خـۆی وێـك دێنێتـەوەو لە ئاوەکە دەکەوێ. ئاوی ڕووباری ناو چیایان هەمیشە ساردن، مـرۆڤ هەناسـەی بەنـد دەبـێ، بـەڵام لەدواییـدا مـرۆڤ ڕادێ. هێنایـە بەرچـاوی خـۆی چـۆن لقـی داربیەکـە دەگـرێو لەسـەر سـك خـۆی بـە ئاوەکـەدا دەدا. چـۆن دەچـێتە ژێـر ئاوەکەو، ئـاو بەسـەر سـەریەوە هـاژەی دێو ئـاوە ساردەکە بـن سـكو پـشتو پێیەکانی دەتەزێنێ. دەنگەکانی دەرەوە کپ دەبنەوەو تەنیا دەنگـی سوڕەشـوڕو هاژەهاژی ئـاوی دێتـە بـەرگوێیانو بەتـەواوی چـاوەکانی دەکاتـەوەو تەماشـای تێکڕای ئەو شتانە دەکا کە لەژێر ئاوەکە دێنە بەرچاوان. چاوەکانی دەزوریێنـەوەو ژان دەکەن، بەڵام ئەو بە لەخۆباییبوونێکەوە پێدەکەنێ تا بەوە دەگا لەژێر ئـاودا زمانیشی دەردێنێ و گاڵتە بە داپیرەی دەکا. لێگـەڕێ بـا نەنـە بزانـێ کـە ئـەو هەرگیز نوقم نابێ و لە هیچ شتێکیش ناترسێ. ئینجـا دەسـتی لـە لقـەدارەکان بەردەداو ئاو دەیبا تا قاچـەکانی بـەر بـەردەکانی بەنداوەکـە دەکـەوێ ئەوسـاکە هەناسـەی دەبـڕێ. ئـەو یەکـسەر لـەژێر ئاوەکـە دەردەپـەڕێ، دەچـێتە کـەنارو

دیسانەوە بەرەو داربیەکە ڕادەکاتەوە. ئەم کارە چەند جارێك لەسەر یەك دووبارەو سێ بارە دەکاتەوە.. ئەو ئامادە بوو ڕۆژێ سەد جاران لە بەنداوەکەی باپیرەدا مەلەوانی بکا، تا سەرەنجام دەبێتە ماسی و ئەو دەیویست بە هەر نرخێکە، ببێ بە ماسی...

لەدوای ئەوەی منداڵەکە بە باشی تەماشای کەناری ڕووبارەکەی کرد، ڕووی دووربینەکەی لە حەوشەی ماڵەکەیان کرد. مریشك‌و قەلەموونەکان بە جوجەڵەکانیانەوە، بیور کە بە کۆلکی دارشکاندنەوە هەڵپەسێردرابوو، سەماوەر کە دووکەڵی لێ بەرز دەبۆوەو شرۆشیتاڵێکی جیاجیا کە لەناو حەوشەدا بوو، ئەوەندە نزیك‌و گەورە دەهاتنە بەرچاوان کە منداڵەکە دەستی بۆ درێژکردن. گوێرەکە زەردەکە هێندەی فیلێك دەهاتە بەرچاو، دیتی زۆر ئارام‌و بێ خەیاڵ کراسەکەی کە بەسەر ڕستەدا درابوو، دەجوی. گوێرەکەکە هێندەی چێژ لێدەبینی چاوەکانی لەگەڵدا بردبۆوە قەپێلك‌و لیکی دەمی شۆڕ ببۆوە، دیار بوو بە چ ئارەزوو و خۆشیەکەوە کراسی داپیرەی دەجوی. کوریژگەکە هەر بەو بارەی دووربینەکەی لەبەرچاوان بوو، ڕەپێ بوو و بە دەست گوڕوگەفی لە گوێرەکەکە کردو قیژاندی:

- هەی ئەحمەق هەی بێ هۆش! گوم بە! تێدەگەی چی دەڵێم؟ ون بە، بڕۆ لاوە! هۆ باڵتەك باڵتەك! — سەگەکە بێ ئاگاو خەبەرو بە هێوری لە بن دیواری ماڵەوە پاڵ کەوتبوو. بە بێ هیواییەوە داوای لێدەکرد: باڵتەك قەپی لێبگرە، قەپالی لێبگرە! بەڵام باڵتەك گوێشی پێ نەبزوت بۆ خۆی لێی نووستبوو، وەك بڵێی هەر هیچ ڕووی نەداوە.

لەم کاتەدا داپیرە پەیدا بوو، کە چاوی بەم بەزمە کەوت لە پێستی خۆی هاتەدەر، دەستی دا دارو وروژمی بۆ گوێرەکەکە برد. گوێرەکە تێی تەقاند،

پیرەژن سەری لە دوانا. کوریژگەکە داپیرەی بە دووربینەکە دەدیت، لە ترسا لە جێگای خۆی هەڵتروشکا تا داپیرە بەسەر چیاکەوە نەیبینێ. دوای ئەوەی داپیرە گوێرەکەکەی ڕەتاند، بەرەو ماڵ بۆوە، لە تاو ڕق‌و تووڕەیی خۆی‌و پەلەپەل‌و ڕاکەڕاکی توشی هەناسەبڕکێ ببوو. کوریژگەکە هەر بەو شێوەی لە سینەمادا دەموچاوی کەسێك بە گەورەیی دەهێننە بەر شاشە. دەموچاوی نەنەی بەم جۆرە خستە بەر دووربینەکەو چاوی لێ هەڵنەدەگرت. نەنەی وادەدیت وەك بڵێی لە تەنیشتیەتی یا وەختە بڵێم نزیکتریش. چاوە زەردەکانی کە لە تووڕەییدا بچووك ببوونەوە، دەدیت. دەیدیت کەوا چۆن دەموچاوە پڕ لە چرچ و لۆچەکەی وەك چەوەندەری سوور سوور هەڵگەڕاون، لێوەکانی، وەك ئەوەی لە سینەما کاتێ لەپڕ دەنگ دەبڕێ. بەبێ ئەوەی دەنگیان لێوە بێ دەجوولێنەوە ددانە تاك تاك و کەل‌و کورمەکانی بەدەردەکەوتن. لە دوورەوە نەدەکرا بزانرێ پیرەژن چ دادو بێدادیەتی، بەڵام قسەکانی داپیرە ئەوەندە بە ڕوون‌و ئاشکرایی لە گوێی کوریژگەکە دەزرنگاوە، دەتگوت لە بن گوێی ئەودا قسە دەکا. هەمووی لەبەر بوو، دەیزانی ئێستا داپیرە چ شورکی تەری بۆ دەبڕێ‌و چ جوێنێکی خراپی پێدەدا: "سەبرکە!... کە گەڕایەوە چۆن سەرت لە ڕەشێ بابت دەنێم! هەر گوێش نادەمە بابە گەورەت. چەند کایەم پێ گوتی واز لەم دووربینەو تەماشاکانت بێنە! دیسان دەستی چیات لێگرتمەوە! خوای گەورە تۆ بکەی و ئەو کەشتییە سپییە نوقم کەی! خوایە ئاگرێ بگرێ کوژانەوەی نەبێ، خوایە سەراوبنی کەی!..." .

کوریژگە ئاهێکی وەڕسانەی هەڵکێشاو بیری کردەوە: بۆچی دەبێ لە ڕۆژێکی وادا، لەو وەختەی جانتایان بۆ کڕیوە، لەو دەمەدا ئارەزووی چوونە قوتابخانە لە کەللەی دابوو، ئاگای لە گوێرەکەکەی بڕێ!..

پیرەژن ئارامی نەدەگرت. هەر جوێنی دەدا. تەماشای کراسە کون کونەکەی دەکرد کە گوێرەکەکە جویی بووی. گوڵ جەمال لەگەڵ کچۆڵەکەی لە ماڵ هاتە دەرەوەو چووە کن داپیرە. داپیرە کەوتە گلەیی وگازندە. کوریژگەکە لەو دوورەوە دەیدیت داپیرە چنگە ئێسقانیەکانی کۆکردۆتەوەو بە ڕقو تورەیی زیاترەوە، بە هەڕەشەوە بەرەو چیای ڕادەتەکاندو دەیگوت: "سەرگەرمی بۆ خۆی پەیدا کردوە! خوایە ئەم کەشتییە نەحلەتیە نوقم بێ! خوایە ئاگر بگرێ! خوایە ژێر ئاو کەوێ!.." . سەماوەر لە حەوشەدا جۆشی خواردبوو و باوەشێ هەڵمی بەگوڕ لێ بەرز دەبۆوە، هەمووی بە جوانی دەدیترا. پووره بەگی هاتە حەوشە تا سەماوەرەکە ببا.. دیسان واوەیلا بەرزبۆوە. داپیرە کراسەکە کون کونەکەی بۆ بەر لووتی پووره بەگی برد تا لەسەر ئەم کارە پێی بڵێ: ببینە خوشکەزایەکەت چ کەتنێکی لێوەشاوەتەوە! پووره بەگی هەوڵی دەدا داپیرە کڕبکاتەوە. منداڵەکە پێشبینی دەکرد چی دەڵێ، هەر قسەکانی پێشوی دووبارە دەکردەوەو دەیوت: "نەنە گیان، ئارامت هەبێ، هەڵمە چوو! منداڵ هێشا هۆشی بەوەدا ناشکێ، چاوەڕێی چی لێدەکەی! لێرە غەریبو تاكو تەنیایە، هیچ هاوڕێو هاودەمێکی نیە، ئەم هەموو دادو بێدادەی ناوێ، لەبەرچی (بیترسێنین) ؟".

هەڵبەتە داپیرەش وەڵامی پووره بەگی دەداوە: "تۆ فێری من دەکەی. جارێ باخۆت منداڵێکت ببێ، ئەو کاتە تێدەگەی چاوەڕێی چی لە منداڵ دەکرێ. لەبەرچی لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەسەر ئەو چیایەوەیە؟ دەقەیەك نایە ئەم گوێرەکە ببەستێتەوە. لەسەر ئەم چیایە چۆڵە بەدوای چیدا دەگەڕێ؟ بەدوای دایكو باوکە بێ خەمەکە؟ بەدوای ئەوانەی بەجێیان هێشتو خۆشیان هەریەکەیان بەلایەکدا لێیانداو ڕۆیشتن؟ کە نەزۆکی چ خەم و خەفەتێکت

هەیــە!.." هــەر لــەو دوورەوە بــە دووربــین کوریژگەکــە دەیــدیت کــە گۆنــا چاڵـچووەکانی پـوورە بـەگی وەك گۆنـای مـردووان سـپی داگـەڕا. پـوورە بـەگی سەراپای لەرزی، نیگای نادایکایەتی پوورە بەگی درەوشاوەو گوتی: " ئەدی تـۆ هەی پیرە کەمتیار، چەند کچ‌و کوڕت بوو و چـەندت گـەورە کـرد؟ تـۆ کێـی؟" کوریژگەکە باش دەیزانی پوورە بەگی ئەو وەڵامەی نەنە دەداتەوە.

نەنە بەزمێکی وای ناوە ئەوسەری دیار نەبێ، نوزەنوزو ناڵەناڵی گەیـشتبووە پەرەگەی ئاسمان. گوڵ جەمال دەیویست پێکیان بێنێ‌و ئاشتیان کاتـەوە، تکـای دەکردو دەپاڕاوە، نەنەی لە باوەش گرت، دەیویـست بیباتـەوە مـاڵ، بـەڵام ئـەو وەك شێت لە حەوشەدا رایدەکردو تا دەهات رق و توڕەییەکـەی زیـادی دەکـرد. پوورە بەگی سەماوەرەکەی هەڵگرت‌و پێی پێوەناو ئـاوی کـوڵاوی سـەماوەرەکە بەم لاوبەولادا دەپرژاو بردیەوە ماڵێ. بەڵام داپـیرە بـەبێ هێـزی لەسـەر کـۆلکی دارشـکاندنەکە دانیـشت. هـۆق هـۆق دەگریـاو گازنـدەی لـە چارەنووسـی خـۆی دەکرد. ئێستا کوریژگەکەی لەبیر نەما بوو، سکاڵای لە خەڵك‌و لـە دنیـا تـا لـە خواش دەکرد. بەوپەڕی کینەو توڕەییەوە جـوێنی بـەرز بـە کـچەکەی دەدا: " بـە من دەڵێی! لە من دەپرسی، من کێم؟! ئەگەر خوا غـەزەبی لـە مـن نـەگرتبوو، ئەگەر پێنج کۆرپە لەو منداڵی لەبەرسکم هەڵنـەدەگرت، ئەگـەر تاقـە کوڕەکـەم لـە تەمــەنی هــەژدە ســاڵیداو لــە جــەنگ گوللــەی گــەرمی بەرنەدەکــەوت‌و جوانەمەرگ نەدەبوو!!.. ئەگەر پیرەمێردەکەم، تایگارای ئازیزم لـە بـەفرو بـۆران بەدوای مێگەلەوە ڕەق نەدەبۆوە، ئێستا من لە عاردەکی دی دەبووم نـەك لـەکن ئێوەی جەنگەڵنشین.

پیف مەگەر من وەك تۆ بێبـەرو نـەزۆك بـووم؟ مەگـەر مـن لـەم تەمەنـەدا لەگەڵ بابی تۆ، ئەم مەئموونە کەرە پیـاوە دەژیـام؟ خـوای گـەورە، مەگـەر مـن

شاره مێروولەم تێکدابوو چ گوناهێکم کردبوو که بەم جۆره بەر ڕق و تووڕەیی تۆ کەوتم؟" .

کوریژگەکە دووربینەکەی لەبەرچاویدا لاداو بە غەمبارییەوه سەری لەبەرخۆی نا. پاشدان به دەنگێکی هێمنەوه به جانتاکەی گوت:

"ئێستا ئێمه به چ چاوو ڕوویەکەوه بچینەوه ماڵ؟ هەمووی سوچی منو سوچی ئەم گوێرەکە کەڵلەپووتەیە. دووربین، ئەوه با باشت پێبڵێم گوناهی تۆشی لەگەڵدایه. تۆ هەمیشه بانگم دەکەی، وەره با تەماشای کەشتیی سپی بکەین. ئەوه باشت پێبڵێم تۆش گوناهت هەیه" . کوریژگەکە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی کرد. هەموو لایەك هەر چیاو بەردەڵانو جەنگەڵ بوو. جۆگەلەو سۆلاوی به باقو بریق لەو بەرزاییانەوه، له شوێنه پڕ شەختە و بەستەڵەکەکانی هەرگیز نایکاتەوه، بێدەنگو کشومات دەڕژانه خوارو تەنیا لەم خواره، ئاوەکە دەکەوته دەنگو هاژەهاژ تا بە جۆش و خرۆشەوه لە ڕووبارەکە داکشێته خوارەوەو هەرگیز دەمی پڕ له هاژەو خوڕەخوڕی دانەخاتەوه. چیای سەرکەشو بێ پایان له هەموو لایەك چوار دەوریان دابوو. لەم دەمەدا کوڕیژگەکە خۆی زۆر به بچووكو تاك و تەنیا و بێکەس دەزانی. تەنیا ئەوو چیایە بەرزەکانی دەوروبەری بوون، ئەو لەنێوان چیاکاندا ون ببوو. خۆر نەختێك لە ناوەڕاستی ئاسمان لار ببۆوەو بەلای دەریاچەکەدا خوار دەبۆوه. گەرما شکا. کورتە سێبەر له نشێوەکانی بەری ڕۆژهەڵات بەدیار کەوتن. ئێستا ئیدی خۆی دەم لە دەمێ پتر شۆڕی دەکردەوەو سێبەرەکان دەخزێنه دامێنی چیاکان. لەم سەروەختانەدا بوو کەشتیی سپی لە ئیسیك کولەوه پەیدا دەبوو. کوریژگەکە ڕووی دووربینەکەی له دوورترین خاڵی دەریاچەکە کرد، هەناسەی لە سینەی خۆیدا بڕی. لەپڕێکدا له دوورترین خاڵی ئاسۆی شینی (ئیسیك کول)دا کەشتیی سپی

پەیدا بوو. منداڵەکە هاواری کرد: ئەوەتا! و هەموو شتێکی لەبیرچۆوە. کەشتیی سپی درێژ، بەهێزو جوان، بە خۆیو دووکەڵکێشەوە لە پشت ئاسۆوە هاتە دەر. لەسەر هێڵێکی ڕاستەو ڕاست دەهات. منداڵەکە بەپەلە شووشەکانی دووربینەکەی بە لچکی کراسەکەی سڕییەوە، و جارێکی دیکەش ڕوانگەی دووربینەکەی پارسەنگ کردەوە، کەشتیەکە زۆر بە ڕوونو ئاشکرایی دەدیترا ئێستا دەیدیت چۆن کەشتیەکە لەسەر شەپۆلی ئاوەکەدا هەڵبەزو دابەز دەکا، دەیدیت چۆن بەدوای خۆیەوە کەفێکی سپی بەجێدەهێڵێ. کوڕیژگەکە، ماتو حەیران سەیری کەشتیی سپی دەکردو چاوی لێ نەدەتروکاند. ئەگەر بە خواست و ئارەزووی ئەو دەبوو، تکای لە کەشتیی سپی دەکرد بێتە پێشتر تا بتوانێ ئەو خەڵکانەش ببینێ کە لەناو کەشتیەکەدا بوون، بەڵام کەشتیەکە ئاگای لەو ئارەزووەی ئەو نەبوو، ئارامو شکۆمەندانە ڕێگای خۆی دەگرتە بەرو دیار نەبوو لەکوێوە دێو بەرەو کوێش دەڕوا.

منداڵەکە ماوەیەکی زۆر بوو دەیدیت کەوا چۆن کەشتیەکە بەسەر دەریاوە دەهاتو دەمێکی زۆریش بیری دەکردەوە چۆن ئەو خۆی ببوو بە ماسیو لە ڕێگای ئاوەڕۆی ڕووبارەکەوە بەرەو کەشتییە سپیەکە مەلەی دەکرد.

ڕۆژێکیان کە یەکەمجار لە تۆقەلی کێوی (قەراول)ەوە کەشتیی سپی بەسەر دەریاچە شینەکەی (ئیسیك کول)ەوە دیت، بە دیتنی ئەو دیمەنە جوانە دڵی ئەوەندە کەوتبووە تەپەتەپ کە یەکسەر کەوتەوە بیری باوکی- کەشتیەوانی ئیسیك کول- کە لەو کاتەدا لەناو ئەم کەشتییە سپیەدا کار دەکا، وای قەناعەت بە خۆی کرد، لەبەرئەمە زۆر حەزی لێبوو ئەوها بێ.

ئەو نە باوکی خۆی لەبیر بوو نە دایکی. ئەو تەنیا بۆ تاکە جارێکیش نەیدیتوون. ئەو دەیزانی باوکی لە ئیسیك کول کەشتیەوانەو دوای ئەوەی

دایکی لە باوکی جیابۆوە، ئەوی لە لای باپیرەی بەجێهێشتبوو و بۆ شار چوو بوو، چۆن ڕۆیشتبوو ئاوا چوو بوو هیچ سەروسۆراغێکی نەبوو. چوو بووە شارێکی دوور دووری پشت کێوەکان. لەوبەری دەریاچەکەو لەوێوەش دیسانەوە لە چەند کێوان ئاوا ببوو.

جارێکیان لە جاران کە بابە مەئموون بۆ فرۆشتنی پەتاتە بۆ شار چوو بوو. هەفتەیەکی تەواوی پێچوو و لە شار مابۆوە، کە گەڕاوە لەسەر چای خواردنەوە بۆ پوورە بەگی و داپیرەی دەگێڕاوە کە لە شاردا کچەکەی خۆی دیتبوو، یەعنی دایکی ئەوی دیتبوو. کە ئەو لە کارگەیەکی کوتاڵسازیو چنین کاری دەکرد. ئەو ئێستاکە ماڵو مێردێکی دیکەی هەیە، دوو کچۆڵەی هەیە کە لە خانەی منداڵانن و هەفتەی جارێك دەیانبینێ. ئەو لە ماڵێکی گەورەدا ژوورێکی بچووکی هەبووە مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی تێدا بجولێنێ. لەو ماڵەدا کەسی دیکەی نەدەناسی، ڕێك وەك بازاڕ. هەموویان بەمجۆرە دەژیان- هەر کەس دەچۆوە ماڵی خۆی دەرگایان لەسەر خۆیان قایم دەکرد. لە ژووری خۆیان دادەنیشتن، وەك زیندانی، دەرگایان بەسەر خۆیاندا کلۆم دەدا. گوایا مێردەکەی شۆفێر بووەو خەڵکی لە جادەکان دەگواستەوە. سەعات چواری بەیانی لە ماڵ دەردەپەڕیو شەو درەنگان دەهاتەوە، کاری ئەویش گران بوو. بابە مەئموون دەیگێڕاوە کە کچەکەی بەردەوام سەری لە گریان بوو داوای لێبووردنی لێدەکردن. وا بڕیار بوو خانوی نوێیان بدەنێ، بەڵام دیار نەبوو کەی دەیاندەنێ. کە خانووی نوێیان وەرگرت کوڕەکەشی دەباتە کن خۆی، هەڵبەتە ئەگەر مێردەکەی ڕێگا بدا. تکای لە باوکی کردبوو ئێستا نەختێ سەبر بگرێ. باوکی پێی گوتبوو خەم نەخوا. لە هەموو شتێك گرنگتر ئەمەیەکە ئەو بە خۆشیو هێمنیەوە لەگەڵ پیاوەکەیدا بژی، کارەکانی دیکە خۆیان جێبەجێ دەبن. خەمی

کوڕەکەی نەبێ. بابە مەئموون پێی گوتبوو: "تا من ماوم، کوریژگەکە نادەمە کەس، کە منیش مردم، خوا کەریمە، مرۆڤی زیندوو ڕێگای ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە.." پوورە بەگی و نەنە گوێیان بۆ قسەکانی شل کردبوو و هەر ئاخ و ئۆفیان هەڵدەکێشا، و پێکەوەش گریان.

هەر لەم کاتەدا بوو باس هاتە سەر باسی باوکی کوریژگەکە. بابە مەئموون بیستبووی زاواکەی پێشووی، واتە باوکی کوریژگەکە، هەروەك جاران لە کەشتیەکدا وەك کەشتیوان کار دەکا، ئەویش ماڵو خێزانێکی دیکەی هەبوو و دوو یان سێ منداڵی هەبوو، ئەوان لە بەندەردا دەژیانو گوایا خواردنەوەو بەد مەستی وازهێنا بوو، ژنە تازەکەی لەگەڵ منداڵەکانی هەموو جارێ بۆ پێشوازیکردنی دەچوونە ئەسکەلەی بەندەرەکە. منداڵەکە بیری کردەوە: "کەواتە لەپاشدا بە دەردەکەوێ، ئەوان لە هەمان کەشتی یەعنی کەشتیەکەی ئەو پێشوازی دەکەن.." .

بەڵام کەشتییە سپیە درێژەکە ئاوی ئاوێنە ئاسای دەریای دەبڕی، لە دووکەڵکێشەکانی باوەشێ دووکەڵ بەرز دەبۆوە. ئەو کوڕێژگەی ببوو بە بێچووە ماسی، بەرەو ئەو مەلەی دەکرد.

ئەو بەڕادەیەکی وا حەزی دەکرد ببێ بە ماسی کە هەموو ئەندامەکانی لەشی وەك هی ماسیان لێبێ. لەش و کلك، باڵ و پوولەکەی وەك هی ماسی لە گیانیا بڕوێ و تەنیا سەری نەبێ، سەری گەورەو خڕی بە گوێی گەورەو گەردنی باریکەوە، بەسەریەوە بمێنێ. چاوەکانیشی هەروەك خۆیان بمێننەوە. هەڵبەتە نەك هەر وەك چۆن بوو ئەوها، بەڵکو بەجۆرێك بتوانێ وەك چاوی ماسی ببینێ. برژانگەکانی وەك برژانگی گوێرەکە درێژ بوونو کەس تێی نەدەگەیشت بۆچی هەمیشە لە تروکاندا بوون. گوڵ جەمال دەیگوت چەند

خۆش دەبوو ئەگەر برژانگەکانی کچۆڵەکەی ئەویش وا جوان بان، ئەوساکە کچۆڵەیەکی زۆر جوانی لێدەهاتەوە. کوریژگەکە بە خۆی دەگوت: چ پێویست دەکا کچ و کوڕان زۆر جوان بن؟ نا هیچ پێویست ناکا! ئەو یەك لەبارە خۆی پێویستی بە چاوی جوان نیە، بەڵکە ئەو پێویستی بە چاوی وایە کە لەژێر ئاودا ببینێ.

دەبووایە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ گۆمەکەی بابە گەورەدا بێ. کوریژگە لە چاوقوچانێکدا دەبووە ماسی. لەدواییدا لە گۆمەکەوە فرتکێك لێرەدا بۆ ناو ڕووبارەکە، ڕێك دەچێتە نێو ئاوە پڕ هاژەهاژەکەی بە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا تیژ دەڕواو لەگەڵ ئاوەڕۆکەدا بەرەو قوڵایی دەچێ و ئینجا سەر دەکەوێتەوەو سەری دەردەهێنێ و تەماشای ئەم لاو ئەولا دەکا، چونکە تەنیا بناولێدان و مەلەی ژێر ئاو خۆش و لەزەت بەخش نیە. ئەو لەناو تیژایی ئاوەڕۆکە بەخێرایی دەجوڵێتەوە، لە کەنار سۆرکێکی هەڵدێر، لەنێوان کەف و شەپۆلە کەنارییەکان، بە تەك چیاو جەنگەڵاندا تێدەپەڕێ. خواحافیزی لە بەردە خۆشەویستەکانی دەکاو دەڵێ: "خواحافیز (وشتری یخ بوو ، خواحافیز "گورگ" خواحافیز "زین" خواحافیز ئەی "تانك" کاتێ گەیشتە کەناری بنکەی پاسەوانی جەنگەڵوانان، سەری لە ئاو دەردەهێنا، پەڕەکانی ڕادەوەشاندو بە باپیرەی دەگوت: "خواحافیز باپیرە گیان، من بەزوویی دێمەوە". بابە گەورەی لەم بوونەوەرە سەیروسەمەرە ئەوەندە سەرسام و دەستەپاچە دەبێ نازانێ چی بکا. نەنەش هەمان جۆر، هەروەها پوورە بەگی و گوڵ جەمال دەمیان لەم کارە بەش دەبێتەوە، لەکوێ شتی وا سەیروسەمەرە دیتراوە سەر سەری بنیادەم بێ و لەشیشی ماسی؟! ئەویش پەڕەکانی بۆ ئەوان دەجوڵێنێ و دەڵێ: "خواحافیز من دەچمە ئیسیك کول، دەچمە لای کەشتییە

سـپیەکە. باوکـە کەشـتیەوانەکەم لەوێیـە" . گومانـت نـەبێ باڵتـەك لـە ڕۆخ ڕووبارەکە بەدوای ئەودا ڕادەکا. ئاخر بەستەزمانە قـەت قـەت شـتی وا سـەیری نەدیتوە. ئەگەر باڵتەك بیەوێ خۆی بە ئاوەکەدا بداو بچێتە کنی، ئەو بەسـەریدا دەقیژێنێ: "باڵتەك، مەیـە! نـوقم دەبـێ!" و خۆیـشی بـە مەلـە لێـدەدا دەڕوا. پاشدان بناوێك لێـدەداو لـەژێر ڕایەڵـە پۆلاییـەکانی پـردە هەڵواسـراوەکەدا ڕەت دەبێ. بەدرێژایی قامیشەلان و دارو پنـچکە چـڕەکانی کـەنار ڕووبارەکـە مەلـە دەکاو پاشدان بـەناو گەلییـە خوڕەکـەدا سـەرەوخوار دەبێتـەوە دەگاتـە ئیـسیك کول. بەڵام ئیسیك کول دەریایەکی بە ڕاسـتیە، لـەنێوان شـەپۆلەکانیدا هـەر بـە مەلە لەسەر پشتی شەپۆلێك بـۆ سـەر پـشتی شـەپۆلێکی دیکـە دەچـێ، خـۆی هەڵدەکوتێ بۆ پێشوازی کەشتییە سپیەکە بانگی دەکـا: "سـلاوتان لێبـێ، هـۆ کەشتیی سپی! ئەوە منم! مـن ئـەو کەسـەم هەمیـشە بـە دووربـین لـە دوورەوە تەماشـام دەکـردی" . خـەڵکی نـاو کەشـتیەکە بـە دیتنـی ئـەم شـتە سـەیرە دەحەپەسێن هەر خەڵکی ناو کەشتیەکەیەو پەلەپەل دەکـەن بـچن بیبیـنن. ئـەو کاتە بە باوکی خۆی، کەشتیوانەکە دەڵێ: "بابە، سـەلام! مـن کـوڕی تـۆم! مـن هاتومەتە کن تۆ" . "کوڕە قـەت وا نـەبێ، چـۆن چـۆنی تـۆ کـوڕی منـی؟ تـۆ نیـوەت ماسـیو نیوەکـەی دیکەشـت مرۆڤـە!" - " باوکـە تـۆ مـن ببـە نـاو کەشتیەکەوە، ئەوساکە دەبمـەوە کـوڕە ئاسـاییەکەی خـۆت" . "زۆرباشـە! دەبـا تـاقی بکەینـەوەو بـزانین". باوکـە تۆڕێـك بـە ئاوەکـەدا دەدا، کـوڕە ماسـیەکە دەگرێو دەیباتـە سـەر ئەسـکەلەی کەشـتیەکە. ئەوسـاکە دەبێتـەوە کوڕەکـەی جاران، و ئیتر و ئیتر...

ئینجا لەدوای ئەمە کەشتییەکە ڕێگای خـۆی دەگرێتـەوە بـەر. کوریژگەکـە سەروسەربوردەی خۆی بۆ باوکی دەگێڕێتەوە: باسی ئەو چیایانەی بـۆ دەکـا کـە

لەنێوانیانـدا دەژی. باسـی بـەردەکان، باسـی ڕووبـارو جەنگـەڵی گـرگ، باسـی گۆمەکەی باپیرەی بۆی هەڵبەستابوو و مەلەی تێدا دەکردو فێر ببـوو بـە چـاوی کراوەش مەلەی تێدا بکا...

هەڵبەتە لەمەڕ ژیانی خۆی لەگەڵ بابە مەئموون شت دەگێڕێتـەوە. وا دەکـا باوکی بزانێ ئەگەر خەڵکی نازناوی (زرنگ)یان لە باپیرەی ناوە، ئەمە قـەت بـە مانایەکی خراپ نایە. لە هیچ جێیەکی دنیادا بابە گەورەیـەکی وا پەیـدا نابـێ، ئەو باشترین بـاپیری دنیایـە. بـەڵام ئـەو پیـاوێکی تەڵەکـەباز نیـە، هـەر لەبـەر ئەمەشە گاڵتەی پێدەکەن. خاڵـە ئـارۆزکۆل هەمیـشە بەسـەر ئـەو پیرەمێـردەدا دەنـەڕێنێ!. جـاری وا دەبـوو لەبەرچـاوی خەڵکیـشدا بەسـەر بابـە گەورەیـدا دەنەڕاند. بەڵام بابـە گـەورە لـەباتی ئـەوەی بەرپەرچـی بداتـەوە، هـەموو جـۆرە هەڵسوکەوتێکی ئـارۆزکۆلی دەبەخـشیو تـا لـە جەنگـەڵو مـەزراو ماڵەوەشـدا لەباتی ئەو کاری دەکرد، کارکردن بایەخێکی نیە! کاتێ خاڵە ئـارۆزکۆل مەست و بێ هۆش بۆ ماڵ دێتەوە، لەباتی ئەوەی بابە گەورە تـف لـە دەموچـاوە شـەرم لێهەڵماڵراوەکـەی بکـا، پێـشوازی لێـدەکا، یارمـەتی دەدا تـا لـە ئەسـپەکەی دایدەبەزێنێ، دەیباتەوە ماڵو لەسەر نوێنەکەی درێژی دەکاو بە جاجم و کـەولان دایدەپۆشـی تـا سـەرمای نـەبێو ژانەسـەر نـەیگرێ، زیـنو قـایشو قروشـی ئەسپەکەی دادەگـرێ و ئەسـپەکە پـاك دەکاتـەوەو دایـدەکا. هـەر هـەموو ئـەم کارانەش لەبەرئەوە دەکا، چـونکە پـوورە بـەگی نەزۆکـەو زگ و زا ناکـا، ئـاخر نازانم بابە گەورە، بۆ پوورە بەگی ئەوهایە؟ باشتر دەبوو وابووایە: ئەگەر حەز لـە زگو زا دەکەی بزێ، ئەگەر ناشتەوێ ئەوا نەتـەوێ. کـە خاڵـە ئـارۆزکۆل پـوورە بەگی دارکاری دەکا. مرۆڤ دڵی بە حاڵی بابە گەورە دەسـوتێ. کـە خاڵـە بـەگی هاتو هاواری لێهەڵدەستێ بابە گەورە زۆری خەفەت پێدەخوا، بەڵام هیـچی بـۆ

ناکرێ، دەیەوێ کۆمەکی کچەکەی بکا، نەنە ناهێڵێو پێی دەڵێ: "تۆ مەچۆ نێوانیانەوە، خۆیان دەزانن چی بکەن باشە. هەی پیرەمێردی بابان وێران تۆ چیت بە کاری ئەوان دایە؟ خۆ ژنی تۆ نیە، لە جێگای خۆت بە سەری ڕەحەت دانیشە" . بابە گەورە دەڵێ: "ئاخر ئافرەت ئەو ژنە کچی منە!" نەنە دەڵێ: "ئەگەر بە تەنیشت ئەوانەوە نەژیابای چیت دەکرد؟ هەموو جارێك ئەسپەکەت زین دەکردو تاوت دەدا بۆئەوەی بچی ئەوان لێك بکەیتەوە؟ ئاخر، ئەو کاتە کێ لە ماڵی خۆی ئاگای لە کچەکەی دەبوو؟" .

ئەو نەنەی قسەی لەبارەوە دەکەین، ئەو نەنەی جاران نیە. بابا، دەبێ تۆ هەر نەیناسی. ئەم داپیرە داپیرەیەکی دیکەیە هێشتا منداڵ بووم دایە گەورەکەی خۆم مرد. لەپاشان ئەمەیان هات. لە شوێنی ئێمەدا زۆربەی جاران مرۆڤ نازانێ کەش‌و هەوا چۆنە. دەمێك ئاسمان شین‌و بێ هەورەو تاوێك هەور بەری ئاسمان دەگرێ، ساتێك باران دەبارێو تاوێکی دیکە تەزرە. نەنەش هەمان جۆرە، مرۆڤ تێی ناگا چۆن مرۆڤێکە. دەمێك زۆر میهرەبانەو دەمێکی دیکە نامهیرەبان. وا دەبێ نە میهرەبان‌و نە نامیهرەبانە. کە ڕووی گرژو تاڵ دەبێ گیانی مرۆڤ دەردەکا. ئێمە بابە گەورە هێور دەکەینەوە. نەنە دەڵێ: هەرچەندەی چاکە لەگەڵ بێگانەدا بکەی، چاوەڕێ چاکەی لێ مەکە. بابە گیان، خۆ من لێرە بێگانە نیم. من هەمیشە لەگەڵ بابە گەورەدا ژیاوم. ئەم نەنە بێگانەیە، ئەو لەدواییدا هاتە لای ئێمە، کەچی بە من دەڵێ بێگانە!.

زستانان لەلای ئێمە ئەوەندە بەفر دەبارێ تا دەگاتە ملان. بەفر ئەوەندە بەسەریەکدا کەڵەکە دەبێ، کە تەنیا بە سواری ئەسپ دەکرێ بچیتە ناو دارستان. ئەسپیش بە سینەی بەفر دەشکێنێو ڕێگا دەکاتەوە. با بەجۆرێکی وا تێی هەڵدەکا کە مرۆڤ دەڕفێنێ. کە دەریا شەپۆلان دەدا کەشتی وەك

جۆلانە ئەم بەرو ئەوبەر دەکا، بزانـە ئەمـە "بـا" ی سـان تاشـە لـەلای ئێمـەوە هەڵـدەکاو دەریـا وەك شـێتو هـار دەوروژێنــێ. بـاپیرەم دەگێڕێتــەوە کـە لـە سـەردەمی زۆر زوودا بـۆ داگیرکردنـی ئـەم وڵاتـەی ئێمـە هێرشـیان هێنـا. لـەم حەلەدا لە سان تاشەوە بایەکی وا هەڵی کـرد دوژمنـانی ئێمـەی بەسـەر زینـەوە نەهێشت. هەموویان لە ئەسپەکانیان دابـەزین، بـەڵام بـە پیـادەیش نـەیانتوانی بێنە پێشەوە. بـا وەك قامـچی خـۆی پێدا دەکێـشاو دەموچـاوی بـە خوێنـدا دەهێنان. ئەوساکە گەڕانـەوەو پـشتیان لـە بـا کـرد، بـەڵام دیـسانەوە باکـە وای لێدەدان نەیانتوانی بـە پێـوە بوەسـتن تـا دوا زەلامیـانی لـە ئیـسیك کـول ڕادا. بەڵێ، ئەوها بوو. بەڵام ئێمە لەناو ئـەو بایـەدا دەژییـەین. ئـەم بایـە لـە وڵاتـی ئێمـەدا هەڵـدەکا. جەنگـەڵی ئەوبـەری ڕووبـار بەدرێـژایی زسـتان لەبـەر بـادا زیرەزیریەتی و هەر ئاه و ناڵەیەتی. مرۆڤ سەرسام دەبێ.

زستانان کاری جەنگەڵ شتێکی وانیە. بەپێـچەوانەی هاوینـان کـە ڕەوەنـدان ڕوو لەم ناوە دەکەن. مرۆڤ زۆر زۆر کەمـە. کـە هاوینـان ڕەوەنـدەکان مێگـەل و ڕەوە ئەسپەکانیان لە چەمەنزارەکاندا دەمێنێتـەوە مـن زۆر کـەیف خـۆش دەبم. هەڵبەتە- ئەوان بەیانی ڕێگای خۆیان دەگرنـە بـەرو ڕوو لـەناو چیاکان دەکـەن، بەڵام مرۆڤ کاتی خۆشیان لەگەڵدا بەسـەر دەبـات. ژنو منداڵـەکانیان بـە لـۆری دێــن. ڕەشمــاڵ و کەلوپەلــەکانی دیکەشــیان بــە لــۆری دەهێــنن. کــە نــەختێ بنـەوباریان ڕێکـەوت. ئێمـە لەگـەڵ بابـە گـەورەدا دەچـینە لایـانو سـەلامیان لێدەکەین. سەلام لە هەموویان دەکەین و تۆقەیان لەگەڵدا دەکەین. بابـە گـەورە دەڵێ دەبێ بچووکەکان هەمیشە یەکەم جار تۆقە بکەن. کەسێ تۆقە نـەکا، ڕێـز لـە خـەڵك نـاگرێ. بابـە گـەورە دەڵـێ لـە هـەر حـەفت کەسـان ڕەنگـە یـەکێك پێغەمبـەر بـێ. ئـەو مرۆڤـە زۆر میهرەبـانو دانایـە. هـەر کەسـێك لـە کـاتی

سەلامکردندا تۆقەی لەگەڵدا بکا، تەواوی ژیانی خۆشبەخت دەبێ. مـن دەڵـێم: ئەگەر وایە، بۆچی ناڵـێ مـن پێغەمبـەرم، تـا لـە کـاتی سـەلامکردندا تۆقـەی لەگەڵدا بکەین. بابە گەورە پێدەکەنێو دەڵـێ: "لەبەرئـەوەی پێغەمبـەر نازانـێ خۆی پێغەمبەرە، ئەو مرۆڤێکی سادەیە. تەنیا ڕێگر دەزانێ ڕێگـرە". مـن زۆر سەرم لـەم مەسـەلانە دەرناچـێ. بـەڵام هەمیـشە سـەلام لـە هـەمووان دەکـەم، هەرچەندە نەختێکیش شەرم دەکەم.

بەڵام کە لەگەڵ باپیرەمدا دەچینە مێـرگو چەمەنزاران، شـەرم ناکـەم، بابـە گـەورە دەڵـێ: "زۆر بـەخێر بـێن بـۆ هـەواری پیاوچـاکان! گاوگۆتاڵتـان سـاغو سەلامەتن، کـەیفتان سـەرحاڵە؟" . بـەڵام مـن تـەنیا سـەلام دەکـەمو تۆقـەیان لەگەڵـدا دەکـەم. بابـە گـەورە هـەموویان دەناسـێ، ئـەوانیش هـەموویان ئـەو دەناسن. بابە گەورە زۆرباشە. ئەو زۆری قسە لە دڵدایە کە بیانکا، لـە میوانـان دەپرسێو لەمەڕ ژیانی ئێمەو کاروباری خۆشمانەوە قسەیان بۆ دەکـا. بـەڵام مـن نازانم لەگەڵ منداڵەکاندا باسی چی بکەم. بەڵام لەدواییـدا خـەریکی گەمـەکردن دەبین ئەوەندە سەرگەرمی یاری دەبین کـە حـەز ناکـەم بـڕۆم، چـەندە خـۆش بـوو هەمیشە هەر هاوین بایە، ئەگەر هەمیشە هەر لەگەڵ منداڵەکانـدا لـە چـەمەن و ناو مێرگان گەمەم بکردبا! ئێمە سەرگەرمی یارین و لەم کاتەدا ئـاگرە شـینە کڵپـە دەسـتێنێ. بابـە، تـۆ وا دەزانـی ئـەو ئاگرانـە سەرانـسەری چـەمەنزارەکە ڕووناك دەکەنەوە؟ هیچ وانیە! لـە دەوروبـەری مەشـخەڵەکە بازنەیـەك ڕوونـاکی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام لە دوای ئەو بازنە ڕووناکییە، دنیا تاریکترە. ئێمـە یـاری شەڕە جەنگێ دەکەین، لە تاریکاییەکەدا خۆمـان دەشـێرینەوە هێـرش دەبـەین. وەك ئەوەیە بەڕاستی لە سینەما بین. ئەگەر تۆ فەرماندە بی، هـەموویان گوێـت لێ رادەگرن. گومانی تێدا نیە بۆ فەرماندە وا باشە فەرماندە بێ....

ئینجا مانگ لەودیو چیاکانەوە هەڵدێ، یاری کردن لەبەر تریفەی مانگە شەو زۆر خۆشە، بەڵام بابە گەورە دەمباتەوە. بە نێوان چەمەنزارو دەوەنزارەکاندا دەچینەوە. مەڕو ماڵاتەکان هێمنو ئارام لە شیرین خەودا. ئەسپەکان لەم لاو ئەولادا دەلەوەڕێن. ئێمە لە کاتی ڕۆیشتنماندا دەنگ و سەدای گۆرانی کەسێکمان دێتە بەرگوێ. ئەمە یان شوانێکی پیرە یان لاو. باپیرەم داوام لێدەکا بوەستم و دەڵێ: "گوێت لێبێ زۆر کەم گوێت لەم تەرزە گۆرانیانە دەبێ" . هەڵوەستەیەك دەکەینو گوێی بۆ شل دەکەین. بابە گەورە ئاهێك هەڵدەکێشێو سەری بۆ سترانەکە بادەدا.

باپیرە دەڵێ: لە زەمانی کۆندا خانێك دەکەوێتە داوی خانێکی دیکەوەو دیل دەبێ. ئەم خانە بە خانە دیلەکەی گوت: "ئەگەر دەتەوێ دەتوانی ببیتە کۆیلەی من سەری خۆت بکڕییەوە یانەخۆ ئەمن دوا ئارەزووت دەهێنمەدیو لەسەرت دەدەم" . خانە کۆیلەکە داماو بیری کردەوەو وەڵامی داوە: نامەوێ بەزیندووی چاوان کۆیلە بم. سەد قات باشترە بمکوژی. بەڵام بەرلەوەی بمکوژی فەرمان بدە. بچن یەکەم شوانێکی کە لە وڵاتەکەی مندا بەرچاویان دەکەوێ، بیهێننە کنم" ... "چیت لە شوان دەوێ؟" - "دەمەوێ پێش مردنم گوێم لە ئاوازو گۆرانیەکەی بێت" . بابە گەورە دەڵێ: "مرۆڤی وا هەن لەپێناو گۆرانیو سترانی وڵاتەکەیان گیانیان دەبەخشن. خۆش دەبوو بکرابا ببینی کە ئەم مرۆڤانە چ جۆرە مرۆڤێکن! هەبێو نەبێ، ئەوانە لە شارە گەورەکاندا دەژین؟

باپیرە لەژێر لێوەوە دەڵێ:

- ئای خودا، چ گۆرانیەك دەڵێن!.. مرۆڤ زۆریان چێژ لێدەبینێ نازانم بۆچی ئەوەندەی دڵم بە بابە گەورە دەسوتێ، هێندەم ئەو خۆشدەوێ لە حەژمەتا گریان قوڕگم دەگرێ...

بەیانی زوو کەس لـە چـەمەنزارەکەدا نـەماوە. بـەخۆو مـەڕو مـالاَتو ڕەوە ئەسپەکانیان بەدرێژایی هاوین کوێستانیان کـۆچ و کۆچـباریان تێکنـاوە. دوای ئەوان ڕەوەندی دیکە لە کالخۆزی دیکەوە دێن. بە ڕۆژ نامێنێتەوە، ملی ڕێگـای خۆیان دەگرن. بەلاَم شەو لە مێرگو چـەمەندا دەمێننـەوە. ئێمـە مـنو بـاپیرەم دەچینە کنیان تا سلاَویان لێبکەین. باپیرەم زۆر حەزدەکا سلاَو لە خەلْکی بکـا، منـیش لـەو فێـر بـووم. شـایەد ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لـە چـەمەنزار سـلاَو لـە پێغەمبەرێکی بەڕاستی بکەم.. زستانان خالە ئـارۆزکۆل و پـوورە بـەگی دەچـنە شار بۆ سەر دکتۆر. دەلێن دکتۆر دەتوانێ داودەرمانی وایان بداتێ تـا منـدالیان ببێ. بەلاَم نەنە دەلێ وا باشترە بچنە سەر مەزارێکی پیرۆز. ئـەو جێگـا پـیرۆزە لە پشت کێوانە کـە لـەوێ لـە مەزراکانـدا پـەمۆ دەڕوێ. لـەوێ لـە دەشـتێکی تەخت کە لە ڕووکاردا نەدەبووایە هیچ چیایەکی تێـدابێ، کێـوێکی پـیرۆز هەیـە ناوی کێوی (سلێمان)ە. ئەگەر لە داوێنی ئـەو چـیایەدا مـەڕێکی ڕەش بکەیتـە قوربانی، لەبەر قاپی خوادا بپاڕێییەوە، بچیتە سەر چیاکەو لە هەر هەنگاوێکـدا سوژدە ببەی، دوعـا بکەیتو لـە خـوا داوا بکـەیت و نیـاز بکـەی، ڕەنگـە خـوا بەزەیی بێتەوەو جگەرگۆشەیەکت پێ ڕەوا ببینێ. پـوورە بـەگی زۆر حـەز دەکـا بچێتە کێوی سلێمان. بەلاَم خالە ئـارۆزکۆل هێنـدە حـەز ناکـا، دەلـێ: "دوورە، پارەوپولێکی زۆری دەوێ. تەنیا بە فڕۆکە مرۆڤ دەتوانێ بچێتە سەر ئـەو کێـوە، بە فڕۆکەش ڕێگەیەکی زۆرە، دیسانەوە دەبێ پارە بدەی..." .

کە ئەوان دەچنە شار، ئێمە لە پاسگەو بنکە جەنگەلْوانییەکەدا تاكو تـەنیا دەمێنینەوە، تەنیا ئێمە لەگەلْ هاوسێکانمان خالە سەید ئەحمـەدو ژنەکـەی گـولْ جەمال لەگەلْ کچۆلەکەیان هەر ئەوەندەمانو بەس.

شەوان کە کار تەواو دەبێ، بابە گەورە ئەفسانەم بۆ دەگێڕێتـەوە. مـن دەزانم لە دەرەوەی ماڵدا شەوی ئەنگوستەچاوەو دنیا یەکپارچە سەهۆڵبەندانە، بایـەکی توند هـەڵی کـردووە. تـا چـیا گـەورەکانیش لـە شـەوی وا دەترسـێن، لـە نزیـك ماڵەکەی ئێمە لەبەر ڕووناکی پەنجەرەکاندا گرد دەبنەوە لەگەڵ یەکـدا سمـر سمـرو قـەرە پەرەسـتانەیە، هـەروەها منـیش دەترسـێم‌و خۆشحاڵیـشم. ئەگـەر مـن پەیکەرم وەك غۆلم دەبوو، پێستی غـۆلم لەبـەردەکردو ئەوسـاکە غـۆل ئاسـا، لـە ماڵـەوە دەردەچـووم‌و بـە دەنگێکـی وەك بروسـکە بـە کێـوو چیاکانم دەگـوت: "مەترسن من وام لێرە، من لە هیچ ناترسم "نە لە بـاو نـە لـە سـەرماو نـە لـە بۆران ئێوەش مەترسن، لە شوێنی خۆتاندا بوەستن و قەرەپەستە مەکەن" ئینجـا بەنێو بەفردا دەرۆیـشتم، بەسـەر ڕووبارەکانـدا بـازم دەداو دەچـوومە دارسـتان‌و دەستم لە قەدی دارەکان دەدا تا زۆر نەترسێن. ئەو درەختانەی بەهار نارویێنـەوە، ئەو درەختانەن کە لە ترسان وشك بوونەتەوە. لەپاشدا ئەو درەختانە بـۆ سـووتان دەگوێزینەوە. کە بابە گەورە حیکایـەت‌و ئەفـسانەم بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئـەم بـیرو خەیاڵاتانـەم بەسـەردا تێدەپـەڕێ. ئەفـسانەی پێکـەنیناوی هـەن- بەتایبـەتی ئەفـسانەی "منداڵـە نیـو بـستیەکە" بـە نـاوی چـپالاك کـە گـورگی چاوبرسـی قوتیـداو بەڵایـەکی وای بەسـەردا هێنـا هـەر بـاس نـاکرێ. نـا یەکـەمجار وشـتر چـپالاکی خـوارد. چـپالاك لـەژێر گـەڵادا نووسـتبوو، وشـتر لـەو دەوروبەرانـەدا دەخولایەوەو چپالاکی لەگەڵ گەڵایان خوارد.

لەبەرئەمەیـە دەڵـێن: وشـتر خۆشـی نازانـێ چ قـوت دەدا. چـپالاك کردییـە هات‌و هاوار تا ڕزگـاری بکـەن، پیرەمێـردان ناچـار بـوو وشـترکە بکوژنـەوە تـا چپالاکەکەیان قوتار بکەن. بەڵام ئەو بەڵایـەی بەسـەر گورگـدا هـات، لـەوە زۆر خراپترە. گـورگیش لەبـەر ئەحمـەقی خـۆی چـپالاکی قـوت دا. پاشـدان زۆر زۆر

دەگریـاو فرمێسکی پەشـیمانی هەڵدەڕشـت. مەسـەلەکە بـەمجۆرە بـوو ڕۆژێـك گـورگ تووشـی چـپالاك بـوو و گـوتی: "ئـەم پێـشوولەیە چـیە لـەژێرەوە پەلەقاژەیەتی و پـەلان دەکوتـێ؟ ئێـستا دەتکەمـە پارویـك!" چپالاك گـوتی: "گورگ، وازم لێبێنە نزیکی من مەکەوە، دەنا کارێکی وا دەکەم ببیتە سـەگ" گورگە لە قاقای پێکەنینی داو گوتی " لەکوێت دیتوە لـەکوێت بیـستوە گـورگ ببێتە سەگ" دەبێ لەبەرئەو دەمدرێژییەت بتخۆم. چـپالاکی هەڵلوشـی و لـەبیر خۆی بردەوە. بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە ژیانی لێ لە ژەهری مار تاڵتر بـوو. هەرکـە گورگ دادەنووسا بۆ مەڕێك، چپالاك لەناو سکی گورگە دەیکردە هاتو هـاوار: "شوانەکان کوڕە نەنوون! ئەوە منم، گورگە بۆرم، دێم مـەڕێك بـڕفێنم!" گورگـە نەیـدەزانی چ خاکـێ بەسـەری خۆیـدا بکـا، دەگـەوزی، بـەڵام چـپالاکی تـاین کرنەدەبۆوە و هـاواری دەکـرد: "شـوانەکان وەرنـە ئێـرە، لێمـدەن، شـل و کـوتم کەن!" شوانەکان بە کوتەك سەریان لە دوای گورگە دەناو گورگە پێـی پێوەدەنـا. شوانەکان بەدوای گورگدا ڕایان دەکردو بە سەرسامییەوە دەیانگوت: ئەم گورگـە شێت بووە، خۆی هاتو هاوار دەنێتەوەو خۆیشی پێ پێوەدەنـێ: "بمگـرن!" لـەم سەروبەندانەدا بە هەزار حاڵان گورگە خۆی قوتار دەکرد. بەڵام دیسانەوە هـەمان تاسو هەمان حەمام دەستی پێدەکردەوە. گورگە ڕووی لە هەر کوێیەك دەکـرد، چپالاك ئەم دەردە سەرییەی بـۆ دەنـاوە. لـە هـەموو جێگایـەك سـەریان لـە دوا دەناو دەیان ڕەتاند. گورگە لە برسان بوو بۆ پێستو ئێسقان کەلەکەی تێك قوپـا بۆوە، ددانەکانی لە چیرەوە دەبردو دەیگوت: ئەمـە چ ڕۆژە ڕەشـێکە بەسـەرمدا هاتووە؟ بۆ بەدەستی خۆم بەڵا بەسەر خۆمـدا دەهێـنم؟ لـەم دواییـەی تەمەنمـدا عەقڵم لەدەستداوەو شێت بووم" . لەم کاتەدا چپالاك بـە بـن گـوێ گورگەکەیـدا چرپاند: "ڕاکەو بەرەو مێگەلی تاسمـات بـچۆ، مـەڕەکانی قەڵـەون! ڕاکـە بـەرەو

مێگەلی بایمات، سەگەکانی زەردن! ڕاکە بەرەو مێگـەلی ئارمـات، شـوانەکانی نووستوون" گورگە گریانو فیغانی بوو دەیگـوت: ناچـمە هـیچ کوێیـەك، دەچـم وەك سەگ دەبمە کرێگرتەی کەسێك، ئەمەیانم باشترە..."

بابـە ئـەم ئەفـسانە زۆر پێکەنیناویـە، وانیـە؟ بابـە گـەورە زۆر ئەفـسانەی دیکەشـی دەزانـی: ئەفـسانەی خـەماوی، سەرسـوڕهێن، بـەڵام مـن زێـتر لـە هەمووان حەزم لە ئەفسانەی مانگا کێوی- دایکە شاخدارە. بابە گـەورە دەڵـێ: هەر کەسێ کە لە ئیسیك کول دەژی، دەبێ ئەم ئەفسانە بزانێ، ئەگـەر نـەیزانێ ئەوا توشی گوناه بووە. بابە، ڕەنگە تۆش ئەم ئەفسانە بزانی؟ بابە گـەورە دەڵـێ ئەم ئەفسانە ڕاستیەکی بێ چەندو چوونە. وەختێك ئەم داستانە ڕوویـداوە. ئێمـە هەر هەموومان منداڵو نەوەکانی مانگا کێـوی- دایکـە شـاخدارین- منـیش، تـۆش و ڕەشـە خەڵکەکـەی دیکـەش ئێمـە زسـتانان بـەمجۆرە دەژیـن. زسـتان وەرزێکی درێژە، ئەگەر ئەفسانەکانی بابە گەورە نـەدەبوو، مـن دڵـم زۆر تـەنگ دەبـوو. کـە هـەوا تـەواو گـەرم دادێ، شـوانان سـەرلەنوێ دێنـەوە نـاو چـیایان، ئەوساکە ئێمە لەناو چیادا تەنیا نـین، بـەڵام لەوبـەری ڕووبـار هـیچ کەسـێك لـە ئێمە سەرپەرگ و دوورتر نیە. لەولاتر تەنیا جەنگەڵو ئەو شتانەی لـە جەنگـەڵ دان هەن. ئێمە لەبەرئەوەیە لەم پاسگە جەنگەڵوانیەدا دەژین کە نەهێڵین کەسـێ پێی تێبنێ و نەهێڵین کەس دەست بۆ چڵەدارێك ببـا. تـا چـەند زانایـەك هاتنـە ئـەم شـوێنەی ئێمـە: دوو ژن کـە هـەردووکیان شـەلواریان لەبـەر بـوو. مـام ئیختیارێك و لاوێك کە قوتابی بوو بـوون. مانگـە وەختێکـی تـەواو لـە کنمـان مانـەوە. گیـاوگۆل و گـەڵا و پـەلك و چـڵیان کـۆدەکردەوە. ئـەوان دەیـانگوت جەنگەڵی لەمجۆرە جەنگەڵەی (سان تاش) لەدنیادا کەم ماوەتەوە. دەتوانین بڵـێین هەر نەشماوە. لەبەرئەمەیە دەبێ هەموو درەختێکی ئەم جەنگەڵـە ئاگـاداری لێ

بکرێ. بەڵام من لەوباوەڕەدا بووم بابە گەورەمان بەمجۆرە دڵی بە هەر درەختێك دەسوتێ. کاتێ کە خاڵە ئارۆزکۆل دارسنەوبەران دەبڕێ و کاریتەکانیان بە کەسێك دەبەخشێ. بابە گەورە زۆر پێی ناڕەحەت دەبێ.

* * *

کەشتییە سپیەکە دوور دەکەوتەوە. چیدی دووکەڵکێشەکانیت بۆ نەدەدیترا. بەخێرایی لەبەرچاوان بزر دەبوو. هەنووکە وەختی ئەوە هاتبوو منداڵەکە کۆتایی داستانی مەلەکردنەکەی خۆی لە کەشتیی باوکیدا بەرجەستە بکا. هەموو شتێك باش رێککەوتبوو. بەڵام کۆتایی بەرەحەتی بێنێتە بەرچاوی خۆی چۆن دەبێتە ماسی، چۆن لە رووبارەکەوە بەرەو دەریا مەلە دەکا، چۆن کەشتیی سپی دەبینێو چۆن خۆی دەگەیەنێتە باوکی، هەر هەموو شتێك بۆ باوکی دەگێڕێتەوە بەڵام درێژەو کۆتایی داستانەکە بێ سەروبەر نابێ. لەبەرئەوەی، بۆ نموونە، کەنار دەدەیترا. کەشتی بەرەو ئەسکەلەی بەندەر دەڕۆیشت. کەشتیەوانان ئامادە دەبوون تا لە کەنارەکە دابەزن. هەریەکەیان دەچۆوە ماڵی خۆی. باوکەش دەبووایە بچێتەوە ماڵێ، ژن و دوو منداڵەکەی لە ئەسکەلەی بەندەردا چاوەڕێیان دەکرد. ئێستا دەبووایە چی بکا؟ لەگەڵ باوکی بچێ؟ ئایا باوکی لەگەڵ خۆیدا دەیبا؟ وە گەر بیباتەوە باوەژنی دەپرسێ: "ئەمە کێیە، لەکوێ هاتووە، بۆ هاتووە؟" نا، وا باشترە لەگەڵ بابی نەڕوا...

لەم نێوانەدا کەشتیی سپی دەم لەدەمێ پتر دوور دەکەوێتەوە تا وای لێدێ دەبێتە خاڵێك بەزەحمەت دەدیترێ.

خۆر لەگەڵ ئاوی دەریادا لێکیان دابۆوە. بە دووربین دەدیترا کە رووە ئەرخەوانیەکەی دەریاچە وەك ئاگر دەدرەوشاوەو ئەم دیمەنە مرۆڤی دەحەپەساند کەشتی رۆیشتو لەبەرچاوان بزر بوو. ئەفسانەی کەشتیی سپیش کۆتایی

پێهات. دەبووایە بەرەو ماڵ بێتەوەو جانتاکەی هەڵگرێ، دووربینەکەی لە بن هەنگڵی ناو بەپەلە لەسەری چیاوە ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەر. وەك مار بەرەو ماڵ دەخشیو چەندەی لە ماڵ نزیك دەبۆوە، مشەوەشیو نیگەرانی زیاد دەبوو پێشبینی شتێکی ناخۆشی دەکرد.

لەبەرئەوەی گوێرەکەکە کراسەکەی جووی بوو کون کونی کرد بوو. منداڵە جگە لە سزاو جوێنباران بیری لە هیچی دیکە نەدەکردەوە. بۆئەوەی بەتەواوی ورەو هێزی خۆی لەدەست نەدا، بە جانتاکەی گوت: "مەترسە! چاکمان تێبەر دەبن. خۆ من بە ئانقەست ئەم کارەم نەکردوە. من نەمدەزانی گوێرەکەکە ڕای کردووە. باشە، چەند شەپلاغێکم لە پشتی مل دەدەن، دان بە خۆمدا دەگرم. ئەگەر تۆشیان تورِ هەڵدا ئەولاوە، مەترسە، تۆ جانتای، ناشکێی. بەڵام ئەگەر دووربینەکە بکەوێتە دەست نەنە، سەری بە سەلامەتی دەرنابا. یەکەجار دەچین دووربینەکە لە کادین دەشارینەوە، ئینجا دەچینە ماڵەوە.." منداڵەکە هەروای کرد. دەترسا پێی بخاتە سنوری ماڵەوە. بێدەنگیەکی نیگەران باڵی بەسەر ماڵەوەدا کێشابوو. کەس لە حەوشەکەدا بەرچاو نەدەکەوتو چرپەیەك هەستێك خوستێك نەدەبیسترا، دەتگوت هەر هەموویان سەریان هەڵگرتوەو ئێرەیان بەجێهێشتوە. ئاشکرابوو دیسانەوە خاڵە ئارۆزکۆل ژنەکەی خۆی دارکاری دەکا. بابە مەئموون دیسانەوە ناچار بوو زاواکەی ئارام بکاتەوە، دیسانەوە ناچار بوو تکاو رجا بکاو بکەوێتە ژێر کۆڵەمستە کوتك ئاساکانی ئارۆزکۆل و دەستی بگرێ، شایەدی ئەم شانۆ پرِ لە شەرمەزارییە بێ، لەشی تێك شکاوو قژی پەرێشانی کچەکەی ببینێو گوێ لە ناڵەناڵو نوزەی دڵتەزێنی بێ. و بە گوێی خۆی گوێی لێ بێ چ جۆرە قسەیەکی پیسو ناشیرینی لەبەرچاوی خۆیدا پێدەدرێ. پێی دەگوترێ دێڵە سەگو ماکەری نەزۆكو

نەفرەتی لێدەکرێو چی خراپە پێی دەگوترێ. بە گوێی خۆی بیبیستێ کە کچەکەی بە فریادو دادو فیغانەوە وەك شێت نەفرەت بۆ چارەنووسی خۆی دەنێرێ: "مەگەر من گوناهکارم کە پەروەردگار منی لە منداڵێك بێبەش کردووە! ئەم هەموو ژنەی دونیا ڕەوەڕەوە منداڵیان دەبێ. بەڵام من دووچاری نەفرینی ئاسمانی بووم. بۆچی؟ من ئەم ژیانەم بۆ چیە؟ مردن لەم ژیانە باشترە! وەرە، دڕندەی خوێنخۆر، وەرە گیانم ڕزگار کە.. لێمدە!.. لێمدە!.."

مەئموونی پیر لە گۆشەیەکی ژوورەوە دانیشتوەو سەری بردبۆوە قەپێڵك، هێشتا هەناسەی نەهاتبۆوەبەر، بە غەمو پەژارەوە خێرا خێرا هەناسەی دەدا، پێڵوەکانی کەوتبوونە سەر یەکدی، دەستەکانی بەسەر ئەژنۆیەوە دەلەرزین، ڕەنگی لە ڕوودا نەمابوو.

مەئموون چاوێکی لە نەوەکەی خۆی کرد، هیچی نەگوت، دووبارە چاوەکانی داخستەوە. نەنێ لە ماڵ نەبوو. ئەو چووبوو پوورە بەگی و پیاوەکەی لەگەڵ یەکدیدا ئاشت بکاتەوە، ماڵەکەیان هەڵبژێرێو کەلوپەلێکی کە شکابوون، فرێبدا، نەنێ کەسێکی ئائەوهایە. کە ئارۆزکۆل لە ژنەکەی دەدا، نەنێ ناچێتە نێوانیانەوە، ناهێڵێ بابە مەئموونیش بچێتە نێوانیانەوە. بەڵام دوای شەڕەکەی دەچێ ئارامیان بکاتەوە، دڵیان بداتەوەو ئاشتیان بکاتەوە. دیسانەوەش سوپاسێکی بۆ دەمێنێتەوە.

منداڵەکە لە هەمووان پتر دڵی بە حاڵی بابە گەورەدا دەسوتاو هەمیشە لەو جۆرە ڕۆژانەدا پیرەمێردە دەمردو زیندوو دەبۆوە. وەك مرۆڤێك کە دەستو پێی گۆج بووبێ دەخزایە قوژبنێکەوەو لەبەرچاواندا ون دەبوو. بەهیچ کەسێکی نەدەگوت بیر لە چی دەکاتەوە. بەڵام مەئموون لەم کاتانەدا بیری لەوە دەکردەوە کە ئیدی پیر بووەو تاقە کوڕە خۆشەویستەکەی لە جەنگدا کوژرا بوو. ئیدی

کەس نازانێ مەئموون کوڕێکی وای هەبووە، هەموو لەبیریان کردووە. ئەگەر کوڕەکەی لە ژیاندا مابا، ڕەنگە مەئموون چارەنووسێکی دیکەی هەبوایە. مەئموون بیری لە هاوسەرەکەیشی دەکردەوە، کە تەمەنێکی لەگەڵدا رابواردبوو و خەم و خەفەتیشی لێ دەخوارد. بەڵام گەورەترین بەدبەختیشی ئەوە بوو کچەکانی بێبەخت بوون. کچی بچووکی کوڕەکەی خۆی، کە دەکا نەوەی مەئموون بە ئومێدی ئەو بەجێهێشتبوو چوو بووە شارو ئێستا لەگەڵ چەند سەر خێزانەکەیدا بە سەرگەردانی لە ژوورێکدا خزابوون. کچەکەی دیکەشی لێرە لەگەڵ ئارۆزکۆڵدا دەژیو ئێشو ئازار دەکێشێ. ئەگەرچی مەئموون لە کەناری ئەودایە، ئەگەرچی لەبەر خاتری کچەکەی دان بە هەموو ئازارێکدا دەگرێ، لەبەرئەوەی کچەکەی لە نیعمەتی دایکایەتی بێبەشە... ساڵانێکە لەگەڵ ئارۆزکۆڵدا دەژیو لە ژیانی خۆی لەگەڵ ئەودا بێزارە. بەڵام دەکرا چ قوڕێك بەسەر خۆیدا بکا؟ ئەگەر خوانەکا بەیانی ئەو بمرێ- ئەوساکە چی ڕوودەدا، ئەوساکە چ بەڵایەك بەسەر کچە بەدبەختەکەیدا دێ.

کوریژگەکە بەپەلە نەختێ ماستی بە پارویێك نان خواردو ماتو بێدەنگ لەژێر پەنجەرەکەدا دانیشت. چراکەی دانەگیرساند، نەیدەویست بابە گەورە نارەحەت بکا، بە خۆی گوت: وازبێنە با بۆ خۆی بیربکاتەوە.

منداڵەکە خۆشی کەوتە دنیای بیرکردنەوە. ئەو سەری لەوە دەرنەچوو کە پوورە بەگی بۆ بەدەستهێنانی دڵی مێردەکەی، ڤۆدگای دەرخوارد دەدا. ئارۆزکۆل شەق و پێلەقە بەسەر پوورە بەگیدا دەبارێنێ، پوورە بەگیش لەباتیان ڤۆدگای بۆ دەکڕێ...

ئـای پـووره بـەگی، پـووره بـەگی! بەسـتەزمان. گـەلێ جـاران ئـارۆزکۆل ئەوەندەی لێدەدا تادەگاتە سەر ڕۆخی قەبر، بەڵام ئـەو هەمیـشە هـەر ئـارۆزکۆل دەبەخشێ. ئاخر بۆ دەبێ لێی ببورێ؟ ئەم تەرزە مرۆڤانە نابێ ببوردرێن.

ئارۆزکۆل پیاوێکی یەکجار بەدە. ئێمە ئەسڵەن لێـرەدا هـیچ پێویـستیەکمان پێی نیە. بەبێ ئەویش دەتوانین بژین. خەیاڵی تیـژی منداڵانـەی کوریژگەکـە پـڕ لــە یــاخیبوونو دلڕەقــی ببــوو، زۆر بــەخێرایی دیمــەنی تۆڵەســەندنەوەیەکی دادپەروەرانەی دادەڕێژت: هەموویان پێکـەوە ڕژانـە سـەر ئـارۆزکۆلو پەیکـەری گەندەو ئاوساوو پیسی ئەویان بەرەو دەم ڕووبار ڕاکێشا. پاشدان تاویان دایـە تـا بۆ ناوەڕاستی ڕووبارەکە توڕی دەن. ئەو داوای لێبوردنی لە پـووره بـەگی و بابـە مەئموون دەکرد، ئاخر خۆ ئەو نەیدەتوانی خۆی بکاتە ماسی...

کاتێ کوریژگەکە لە دنیای خەیاڵیدا دیتی چۆن ئـارۆزکۆل لـەناو ڕوبارەکـەدا پەلەقاژەیـەتیو شـاقەلی مەخمەلەکـەی بـەری لـە دەوروڕۆخـی فـشوفۆڵ بـووە، پێکەنینی هاتێو ئەوسا خەمو پەژارەی سووك بوو.

بەڵام بەداخەوە، ئـەوەی منداڵەکـە بـە دادپـەروەری دەزانـی بەساڵاچـووان وا ڕەفتاریان نەدەکرد، ئەوان لە هەموو بارێکـەوە بەپێـچەوانەوە دەجووڵانـەوە، کـە ئارۆزکۆل مەستو سەرخۆش دەهاتەوە ماڵ، وا بەرەو پیریەوە دەچوون وەك بڵێی هیچ شتێك ڕووی نەداوە. بابە گەورە جڵەوی ئەسپەکەی لێ وەردەگرت و پـووره بەگی سـەماوەری جـۆش دەدا. دەتگـوت هـەمووی چـاوەڕێی هاتنـەوەی بـوون. بەڵام ئەو لافو گـەزافی لێـدەدا. یەکـەمجار خـەمبار دەبـوو دەگریـاو دەینالانـد: ئـاخر چـۆن دەبـێ هـەر مرۆڤێـك، هـەتا ئەگـەر کەسـێکی بێقیمـەتیش بـێ. هەرچەندەی حەز بکا منداڵی هەیە (٥) تا (١٠) دانەش.. بەڵام ئەو، ئـارۆزکۆل چی لە خەڵکی دیکـە کـەمترە؟ لـە چ کارێکـدا سـەرنەکەوتووە؟ پلەوپایەیـەکی

دیاری بەدەست نەهێناوە؟ لە سایەی خواوە سەرەك پاسەوانانی جەنگەڵی گـرگ (قرق)ە! یان ئاوارەو سەرگەردانە؟ بەڵام ئاخر کۆیلەکان ئەوەندە منداڵـە کۆیلـەیان هەیە خۆشیان نازانن چیان لێبکەن. یان مەگـەر کەسـێکی بـێ ناونیـشانە، یـان کەسێك ڕێزی لێناگرێ؟ هەموو شتێکی هەیە، لـە کـەس کـەمتر نیـە. ئەسـپی لەژێرەو قامچی لە دەستدایە، و لە هەموو لایەك بە ڕێزەوە پێشوازی لێدەکـەن. ئەدی کەوایە بۆ ئاوزاکانی ئەو ژن بۆ کوڕیان دەهێنن و کـچیان بـە مێـرد داوە، بەڵام ئەو؟ ... ئەو بەبێ کوڕ، بەبێ جێنشین چ نرخێکی هەیە؟.

پوورە بەگی لەلایەك دەگریاو، لەلایەکی دیکەوە دەیویست بەهەر هۆیەك بێ ڕەزامەندی پیاوەکەی بەدەست بێنێ. ئـەو شووشـە ڤۆدگایـەی حەشـاری دابـوو، دەریدێنا. خۆشی لە خەمو خەفەتان ڤۆدگای دەخواردەوە. بەڵام هەرچەندەی زێـتر دەیانخواردەوە، بارەکە خراپتر دەبوو، لەپڕێکدا ئارۆزکۆل وەك دڕندەی لێـدەهاتو دیقی دڵی خۆی بەسەر پوورە بەگیدا قلّپ دەکردەوە. بەڵام پوورە بەگی دیسانەوە دەیبەخشی. بابە گـەورەش هـەر دەیبـووری. کـەس دەسـت و پێـی ئـارۆزکۆلی نەدەبەستەوە. بەیانی کە مەستیەکەی بەری دەدا، ژنەکەی لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە هەموو سەروچاوو گیانی شینو مۆر ببۆوە، سەماوەری دەبردە بەردەم. بابە گەورە ئەسپەکەی کاوو جۆ دابوو و زینی کردبوو ئامادە رایگرتبوو.

ئارۆزکۆل چای دەخواردەوە، سواری ئەسپەکەی دەبوو، دەبـۆوە بـە سـەرۆكو خاوەن دەسەڵاتی هەموو جەنگەڵەکانی سان تاش، بـەڵام کـەس عـەقڵی بـەوەدا نەدەشکا کە دەبووایـە مرۆڤێکـی وەك ئـارۆزکۆل دەمانێـك بـێ فڕێبدرێتـە نـاو ڕووبارەوە.. شەو بوو دنیا تاریك.

ئــەو ڕۆژەی بــۆ یەکــەمجار جانتــای قوتابخانــەیان کــڕی، بــەمجۆرە کۆتــایی پێدەهات.

کە کوڕیژگەکە دەیویست لەناونوێن پاڵکەویٚو بنویٚ، نەیدەتوانی شوێنێك بۆ جانتاکەی دیاری بکا. سەرەنجام جانتاکەی لە کەنار سەرینەکەی دانا، منداڵەکە نەیدەزانی ( لەپاشدا دەزانیٚ) نیوەی پۆلەکەی هەمان جانتای وەك ئەویان دەبیٚ. بەڵام کوریژگەکە لەمەشیان هەر ناڕەحەت نابیٚ، لەگەڵ ئەمانەشدا جانتای ئەو دیسانەوە لە وێنە بەدەرترین جانتاو زۆر تایبەتی دەبیٚ، هەروەها نەیدەزانی لەو ژیانە کورتەی هەیەتی. زۆر ڕووداوی تازە چاوەڕێی دەکا، نەیدەزانی ڕۆژێك دیٚ ئەو لە سەرانسەری جیهاندا تەنهاو بێکەس و بێدەر دەبیٚو تەنیا جانتاکەی لەگەڵدا دەمێنێتەوە. دەردی تێکڕای ئەمانەش ئەفسانەی دایکە شاخدار دەبیٚ- ئەو ئەفسانەی لە هەموو ئەفسانەیەکی دیکە پتر حەزی لێدەکا.

ئەو شەوەش زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکە گوێی لەم ئەفسانە بێتەوە. مەئموونی پیریش حەزی لەم ئەفسانە بوو و بە تەرزێکی وادەیگێڕایەوە دەتگوت هەموو ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی دیتوە، ئاهی هەڵدەکێشا، دەگریا، کڕدەبۆوەو دەچووە ناو دالْغەو خەیالان.

بەڵام کوریژگەکە بە خۆی ڕانەپەرموو بابە گەورە ناڕەحەت بکا. ئەو دەیزانی لەم دەمەدا بابە گەورە سەروسەلیقەی ئەفسانە گێڕانەوەی نیە. لەبەرئەمە بە جانتاکەی گوت: "شەوێکی دیکە داوا لە بابە گەورە دەکەین. ئێستا من خۆم ئەفسانەی دایکە شاخدارت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام کتومت وەك ئەوەی بابە گەورە دەیگێڕێتەوە. بەجۆرێك بۆتی دەگێڕمەوە کەس کەس گوێی لێنەبیٚ، بەڵام تۆ گوێم بۆ شل بکە. من حەزدەکەم بیگێڕمەوەو هەموو شتێك وەك سینەما ببینم. بابە گەورە دەڵیٚ ئەم ئەفسانەیە ڕاستیەکی بیٚ

چەندوچوونە. ئا بەمجۆرە بـووە..." دەگێڕنـەوە.. لـە دەوروزەمـانێکی کـۆن، زۆر کۆندا کە لەسەر ڕووی زەمین جەنگەڵو لێرەوار لە گیاوگۆڵ پترو ئاو لە وشـکانی زێـتر بـوو، خێڵێکـی قـەرەغیز لـە کـەناری ڕووبـارێکی پـانو بـەرینو سـاردو سازگاردا دەژیا. ناوی ئەو ڕووبـارە (ئانـسای) بـوو. ئـەم ڕووبـارە بـەرەو ئاقـارە دوورەدەستەکانی سیبریادا دەڕژێو تائەوێ بە سـواری سـێ سـاڵ و سـێ مـانگ ڕێگا دەبێ. هەنووکە ناوی ئەم ڕووبارە (یەنی سئی)یـە، بـەلاّم ئـەو سـەردەمانە ناوی ئانسای بوو. لەبەرئەمە ئەم گۆرانیانەیان پێدا هەڵدەوت:

کەی ڕووبار هەیە لە تۆ بەرینتر
ئانسای
کەی خاکێ هەیە لە تۆ بەرینتر
ئانسای؟
هەیە قوڵتر لە خەمی تۆ؟
ئانسای، ڕووبارێك لە تۆ بەرینتر نیە
یا خاکێك لە تۆ کراوەتر بێ
هیچ قولاّییەکیش ناگاتە قوڵی خەمەکانی تۆ

ڕووباری ئانسای ڕووبارێکی ئەوتۆ بوو. خەڵك و خواو هۆزی جیاجیا لـە دەم ئانسایدا دەژیان. ژیانێکی دژواریان بوو. چونکە هەموو کات لەگەڵ یەکدیدا لـە دوژمنایـەتیو نـاکۆکی و ناتەباییـدا دەژیـان. دوژمنێکـی زۆر لـە چـواردەوری قەرەغیزانـدا کۆبـبوونـەوە. هـەر ناونـاوە یـەکێکیان هێرشـیان دەکردنـە سـەر، ناوناوەش ئەوان هەڵمەتیان بۆ سەر ئێلو هۆزەکانی دیکە دەبـرد. مـەڕومالاّتیان

بە تالآن دەهێنا، خانوو و کونجو کۆلیتیان دەسووتاندو خەلّکیان دەکوشت. هەر کەسێك دەستیان پێگەیشتبایە دەیانکوشت. دەورانەکە دەورانێکی وابوو کەس بەزەیی بە کەسدا نەدەهاتەوە. هەموو یەکتریان دەکوشت. تا کار گەیشتە ئەوەی کەسێك نەما زەوی تۆو بکاو گەنم بچێنێ، یان مەڕومالآت بەخێو بکا یان کەسێك نەبوو ڕاوێك بکا: ژیانی تالآنو بڕۆ ئاسانتر بوو: تڕۆهاتو کوشتیو بردی. خوێنیان بە خوێنێکی زۆرتر دەشووشتەوە، وەلآمی تۆلّەیەکیان بە تۆلّەیەکی زۆر گەورەترو سەرسوڕهێنەرتر دەداوە، وای لێهات ڕۆژ بە ڕۆژ خوێنی زۆرتر دەڕژا، خەلّك عەقلّیان لەدەست دابوو. کەسێك نەبوو ئاشتیان بکاتەوە. وایاندەزانی عاقلّترینو باشترین کەس ئەو کەسەیە هەل لە دوژمن وەرگرێو تەختو تاراجی بکاو تا دوا کەسی بکوژێ.

لە ناوچەی (تایگاه) بالّندەیەکی سەیر پەیدا بوو. شەوان تا بەیانی دەیخوێندو دەگریا، ئەم چلّو ئەو چلّی دەکرد، بە زمان دەهاتو بە دەنگێکی پڕشکۆوە دەیگوت: " مالّ وێرانیەکی گەورەمان بەسەردا دێ! زۆر بە خێرایی مالّمان وێران دەبێ!" ئەو مالّوێرانیەش هاتەدی، ئەو ڕۆژە ڕەشو پڕ ترسە هات. لەو ڕۆژەدا هۆزی (گەرەگیز) لە کەنار ڕووباری ئانسایدا خەریکی سەین و بەینی بەخاکسپاردنی پیرە پێشەوای خۆیان (کوچە) بوون.

ئەم جەنگاوەرە قارەمانە سالآنێك پێشەواو سەرکردەی هۆزەکەی بوو! زۆری لەشکر لە دوژمن کردبوو، لە شەڕوشۆڕێکی زۆردا بەشداری کردبوو. لەم سەربازگەو ئۆردوگایانە گیانی سەلامەت ببوو! بەلآم ئەجەل وای بۆ هێنا. دوو ڕۆژان هەر هەموو خێلّەکە لە کۆستو خەمدا تازیەدار بوونو ڕۆژی سێیەم لە دەوری یەکدا کۆبوونەوە تا تەرمەکە بەخاك بسپێرن. بەپێی دابونەریت دەبووایە تەرمی پێشەوا بەسەر زوورگو گردۆلّکەو تەلانەکانی کەنار ئانسایدا تا دوایی

بردێ تا گیانی ئەم کەڵەمێردە ماڵئاوایی لـە ڕووبـاری دایـك بکـاو بـۆ دواجـار گۆرانی "ئانسای" بخوێنێ

چونکە "ئانە" یانێ دایك و "سای" یانێ ڕووبار
چ ڕووبارێك لە تۆ فراوانترە
ئانسای
چ خاکێك لە خاکی تۆ واڵاترە
ئانسای
چ خەمێك هەیە هێندە قووڵ بێ بە قەد
قووڵی خەمی تۆ

نەریت ئەوها بوو بەرلەوەی ئەم دلێـرە بـە خـاك بـسپێرن. لـە دەم گۆڕەکـەی لەسەر دەستان بەرزی کەنەوە بۆ سەر سەریانو چـوار کـەناری جیهانیـان نیـشان دەدا: "بنۆرە، ئەمە ڕووباری تۆیـە. تەماشـاکە ئەمـە ئاسمـانی تۆیـە. سـەیرکە ئەمە زەمینی تۆیە. سەیری، ئێمە لە یەك ڕیشەو بنەچەین، هەمووومان بۆ ئـەوە هاتووین ماڵئاواییت لێبکەین. ئاسوودەو ئارام لێی بنوو!" بۆئـەوەی وەچـەکانی ئایندە ئەم جەنگاوەرە نەبەزە لەبیر نەکەن. بەردێکی گەورەیان لەسـەر گۆڕەکـەی دادەنا.

لــە ڕۆژانــی بەخاکــسپاردنی تەرمەکــە چــادرەکانی ئــەم هــۆزە لــە ڕۆخ ڕووبارەکەدا بە یەك ڕێز هەڵیان دەدا تا ئەو کاتەی تـەرمی جـەنگاوەریان بـەرەو سپاردن دەبرد، بتوانن لە نزیکەوە ماڵئاوایی لێبکەن. بە گریانو زارییەوە ئـاڵای سـپی پرسـەداری دانـەوێنن، ئینجـا هەرهـەموویان بـەرەو ڕەشمـاڵی ئـەولاترو ڕەشماڵێکی دیکەش بچن تـا لـەوێ سـەرلەنوێ سـەر لـە گریـانو زاری بنێنـەوەو بەسەر دولکە بەسەریدا هەڵبدەنو ئاڵای سپی پرسـەداری دانـەوێنن، بـەجۆرە تـا

کۆتایی ڕێگا، تـا سـەر ئـەو گـردەی گۆڕەکـەی لێیـە ئـەم دابو ڕەسمـە بـەڕێوە دەچێ.

بەیانی ئـەو ڕۆژە گزنگـی دا، تیـشکی خـۆر بەسـەر جیهانـدا درەوشـاوە تـا هەروەك هەموو ڕۆژێك ڕێگای خۆی بگرێتەبەر، هەموو شتێك ئامادە بوو.

هەروەها کەلوپەلی جەنگ، قەڵغانو نێـزەی ئـەم دلاوەرەیـان هێنـابووە دەر. پـەردەی پرسـەداریان بەسـەر پـشتی ئەسـپەکەیدا دابـوو. کـەرەناژەنو دۆڵـچیان ئامـادەبوون کـەرەناو تـەپڵو دەهۆڵـەکانیان وا لێبـدەن تایگـا بێنێتـە لـەرزینو ئەوەندە مەلو باڵندان لە شەقەی باڵ بدەن وەك هەور ئاسمـان داپۆشـنو بـە زاقو زریقو ناڵەو فەریادو شیوەن چەرخەلە لێدەن. بە ناڵـەو زارییـەوە لەگـەڵ شـریخو هوڕی بروسکە ئاسـا خۆیـان بهاوێنـەوە باوەشـی جەنگـەڵو دارسـتانە چـڕەکان. لەتاوا گژوگیا لار ببنەوەو بە خاکەوە بچەسپێنو لەناو شـاخ و داخـان وا دەنـگ بداتەوە چیاو چۆڵ و دەشتو دەران بخاتە لەرزە. سەردولکە چیان کە زییـەکانیان کردبۆوەو سەروپرچیان بلاوکردبۆوە تا لە پرسەی کولـچەی دلاوەردا بـە شـیوەنو زاری بەسەر دولکان بیلاوێننەوە. سوارچاکان ئەژنۆیان دادابوو تا لاشـەکەی ئـەم پیاوە مەردە بخەنە سەر شانە بەهێزەکانیان. هەمووی لە تێکڕا چاوەڕێی هێنانـە دەرەوەی لاشەی ئـەم دلاوەرە بـوون. نـۆ جوانـەماییني قوربـانی، نـۆ جوانـەگای قوربانیو نۆ مێگەلەمەڕی بۆ کۆڕی پرسـەی ئـەم پیـاوە لـە دامـەنی جەنگەڵـدا بەسترابوونەوەو ئامادەی کوشتنەوە بوون.

لەم وەختەدا ڕووداوێك ڕوویدا کـەس بەخەیاڵیـدا نـەهات هـۆزو قەبیلـەکانی کەناری ئانسای هەرچەندەی کە دوژمنایەتیان لەگەڵ یەکـدا هـەبوو، لـە ڕۆژانـی بەخاك سپاردنی مردوودا هەڵیان نەدەکوتا سەر یەکدیو شەڕیان نەدەکرد.

بەڵام ئەو ڕۆژە لەشکری دوژمنان کە مەنزڵگای نوقم بوو لە خەمو کەسەری گرگیزیەکانیان بە پەنهانی گەمارۆدابوو،

لە هیگرا لە حەشارگەکانیانەوە بۆیان هاتنەدەرو هێرشیان کردنە سەر، بەجۆرێك نە هیچ کەسێك دەرفەتی هێنا سواری ئەسپەکەی ببێ، نە کەس دەستی بە چەکەکەی ڕاگەیشت. کوشتارێکی وا دەستی پێکرد وێنەی نەبوو. هەر هەموویان گەورەو بچووکیان دەکوشتن تا کەسێك نەمێنێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم تاوانە بێنێتەوە یاد.

تا کەسێك نەمێنێ داوای تۆڵەی ئەم هەموو خوێنە بکاتەوە، و وردەوردە بەپێی ڕۆژگار شوێنەواری ڕابردوو کوێر بێتەوە: ئەوها دەگێڕدرێتەوە..

هێنانە دنیا، پەروەردەکردنو گەورەکردنی مرۆڤ کارێکی درێژخایەنو دژوارە، بەڵام کوشتنی وەك ئاوخواردنەوەیە، زۆر لە گرگیزیەکان بە گیانی پڕ لە برینو شەلاڵی خوێنەوە کەوتبوون، زۆریان لە دەست تیغی دوژمنان خۆیان بە ڕووباردا دەداو شەپۆلەکانی ئانسای هەڵدەلووشین. بەدرێژی ڕووبارو بەدرێژایی زوورگەکانو زنارەکان بەدرێژی چەندان کیلۆمەتر ڕەشماڵی گرگیزییەکان گڕیان گرتبوو و دەسووتان. هیچ کەسێك خۆی پێ ڕزگار نەکرا. هەموو شتێکیان ئاگردا لەگەڵ خاکدا یەکسانیان کردو لاشەی کوژراوەکانیان لە زنوێرو هەڵدێرەکانەوە توڕدا ناو ئانسای دوژمنان لە خۆشیو شادیان دەستو پێیان بە زەوی نەدەکەوتو هەلهەلەیان لێدەدا:

ئۆخەی ئێستا ئەم خاکە هی ئێمەیە! ئەم جەنگەلانە هی ئێمەن! ئەم مێگەلانە هی ئێمەن!"

دوژمنان بە دەستکەوتو تالانێکی زۆرەوە ڕۆیشتنو هۆشیان لێنەبوو دوو زارۆ- کوڕێك وکچێك- لە دارستان هاتنەوە. ئەم دوو منداڵە شەیتانو نا

گوێڕایەڵــە بــەبێ ئاگــاداری بــاوك‌و دایکیــان لــە بــەیانی زووەوە چــووبوونە دارستانەکەی نزیك خۆیان تا بۆ سـەبەتە چـنین پێـستی درەختـان بکـەن. بـەدەم یاریەوە نەیانزانی چۆن ڕێگایان کەوتە شوێنە دوورەدەسـتو چـڕەکانی دارسـتان، هەرکە گوێیان لە هات‌و هاواری کوشتارەکە بوو گەڕانەوە، لە داك‌و بابانیان، لـە براوخوشکانیان کەسێکیان بە زیندوویی نەدیتـەوە. بـە بێکەسـی و بـێ عێـل و عەشرەت مابوونەوە، بە گریان‌و زاریەوە لە مەشـخەڵە ئاگرێکـەوە بـۆ یـەکێکی دیکە ڕایان دەکـرد، بـەڵام لـە هـیچ لایەکـەوە فـڕەی بـاڵی مـەلێکیان بـەرگوێ نەکەوت، منداڵـەکانیان بێنـەواو لەهـەمان کاتـدا هـەتیو کـەوتبوون، لـەم دنیـا گەورە کەسێکیان شك نەدەبردو تەنیا مانەوە. دوژمنان ئەو هـەموو ڕەوە وڵاغ‌و مێگەلە مەڕانەی لـەم کوشـتارە چـنگیان کـەوتبوو، بـەرەو شـوێنەکانی خۆیـان بەرەو ماڵ‌و مەملەکەتی خۆیان ڕاپێچەکیان دان‌و تا ماوەیەکی زۆر تا چاو بڕکـا تەپوتۆزی ئەم ماڵاتە بەری ئاسمانی گرتبوو.

منداڵەکان تەپوتۆزی وڵاغـەکانیان دیـت‌و بـەدوای تەپوتۆزەکـە سـەریان بـە غارەوە نا. بە گریان‌و بابەڕۆوە بـەدوای دوژمنـە چـنگ بـە خوێنـەکان دەبـەزین تـەنیا منـداڵان کـاری وا دەکـەن. لـەباتی ئـەوەی خۆیـان بـشێرنەوە، پێیـان بـە غارەغارەوە نا تاوەکو خۆیان بگەیەننە ئـەوان بۆئـەوەی تـەنیا نەمێننـەوەو لـەو وێرانگـە تـاڵانکراو و سـوتێنراوە، لـەو شـوێنەی داغـی نـەفرەتی بەرکـەوتبوو دووركەونەوە. کوریژەگەو کـچیژگە دەسـتی یـەکیان گرتبـوو بـەدوای تاڵانـچیان ڕایان دەکردو دەپاڕانەوە کە بوەستن‌و لەگەڵ خۆیانیان ببەن. بەڵام لەکوێ دەنگـی ئەوان لەناو فـەریادو هەڵهەلـە، لـەنێوان حیلـەو ڕەمبـەی سمـی ئەسـپان‌و بگـرەو بەردەی غارەتگەران دەبیسترا! ئەوان قەدەرێك بـە نائومێـدی ڕایـان کـرد، بـەڵام نەیانتوانی خۆیـان بـە وان بگەیـەنن. لەدواییـدا لێـی کـەوتن. دەترسـان سـەیری

ئەملاو ئەولای خۆیان بکەن، دەترسان لە جێی خۆیان بجولێن. هێندەی نەمابوو لە ترسان زارەترەك بن. باوەشیان بەیەکدا کردو نەیانزانی کەی خەو بردبوونیەوە.

بێ هۆ نیە دەڵێن: "هەتیو حەوت چارەنووسی هەیە" شەو بە خێرو سەلامەت رابورد. نەبوونە خۆراکی دڕندەو مێملی ناو جەنگەڵان. کە وەئاگا هاتن بەرەبەیان بوو، گزنگی دابوو، مەلان دەیانخوێند. هەڵسانو شوێن پێی تالانچیانیان هەڵگرت. بە دەم ڕێگاوە میوەو سەوزەو گیاوگۆڵیان دەخوارد. بە لارەلارو دارە دارە ڕۆیشتن تا سەرەنجام ڕۆژی سێیەم گەیشتنە سەر گردێكو ڕاوەستان. تەماشای خوارەوەیان کرد دیتیان لە چەمەنزارێکی سەوزو بەرگوشاد شاییو لۆغانو ئاهەنگێکی گەورە بەرپا کراوە کە ئەوسەری دیار نەبێ. ڕەشمالێکی زۆریان هەڵدا بوو، لە ئاگردانێکی زۆر دووکەڵ بەرزدەبۆوەو خەڵکێکی زۆر لە چواردەوری ئاگردانەکاندا بوون. کیژان سەمایان دەکردو گۆرانیان دەگوت. پاڵەوانان بۆ سەرگەرمیو دڵخۆشی خەڵك وەك باشوکە سوریان دەخواردو یەکدیان لە ئەرزی دەدا. ئا ئەوانە دوژمنەکان بوون کە بە خۆشی سەرکەوتنیانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا.

کچیژگەو کوڕیژگە لەسەر گردەکە وەستابوونو زاتیان نەدەکرد نزیك بنەوە. بەڵام زۆریان حەز دەکرد بچنە کن ئەو ئاگرانەی بۆنی خۆشی گۆشتی برژاوو نانو پیازی کێویان لێوە هەڵدەستا.

منداڵەکان لە وزەیاندا نەماو لە گردەکە نشێو بوونەوە. خەڵکی هۆزەکە سەریان لە هاتنی ئەو منداڵانە سوڕماو دەوریان لێدانو لێیان پرسین:

- ئێوە کێن؟ و لەکوێوە هاتوون؟

بەڵام ئەوان وەڵامیان دانەوە:

– ئێمە برسین، شتێ خواردنمان بدەنێ.

ئـەوان لـە دەمو دوی منداڵـەکان تێگەیـشتن کـە کێنـە، کەوتنـە بۆڵـەبۆڵو غەڵبەغەڵب. کەوتنە تۆژینەوەو دەمەقاڵە کە ئایا منداڵانی دوژمن کـە سـەریان بە سەلامەتی دەربردوە، جێبەجێ بیانکوژن، یان بیانبەنەوە بـەردەمی خـان؟ لـە سەروبەندانی ئەم مشەوەشیو ئالۆزییەدا پیرەژنێکـی دڵنـەرمو بـەرەحم دوو پلـە گۆشتی کولاوی ئەسپی بە منداڵەکان دا. بە پاڵەسوان منداڵـەکانیان بـەرەو کـن خـان دەبـرد، بـەلام منداڵـەکان هـەر خـەریکی خواردنەکـەی خۆیـان بـوون. منداڵەکانیان بردە ناو تاولێکی سوورو بڵند کە چەند پاسەوانێکی بەخۆو تـەوری زیوی بریسکەدارەوەی لەبەردەمدا وەستابوو، بە هورژم دەنگـی هێنـانی منداڵـە گرگیزەکان بلاوبۆوە، هەموو خەڵکەکەی بە خەیاڵی ئەوە خستبوو ئەو منداڵانـە لەکوێوە هاتنو ئەمە مانای چی؟ کەوتنە جریتبـازی بـەرەو تـاولی خـان هـاتن. بەلام لەم وەختەدا خان لەسەر لبادی لـە بـەفر سـپی تـر لەگـەڵ جـەنگاوەرەکانی دانیـشتبوو و ماسـتو هـەنگوینی دەخـواردو گـوێی دەدا پێداهەڵگوتنـەکانی شایەرو گۆینـدەکان. کـە تێگەیـشتن بۆچـی هاتوونەتـە خزمـەتی، بـە تـورەیيو غەزەبەوە هاواری کرد:

چۆن زاتی ئەوەتان کرد نارەحەتم کەن؟! مەگـەر ئێمـە ئـەو خێڵـەمان تـا دوا کەسیان بنەبڕ نەکرد؟! مەگـەر مـن ئێـوەم هەتاهەتایـە نـەکرد بـە فـەرمانڕەوای ئانسای؟ ئەدی هـەی ترسـنۆکینە بۆچـی هـەر هـەمووتان ڕووتـان لێـرە کـردوە؟ سەیرکەن کێتان بەرانبەرە! هاواری کرد:

– هۆ.. پیرەژنە شەلەی گڕولە!

کە پیرەژنەکە لەناو خەڵکەکەوە هاتەدەر پێی گوت:

- ئەم منداڵانە ببە (تایگا)و کارێکی وا بکە شوێنەواری عێلی گرگیز نەمێنێ‌و هەتاهەتایە ناویان کوێر بێتەوە. بڕۆ، هەی پیرەژن فەرمانەکەم جێبەجێ بکە!

پیرەژنەی شەلەی گڕوڵە بێ چەندوچوون ملکەچی فەرمانەکەی خان بوو، منداڵەکانی لەگەڵ خۆیدا برد. قەدەرێك لەناو دارستانەکە ڕۆیشتن‌و لەدواییدا گەیشتنە دەم ئانسای. پیرە دەڵەقۆر منداڵەکانی بردە دەم هەڵدێرێکەوە هەردووکیانی لە تەنیشت یەکدیدا ڕاگرت. بەرلەوەی سەرەنگرێیان کاتە ناو ڕووبارەکە، گوتی:

- ئانسای ئەی ڕووباری بەسام و هەیبەت! ئەگەر کێوێکیشت تێبهاوێن وەك کوچکە بەردێك قووتی دەدەیت و ئاسەواری ناهێڵی، ئەگەر دارسنەوبەرێکی تەمەن سەد ساڵەت تێبهاوێن وەك پووشکەیەك دەیبەی. کەوایە، دوو دەنگە چەگڵ، دوو ڕۆڵەو مرۆڤی خۆت لە باوەشی ئاوەکانی خۆت ڕاگرو قبوڵیان بکە. لە دنیادا هیچ شوێنێك بۆ ئەوانە نیە. "ئانسای" خۆتان لە منی چێتر دەزانن ئەگەر ئەستێرە بووبانە ئادەمی لە ئاسمان جێگایان کەم دەبوو، ئەگەر ماسی بووبانە مرۆڤ لە ڕووبارو دەریاکاندا جێگایان کەم دەبوو. "ئانسای" خۆتان لە منی باشتر دەزانن! "ئانسای" ئەم دوو منداڵۆکە هەر ببەو ببە! لێیان گەڕێ لە منداڵیەوە، بە دڵێکی پاك، بە ویژدانی منداڵانەیان کە بە ئەندێشەو خەیاڵی نا پاك و کرداری ناپاکانە تێکەڵ نەبووە، لە جیهانی نەفرەت ئەنگێزی ئێمە ماڵئاوایی بکەن، تا لە ڕەنجو ئازارەکانی مرۆڤایەتی. بێ ئاگا بن و خۆیان پێویستی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکی دیکە نەکەن. ئەی ئانسای مەزن ئەوانە لە باوەشی خۆتدا هەڵگرە، هەڵیان گرەو بیانبە!.. کوڕێژگەو کچیژگۆکە لە گرییەو هاواریان بوو. کە لەسەر هەڵدێرەکەوە سەیری

خوارەوەیان کرد هەترەشیان دەچوو، کە دەیانـدیت شـەپۆلی کـەفاوی یەکـدی هەڵدەلوشن. پیرەژنە شەلەی دەموچاو خوروکاوی گوتی:

- منداڵە ئازیزەکان، بۆ دواجار یەکدی لەئامێز بگرن و ماڵئاوایی بکەن.

ئەنگوچکەکانی هەڵکرد تا بە ڕەحەتی هەڵیاندێرێنێ و گوتی:

- دەباشە، منداڵە ئازیزەکان ببـوورن. دیاردەکـەوێ کـە چـارەنووس ئـەوها بووە. هەرچەندە من ئەم کارە بە ویستو خواستی خـۆم ناکـەم، بـەڵام بـۆ ئێـوە بەخێر دەگەڕێ...

هەرکە قسەکانی پیرەژن گەیشتە ئێرە، لەدواوە دەنگێك هات:

- دەسـتیان لێهـەڵگرە، ئـەی پیرەژنـی گـەورەو بـەهۆش، ئـەو منداڵـە بێگوناهانە مەکوژە.

کە پیرەژن سەری لاکردەوە نوقمی حەپەسانو سەرسوڕمان بوو. گوزەنەی لـە تەنیشت خۆیەوە دیت. دووچاوی گەورەو گەشو بریقەی هەبوو بـە سەرزەنـشتەو کەسەرەوە دەیڕوانی. لەشی وەك چـوڕی شـیر سـپی بـوو و ورگ و تەنگـەی وەك بێچووە حوشـترێك بـە تـووکی زەرد داپۆشـرابوو. شـاخە جوانەکـەی زۆر شـاخی دیکەی پێوە بوو و هەر لە درەختێکی پاییزیی دەچوو. گوانەکانی وەك مـەمکی ژنانی شیردەر پاك و بێگەرد بوون.

پیرە سەگی خوروکاوی پرسی:

- تۆ کێی؟ بۆ بە زمانی ئادەمیزاد قسە دەکەی؟

گوزەنە کێویەکە وەڵامی داوە:

- من کێویەکم. بە زمانی ئادەمیان دەدوێم، چونکە جگە لەمە تۆ لـە من ناگەیو گوێ بە قسەکانی من نادەی.

- ئەی ژنی گەورەو عاقڵ، منداڵەکان ئازاد کە، تکات لێدەکەم بیاندەیە من!

- جا ئەوانە دادی چ دەردێکت دەدەن؟

- مرۆڤ بێچووە جمکانەکەی منیان کوشتووە. من خۆم بەدوای منداڵدا دەگەڕێم.

- دەتەوێ بە شیری خۆت گەورەیان بکەی؟

- بەڵێ، ژنی گەورەو دانا.

پیرەژن پێکەنیو گوتی:

- ئایا تۆ بەڕاستو دورستی بیرت کردۆتەوە؟ ئاخر دەزانی ئەمانە بێچوە ئادەمیزادن. گەورە دەبنو کاریلەکانت دەکوژن.

گوزەن وەڵامی داوە:

- هەرکە ئەو منداڵانە گەورە بن. بێچووەو کاری من ناکوژن.

من دەبمە دایکیانو ئەوانیش بێچووەی من. چۆن دەکرێ ئەوان خوشکو برای خۆیان بکوژن؟!

پیرە قۆتڕی خوروکاوی گوتی:

- گوزەن، ئەم قسانە نەکەی، تۆ مرۆڤان ناناسی! ئەوانە نەك هەر بە ئاژەڵانی ناو دارستانان، بەڵکە بەزەییان بە یەکدیشدا نایەتەوە.

من ئامادەبووم ئەم منداڵە بێکەسانەت بدەمێ تا خۆت تێبگەی قسەکانی من ڕاستە، بەڵام خۆ هەر مرۆڤ ئەم بێچوانەی تۆ دەکوژن، ئەم هەموو خەمو خەفەتەت بۆ چیە؟

- من منداڵەکان بۆ ئاقارێکی دوورەدەست دەبەم کەس نەتوانێ بیاندۆزێتەوە. هۆ پیرەژنەی داناو هۆشمەند، بەزەییت بەم منداڵە بێنەوایانەدا

بێتەوە، ئازادیان بکە! دەبم بە دایکێکی میهرەبان بۆیان.. گوانەکانم پڕ شیر بووە. لە تاو مندالْ وەك فرمێسکان شیرم لەبەر دەڕژێ، مندالْی دەوێ.

پیرەژنە پیسکەی خوروکاوی دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتی:

- باشە با وابێ، ئێستا منداڵەکان هەڵگرەو بیان بە، بیانگەیەنە شوێنێکی دوور دوور، بەلاّم ئەگەر لەم رِێگا دوورودرێژە شتێکیان لێ بەسەرهات، ئەگەر توشت بە توشی رِێگرانەوە بوو و منداڵەکانیان کوشت، ئەگەر ئەو منداڵە ئادەمیانە نمەك بە حەرامیان لەگەڵ کردی، ئەوحەلە ئۆبالْی خۆت بە ئەستۆی خۆت.

گوزەن سوپاسێکی پیرەژنەی کردو بە منداڵەکانی گوت.

- ئێستا من دایکی ئێوەمو ئێوەش جگەرگۆشەم. ئێوە دەبەمە ولاّتێکی دوورەدەست کە لە باوەشی کێوەو چیای بە بەفر داپۆشراوو جەنگەڵ و دەریاچەیەکی گەرم ناوی ئیسیك کولە

هەردووکیان بەم قسانە زۆر شاد بوونو گورجو گۆڵ بەدوای ئەم دایکەی خۆیاندا رِایان کرد، بەلاّم لەپاشدا ماندوو بوون. رِێگایەکی دوورودرێژ، لەم سەری دنیا بۆ ئەو سەری دنیا بوو، ئەگەر گوزەنی دایکیان شیری نەدابان. ئەگەر شەوان لە باوەشی خۆی گەرمی نەکردبانەوە، کە کورِێژگەو کچێژگە نەیاندەتوانی ئەم رِێگا دوورودرێژە ببرِن. ماوەیەکی باش رِۆیشتن. لە ئانسای ولاّتەکەیان زۆر دوورکەوتنەوە، بەلاّم ولاّتی تازەیان ئیسیك کولیش هێشتا زۆر دوور بوو. هاوینو زستانو بەهار. دیسان هاوینو پاییزو زستان، هاوینو پاییزێکی دیکەش لە لێرەوارە چرِو دەشتە گرِاویە پرِ لە زیخو چەوەکان، کێوە بلّندو رِووبارە بەخورِەکانیان دەبرِی. رِەوە گورگ سەریان لەدوا دەنان، بەلاّم گوزەن منداڵەکانی سواری پشتی خۆی دەکردو لە دەست جەلادە خوێنخۆرەکان

ڕزگاری دەکردن. ڕاوچیان بە تیروکەوانو سواری ئەسپەوە سەرادوویان دەنانو هاواریان دەکرد: "گوزەن منداڵی ڕفاندووە! ئەهای بیگرن" و تیریان تێدەگرتن. کەچی گوزەن موکوڕتر منداڵەکانی لە دەست ڕاپێچەك دەدان. خێراتر لە تیر رایدەکردو تەنیا لەسەرخۆ دەیگوت: "منداڵە ئازیزەکانم، بە دوامانەوەن، توند خۆتان بگرن!"

سەرەنجام مێیە گوزەن منداڵەکانی خۆی گەیاندە ئیسیك کول .

ماتو حەیران لەسەرو ترۆپکی چیادا وەستانو تەماشای ئەو دنیایەیان دەکرد. زنجیرە چیای بە بەفر داپۆشراو لە هەموولایەکەوە سەری لە کەشکەلانی فەلەك نابوو، دەریایەکی بێ سنوور لەناو چیا بە جەنگەڵ داپۆشراوەکان شەپۆلی دەدا. شەپۆلە کەفاوییەکان لەسەر ئاوە شینەکەدا لە جۆشو خرۆشدا بوون، با لەو سەرەوە شەپۆلی دەهێناو بۆ ئەو سەری دەبرد، دیار نەبوو سەروبنی ئیسیك کول لەکوێیە. لەلایەك خۆر سەری دەردەهێنا لەلایەکی دیکەیدا هێشتا هەر شەو بوو. کێوو چیا بێ ئەژمارەکان لە هەموو لایەکەوە ئیسیك کولیان لە باوەش گرتبوو و لەودیوی ئەو چیایانە دیسان بە ماوەیەك چیای بە بەفر داپۆشراو سەریان لە تۆقەلەی ئاسمان نابوو کە لە حسێب نەدەهاتن.

گوزەنی شاخدار گوتی:

- ئێرە وڵاتی تازەی ئێوەیە. ئێوە لێرەدا دەژین. زەوی دەکێڵن، ماسی دەگرنو وڵاخان بەخێودەکەن. بۆ خۆتان هەزاران ساڵ بە سەلامەتی لە ئاشتیدا بژین. وا بکەن وەچەتان هەر لەزیادبووندا بێ! وا بکەن وەچەکانتان ئەو زمانەی ئێوە لەگەڵ خۆتان هێناوتانە لەبیریان نەچێتەوە بە زمانە شیرینەکەی خۆتان بدوێنو گۆرانی بڵێنو چێژ لە ژیان وەرگرن. بۆ خۆتان ژیانێکی وا بژین کە

شایستەی مرۆڤ بێ. من هەتاهەتایە لەگەڵ ئێوەو نەوەکانتان نەوەی وەچەکانتاندا دەبم..

بەمجۆرە دوا کچو کوڕی خێڵی گرگیز بۆ خۆیان لە ئیسیك کول هەتاهەتایە بە وڵاتی تازەیان دیتەوە.

ڕۆژگار تیژ رابورد. کوریژگە بووە پیاوێکی تۆکمەو کچۆڵەش گەیشتێ. ئەو کاتە لەگەڵ یەك بەزاوابوونو زەماوەندیان کرد بوونە ژنو مێرد. گوزەن نە ئەوان نە ئیسیك کولی بە جێنەهێشتو لە دارستانەکانی ئەوێدا دەژیا.

لەپڕ سپێدە دەمێك ئیسیك کول لافاوی هێنا، کاتی منداڵبوونی ژنە هات. ژنە بەرەژانی دەهاتێ، پیاوە ترسا، چووە سەر تاشەبەردێكو بە دەنگی بەرز بانگی کرد: هۆ دایکە شاخدارەکەم، لەکوێی؟ گوێت لێیە ئیسیك کول چۆن خرۆشاوە؟ کچەکەت دەزێ، هۆ دایکەکەم، زوو وەرەو بەهانامان بگە...

لە دوورەوە زرنگو هوڕێك وەك زرنگو هوری زەنگۆڵەی کاروانی وشتران هاتەگوێو تا دەهات نزیکتر دەبۆوە. دایکە کێوییە شاخدارەکە خۆی گەیاندە ئەوان، دوو دانە کەوانەی وەك کەوانەکانی لانك بە شاخەکانیەوە ئاوێزان بوو، لانکی بۆ کۆرپەلەکە دەهێنا. لانکەکە لە دار بەلاکوك[11] بوو لەسەر ئەو دارەی دوو کەمانەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. زەنگۆڵەیەکی زیوی دەزرنگاوە، کە تا ئێستاش ئەو زەنگۆڵە بە لانکەکانی دەورو ڕۆخەکانی ئیسیك کول دەزرنگێتەوە. دایکە لانکەکە ڕادەژێنێو زەنگۆڵەکە دەزرنگێتەوە، دەڵێی دایکە کێویە ڕادەکاو لانکە داریەکە بەسەر قۆچەکانیەوە دەهێنێ..

هەرکە گوزەنە کێویەکە گەیشت، ژنەکەش زا.

دایکە کێویە شاخدارەکە گوتی: "ئەم لانکە بۆ نۆبەرەی ئێوەیە, دەبێ منداڵێکی زۆر بنێنەوە تا دەگاتە هەفت کوڕو هەفت کچ" دایکەو باوکە شاد

بوون. بە یادو خۆشەویستیو سەربڵندی دایکە شاخدارەکە ناویـان لـە منداڵەکـە نا (بوگوبای). بوگوبای گەیشتیو ژنێکـی تـابلێی جـوانی لـە عێلـی (قەبـچاق) هێنا عێلی بۆگۆ لـە دەم ئاوەکـەی ئیـسیك کولـدا گـەورە بـوو و هێـزو بڕشـتی گرت. بۆگۆیەکان دایکە کێویەکەیان بە پیرۆز دەزانی و ڕێزیـان دەگـرت. لەسـەر دەرگای ڕەشماڵەکانی بۆگۆیان وێنـەو نەخـشی شـاخی دایکـە کێویەکـەیان، وەك نیشانەی خێڵەکە، دەدووری تا هەمووان لـە دوورەوە ببیـنن ئـەم ڕەشماڵانـە هـی وەچەکانی بۆگۆیە. کە بۆگۆکـان بەرانبـەر تـالآنو بـڕۆی دوژمنـەکانی بـەرگریان دەکرد. کە لە پێشبڕکەی ئەسپسواریدا پێشیان لە یەك دەگرتەوە، بـانگی: بۆگـۆ بەرزدەبۆوە. هەمیشە بۆگۆکان سەردەکەوتن. لەو سـەردەمانە کێوییـە شـاخدارە سپیەکان کە ئەستێرەکانی ئاسمانیش ئیرەیی بە جوانیو ژیکەڵـەییان دەبـرد، لـە جەنگەڵەکانی دەوروبەری ئیسیك کولدا دەژیـان. ئـەم کێویانـە بێـچووەو نـەوەی دایکە کێوییە شاخدارەکە بـوون. کـەس دەسـتی بـۆ نـەدەبردن. هـەموو کەسـێ دەیپاراستنو پشتیوانی لێدەکردن. هەر کاتێ بۆگۆییەك تووشی یەك لەم کێویانـە ببـان لـە ئەسـپەکەی دەهاتـە خـوارو ڕێگـای بـۆ چـۆڵ دەکـرد. قـۆزی پیـاوە دلێرەکانیان بە جوانی ئەم گوزەنە کێویانـە تەشـبیات دەکـرد... ئـا ئـەوها بـوو ژیانیان تا یەکێك لە بۆگۆ زۆر ناودارو دەوڵەمەندەکانی چووە ڕەحمەتی خوا. ئـەو هەزاران هەزار ئەسپو سەر مەڕو بزنی هەبوو، خەڵکەکـەی ئـەو نـاوە هـەمووی شـوانکارەی ئـەو بـوون. کوڕەکـانی پرسـەیەکی گـەرمیان بـۆ دانـاو کـۆڕێکی یادکردنەوەی پڕشکۆیان بـۆ گـرتو نـاودارترین کەسـانی دنیایـان بـۆ ئـەو کـۆڕە بانگ کرد. بۆ میوانان هەزارو سەد ڕەشماڵیان لە دەم ئاوی ئیسیك کولدا هەڵدا: سفرەی جوان جوانو ڕەنگـاو ڕەنـگ بـێ لـە ئـەژمار ڕاخـرا، ئەوەنـدەیان بـەرخو جوانەگا کوشتبۆوە ئەوەندەیان ماست خـوارد حـسێب نـەدەکرا. کوڕەکـانی ئـەو

سامانداره خۆیان وا پتەوو باشتر نیشان دەدا، کە هەموو خەڵکەکە بیزانێ کە خوالێخۆشبوو چ کوڕانێکی دەوڵەمەندو دەستو دڵکراوەی لەدوادا بەجێماوەو چەند ڕێزی باوکیان لەلایەو بە چ جۆرێك یادو یادەوەری ئەو بەرز ڕادەگرن. "ئەی کوڕیژگە شیرینەکەم، هەرکە خەڵکی لەباتی ئەوەی عەقڵو هۆشی خۆیان نیشان دەن، دەکەونە سەر نیشاندانو سەروەتو سامانەکانیان، ئەوە کارێکی زۆر خراپە!" .

گۆییندان بە کڵاوە کەوڵ سمۆرەکانو عەبا ئاوریشمیەکانیانەوە سواری ئەسپی وێرغە ببوون کە میراتگرەکان پێیان بەخشیبوون. بە هەرلایەکدا دەچوون لە ستایشی خوالێخۆشبوو کوڕەکانی پێشبڕکێی یەکدیان دەکرد.

یەکێك دەیگوت:

- کەی و لەکوێندەری جیهاندا ژیانێکی پڕ لە خۆشی واو کۆڕی یادکردنەوەی وا پڕشکۆ دەگێڕێ؟!.

دووەمیان وەڵامی دەداوە:

- لەوەتەی دنیا دنیایە قەت شتێکی وای بەخۆوە نەدیوە!

سێیەمیان ڕێك لەگەڵ دەنگی ئەودا دەیگوت:

- لە هیچ کوێیەك، تەنیا لەناو خێڵی ئێمەیە کە ئەوەندە ڕێز لە دایكو باوك دەگرن، یادی ئەوان ئەوەندە بە گەورەی پڕ لە ڕێزەوە دەکەنەوە.

چوارەم دەیگوت:

- هێی ی کوڕە هەرزەکارینە، ئەوە چ جاڕو جەنجاڵێکە ناوتانەتەوە؟ مەگەر لە دنیادا وشەی وا هەن کە وەسفی سەخاوەتمەندی ئەو پیاوەیان پێبکرێ، مەگەر لە دنیادا قسەیەکی وا هەیە بە قەد شایستەیی مەرحووم گەورە بێ؟!

گۆیندان لەگەڵ یەکدیدا پێشبڕکێیان بوو، شەوو ڕۆژ لاوك‌و لاوانەوەیان لە دەمدا بەرنەدەبۆوە "ئەی کوڕە ئازیزەکەم، کە گۆیندەو سەردولکە چیان لە گۆتنەکانیان پێشبڕکێ دەکەن، کارێکی خراپە، ئەوا لە گۆیندەییەوە دەبنە دوژمنی گۆتن‌و ستران‌و لاواندنەوە" .

ئەم کۆڕە بەناوبانگە چەند ڕۆژو شەوان، وەك جەژن، بەردەوام بوو. کوڕە بەخۆ نازییو لووتبەرزەکانی ئەو دەوڵەمەندە زۆریان لەدڵدا بوو کە خەڵکی دیکە بخەنە بەر سێبەرەوە، دەست لە هەمووان بستێنن تا ناوبانگیان لە سەرانسەری جیهاندا دەنگ بداتەوە. وایان بە مێشکدا هات کە شاخێکی دیکە شاخداران لەسەر گۆڕی باوکیان بچەقێنن تا هەموو بزانن ئا ئەمە لە نەوەکانی دایکە شاخدارەو ئارامگای باوکە بەناوبانگەکەیانە. "ئەی کوڕە ئازیزەکەم، لەمێژینان گوتویانە خۆبەزلزانین شێتی بەدواوەیە".

کوڕەکانی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە ئەوەیان لە کەللە دابوو کە ڕێزێکی ئەوەندە زۆرو بێ وێنە لە باوکی خوالێخۆشبوویان بنێن کە پێشتر شتی وا نەبووبێ‌و هیچ شتێکیش جلەوی نەدەگرتن. گوتیان‌و کردیان! چەند ڕاوچیەکیان هەنارد، ڕاوچیەکان کێوییەکیان کوشت‌و شاخەکانیان بڕییەوە، کە بەدرێژایی
111
دوو گەزان‌و وەك باڵی دووبرا لێکبۆوە، کوڕەکانی کابرای دەوڵەمەند ئەم شاخە کێوییەیان پەسندکرد، هەرلایەی هەژدە پەلی هەبوو، کەواتە ئەم کێوییە تەمەنی هەژدە ساڵ بووە. زۆر بێ وێنەیە! فەرمانیان دا بە وەستاکان شاخەکان لەسەر گۆڕەکە بچەقێنن.

ڕدێن سپیانی قەوم‌و قیلە بە توڕەیی‌و نەفرەتەوە گوتیان:

– ئێوە بە چ هەقێ ئەم کێوییەتان کوشت؟! کێ وێراویەتی دەست لە نەوەکانی دایکە شاخدار بلند بکا؟!

کورەکانی وەڵامیان دانەوە:

- کێویەکەیان لەسەر تخووبی خاکی خۆمان کوشتوە، هەرچی شتێ لەسەر موڵکی ئێمە بێ چ ڕەوەندو چ پەرەندو چ خزندە. لە مێشێکەوە تا وشترێك- هەمووی هی ئێمەیە. ئێمە خۆمان دەزانین چی لە ماڵو سامانی خۆمان دەکەین. بڕۆن لەبەرچاومان ون بن!

نۆکەرەکانیان بە قامچیان کەوتنە گیانی پیرەپیش سپیانی قەومو قیلەکەیان. پشتاوپشت سواری ئەسپانیان کردنو بەوپەڕی نەنگیو ڕیسواییکردنەوە دەریان کردن.

بەزمەکە لێرەوە دەستی پێکرد.. نەوەو وەچەی دایکە شاخدار تووشی فەلاکەتێکی زۆر گەورە هاتن. هەموویان لەم دارستانەو ئەو دارستانان کەوتنە ڕاوشکاری گۆزەنە سپیەکان کە نەوەی دایکە شاخدار بوون.

هەر کەسێکی بۆگۆ بە ئەرکی خۆی دەزانی قۆچێکی گوزەن لەسەر گۆڕی باپیرانیدا بچەقێنێ. ئێستا وا دەزانرا ئەمە ڕێزنانە لە مردووانو بە کارێکی باش دەژمێردرا. هەر کەسێك نەیتوانیبا شاخە کێوییەك بەدەست بێنێ. بە کەسێکی نالێهاتوو و ناشایستە دادەنرا. کەوتنە مامەڵەپێکردنی شاخە کێویو عەمبارکردنی. لەنێو وەچەکانی دایکە شاخداردا- مرۆڤی وا پەیدابوون کە ئامادەکردنی شاخی کێویو فرۆشتنیان کردە پیشەی خۆیان.

"کورە ئازیزەکەم، لە هەر کوێ پارە فەرمانڕەوایی بکا، قسەی باشو جوانی جێگایان لەوێدا نیە" .

لە جەنگەڵەکانی ئیسیك کولدا مەرگ بەسەر کێویەکاندا دەبارێ. بەزەییان پێیاندا نەدەهاتەوە. گوزەنە کێویەکان بە خەرەندو گا بەردو هەڵەتی وادا هەڵدەزنانو دادەزنانو وایان پەرتە لێکردبوو هەر لە ڕاکەڕاکدا بوون: بەڵام هەر

سەلامەت نەبوون. سەگو تاژی و ڕاویان بە گەلە پێوە دەنان بەدوایاندا دەگەڕان تا بەرەو ئەو جێگایانەیان ڕادەن کە زەلامەکان بۆیان لە کەمین دانیشتبوونو بە جوانی بێنەبەر نیشانەی تیرەکانیان. تیری تیرهاوێژان بە فڕەوە نەدەچوو. بە مێگەل و دەیانکوشتنو لەناویان دەبردن. گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کێ دەتوانێ کێویەك ڕاوکا کە شاخەکانی پەلی زیّتری تێدابێ. تا گەیشتە ئەوەی ئیدی قڕانیان هات، کێوەکان لە کێوی خالّی بوون. نە نیوەشەوانو نە سپێدە دەمان دەنگیان دەبیسترا. لە جەنگەڵو مێرگوزارەکان کەس بە بەرچاوی نەدەکەوت کە کێویەك بلەوەڕێ، یان شاخەکانی بە پشتیەوە بچەسپێنێو ڕابکاو لە هەڵدێرو زنوێران حەمبازان بهاوێ. کەسانێکی وا هەبوو کە لە ژیانی خۆیدا یەك گوزەنە کێوی نەدیتبوو، تەنیا ئەفسانەی لەبارەیانەوە دەبیستو شاخەکانیانی بەسەر گۆڕی گۆڕستانەکانەوە دەدەیت.

ئەدی دایکە کێوی شاخدار چی لێ بەسەرهات؟

دایکە شاخدار ڕەنجا، دڵی زۆر لە مرۆڤان شکا، دەڵێن هەرکە لەدەست سەگو تیری جگەرسوتێن، ژیان لە کێویان حەرام بوو، هەر بە تەنێ بە ژمارەی پەنجە چەند سەرێکیان لێ مابۆوە، دایکە شاخدار چووە سەر بەرزترین دوندی چیایەك، مالّئاوایی لە ئیسیك کول کردو دوا بەچکەکانی بەرەو ملە چیا گەورەکانی ئەوبەری، بۆ ولات و ناو چیایەکی دیکە برد. بەڵێ چ ڕووداوو بەسەرهاتێك هەیە ڕووی نەدابێو ڕوونەدا! چ کارێك هەیە نەکرێ! لێرەدا چیرۆك و بەسەرهاتەکەی ئێمە دەبڕێتەوە. باوەڕ دەکەی باوەڕکە باوەڕ ناکەی باوەڕ مەکە...بەلام ئەو حەلەی دایکە شاخدار.. ئەو ولاتو خاکەی بەجێدەهێشت، گوتی هەرگیز جارێکی دیکە ڕووی تێناکاتەوە...

* * *

پاییز ڕووی لـە کوێـستانان کـردەوە، دوای هـاوینی پـڕ لـە هـاتو بـاتو بگرەو بەردە، دیسان هەموو شتێك ئامادەی بێ هەستو خوستیو خامۆشی پاییزیی بۆوە. تەپو تۆزی کۆچ و ڕەوی مێگەلان نیشتەوە، خەرمانـەی ئـاگرە شـینەو ئاگرۆکـان دامرکـاوە. ڕانـەکان بـەرەو گـەرمێن شـۆڕیان کـردەوە، خەڵکەکەش ڕۆیشتن، ناو کێوو کوێستانان چۆڵو هۆڵ بوون.

وەختـە ناوەختـێ بازێـك دوو برایـەك، یـان سیـسیارکە تـەنیا لـە ئاسمـانی بەریندا دەفڕی، کەم وادەبوو چریکەیەکی لێهەڵسێ ڕووبـار بـە درێـژی هـاوین خۆی بە ناو جێگای خۆیەوە وەرگرتبوو، نارێکیەکانی سڕابۆوە، کـەم ئـاو ببـوو لە خوڕەو هـاژان کـەوتبوو، چـیدیکە گیـاوگۆڵ گـەورە نـەدەبوونو لـە گۆشـەو کەناران زەرد دادەگەڕان. گەڵاو پەلکی داران لە مانەوەیان بەسەر چڵان مانـدوو ببوونو تاكو تۆك کەوتبوونە وەرینێ.

شەوان ڕایەخی زیـوینی بـەفری تـازە بەسـەر دونـدو ترۆپکانـەوە ڕادەخـرا. بـەیانیان ڕسـتە کێـوی ڕەشـی قـیر ئاسـا وەك یـاڵو بـژی زیـوینی ڕێویـەکی خۆڵەمێشی دەهاتنە بەرچاوان.

بای سارد لە دۆڵان هـەڵیان کردبـوو. بـەڵام هێـشتاش ڕۆژەکـانی هـەتاو و هەوای وشك بوون. پاییز بەخێرایی بە نێـو لێرەوارەکـانی ئەوبـەری ڕووبـار کـە ڕووبـەڕووی بنکـەی جەنگەڵوانیەکـە بـوو، هـەنگاوی دەنـا. هـەر دەتگـوت ئاگرێکی بێ گڕو چەڕەدووکەڵ لە سەرانسەری دارستاندا، لـە دەم ڕووبـارەوە تـا تخـوبی بێـشەڵانە ڕەشـەکە، سـەرەوهەوراز دەبـۆوە. بەشـە چـڕوپڕ درەختـە ڕەشەکانیو سنەوبەرەکان کە تا جەنگەڵی گەورە بە بەفر داپۆشراو، تـا سـنوری سـنەوبەرو دارکـاژە تاریکـەکان هەڵکـشابوو، لـەم دەریـا ئاگراوییـەدا

درەوشانەوەیەکی تایبەتو ئەرخەوانی ڕەنگ هەبوو. بێشەی سنەوبەر، وەك هەمیشە، چاكو وەك دێری موغان، ڕێکوپێك بوو. جگە لە تەنۆکەی قاوەیی ڕەنگ سفتو مەحکەم. جگە لە بۆنی کەتیرەی وشك، جگە لە فەرشی یەك پارچەی دارودرەختە ڕەنگ زەردەکانی دامێنی جەنگەڵ، هیچی دیکەی لێوە نەدەدیترا. تەنیا کزە بایەکی فێنكو بێدەنگ و گڤەگڤ لەم لاوئەولای چەترەکانی کۆنە سنەوبەرەکانەوە دەبزوت، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ قرەقری قەلەڕەشەکە پەرێشانو سەرلێتێکچووەکان بەسەر کێوو چیاکانەوە دەنگی دەداوەو ناوناوێك کپ دەبۆوە، پۆلێکی زۆری قەلەڕەشان بەسەر بێشە سنەوبەرەکەوە دەفڕینو بە ڕق و توڕەییەوە قرەقریان دەکرد. کە قەلەڕەشکەکان گوێیان لە دەنگی بیوران بوو، بەگورجی کەوتنە جمەو جۆشەوە دەتگوت بە ڕۆژی ڕووناك تاڵانیان کردوون، خۆیان لە قرەقردا بوون، بەسەرسەری دوو کەسەوە کە لە تۆقەڵەی چیاوە کاریتەی سنەوبەرێکیان دەهێنا خوارەوە، دەخولانەوە.

سنەوبەرەکەیان بە زنجیر بە ئەسپێکەوە بەستبوو و ڕایان دەکێشا, ئارۆزکۆل جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو بە هانکەهانك لە پێشەوە دەڕۆیشت، وەك ئەوەی گاجووتێکیان بە هەوجارەوە بەستبێتەوە، هانکەهانکی دەهات، دامەنی پاڵتۆ ئاودامەنەکەی زوو زوو لە پنچکان گیر دەبوو. بابە مەئموون لەدوای ئەوەوە لە پشت دارسنەوبەرەکەوە ڕێی دەکرد. پیرەمێردەکەش لەو شوێنە زۆر بەرزەدا هەناسەی گیرابوو بە زەحمەت ڕێی دەکرد. دارێکی درێژی سەرکوتکی دارغانی لەدەستدابوو، بە تەکانان دارەکەی دەدایە ژێر کاریتە سنەوبەرەکەو بۆ پێشەوەی تەکان دەدا. سنەوبەرەکە ناوناو بەئاسانی ناوناو بەگرانی گیری دەکرد. لە نشێوان سنەوبەرەکە سەرەنگرێ دەبوو ئەگەر بەریان

نـەگرتبا، غلـۆر دەبـۆوە خـوارو ترسـی ئـەوەی هـەبوو مـرۆڤ بکـوژێ. بـۆ کەسێکیشی کە بە دارو کوتەکێك پێشی لە غلۆربوونـەوەی درەختێـك بگرتبـا ترسەکەی زێتر بوو، ئارۆزکۆل چەند جاران جلّەوی ئەسـپەکەی بـەرەلاّ کـردو بـە ترسو هەترەشرژانەوە دەپەڕیە لایەکەوە. بەلاّم هەر جـارێ دەیـدیت پیرەمێـردە گیانی خۆی دەخاتە مەترسـیەوەو چـنارەکەی بـە دارەکـە دەگرتـەوەو چـاوەڕێ دەبوو تا ئەو دەگەڕێتـەوەو جلّـەوی ئەسـپەکە دەگرێتـەوە، لـە شـەرمان سـوور هەلّدەگەڕا. بەلاّم بێ ئەسـەل نیـە گوتویانـە ئەگـەر دەتـەوێ کەموکوریـەکانت بشارێتەوە، خەلّکی دیکە سووكو ریسوا بکە. ئارۆزکۆل بە پەیڕەویکردنی لـەم پەندە، بەسەر خەزووری خۆیدا هاواری دەکرد:

– هێی ی کابرا ئەوە چی دەکەی، دەتەوێ بمکوژی؟

لـەو دەوروبـەرە کەسـێك نـەبوو گـوێی لـە قـسەکانی ئـارۆزکۆل بـێ، تـا سـەرکۆنەی بکـاو پێـی بلّـێ: لـەکوێ دیـتراوە ئـەم جـۆرە رەفتـارە لەگـەلّ پیرەمێردێکی ئەوها بکرێ! پیرەمێردە بـە تـرس و لـەرزەوە پێـی دەگـوت کـە ئەویش ڕەنگ بوو بە ژێر دارەکەوە بێ، پێویست بە هات و هاوار ناکـا، گوایـا ئەو بە دەستی ئانقەست ئەم کارەی کردووە.

بـەلاّم ئـارۆزکۆل بـە بیـستنی ئـەم قـسانە زێـتر تـووڕە دەبـوو. بـە تـووڕەو تۆسنیەوە هاواری دەکرد:

"ئەگەر تۆ بکوژێ، تۆ ژیانێك ژیاوی. بۆ تۆ کە گرنگ نیە؟ بـەلاّم ئەگـەر من بمرم کێ کچە نەزۆکەکەت دەهێنێ؟ ئەو وەك داری دەستی شەیتان وشـکە، هیچ بەرێکی نیە، کێ پێویستی پێی هەیە؟" .

– کوڕەکـەم، تـۆ مرۆڤێکـی بـەدرەفتاری. نـاتوانی رێـز لـە مـرۆڤ بگـری. ئارۆزکۆل تەکانێکی داو، ڕاست بۆوەو، پیرەمێردەی کەلا خستو گوتی:

- پیرەمێردانی وەك تـۆ لەمێـژە لـە دەم ئاگردانـدا ڕاکـشاونو جێگاکـەیان گەرم دەکەنەوە. بەڵام تۆ معاشو مانگانە وەردەگری، هەرچەندەی هەبێ. ئـەم معاشە لەکوێ دێ؟ من بۆم رەخساندووی. ئیدی چ ڕێزێکی دیکەت لێبگیرێ؟

مەئموون دەستی بە خۆیدا بەرداوە:

- ئێستا دەباشە بابڕێتەوە، قسەیەکم کردو تەواو!

کەوتنـەوە ڕێـی خۆیـان. ملەیـەکی دیکەشـیان بـڕیو لەسـەر نـشێوێکدا وەسـتان تـا پـشوویەك بـدەن. ئەسـپەکە شـەلالی ئارەقـە ببـوو, بـەڵام قەلەڕەشـکەکان ئارامیـان نـەدەگرت، بەسـەر سـەریانەوە دەخولانـەوە، سەرانسەری ئاسمانیان داپۆشی بوو قڕەقڕو قاووقیژێکی وایـان دەکـرد دەتگـوت نیازیان هەبوو تەواوی ئەو ڕۆژە هەر دەمیان لـە دادو بێدادا بـێو دەنووکیـان دانەخەن.

مەئموون بۆئەوەی قسەکان بەلایەکی دیکـەدا وەرگێـڕێو لـە ڕقو تـوڕەیی ئارۆزکۆلیش بنیشێنێتەوە، گوتی:

- هەستیان کـردوە ئیمـساڵ زسـتان زوو بەسـەرماندا دەدا. بـۆ کۆچـکردن بەرەو گەرمێنێ ئامادە دەبن..

وەك بڵێی لەم ڕەفتـارەی مەلـە بـێ عەقڵـەکان داوای لێبـووردن دەکـا، زێـتر وتی:

- حەز ناکەن کەس سەغڵەتیان بکا.

ئارۆزکۆل بەخێرایی سەری سووڕاندو گوتی:

- کێ ئەوانە سەغڵەت دەکا؟ لەپڕ وەك سـڵقە سـوور سـوور هەڵگـەڕا، بـە دەنگێکی لەسەرخۆو گەفاویەوە گوتی:

- قسەی قۆڕ... خەریکە وڕێنە دەکەی، ها!!

پاشدان لەبەرخۆیەوە دەیگوت: پلارمـان تێـدەگرێ! هـەر ئەوەنـدەی مـاوە لەبەرخاتری قەلەڕەشەکانی ئەو دەسـت بـۆ دارسـنەوبەرێکیش نەبـەین، نـەکرێ چڵێکیش بشکێتەوە! بەڵێ بە گیانی تۆ! ئێستا لەم کاتەدا من خـۆم کارەکـانی ئێرەم لەژێردەستدایە" .

لەپاشدا بەرەولای قەلەڕەشەکان کە تا ئێستاش هەر پێکەوە قرەقرپیان بـوو. "ئـای، کـە شـوێنی ساچـمەیەك خاڵییـە!" و سـەری وەرسـوڕاندو جـوێنێکی ناشیرینی بە زماندا هات.

مەئموون بێدەنگی لێکردبوو. تومەزانە ئەو زۆری لەو جۆرە دەمپیـسیانەی ئەو بیستبوو گوێی پڕ ببوو. پیرەمێردە خەمبار بـوو و لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "دیسان جنۆکە گرتیـان، کـە مەسـت دەبـێ وەك ئـاژەڵی دڕنـدەی لێـدێ. کـە خوماریشە هەروەهایـە، یـەك قـسەی لەگەڵـدا نـاکرێ". مـەئموون بـە خـەمو پەژارەوە بیری کردەوە:- ئاخر بۆچی مرۆڤ ئەوهایان لێدێ؟ تۆ چـاکەی لەگەڵـدا دەکەی. ئەو خراپەت لەگەڵدا دەکـا. نـە لـە ڕووی خـۆی تـەریق دەبێتـەوە، نـە پەشیمان. وەك ئەوەیە کە دەبـێ هـەرواش بـێ. هەمیـشە خـۆی لـە هـەموان بەزلتر دەگرێ. تەنیا لە دالغەو خەیالی خۆیو خۆشی خۆیدایە. دەبێ خـڕی بـە ئارەزووی ئەو هەڵسنو دانیشن. بتەوێو نەتەوێ، ناچارت دەکـا بـە دڵـی ئـەو بکەی. ئێستا هـەر باشـترە کەسـێکی ئـەوها لـەناو کێـوو چیایاندا بـۆ خـۆی دانیشتوەو تەنیا یەك دوو کەسـێکی لەژێردەسـتدایە. ئەگـەر پایەیـەکی باشـتر بووایە، داخوا چی ڕوویدەدا؟ خـوا نـەکا.. لـەم جـۆرە کەسـانە هەرچـی بتـەوێ هەیە. هەمیشە سەرنجی ئەوی دیکە بۆ خۆیان رادەکێشن. لـە دەسـتی ئـەوان کەسان ناکرێ پەنا بـۆ هـیچ شـوێنێك ببـەی. لـە هـەموو جێگایـەك بـۆت لـە

بۆسەدان، لە هەموو جێیەك دەتدۆزنەوەو بۆئـەوەی خۆیـان خـۆش رابـوێرن، تـا سەر لێواری مەرگت دەرەتێنن:

هەر شتێکیان لـە ژیانـدا مـاوە. بـەڵێ، هەرچـی بتـەوێ لـەکن ئـەم جـۆرە کەسانە پەیدا دەبێ.."

ئارۆزکۆڵ ڕشتەی خەیاڵاتی پیرەمێردەی پچڕاندو گوتی:

— دەباشە دەی، تەواوێك وەستاین، ئیدی بەسە.

و بە دەنگێکی فەرماندەرانە گوتی:-

— بابڕۆین!

کەوتنە ڕێگا ئەو ڕۆژە ئارۆزکۆل هـەر لـە سـەرلەبەیانیەوە ڕووی تـرش‌و تـاڵ بوو. بەیانی هەرکە دەیویست بە خۆی‌و کەلوپەلەکانیـەوە بـۆ جەنگـەڵی ئـەو بەری ڕووبـار بـچن، مـەئموون پەلـەی بـوو کـە نەوەکـەی بـۆ قوتابخانـە ببـا. ئـارۆزکۆل لەبەرخۆیـەوە گـوتی: پیرەمێـردە بەتـەواوی مێـشکی تێکـچووە! بەیانی هەموو ڕۆژێك ئەسپەکەی زین دەکـاو کوڕیژگـە لـەبۆ قوتابخانـە دەبـا. لەدواییدا ئەسپە تاو دەدا تا لە قوتابخانە بیهێنێتەوە. هـەموو کاتەکـەی لـەو بیژییە بەفیڕۆدەدا کە دایك‌و بابی بەرەڵایان کردوەو ڕۆیشتون. دەڵـێ نابـێ لـە قوتابخانە دوا بکـەوێ! بـەڵام ئـەم کـارە گرنگـە هـەر خـوا بـۆ خـۆی دەزانـێ سـەرەنجامی چـی دەبـێ، دەکـرێ ئـەم کـارە دوا بخـرێ، هـەر دەبـێ وابـێ؟ پیرەمێـردە دەڵـێ: "مـن لـە چـاوتروکانێکدا دێمـەوە، ئەگـەر منداڵەکـە لـە دەرسەکانی دوابکەوێ، پیاوەکە مامۆستا خانمەکەیان دەبینێ لـە ڕووی خـۆی تەریق دەبێتەوە" .

تەحااا ..کوڕە مامۆستا خـانم کێیـە تـا پیـاو شـەرمی لێبکـا! بەڕاسـتی پیرەمێـردە یاغنیـشە! ئـەم خانمـە چ پەیوەنـدی بـە خەڵکەوەیـە؟ پێـنج سـاڵە شـڕەپاڵتۆیەکی هەیـەو لەبـەری دەکـا. هـەر کاتێـك کـە دەیبینـی دونیایـەك

دەفتەرو جانتای بەدەستەوەیە. لە ڕێگایان دەست لە ئۆتۆمبێلان ڕادەگرێ، 1V بەردەوام دەچێتە شار، هەمیشە کەموکورتیەکی هەیە. V جارێك ڕەژوو بۆ قوتابخانە جارێك شووشەی دەرگاو پەنجەران، جارێك گەچ و جارێك کۆنە جل بۆ سڕینەوەی تەختەڕەش. مەگەر مامۆستایەك لە گیانی خۆی ببووری، ئینجا دەچێ لە قوتابخانە کاردەکا؟ مامۆستای بەڕاستی لە شاراندا هەن. قوتابخانەکانی ئەوێ سەراپایان لە شووشەیە، مامۆستاکانیش هەموویان بۆینباخو قەرەوێت دەبەستن. ئەمانە هەمووی هی شارن... چ سەرۆکانێکی کە بە ئۆتۆمبێل لە شەقامەندا دێنو دەچن! مرۆڤ هەر حەز دەکا بێ جوولە بوەستێو تەماشا بکا کە چۆن ئەو ئۆتۆمبێلە ڕەشو بریقەدارانە وا ڕێكو ڕاست بە بەردەوامیدا تێدەپەڕن. بەڵام خەڵکی شارستان هەر دەڵێی ئەو ئۆتۆمبێلانە ناشبینن کاتیان نیە، بەپەلە بەملاوبەولادا دێنو دەچن. لەوێ، لە شاردا، ژیان ژیانێکی بەڕاستیە! خۆزگە دەکرا بچمە شارو کارێکم پەیدا دەکرد. لەوێ دەزانن چۆن ڕێز لە پلەوپایەی مرۆڤ دەنێن. هەرچەندەی پلەت بەرزتر بێ، ڕێزت پترە! خەڵکی تێگەیشتوو ڕووناکبیرن. لەوێ خەڵکی مەجبور نیە بۆ میوانی بچێ دیاری لەگەڵ خۆی ببا، درەختێك ڕاکێشێو بە دیاری بیبا، یان هەر کارێکی لەو بابەتە بکا. لەوێ وەك ئێرە نیە لەباتی پەنجا ڕۆبل یان زۆر زۆر سەد ڕۆبلت مانگانە دەدەنێ، درەختە هەڵدەگرنو دەیبەن، پاشدان شکات دەکەن کە ئارۆزکۆل بەرتیلخۆرەو ئەوهاو ئەوهایەو وابووو واچوو... چ دواکەوتەییو نەزانیەکە!

بەڵێ، خۆزگە بۆم دەلوا بچمە شار. ئەوساکە هەمووو ئەوانەم لە دۆزەخی دۆڵەکە بەجێدەهێشت. ئەو شاخانەشی ئەو دارستانو درەختە نەفرەتیانەش، هەم ژنە نەزۆكو هەم ئەو پیرەمێردە بێ مێشکەی لە بەیانی تا ئێوارە لەگەڵ

ئەو گوچیلە سەگە دێتو دەچێ، دەڵێ دانە دوڕێکی بێ هاوتایە. ئەوساکە ژیانێکی وا رەحەتو پڕشکۆم بۆ خۆم سازدەکرد کە خڕی لەخڕی ناچاربن ڕێزم بگرنو بڵێن: "قوربان، ڕوخسەت دەفەرموون بە دیدارتان شەرەفمەند بم؟ کەنیشکەیەکی شارستانیشم دەهێنا". بۆ نا؟ بۆ نموونە هونەرمەندێکی جوانکیلە کە میکرۆفۆن بە دەمییەوە دەگرێتو گۆرانی دەڵێتو سەما دەکات، دەهێنا.

دەڵێن بۆ ئەوانە لە هەموو شتێك گرنگتر ئەوەیە پیاوەکەیان پلەوپایەکی بەرزی بێ. کەرەواتم دەبەست، دەستی ئەوم دەگرتو پێکەوە دەچووینە سینەما. تەقەی پاژنەی پێڵاوی لە گوێمدا دەزرنگاوەو بۆن و بەرامەی عەترەکەی لووتی ڕێبوارانی نەوازشی دەدا. ئەوساکە دەبوومە خاوەن چەند بەچکەیەك، کوڕەکەم دەناردە کۆلێجی ماف تا ببێتە مافناسو کچەکەم دەنێرمە قوتابخانەیەك کە فێری پیانۆ بێ. منداڵی شارستان و عاقڵو تێگەیشتوون. لە ماڵەوە تەنیا بە زمانی ڕووسی دەدوێن، نایەن کەللەی خۆیان لەو قسە دێهاتیانە پڕکەن. منداڵەکەم ئەوها پەروەردە کرد: "پاپا گیان، ماما گیان، ئەمەم دەوێ، ئەوەم دەوێ.." مەگەر کەس هەیە شتێکی لە منداڵی خۆی چاو بێ؟ لەوێ، لووتی گەلێکم دەشکاند، بەوانیشم نیشان دەدا ئارۆزکۆل کێیە! ئەو چی لەوانی دیکە کەمترە؟ مەگەر ئەوانەی پایەو مەقامی بەرزیان هەیە، لەو باشترن؟ ئەوانیش مرۆڤی وەك ئەون. تەنیا ئەوان بەختیان هەبوو بەخت یارمەتی ئەوی نەدا.. بەڵام خۆشم کەموکوڕیم هەیە. دوای کۆتاییهێنانی قوتابخانەی جەنگەڵوانی دەبووایە بچمە شار، دەچوومە پەیمانگا یان بڵێ دانشگاش. پەلەم کرد، دەمویست پلەیەکم هەبێ، هەرچەندە پلەوپایەکی بچووکیش بێ، تەنیا هەر شوێنو پایەیەك بێ. ئێستا دەبێ لە

چۆڵو چیایان سەرگەردان بم، دار ببڕمو وەك وڵاخی بەرزە دار بکێشم، ئێستا ئەو قەڵەڕەشکانە زۆر لە خراپ بەدترن. ئاخر چ قڕوقاژیانە، بۆچی دەوری سەرسەری ئێمە دەدەن؟ ئاه، کە جێگای ساچمەیەك خاڵییە، وای بۆ تاپڕێك!...

ئەم هەموو خەم و تووڕەو تۆسنیە بەبێ بناغە نەبوون. ئارۆزکۆل هاوینەکەی بەوپەڕی خۆشیو کەیف و سەفاوە رابواردبوو، پاییز دادەهات لەگەڵ کۆتایی هاوین سەردەمی میوانداریەکانی کە شوانو ئەسپەوانەکان بۆیان ساز دەکرد بەسەردەچوو. ئەو گۆرانی "پەژموردە بوو گوڵزاری کێوان، دەبێ رووبەرەو دەشتان کۆچ بکا..." ی بەبیر دەهاتەوە.

پاییز دادەهات. ئارۆزکۆل دەبووایە حسێبی رێزو، میوانداریو، قەرزو گفتپێدانەکان ساغ بکاتەوە. حسێبی لافو گەزافەکانی خۆی کەلا بخات "چیت پێویستە؟ دوو تا سێ کاریتەی سنەوبەر بۆ کاریتەی ژێر ساپیتە هەر ئەوەندە؟ ئەمە چ نرخێکی هەیە! هەر بەیانی ئاوی لێ مەخۆوەو وەرە بیبە" .

زۆری بەسەرەوە نابوو، دیاریو پێشکەشی زۆری وەرگرتبوو و ئارەقو شەرابێکی زۆری نۆشی گیان کردبوو، ئێستا هانکەهانکی بوو، ئارەقەی لێدەچۆڕاوە، جوێنی بە کەونو کائینات دەدا، و ئەم دارسنەوبەرەی ڕاکێش ڕاکێش دەبرد. ئێستا ئەو قەدە سنەوبەرانە چ خێری دیکەی بۆ نەدەهێنا. ئەو هەر خێری لە ژیانی خۆی نەدیتبوو. لەپڕ سەرشێتی لە کەللەی دا: "گوو بە گۆڕی بابی هەر هەمووی بەرەڵڵا دەکەمو سەر بۆ جێگایەك هەڵدەگرم!" بەلام دەللە ئاست تێگەیشت کە بۆ هیچ کوێیەك ناچێ، هیچ جێگایەك پێویستی بە بوونی سەروسەکوتی ئەو نییەو لە هیچ جێگایەك ئەو ژیانەی ئەو دەیویست، نادۆزێتەوە. تێگەیشت ئەگەر بڕوا یان بەو قەولو بڕیەی داویەتی وەفاداری

بکات، سەرنجامێکی باشی نابێ. هەر هەمان دۆستو هاورێی هاوپیاڵەو هاودەمەکانی خۆی بۆی تێدەکۆشنو پێوەی دەکەن. متمانە بە مرۆڤی ئەو رۆژگارە سەگانییە ناکرێ. پێرار بەرانبەر کاورێك کە لە کەسێکی خێڵەکەی خۆیانی وەرگرتبوو، گفتی کاریتە سنەوبەرێکی دا. بەڵام کە پاییز داهات قاچی زەوی نەدەگرتو حەزی نەدەکرد بچێتە سەر چیاو کاریتەکە بیهێنێ. قسە ئاسانەو چی تێناچێ، بەلام بە چیا هەلگەرانو چوونە سەر چیاو درەختبرینو راکێشانی کارێکی سانا نیە. ئەگەر سنەوبەر درەختێکی تووندوتۆڵ بێ و دەیان ساڵ عومری کردبێ. ئەوسا وەرەو بیجەرپێنە، بزانم چۆن بە چ جۆرێك دەروەستی دێی.

ئەگەر یەك چیا زێرِیشت بۆ رِۆ بکەن، ئامادەنیت کارێکی ئەوها لەئەستۆ بگری.

ئەو رۆژە بەرێکەوت مەئموونی پیرو کەنەفت کەوتە ناو جێگا. تاکدەست نەدەکرا ئەم کارە بکا، هەر هیچ کەسێکیش ناتوانێ بە تەنێ درەختێك لەناو چیاوە بێنێ. هەڵبەتە دەتوانێ بە تەنێ درەختێك لەناو چیاوە بێنێ. هەڵبەتە دەتوانێ سنەوبەرەکە ببرێ، بەلام ناتوانێ بیهێنێتە خوارەوە.. ئەگەر ئارۆزکۆل دەیزانی ئەمە روودەدا، خۆی لەگەڵ سەیدەحمەد دەچوو و سنەوبەرەکەی دەهێنا. بەڵام تەمبەڵی دایگرتو قاچی لەدوای خۆی رانەکێشا بۆ ناو چیا بچێ، بریاری دا هەر درەختێکی هاتە بەردەستان بیدا بە هاو خێڵەکەی خۆیو یاخەی لە یاخەی خۆی بکاتەوە. بەڵام هاوقەبیلەکەی درەختێکی دیکەی نەدەویست، دەیگوت "ئیلاوبیلا دارسنەوبەرم دەوێو بەس!"، "دەکرێ کاور وەربگرێ ها، بەلام ناتوانی قسەی خۆت بگەیەنیە سەر؟" ئارۆزکۆل زۆر شێتگیر لە ماڵەکەی وەدەری ناو گوتی: "ئەگەر ناتەوێ، نەتەوێ، برۆ ون بە!" بەڵام ئەویش پاشدان باشی لە دەستی نا، شکایەتێکی گەورەی لەکن

لاجانۆفی سەرۆك جەنگەلوانەکانی جەنگەڵی گرگ (سان تاش) لێکرد، لەوەدا لە ڕاستو لە درۆ، داواو شکایەتێکی وای نووسی کە دەبێ ئارۆزکۆل وەك خراپەکارێ دەرهەق جەنگەڵی سۆسیالیستی گوللەباران بکرێ. لەدوای ئەمەو ماوەیەکی زۆریش ئارۆزکۆل بۆ چوونە کن لیژنە جیاجیاکانی شارو وەزارەتی جەنگەڵوانی پەلکێش دەکرد، ئارۆزکۆل بەزەحمەت توانی خۆی لەو داوە قورتار بکا... وەرە، ئەمەش قەومو قیلە! ڕاستە گوتوویانە: "ئێمە هەموومان نەوەی دایکە کێوی شاخدارین. نەفەرێك لەبەرخاتری هەمووانن هەموو لەبەرخاتری نەفەرێك" ئەمانە هەمووی قسەی بەجێن، کاتێ ئامادەن بۆ یەك دینار قورگی یەك بەد هەڵبدڕنو مرۆڤ ڕاپێچەکی زیندانان بکەن، کامە دایکە کێوی شاخدار، وێڵی کە! پێشینان وایان زانیوە سەردەمی زوو دایکە کێویەك هەبووە، خەڵکی ئەو سەردەمانە چەند گێلو بێعەقڵ بوون، جێگای پێکەنینە! ئێستا خەڵکی ڕووناکبیرو خوێندەوارن! ئەم ئەفسانانە تەنێ بۆ منداڵە وردتکە باشن، بۆ خەڵکی دیکە پێویست نیە! دوای ئەو ڕووداوە ئارۆزکۆل سوێندی خوارد چیتر بە تەنیا پەلەدارێکیش نەداتە هاوهۆزەکەی خۆی، ئەوە ئەگەر پشتاوپشتیش بچێتەوە سەر دایکە کێوی شاخداریش. بەڵام دیسانەوە هاوین هاتەوە، ڕەشماڵی شوانان لە چەمەنزاری کوێستاناندا پەیدابوونەوە، ماعەوباعەی مێگەلانو دووکەڵی ئاگردانان لە دەم ڕووبارو جۆگەلاندا بەرزبوونەوە. تیشکی خۆر دەدرەوشاوەو بۆی خۆشی ماستو گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان دەهاتنە بەر کەپوو[VI] . مرۆڤ هەر حەزی دەکرد لە هەوای پاکی بەر ڕەشماڵ لەسەر چیمەن، لەنێو دۆستو ئاشنایانو هاوپیالان دانیشێ، ماستی ئەسپ و گۆشتی کاوڕ بخوات، چەند پیاڵە ڤۆدگایەکی بەسەردا کا، سەری گەرم ببێ تام و چێژ لەو ژیانە وەرگرێ، و وا هەست بکا دەتوانێ هەر لەگەڵ ملی درەخت بگرێ لە ڕەگو ڕیشەوە ڕایدەتەنێنێ، یان فلانە کێو

بەلەرزە دەهێنیٚ. ئـارۆزکۆل لـەو تـەرزە ڕۆژانـەدا قـەولو بڕیـەی خـۆی لـەیاد دەبردەوە، زۆری کەیف پێدەهات بە ئەرباب‌و گەورەی جەنگەڵی گـەورە ناویـان دەبـرد. هـەر پـەیمانی دەداو سـەرلەنویٚ بـەرتیل‌و پێشەکیـشی وەردەگـرت... دیسان مەترسیەکی گەورە لە چوار کەناری یەکێك لە سنەوبەرە زۆر کۆنـەکانی کوێستان دەگەڕا، خۆی سنەوبەرەکە نەیـدەزانی تەمـەنی تـەواو بـووەو هەرکـە پاییز داهات، دەچێتە ناو دونیای نەبوونەوە. پاییز بـە پـیٚ دزیلکـە لـە کێلگـە درواوەکانەوە بەرەو کوێستان‌و ناوشاخان دەهـات، لـە هـەموو لایەکـەوە تـان‌و پۆی دەکردو پێی نابا هەر جێگایەك گیاوگۆڵ‌و گەڵای داروردەختـانی لێرەکـەی زەرد دەکرد.

میوە دەگەیین vii . بەرخ قەڵـەو دەبـوون، لێکیـان جیـا دەکردنـەوە بەرخـە مێیە یەك ساڵەکانیان لە مێگەلی جیاو بەرخە نێرەکانیان لـە مێگـەلی جیـادا کۆدەکردەوە. ژنان ئەو پەنیرانەی وشکیان کردبۆوە، بۆ زسـتان لـە هـەمبانانیان دەپەستان. پیاوان خەریکی مـشوورخواردن و قـسەو گفتوگـۆ بـوون تـا دیـاری بکەن کە چ کەسێك دەبیٚ بەر لە هەموویان بگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئارۆزکۆل گفت‌و پەیمانیان لەنێواندا هەبوو. بەرلـە جمانیـان ئاگاداریـان دەکـردەوە کـە لـە فلانـە ڕۆژو فلانـە سـەعاتدا بـە ئۆتۆمبێـل دێنـە بنکـەی جەنگەڵوانیەکە تا ئەو دارانەی قسەی پێداون، بیانبەن.

بەڵیٚ، دەبووایە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە. ئۆتۆمـبێلێك بۆ بردنـی دوو دارەکـە بێت‌و باریان بکا. یەکێکیانی زوو هێنابۆوە کـە مـەئموون‌و ئـارۆزکۆل هەنووکـە دەیانهێنا خوار. ئەگەر ئارۆزکۆل دەیتوانی ئەوەی لـەباتی ئـەو دارە وەریگرتبـوو بداتەوە، بیٚ یەك‌و دوو لێکردن دەیدانـەوە تـا لـەو دەردو زەحمەتـەی ناچـار بـوو هەنووکە بیچێژیٚ، ڕزگاری بیٚ.

بەداخەوە لەناو چیاو کوێستانان هۆکارێك نیە بتوانێ ئەم چارەنووسە شوومە بگۆڕێ: ماشێنەکە ئیمڕۆ دوای نیوەڕۆ دێت تا نیوەشەو دارەکان ببا.

ئەگەر کارەکان بە خێروخۆشی بەڕێوە بچن، دیسان هەر باشترێکە. ڕێگاکە لە ناوەڕاستی ساوخۆز، ڕێك بە بەردەمی نووسینگەدا تێدەپەڕێ، ڕێگایەکی دیکە نیە، وەختو ناوەختیش پاسەوانانو فەرمانبەرانی ڕێگاوبانو هاتوچۆ دێنو ڕەنگیشە خەڵکانی دیکەی شارستانیش بێن. دارەکان دەبینن‌و دەپرسن: "لەکوێوەی دەهێننو بۆ کوێی دەبەن؟" .

لە خەیاڵاتی جۆرە پێشهاتێکی ئەوهادا ئارەقەی ساردی دەردەکرد، ئاگری تووڕەیی خۆی بەرانبەر هەموو کەس‌و شتێك کڵپەی دەستاند. ئەمە قەڵەڕەشەکانی ئاسمانی ئەو ناوەو، مەئموونی پیری داماو، هەروەها سەیدەحمەدی تەمبەڵ و تەوەزلیشی دەگرتەوە، کەسێ ڕۆژان پێشتر داڵغەی فرۆشتنی پەتاتەکانی لە شاردا لە کەللەی دابوو، ئاخر ئەو سەیدەحمەدە منجڕە دەیزانی دەبێ فلانە ڕۆژ ئەو دارە بگەیەنرێتە خوارەوە لەپاشدا بەدیار دەکەوێ، بە ئانقەست خۆی ون کردوە یان نا؟ ئێستا تا تەواو ئۆخەی لەناو بازاڕو شار نەیەو کارەکانی تەواو نەکا، نایەتەوە. ئەگەر سەیدەحمەد لێرە بووایە، ئارۆزکۆل فەرمانی پێدەدا تا لەگەڵ مەئموون پێکەوە دارسنەوبەرەکە بێننە خوارو خۆیشی قاچ لەسەر قاچ دانیشێ‌و بەدەستیەوە ئەوەندە دیق نەکا.

بەڵام سەیدەحمەد دوور بوو و ئارۆزکۆل ئامرازێکی لەدەستدا نەبوو ڕامالّی قەلەڕەشەکانی بکاو دیقی دڵی خۆی بەسەر ئەواندا قلّپ بکاتەوە. ئێستاکە دەستی لە هەموو شتێك بڕاو نەدەگەیشتە هیچ شوێنێك، خۆ دەیتوانی دارکارییەکی ژنەکەی خۆی بکا مارکوژی بکا، بەڵام بۆ ماڵەوەش هێشتا زۆری ڕێگا بەبەرەوە مابوو. دە کەواتە هەر مەئموونی لەبەردەستدا دەمێنێ.

ئارۆزکۆل بەهۆی بەرزی شوێنەکەوە هەناسەی سوار ببوو، دەم لە دەمــێ پـتر ڕق دایدەگرتو دڕندەتر دەبوو، بەبێ ئەوەی بەزەیی بە ئەسپەکەو مەئموونـدا بێتـەوە کە لەدواییدا بوون. قەدبڕ بەناو دارو پنـچکی دارسـتانەکە ڕێـی دەکـردو لەگـەڵ هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی ڕیزە جوێنێکی تـەڕو تـازەی بەدەمـدا دەهـات، لـە دڵی خۆیدا دەیگوت: لێگەڕێ ئەسپەکە هەڵدێرێ، لێگەڕێ با ئەو پیرە سەگە لـە چوارپەل بکەوێ! لێگەڕێ ئەم جیهانەی هەرچی تێیدایە بە پێچەوانەی ئـارەزووی ئارۆزکۆلە بەپێچەوانەی ئەو شوێن و پایەیە دەبێ ئـەو هـەیبێ، بـا هـەر وێـرانو ژێرەوژوور بێ.

ئارۆزکۆل جڵـەوی خـۆی لەدەسـتدا نـەمابوو، ئەسـپەی لـەنێو زەمەنـد ڕێـك بەرەو هەڵدێرو کەندەڵان برد، بە خۆی گوت: لێگـەڕێ بـا مـەئموونی زرنـگ بـۆ خۆی لە دەوروبەری دارسنەوبەرەکە هەر هەڵپـەڕێ، نـەهێڵی دارەکـە بەربێتـەوە! ئەم پیرە سەر ئاسنە هـەر دەڵلـە ئاسـت دەکـوژم. لـە بـاری ئاسـاییدا ئـارۆزکۆل هەرگیز نەیدەوێرا بە خۆودارێکی واوە کە لەسەر زەوی ڕایدەکێشا بـە تـەلانێکی ئەوها ترسناکدا بڕوا، بەڵام ئەم جارە شەیتان لە بناگوێیـدا دەیخوێنـد. مـەئموون دەرفەتی نەهێنا ڕێگای لێبگـرێ، تـەنیا ئەوەنـدە دەرفـەتی هـەبوو هـاوار بکـا: "کوڕە هێ ی.. بەرەو کوێ؟! بوەستە!" بەڵام لەو کاتەدا درەختەکە کە بە زنجیر بەسترابۆوە پنچکەکانی پان کردەوەو بەرەوخوار خلۆر بۆوە.

مەئموون هەوڵیدا دارەکەی بداتە بەرو چیدی دارەکە نـەخزێ. بـەڵام دارەکـە ئەوەندە بەتاو بوو کە کوتەکەکەی لە دەستی پیرەمێردە ڕفاند.

لە یەك چاوتروکاندا ئەسپەکە کەوت. لە لاتەنیشتەوە بەرەوخوار سـەرەنگرێ بوو، لەگەڵ خۆیشیدا ئارۆزکۆلیشی لە دەستو پێ خست. ئـارۆزکۆلیش لەگـەڵ ئەوەشـدا وەك شـەیتان پـەلی دەکوتـاو پنـچکەکانی دەگـرت، هـەر خلـۆر بـۆوە

خوارەوە. لەم کاتـەدا چـەند ئـاژەڵێکی شـاخدار بـە ترسـەوە ڕەوینـەوە. بـۆ نـاو داروبارە چڕەکان ڕاپەڕین بە حەمبازو هەڵبەزینەوە لەناو بێشەکە لەبەرچاوان بـزر بوون. بابە مەئموون لە کاتێکدا لە خۆشیانو لە ترسان دەستو پێی تێـك ئـاڵاو هاواری کرد:

— گوزەن! گوزەن!–

و دەمی داخستەوە، دەتگوت باوەڕ بە خۆی ناکا کە بەڕاستی دیتوونی.

لەپڕ خامۆشیەك ئەو کێوو چیایانەی داگـرت. قەلەڕەشـەکان یـەکجاری لـەو ناوەدا نەمان. دارسنەوبەرەکە چەند نەمامەدارێکی شکاندەوەو لـە جێـی خۆیـدا گیر بوو. ئەسپەکە کە قایشو قروشی لە چوارپەلی ئاڵابوو، هەڵساوە.

ئارۆزکۆل جلوبەرگەکەی شیتاڵ شیتاڵ ببوو، بۆی خزییە لایەکەوە. مـەئموون دەستو قاچی خۆی کۆکردەوەو کەوتە یارمەتیدانی زاواکەیو بانگی کرد.

– ئای دایکی پیرۆز، دایکە کێوی شاخدار! ئەمـە ئـەو بـوو ئێمـەی قورتـار کرد! دایکە کێوی شاخدار! ئەمە ئەو بوو ئێمەی قورتار کرد! دیتت؟ ئەم نـەوەی دایکە کێوی بوو! دایکی ئێمە گەڕاوەتەوە! دیتت؟

ئارۆزکۆل هێشتاش باوەڕی نەکردبوو لە ترس ڕزگاری بووبێ، بە خـەمباریو شەرمەزاریەوە ڕاست بۆوە، جلەکانی داتەکاندو گوتی:

– چەنەی مەدەیە، هێـی پـیرە قـۆتڕ؟ بیـبڕەوە! بـڕۆ ئـەو جلوجـۆرو قـایشو قروشەی لە چوارپەلی ئەسپەکە ئاڵاوە، بکەوە!.

مەئموون بەبێ چەندوچوون گوێڕایەڵی لێکردو هەڵات تا ئەسـپەکە لـەو بـارە خراپەی ڕزگار بکا. لەبەرخۆشـیەوە بـە کـەیفو گـوراح و خۆشـیەوە لـە بـن لێوانەوە زەمزەیەکی دەکرد:

- ئـاه دایکـی نـازەنین، دایکـه کێویـه شـاخدارەکەم! نـەوەکانت هاتنـەوە دارستانەکانی ئێمە، دایکە کێوی ئێمەی لەبیر نەکردوە! لە گوناحـەکانمان خـۆش بووە.

ئارۆزکۆل بە ڕەقیەوە گوتی:

- ئەوە چ قرەقرو بۆڵەبۆڵتە هێ کابرا؟ -ئێستاکە ئـەو لـەترس ڕەخـسیبوو و هـێمن ببـۆوە، ڕق و کینـەی پێـشووی گیـان و دەروونـی ئـازار دەدا- دیـسانەوە ئەفسانە بێ ماناکانی خۆت دەڵێیەوە؟ بـە سـەرت پـەڕیوەو هـۆش و گۆشـت لـە دەستداوە، وادەزانی خەڵکی دیکەش بە ئەفسانە قۆڕەکانت باوەڕ دەکەن!

بابە مەئموون پێی داگرت و گوتی:

- من بە چاوی خۆم دیتم. چەند گوزەنێك بوون. کـوڕی خـۆم... گیانەکـەم، مەگەر تۆش بە چاوی خۆت نەتدیت؟ تۆ بە چاوی خۆت دیتت.

- دەباشە، دیتم، وەك سێ دانە بن وابوو..

- بەڵێ، ڕاستە، سێ سەر بوون. منیش هەر سێیانم دیت.

- دەباشە دەی، ئێستا چی ڕوویداوە؟ چەند کێویەك بـوون، دەباشـە. وەخـت بوو یەکێکمان ملمان بشکێ. دەبێ جێی خۆشـحاڵی چیـت بـێ؟ ئەگـەر ئەوانـە گوزەن بوون، دیارە لە ملە چیاکەی ئەوبەرەوە هـاتوون. دەڵـێن لـە کازاخـستان، لەناو دارستانەکانی ئەوبەری چیادا هێشتاش چـەند سـەر گوزەنـە کێویـەك هـەر ماون. ئەوێ جەنگەڵی گرگە، ڕەنگە گوزەنەکانی گرگ بـن. واوە هـاتوون... بـە ئێمە چی! کازاخستان کە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە.

بابە مەئموون ئەوەی لە دڵیدا بوو هەڵیڕشت:

- ڕەنگە لە جەنگەڵەکانی ئێمـە بمێننـەوەو ڕابێنـەوە؟ خـوا بکـاو بمێننـەوەو ڕابێنەوە؟ خوا بکاو بمێننەوە... ئارۆزکۆل قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

- دەباشە، ببڕێتەوە، بابڕۆین!

ئەوان بۆئەوەی دارەکە بگەیەننە خوارەوە ڕێگایەکی باشیان لەبەردا مابوو. لەدواییدا هەروەك چۆن بە ئەسپەکە بەسترابۆوە بە کێشەکێش بیبەنە ئەوبەری ڕووبارەکە.

ئەمەش کارێکی دژوار بوو. تازە ئەگەر دەیانتوانی بە خێرو سەلامەتی دارەکە بگەیەننە ئەو بەری ڕووبار، دەبووایە لە زوورگێکی هەورازکەنەوە کە ماشێن بۆ بردنی دێتە ئەوێ. ئای کارو زەحمەتمان چەندە لە پێش بوو!..

ئارۆزکۆل بەتەواوی هەستی دەکرد بەدبەخت و ناوچەوان ڕەشە. وای دەهاتە بەرچاو هەموو شتێك لە دەوروبەری ئەودا بەپێچەوانەی دادپەروەریو ئینسافەوە ڕسکاوە.

چیاکان هەست بە هیچ شتێك ناکەن، هیچ حەزو شکۆو سکالآیەکیان نیە، بۆ خۆیان قیت ڕاوەستاون، پاییزیان لێ بەسەر دادێ و زستانیان لێ بەسەر دادێ، لەم سەین و بەینە هیچ ناخۆشیەك نابینن تا قەلەڕەشکەکانیش بەبێ خەم و خەیاڵ بۆ خۆیان بە ئاسماندا دەفڕن و هەرچەندەی حەز بکەن قرەقرو قیژەقیژ دەکەن. کێویەکانیش، ئەگەر ئەوەی ئەو دیتبووی بەڕاستی گوزەن بێ، ئەوە لەو ملەی ئەوبەرەوە هاتوون و هەرچۆنێ بیانەوێ لە جەنگەڵەکاندا و هەر ئاقارێکی بیانەوێ بە ئارەزووی دڵی خۆیان تێیدا دەخولێنەوە. مرۆڤ لە شاران بە سەری ڕەحەتەوە لە شەقام و جادان پیاسە دەکەن، سواری تەکسی دەبن، دەچنە چێشتخانان، کەیف دەکەن و ڕادەبوێرن. بەڵام بەخت و چارەنووس ئەوی بەو کێوو چیایانە خستووە. هەی لەو بەختەش ڕیام ئەوە بەختە... تا ئەو مەئموونی زرنگەش، ئەم خەزوورە بێ کەڵکەشی خۆشبەختە، لەبەرئەوە باوەڕی

بە ئەفسانە هەیە. ئای کە مرۆڤێکی ئەحمەقە! مرۆڤی ئەحمەق هەمیشە لە ژیانی خۆی رازیە.

بەڵام ئارۆزکۆل نەفرەت لە ژینی خۆی دەکات. ئەم ژیانە بە دڵ و زەوق و ئارەزووی ئەوە، ئەم مەئموونە چی گەرەکە؟ هەر هەموو تەمەنی خۆی، بەبێ یەك تۆزقاڵ حەسانەوە، بە گیانەڵاو زەحمەتکێشانەوە گوزەراند. لە هەموو ژیانیا بەردەستی کارێکی نەبووە و لە کەسێك لەژێر فەرمانی ئەودا نەبووە. بەڵام ئەو گوێڕایەڵ و خزمەتکاری هەمووان بووە. قیسی گوێڕایەڵی پیرەژنەکەی خۆشیەتی هەر بێ یەك و دووش. مرۆڤێکی ئەوها بێچارە تەنیا دڵی بە ئەفسانەش خۆش دەکا. چەند گوزەنێکی لەناو دارستاندا دیت، لە خەنی و خۆشیا زەنگوڵ زەنگوڵ فرمێسکی دەڕشت، دەتگوت برا ئازیزەکانی کە سەد ساڵە بەدوایاندا عەوداڵە، دیتبۆوە.

ئەهای هەی، چ بڵێم هەر نەگوتنی باشترە!..

لەپاشدا گەیشتنە دوا بەشی ڕێگاکە. لەوێ شیوێکی دوورودرێژ دەستی پێدەکرد و لە ڕۆخی ڕووبارەکە کۆتایی دەهات. کەمێ وەستان تا هەناسەیەکیان بێتەوە بەرێ.

لەوبەری ڕووبار، لە گۆڕەپانەکەی بنکەی پاسەوانی جەنگەڵدا، لەبەردەمی ماڵی ئارۆزکۆل دووکەڵێك بەرزدەبۆوە کە ڕەنگ بوو دووکەڵی ئاگری سەماوەر بووبێ. وا دیار بوو ژنەکەی چاوەڕێی بوو. بەڵام ئەم چاوەڕوانیە باری ئارۆزکۆلی سووك نەدەکرد. ئەو شەویلاگی تەواو لێك کردبۆوە بۆئەوەی بەدەم هەناسە بدا. لەبەرئەوەی هەناسەی تەنگ دەبوو، سنگی ژانی دەکردو لێدانی دڵی وەك هێن لەناو سەری دەنگیان دەداوە، ئارەقە لە نێوچەوانی دەچۆڕاوە، چاوەکانی دەزوورانەوە. ئەو نشێوە دوورودرێژەشی لەبەر بوو. لە ماڵەوە ژنە نەزۆکەکەی

چاوەڕێ بوو. ئارۆزکۆل بیری کردەوە: سەماوەری بۆ من گەرم کردووە، خزمەتێکی باش دەکا، دەیەوێ دڵی من بەدەست بێنێ! لەپڕ هەستی کرد حەزێکی زۆر هانی دەدا بەرەو گۆڕەپانەکەی سەماوەرەکەی لێ بوو ڕابکاو لەقەیەك لە سەماوەرەکە هەڵبداو ڕەوانەی دۆزەخی بکا. ئینجا بکەوێتە گیانی ژنەکەی، لێدانێکی وای لێبدا یەکێك بڵێ زیندووەو دەیان بڵێن مردووە. ئارۆزکۆل لەناو دنیای خەیاڵی خۆیدا ناڵەناڵ و گلەیی ژنەکەی دەبیست کە لە بەختی ڕەشی خۆی دەکرد. چێژی لەم ناڵەناڵ و گلەییانە دەکرد و بە خۆی دەگوت: "لێگەڕێ! لێگەڕێ با وەك دەڵەسەگ بتۆپێ بۆ خۆی! من لەناو ئێش و ئازاردا بژیم با ئەویش ئەوها لە ئێش و ئازاردا بتلێتەوە؟" .

مەئموون ڕشتەی خەیاڵەکەی پچڕاند. مەئموون لەپڕ بە بیری هاتەوە دەبێ بچێتە قوتابخانە، بەپەلە چووە کن ئارۆزکۆل پێی گوت:

- کوڕی خۆم، من لەیادم نەبوو، ئاخر من دەبێ بۆ قوتابخانە بچم و ئەو کوڕێژگە بێنمەوە، دەرسەکانی تەواو بووە. ئارۆزکۆل بە ئانقەست بە هێمنی گوتی:

- ئینجا، یەعنی چی؟

- توڕە مەبە، کوڕەکەم، با دارەکە لێرە بێ. خۆمان نشێو دەبینەوە. تۆ نانی نیوەڕۆ دەخۆی منیش سواری ئەسپەکە دەبم. وەك بروسکە خۆم دەگەیەنمە قوتابخانە. منداڵەکە دەهێنمەوە. لەدواییدا پێکەوە دێینەوە، ئەوسا دەرەختەکە دەبەینە ئەوبەری ڕووبار. ئارۆزکۆل بە دەنگێکی پڕ لە تیزەوە پرسی:

- پیرە قۆتڕ، زۆر بیرو مێشکی خۆت گووشی تا بیرێکی ئەوها لە کەللەی دای؟

- ئاخر منداڵەکە دەگری.

سەرەنجام ئارۆزکۆل بیانوێکی بە دەست کەوت تا شەپازللەیەکی باش لە بناگوێی پیرەمێردە بسرەوێنێ. بە درێژی ئەو ڕۆژگارە ئارۆزکۆل بۆ بیانوێك دەگەڕا، ئێستا پیرەمێردە وا خۆی بەدەستی دا. لەبەرئەوە زۆر بەتوڕەییەوە هاواری کرد:

- باشە، ئینجا چی بوو؟! دەکرێ ئێمە لەبەرخاتری گریانی ئەو کارو فرمانی خۆمان وێڵ بکەین؟! بەیانی کلاّوت لەسەر نایێن کە دەیبەیە قوتابخانەو بردتان. ئێستا ئێوە دەتانەوێ بشیهێننەوە؟ ئەدی چی لە من دەکەی؟ یان وا دەزانی ئێمە لێرە یاری دەکەین؟ مەئموون بە دەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە گوتی:

- باش نیە، کوڕەکەی خۆم. لە ڕۆژێکی وادا! من هیچ سندان لە من دا، بەڵام کوڕیژگەکە لە ڕۆژێکی وادا چاوی لە ڕێگا دەبێ، دەگریەت.

- چی، لە ڕۆژێکی وادا؟ ئیمڕۆ چ ڕۆژێکی نائاساییە؟

- گوزەنە کێوی گەڕانەوە. لەبەرئەوەیە دەڵێم لە ڕۆژێکی ئەوەهادا. ئارۆزکۆل حەپەسا. بەرادەیەك زمانی لە گۆ کەوت.

ئەو گوزەنەکانی لەبیر خۆی بردبۆوە. هەرکە لەناو دارو پنچکەکاندا بەرەوخوار خلۆر دەبۆوە، ئەو کاتە لە ترسان هەترەشی ڕژابوو، ئەو گوزەنانە هەروەك شەبەنگ زۆر، بەخێرایی لەبەر چاویدا تێپەڕبوون. هەر دەقەیەك ڕەنگ بوو کە دارسنەوبەرەکەی لە هەڵدێرەکە هەڵدەدێرا، پان و فلیچی بکاتەوە. ئەو لە وەخت و ئانێکی وادا چۆن بۆی دەکرا لە گوزەنە کێوی و وڕێنەکانی پیرەمێرد ئەندێشێ!.

ئارۆزکۆل ئەوەندەی لێچووە پێشێ، کە هەناسەی بە دەموچاوی پیرەمێردەکە دەکەوت، لەسەرەخۆو دەنگێکی پڕ لە ڕەق و کینەوە گوتی:

- تۆ وا دەزانی من هێندە سادە لەوحم؟ بە داخەوە کە ڕیشت نیە، دەنا ڕیشم دەگرتی و وام ڕادەکێشا هەر نەبێتەوە تاوەکو وا نەزانی خەڵکی لە تۆ ئەحمەقترن. گوو بە گۆڕی بابی ئەو گوزەنانەی تۆ بێ! هەر ئەوەندەی ماوە کە بێم و مێشکی خۆمیان پێوە خەریك بکەم! بەم قسە قۆڕانە ناتوانی کڵاوم بخەیە سەر، وەرە لە تەنیشت دارسنەوبەرەکە ڕاوەستە! تا ئەو وەختەی نەیگەیەنیتە ئەوبەری ڕووبارەکە، نقەت لەبەر نەیەتەدەرێ. چ پەیوەندی بە منەوەیە کێ دەچێتە قوتابخانەو کێ دەگریەت؟ بەسە، ڕێگای خۆت بگرەبەر دەی!..

مەئموون وەك هەمیشە گوێڕایەڵی کرد. ئەو تێگەیشت تا ئەو دارسنەوبەرە نەگەیەننە جێگا. ئەو لە دەستی ئارۆزکۆل ڕزگاری نابێ و مات و بێدەنگ خەریکی کارەکانی خۆی بوو. چیدی فزەی لێوە نەهات، بە هەموو هێزو توانای خۆی ئیشی دەکرد، هەرچەندە لەتاو نەوەکەی کە لەبەر قوتابخانە چاوەڕێی ئەوی دەکرد هەموو هەناوی پڕ لە خوێن و خوزاو ببوو. منداڵان هەر هەمووی چووبوونەوە ماڵەکانی خۆیان، تەنیا نەوە بێ داك و بابەکەی ئەو چاوی لە ڕێگا بڕی بوو، دەردی چاوەڕوانی دەچەشت.

پیرەمێرد دەیهێنا بەرچاوی خۆی چۆن هەموو منداڵان بە کۆمەڵ لە قوتابخانە هاتنە دەرێ و بە هەڵەکە سەما ڕووەو ماڵەکانیان دەبوونەوە. برسیان ببوو. شادو بە کەیف لەژێر پەنجەرەی ماڵەکانیان ڕایان دەکردو لە کۆڵانەکان بۆنی خۆشی چێشت و خۆراك و شیو دەهات نەوازشی منداڵەکانی دەکرد. دایکەکانیان چاویان لە ڕێیان بوو. هەر دایك بوو پڕی سەر لێوانی زەردەخەنە بوو کە منداڵەکانی دەخستە سەرە سوڕەوە. خودی دایك هەر حاڵ و بارێکی هەبێ، چ باشی و چ خەراپ، هەمیشە توانای ئەوەی تێدایە بۆ جگەرگۆشەکەی بخەنێتەوەو زەردەخەنەیەکی بۆ بهێنێتە سەر لێوان. تاوەکو بەوە دەگات ئەگەر دایك بە دەنگێکی جیددی و سەختگیرەوە هاوار بکا: "ئەدی دەستەکانت؟

ئەدی کێ دەستەکانت دەشوا؟!" هێشتاش ئەو زەردەخەی لەناو چاوەکانیدا پەنهانە. بەڵام نەوەکەی لە یەکەم ڕۆژی خوێندنیەوە، هەمیشە دەستی لە گەوهەرو زێڕ دابوو. بابە مەئموون کەیفی بەوەش دەهات لە دڵی خۆیدا دەیگوت: بەدیار دەکەوێ کە منداڵە کاردەکا یان نا. ئێستا نەوەکەی بە دەستێکی لەگەڵ زێڕو گەوهەر تێکەڵبوودا وەستا بوو و جانتا ئازیزەکەی کە زستانێ بۆی کڕی بوو، لەدەستدا بوو. گومانی تێدا نییە لە چاوەڕوانیدا یەقی دابۆوە، بە خایاڵاتێکی نارەحەتەوە چاوی لە ڕێگا بڕی بوو، گوێی هەڵدەخست تا بزانێ، کە باپیرەی بە سواری ئەسپەوە لەسەر گردەکەوە بەدیار دەکەوێ. ئاخر زۆر سەیرە مەئموون هەمیشە لەسەر وەختی خۆیدا دەگاتە ئێرە. کە منداڵەکە لە قوتابخانە دەهاتە دەرەوە، باپیرەی لە ئەسپەکە دابەزیبوو چاوەڕێی ئەوی دەکرد. منداڵان هەر هەمووی دەچوونەوە ماڵی خۆیان، بەڵام کوڕیژگەکە بە جانتاکەی دەگوت: "بابە گەورە لەوێ وەستاوە. ڕاکە بابڕۆین!" . ڕای دەکردە بەردەمی باپیرەی، بە شەرمەوە خۆی بۆ لای ئەو هەڵدەداو لە باوەشی دەگرت، و دەموچاوی بە سکییەوە دەناو بۆنە خۆشە لەبەر لووت ئاشناکەی کۆنە جلوبەرگ و پووش و پەلاشی هاوینەی هەڵدەمژی- لەو ڕۆژانەدا بوو بابە مەئموون گیشە پووشەکانی لەوبەری ڕووبارەوە دەهێناوە، چونکە زستان بەفر ئەوەندەی تێدەکرد نەدەکرا بچیتە ئەوبەرەوە، باشتر وابوو پاییزان ئەمەی بکردبا. پاشدان تا دەمێکی زۆر بۆنێکی تام تاڵی تۆزی پووش و پەلاش لە جلوبەرگی مەئموون بە بەر کەپودا دەهات. بابە گەورە کوریژگەکەی لە پشت خۆی لەسەر کەفەڵی ئەسپەکە سوار دەکردو بەرەو ماڵەوە دەگەڕانەوە، ناو ناو بە چوار ناڵەی کورت کورت و جاروباریش بە ڕۆیینی ئاسایی ڕێیان دەکرد، ناو ناو خامۆش بوون و جاری واش هەبوو لەبارەی شتی ناچیزەوە قسەیان دەکرد

تا ڕێگایان لێ بڕواو کورت بێتەوە. لە ملەو باسکی نێوان چیای بچکۆلە بچکۆلە تێدەپەڕین، بەرەو دۆڵ و گەلیەکانی سان تاش نشێو دەبوونەوەو دەگەیشتەوە ماڵ.

ئەو هەموو ئارەزووەی منداڵەکە بۆ قوتابخانە نەنەی لە ئیمان دەبردەدەر. هەرکە کوریژگەکە لە خەو هەڵدەستا، هێندی بلێی یەك و دوو جلەکانی لەبەر دەکردو کتێب و دەفتەرەکانی لەناو جانتاکە دەناو نەنە زۆر بەوە پەست دەبوو کە کوڕیژگە شەوان جانتاکەی لە کن خۆی دادەناو دەیگوت: "ئاخر تۆ بۆچی وەك مێشە گەنە بەم کەچە جانتایەوە نووساوی؟ خۆزگە ئەم جانتایە دەبوو بە ژنت و لە مارەییدانی بووك ڕزگارمان دەبوو..." کوڕیژگە وەك گوێ لە قسەکانی نەنە نەبووبێ. لەڕاستیشدا زۆر سەری لە قسەکانی نەنە دەرنەدەچوو. گرنگترین شت لای ئەو ئەمە بوو لە قوتابخانە دوا نەکەوێ. ڕایدەکردە حەوشەو بابە گەورەی دەنگدەدا زووتر بکەوێتە ڕێگا، تەنیا کە چاوی بە قوتابخانە دەکەوت، خەیاڵی ڕەحەت دەبوو ئارامی دەگرت. لەگەڵ ئەمەشدا، جارێکیان دواکەوتن. هەفتەی پێشوو ڕۆژێك هێشتا هەوا تاریك و ڕوون بوو کە بابە مەئموون سواری ئەسپەکەی بوو بۆ کەناری ئەوبەری ڕووبارەکە ڕۆیشت. بڕیاری دابوو بەیانی زوو بچێ قەیاسێك پووش بێنێ. ئەم کارە هیچ گرفتێکی لە بەردەمدا دروست نەدەکرد، بەڵام لە ڕێگادا پووشەکە کرابۆوەو لێی ڕژابوو، ئەویش ناچار ببوو کۆیان بکاتەوەو دووبارە گیشەکە ببەستێتەوە و لە ئەسپەکەی باربکاتەوە. لەبەرئەوەی بەپەلەپەل بەستبوویەوە، جارێکی دیکەش ڕێك لە ڕۆخ ڕووبار کرابۆوەو بەو ناوە وەربببوو. لەم حەڵەدا منداڵە لەوبەری ڕووبارەکە لەسەر تاشەبەردێکی ددان ددان وەستابوو. جانتاکەی بەرز دەکردەوەو هاواری دەکرد بابە مەئموونی دەنگ دەدا پیرەمێرد پەلەی دەکرد، گوریسەکە

ببووه گرێکوێرەو مەئموون نەیدەتوانی بیکاتەوە. منداڵەکە بێ پسانەوە هاواری دەکردو مەئموون تێگەیشت کورپژگەکە یەك بە خۆی دەگرییەت، مەئموون پووش و گوریسەکەی وەلانا و سواری ئەسپەکەی بۆوەو لە ئاوەکەی دا تا لە تەنکاوەکە خۆی بە نەوەکەی بگەیەنێ. تا بابە مەئموون گەیشتە ئەوبەری رووبارەکە دەمێکی ویست، لەبەرئەوەی رووبار هەڵسا بوو و ئاوەکە تیژ تێدەپەڕی. نەدەکرا لە تەنکاوەکە ئەسپەکە تاو بگرێ، قەت پاییز ئەوەندە ترسناك نیە، بەڵام ئاو هاوینان ئەسپی لە پەل و پۆ دەخست.

کاتێ سەرەنجام مەئموون لە رووبارەکە پەڕیەوە و خۆی گەیاندە نەوەکەی، کورپژگە هۆق هۆق دەگریا، تەماشای بابە مەئموونی نەدەکرد، تەنیا دەگریاو بێ پسانەوە دەیگوت: "دواکەوتم، لە قوتابخانە دواکەوتم.." پیرەمێردە داهاتەوەو کورپژگەی هەڵگرت و، لەسەر زینەکەی داناو ئەسپەکەی تاودا. ئەگەر قوتابخانەکە نزیك بووایە، منداڵەکە خۆی بەڕاکردن دەچووە قوتابخانە، بەڵام ئێستا بەدرێژایی رێگا هەر سەری لە گریان هەڵنەگرت و پیرەمێردەش بەهیچ جۆرێك نەیتوانی ژێری بکاتەوە. مەئموون منداڵەی بە چاوی پڕگریانەوە گەیاندە قوتابخانە. وانەکە دەستی پێکردبوو، مەئموون یەکسەرو یەك رێ بردیە پۆلەکەوەو داوای لێبوردنی لە خانمی مامۆستا کردو گفتی پێدا کە جارێکی دیکە هەرگیز دوای ناکەوێ. بەڵام پیرەمێردە لە هەموو شتێك پتر لە گریانی نەوەکەی کە لە داخ دواکەوتنی لە قوتابخانە بوو، ئازاری دەخوارد. کپ و بێدەنگ ببوو، و لە دڵی خۆیدا گوتی: "خوا بکاو تۆ تاسەر ئەوها حەز لە خوێندن و قوتابخانە بکەی"، بەڵام بۆچی منداڵەکە بەمجۆرە دەگریا؟ دیار بوو ئێش و ئازارێکی لە دڵدایە، ئێش و ئازارەکە خۆی دەیزانی لە چیەوەیەو بە کەسی دیکەی نەدەگوت..

ئێستاکە مەئموون بەدوای قەدی سنەوبەرەکەدا دەڕۆیشت، جارێك بەملاو جارێکی دیکەش بەولادا ڕایدەکرد، دارەکەی دەستی بە ژێری قەدی سنەوبەرەکەدا دەکردو بەرەو پێشەوەی هەڵدەدا تا لە پەل و پنچکان گیر نەبێ و خێراتر لەسەر چیا بەرەو داوێن بخزێ. بێ پسانەوە لە بیری نەوەکەیدا بوو و لە خۆی دەپرسی: دەبێ ئەو منداڵە بەستەزمانە لەوێ لە چ حاڵێکدا بێ؟

بەڵام ئارۆزکۆل خۆی شێلو نەدەکردو هیچ پەلەیەکی نەبوو. قەراسەی ئەسپەکەی گرتبوو ڕایدەکێشا. هەر دەشبووایە پەلە نەکا، نشێوێکی درێژی پڕ شێوو تەلان بوو، دەبووایە ڕاست بێتە خوارەوە. مەئموون بیری دەکردەوە: مەگەر نەدەکرا بە تکای ئەو بکەی- ئێستا وازی لە قەدی سنەوبەرەکە هێنابا‌و پاشدان هاتباوەو کارەکەی کردبا؟ ئاه، ئەگەر هێزی دەبوو، خۆی دارسنەوبەرەکەی لەسەر شانی دادەناو، لە ئاوێی دا دەداو لە ڕووبارەکە دەپەڕییەوەو دەیبردە ئەو شوێنەی دەبووایە بار بکرێ و دەیگوت: فەرموون، ئەمە دارەکەو دەست لە من هەڵگرن! ئینجا ئەسپەکەی تاو دەدا بۆ لای نەوەکەی تا بیهێنێتەوە ماڵ.

بەڵام ئەمانە خەیاڵی خاو بوون. هێشتا دەبووایە بەنێو تاشەبەرداندا تێپەڕێ و بگاتە دەم ڕووبار، لەوێوە دارسنەوبەرەکە لە ئەسپەکە ببەستێتەوەو بیباتە ئەوبەری ڕووبارەکەوە. بەڵام ئەسپەکە ئەوەندە بە هەورازی چیاکە هەڵگەڕابوو لە نشێوەکانی هاتبووە خوار بەتەواوی کفت و شەکەت ببوو.. دیسانیش ئەگەر لەسەر خێران کارەکە بە سەلامەتی کۆتایی هات، هەر باشە. بەڵام ئەگەر دارەکە لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا لە بەردێك گیر بوو، یان ئەسپەکە بکەوێ، ئەوساکە دەبێ چی بکەین؟ کە لە ئاوەکەیان دا بۆئەوەی بپەڕنەوە، مەئموون دوعای دەکرد "دایکە کێوی، بەهانامان وەرە، مەهێڵە دارسنەوبەرەکە گیر بێ،

مەهێڵە ئەسپەکە بکەوێ!" مەئموون چەکمەکانی لێك گرێ دابوو لەسەر شانی دانابوو خۆی تا ئەژنۆیان هەڵکردبوو، بەو دارەی کە بە دەستیەوە بوو، هەر بەدوای دارەکەدا دەڕۆیشت. ئێستا دارەکە لەناو ئاوەدا، بوو ئەوان بەپێچەوانەی تەوژمی ڕووبارەکە دەڕۆیشتن. ئاوێکی زۆر پاك و سازگار بوو، بەڵام هێندەش سارد بوو، بەکورتی پاییز بوو پاییز!

پیرەمێردە دانی بە خۆیدا دەگرت و بە خۆی دەگوت: پێیەکانم هیچیان لێنایە، تەنیا قەدی دارەکە بگەیەنینە ئەوبەری ڕووبارەکە، بەڵام دارەکە گیر بوو دەتگوت بۆ بەر عەکسی مەئموون، ڕێك لە بەردەڵانێکی ناو ڕووبارەکە گیری خوارد. دەبێ لەم جۆرە کاتانە وازبێنێ تا ئەسپەکە نەختێ بحەسێتەوە، پاشدان لە ئەسپەکە بخوڕی، بەڵکو ئەمە خوایەو بە تەکانێك دارەکە لەناو بەردەکان ڕاکێشێتە دەرەوە. بەڵام ئارۆزکۆل کە سواری ئەسپەکە ببوو، بەزەیی بە ئەسپەکەدا نەدەهاتەوەو بە قامچیان کەوتبووە گیانی ئەسپە هیلاك و شەکەتە بەستەزمانەکە. ئەسپەکە سەری دەسوڕاو، دەپیرماند و، ئەژنۆی دەنووشتاندەوە، بەڵام دارەکە هەرگوێشی لێنەبوو.

پێیەکانی پیرەمێرد لە سەرما وشك ببوون. چاوەکانی تاریك دادەهاتن، سەری دەسووڕا. هەڵدێر، جەنگەڵەکەی بانی، هەوری ئاسمان دادەهاتن، دەکەوتنە ناو ڕووبارەکەو لە تەوژمی تیژی ئاوەکەدا نقوم دەبوون و مەلەیان دەکردو سەرلەنوێ دەهاتنەوە شوێنی خۆیان. حاڵی مەئموون تێکچوو بوو. نەفرەت لە هەزار داری وا دا! ئەگەر ماوەیەك ماباوەو وشك بباوە، مەسەلەکە بەتەواوی لەلایەکی دیکەدا دەبوو- ئاو بەئاسانی داری وشك دەبات، تەنیا پێویستی بەوە دەبوو سەرپەرشتیەکی بکرێ، بەڵام ئەم دارسنەوبەرەیان هەر

ئێستا بڕی بوو و بە ئاوێیاندا دابوو تا بۆ ئەوبەری ڕووبارەکەی ببەن. ئاخر پێم نالێی کێ هەیە کاری وا بکا؟ ئەمەیە ئەنجامەکەی! کاری بەدو پیس هەمیشە ئەنجامەکەی بەجۆرە دەبێ. ئارۆزکۆل نەیدەوێرا دارەکە بەجێبهێڵێ تا وشک بێتەوە، چونکە لەوانە بوو لێپرسراوان و چاودێران بێن و ببیینن و لەسەری بنووسن کە درەختە کەم وێنەو بەنرخەکانی جەنگەڵی گرگ- یان بڕیوەتەوە. لەبەرئەمە هەرکە درەختەکەیان بڕیەوە، یەکسەر بردیان تا کەس نەیبینێ. ئارۆزکۆل بە پاژنەی چەمکەکانی لە کەفەڵی ئەسپەکەی دەژەنی، بە قامچیان سەرو کەللەو گیانی ئەسپەکەی دابووە بەرێ، جوێنی سووکی دەدا، بەسەر پیرەمێردەکەدا دەینەڕاند، دەتگوت ئەم هەموو ڕووداوە ناخۆشە گوناهی مەئموونی پیر بوون، بەڵام دارەکە نەدەهاتە دەرەوە، بەپێچەوانەوە لەناو بەردەکان دەچەقی. سەرەنجام کاسەی سەبری پیرەمێردەکە پڕ بوو. مەئموون بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆیدا بەوپەڕی تورەیی و غەزەبەوە هاواری کرد:

- دابەزە لە ئەسپەکە!

زۆر بە ورەوە لە ئارۆزکۆل نزیکبۆوەو هەر لەگەڵ ئەوەی لەسەر زینەکەی دەهێنا خوارەوە پێی گوت:

- مەگەر نابینی ئەسپەکە ناتوانێ رایکێشێ؟! دابەزە خوارەوە دەی!

ئارۆزکۆل کپ و بێدەنگ بوو یەکسەر ملکەچی داواکاریەکەی بوو. بە چەکمەوە لەسەر ئەسپەکەوە خۆی فڕێدا ناو ئاوەکەوە. لەم کاتەدا دەتگوت خۆی لەدەستداوە، کەڕ بوو و توانای خۆی لەدەست دا. مەئموون قیژاندی

- وەرە دەی! فشار بێنە! دەی وەرە پێکەوە!

مەئموون فەرمانی دەداو هەردووکیان بە دارەکانیان فشاریان دەهێنا، سنەوبەرەکەیان لە شوێنی خۆی کەمێك بەرزدەکردەوە تا کەمێ لەناو بەردەکان بێتە دەرەوە.

ئای کە ئەسپ چ ئاژەڵێکی بەهۆشە! هەر لەم وەختەشدا ئەسپەکە تەکانێکی بۆ پێشەوە داو لە حاڵێکدا یەك بە خۆی دەپیرماندو چوارپەلی لەسەر بەردەکان دەخزی، ماڵبەندەکەی X11 بۆ کەنار ڕاکێشا، بەڵام سنەوبەرەکە کەمێك لە جێی خۆی تەکانی خوارد، خزی و دووبارە گیربۆوە. ئەسپەکە حەمبازێکی دیکەی دا، بەڵام نەیتوانی خۆی لەسەر پەلان ڕاکرێ، شلّپ بەربۆوە ناو ئاوەکە، ماڵبەندەکەی لە دەست و پێی ئالا، لە هەوڵ و تەقەللای خۆیدا بوو.

مەئموون ئارۆزکۆلی هەڵدا ئەولاو گوتی:

- ئەسپەکە، دەی خێرا ئەسپەکە بەرزکەوە!

- ئەوان هەردووکیان زۆر بەزەحمەت توانیان کۆمەکی ئەسپەکە بکەن تا ڕاستبێتەوە سەر چوارپەلانی و بەستەزمانە لەسەرمان هەڵدەلەرزی، بەزەحمەت لەناو ئاوەکە وەستا بوو.

مەئموون هاواری کرد:

- ئەسپەکە بکەوە!

- بۆچی؟

- پێتدەڵێم ئەسپەکە بکەوە! پاشدان دەیبەستیەوە. ماڵبەندەکان بکەوە. دیسان ئارۆزکۆل بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی کرد. کە ئەسپەکەیان کردەوە، مەئموون جڵەوی گرت و گوتی:

- ئێستا با بڕۆین. لەدواییدا دەگەڕێینەوە. وازبێنە با ئەسپەکە کەمێ بحەسێتەوە.

ئارۆزکۆل جڵەوی ئەسپەکەی لە دەست مەئموون ڕاپسکاندو گوتی:

- ڕاوەستە با بزانین!- ئەو دەتگوت لە خەو خەبەری بۆتەوە، وەك بڵێی لەپڕ بە خۆی هاتۆتەوەو هاتەوە سەر باری هەمان مرۆڤی جاران. تۆ کڵاو لەسەری کێ دەنێی؟ ناهێڵم بەهیچ لایەکدا بڕۆی، هەر ئێستا درەختەکە دەبەین. شەو دێن دەیبەن. بەبێ قسە ئەسپەکە ئامادەکەوە، گوێت لێیە؟!

مەئموون بێدەنگ و ئارام گەڕاوە، لە حاڵێکدا بوو لەسەر پێیە تەزیوەکانی خۆی ڕانەدەگرت، چووە کەناری ئەوبەرەوە.

- ها پیرەمێرد، بۆ کوێ دەچی؟ پێتدەڵێم بۆ کوێ دەچی؟

- بۆ کوێ؟ بۆ کوێ؟ دەچمە قوتابخانە. نەوەکەم لە نیوەڕۆوە تا ئێستا هەر چاوەڕوانە.

- پێتدەڵێم بێ چەندوچوون بگەڕێوە!

- پیرەمێرد گوێی نەدایە. ئارۆزکۆل ئەسپەکەی لە ناوەڕاستی ڕووبار بەرەڵڵا کردو بەدوای مەئموون کەوت و زۆر بەتوندی ڕووی مەئموونی بۆ لای خۆی وەرگێڕاوە.

ئەوان ئێستا ڕووبەڕووی یەك وەستابوون.

ئارۆزکۆل لەپڕێك چەکمە کۆنەکانی مەئموونی گرت کە مەئموون بەسەر شانیەوەی کردبوون و هەر بە چەکمەکان یەك دوو جاری لە سەرو گوێلاکی سرەواند. چەکمەکانی فرێدا دوور، بە دەنگێکی کەرخەوە هاواری کرد:

- بابڕۆین! بکەوە ڕێگا!

پیرەمێردە بەرەو چەکمەکان چوو، لەسەر چەوە تەڕەکە هەڵیگرتنەوە، کە کەمەری ڕاستکردەوە، لێوەکانی بە خوێندا هاتبوون، مەئموون خوێنەکەی تفاندەوەو گوتی:

— هەی کەم... هەی بێ شەرەف!

چەکمەکانی لەسەر شانی داناوە. مەئموونی زرنگ لە ژیانی خۆی ئەم قسەی بە کەسێك نەگوتبوو، بەڵام ئەوا کردی، ئەم قسە پیرەمێردێکی بێچارە کردی کە لەسەرمان شین‌و مۆر هەڵگەڕابوو، چەکمە کۆنەکانی لەسەر شانیەوە ئاوێزان کردبوو. پەڵەی سووری بچکۆلە بچکۆلەی خوێن بەسەر لێوەکانیەوە دیار بوون.

ئارۆزکۆل ئەوی بەدوای خۆیدا پەلکێش کردو گوتی:

- با بڕۆین!

بەڵام مەئموون بەزۆر خۆی لە دەستی ئەو ڕزگار کردو بەبێ ئەوەی ئاوڕی دوای خۆی بداتەوەو قسەیەك بکا، دوورکەوتەوە. ئارۆزکۆل لەدواوەی ئەوەوە دەستی ڕادەوەشاند، هاواری کرد.

- هەی پیری ئەحمەق، ئێستا ئیدی حسێبی خۆت بزانە، سزای ئەم کارەت لەناو لەپ دەنێم!

پیرەمێردەکە ئاوڕی نەدایەوە. کە گەیشتە کۆرە ڕێگاکە، کەمێ لە ڕۆخ "وشتری نووستوو"دا دانیشت، چەکمەکانی کردەوە پای و بەخێرایی بەرەو ماڵ ملی ڕێگای گرت. بەبێ ئەوەی خۆی بوەخرێنی، یەکسەر ڕووی لە تەویلە کرد. ئەسپێکی بۆری کە ناوی (ئالاباش) بوو، هێنا دەرەوە. ئالاباش ئەسپی تایبەتی ئارۆزکۆل خۆی بوو، کە کەس بۆی نەبوو پەنجەی بۆ ببا، یان سواری بێ. هەرگیز گالیسکەی لێنابەستن تا لەش و لاری تێکنەچێ. مەئموون خۆی فرێدا سەرپشتی ڕووتی ئەسپەکە و بەتاو لە حەوشەکە وەدەرکەوت. کاتێ کە بە بەر

پەنجەرەکان و تەنیشت سەماوەرەکە کە تائێستا دووکەڵی لێهەڵدەستا، ڕەت دەبوو، ژنان بە پیرەژنەکەی مەئموونیشەوە، بەگی کچی و گوڵ جەمال- لە ماڵ دەرپەڕین و تێگەیشتن کە پیرەمێردە شتێکی لێقەوماوە.

مەئموون قەت سواری ئالاباش نەدەبوو، هەرگیز ئەوها بە شۆکی و پەل پەل لە حەوشەوە ئەسپی تاو نەدەدا. هێشتا ئەوان نەیاندەزانی ئەم کارە کاری یاخیبوونی مەئموونی زرنگ بوو، هێشتاش لەوە نەدەگەیشتن ئەم کارەی مەئموون بە چ نرخێك تەواو دەبێ. بەڵام ئارۆزکۆل جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو و هەر بە پێیان لە تەنکاوەکە بەرەو ماڵ دەهاتەوە. بە پەلێکی ئەسپەکە کەمێك دەلەنگی. ژنەکان مۆری بێدەنگیان لە دەمی خۆیان دابوو و تەماشایان دەکرد کە ئارۆزکۆل چۆن بەرەو ماڵ دەبێتەوە. هێشتا نەیاندەزانی چی لە دەروونی ئارۆزکۆلدایە!

چ فەلاکەت و چ ترس و وەحشەتێکیان بە دیاری بۆ دەهێنی...

ئەو بە چەکمەو شەلواری تەڕەوە بە هەنگاوی گران و لەسەرخۆ لە ژنەکان نزیك بۆوە، بە تووڕەیی و لەژێر چاوانەوە سەیرێکی کردن. بەگی هاوسەری ئارۆزکۆل ناڕەحەت بوو گوتی:

- ئارۆزکۆل- چیتە؟ چی بووە؟ تۆ سەراپات شڵپەی لێوەدێ.

درەختەکە ئاو بردی؟

ئارۆزکۆل بە توڕەیی و بێ بایەخیەوە دەستی ڕاتەکاندو گوتی:

- نا!

پاشدان جڵەوی ئەسپەکەی دا دەست گوڵ جەمال و فەرمانی دا:

- وەرە، ئەسپەکە ببە ئاخوڕ. خۆشی بەرەو لای دەرگا ڕۆیشت و بە ژنەکەی گوت:

- با بچینەوە ماڵ!
نەنەش دەیویست لەگەڵیانـدا بڕواتـە ژوورەوە، بـەڵام ئـارۆزکۆل ڕێگـای پێنـەداو گوتی:
- تۆ برۆ، پیرەژن، تۆ لێرە کارێکت نیە، بـڕۆ مـاڵی خـۆت و ئیـدی نەیـەوە ئێرە.
نەنە تووڕە بوو گوتی:
- چ دەڵێی؟ ئەمە مانـای چییە؟ ئـەدی پیرەمێردەکـەی ئێمـە چـۆنە؟ چـی ڕوویداوە؟
ئارۆزکۆل وەڵامی داوە:
- لە خۆتان بپرسە.
کـە ئـەوان چـوونەوە ناومـاڵ بـەگی جلوبەرگـە تەڕەکـەی مێردەکـەی لەبـەر داکەندو کەولێکی دایەو خۆی پێداپۆشـێ. سـەماوەری هێنـاو ویـستی چـای بـۆ تێکا. ئارۆزکۆل ئاماژەی بۆ کردو گوتی:
- پێویست ناکا. کەمێ مەشروبم بۆ بێنە بخۆمەوە.
ژنەکەش شووشە سـەر مۆرەکـەی دەسـتدایەو نـەختێکی بـۆ لـە ئیـستیکان کرد. ئارۆزکۆل بە سپاسالارانە گوتی:
- پڕی کە!
پاشدان ئیستیکانەکەی یەکبین بەسەردا کرد، کەولەکەی لە خـۆی وەرپێـچا، لەسەر لبادەکە ڕاکشاو بە ژنەکەی گوت:
- تۆ ژنی من نیت، منیش مێردی تۆ نیم. برۆ، برۆ دەی ئیدی پێ نەهاویـە ناو ئەم ماڵەوە. تا درەنگ دانەهاتووە، دەی برۆ!

بەگی ئاهێکی هەڵکێشا، لەسەر تەختە خەوەکە دانیشت، وەك هەمیشە، فرمێسکەکانی شاردەوەو گوتی:

- دیسان؟

ئارۆزکۆل نەڕاندی:

- چی، دیسانەوە؟ بڕۆ گووم بە لەبەرچاوم!

بەگی لە ماڵ چووە دەرو، ناڵەیەکی ئەوها پڕ لە کزەی جگەری هەڵکێشا و گوتی:

— ئاخر منی بێچارە و بەختڕەش بۆ هاتمە دنیاوە، بۆ.. بۆ؟!

بەڵام لەم کاتەدا مەئموونی پیر لەم کاتەدا بە سواری ئالاباش بەرەو نەوەکەی خۆی دەفڕی. ئالاباش ئەسپێکی بەغار بوو. لەبەرئەوەی مەئموون دوو سەعات و نەختێ دواکەتبوو لە ڕێگا تووشی نەوەکەی بوو. خانمی مامۆستا خۆی کوڕیژگەکەی دەبردەوە ماڵ. هەر ئەو مامۆستا خانمە بە دەستی زبرو قەڵشتی و بەهەمان پاڵتۆی کۆنەوە کە پێنج ساڵی بەردەوام بوو دەیپۆشی.

ماندوو کفت و گرژ دەهاتە بەرچاوان، بەڵام منداڵە لەبەرئەوەی هێندە گریابوو.. چاوەکانی هەڵژەپەتا بوون بە جانتاکەی خۆیەوە لە تەنیشت مامۆستاوە هەنگاوی دەنا، قیافەی عێدزو خەماوی لەخۆ گرتبوو، خانمی مامۆستا زۆر سەرزەنشتی مەئموونی کرد. مەئموون لە ئەسپەکەی دابەزی و سەری لەبەر خۆی ناو لەبەردەمیدا وەستابوو. خانمی مامۆستا گوتی:

- ئەگەر ناتانەوێ لە کاتی خۆیدا کوڕیژگەکە لە قوتابخانە ببەنەوە، ئیدی مەیهێننە قوتابخانە. بە ئومێدی من مەبن، من خۆم چوار منداڵم هەیە.

مەئموون دیسانەوە داوای لێبوردنی کرد، دیسانەوە گفتی پێدا ئەم جۆرە کارە جارێکی دیکە ڕوونەداتەوە.

مامۆستاکە بەرەو "جەلسای" گەڕاوەو بابە مەئموون و منداڵەکەش بەرەو ماڵەکەی خۆیان.

منداڵەکە لەگەڵ باپیرەیدا سواری ئەسپ ببوو، متەقی نەدەکرد، پیرەمێردەش نەیدەزانی چی پێ بڵێ. سەرەنجام پرسی:

- زۆرت برسییە؟

نەوەکەی وەرامی داوە:

- نەخێر، خانمی مامۆستا نانی دامێ.

- ئەدی بۆچی قسەیەك ناکەی؟

منداڵەکە وەرامی ئەو پرسیارەی مەئموونی نەداوە.

مەئموون زەردەخەنەیەکی خواهیشتکردانەی گرت و گوتی:

- زۆر زوو دەرەنجێی کڵاوەکەی لە سەری منداڵەکە هەڵگرت، سەری ماچ کردو کڵاوەکەی لەسەر سەری داناوە.

منداڵەکە تەماشای مەئموونی نەکرد.

ئەوان غەمبار و بێدەنگ کەوتنە ڕێگای خۆیان. مەئموون جڵەوەکەی ڕادەکێشاو نەیدەهێشت ئالاباش خێرا بڕوا، چونکە نەیدەویست منداڵەکە لەسەر ئەسپە ڕووت و بێ زینەکە تەکان بخوات، وەك بڵێی ئێستا پەلەپەلکردن هیچ پێویستیەکی نەدەکرد. ئەسپەکە زوو تێگەیشت چیان لێی دەوێ، بە ڕێکی و ئارامی ڕێی دەکرد، دەیپڕماند، سمەکانی بە زەویدا دەکێشا. وا باشترە مرۆڤ خۆی تەنیا سواری ئەسپی وابێ و تێی هەڵگا لە گۆرانی و دیلانە کاتێ کە مرۆڤ بە تەنیا دەمێنێتەوە، بە یادی یادگارییە زۆرەکانی گۆرانی دەڵێ. بە یادی ئەو حەزانەی نەهاتوونەتە دی، بە یادی ساڵانێکی ڕابردوو، بە یادی ساڵانێك کە عەشقی لێدەشنایەوە. مرۆڤ حەز دەکا بە یادی ڕۆژانێك کە

شتانێکی لێ بە یادگار ماوەتەوە دەستی پێیان ناگاتەوە، ئاخ و ئۆف هەڵکێشێ. بەڵام مرۆڤ خۆیشی نازانێ چی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناوە ناوە و وەخت و ناوەخت حەز دەکا بیریان لێبکاتەوە. حەز دەکا بیر لە خۆی بکاتەوە و هەست بە خۆی بکا.

ئەسپی باش و خۆشڕۆهاو سەفەری باشە.

مەئموون تەماشای پشتە سەری تاشراوی منداڵەکەو گەردنی باریك و گوێیە گەورەکانی دەکردو بیری دەکردەوە کە لە سەرتاپا ژیانە ناسەرکەوتووەکەی، تێکڕای کارو زەحمەتێکی ئەو کێشاویەتی، لە هەموو پەشۆکی و خەم و پەژارەیەکی، ئێستا تەنیا ئەو منداڵەی بۆ ماوەتەوە کە ئەویش لاوازو بێ بڕشت و داروبارە. کاشکێ بابە گەورە ئەوەندە بمێنێ کە منداڵەکە گەورە بێ و لەسەر قاچی خۆی بوەستێ. ئەگەر تەنیا بمێنێتەوە، زۆر سەختی لێدەگوزەرێ. هێشتاش بۆنی شیری خاوی لە دەم دێ، چونکە مرۆڤی وەك ئارۆزکۆل چاویان بەو هەڵنایە وەك گورگێك گوزەنە کێویەکی گرتبێ، بە ئەشکەنجەو ئازار دەیکوژێ.

لەم کاتەدا مەئموون کەوتەوە یادی گوزەنە کێویەکان کە چەند سەعاتێك پێش ئێستا وەك سێبەر تیژ بە بەردەمیدا تێپەڕیبوون کە ببوونە هۆی ئەوپەڕی شادی و سەرسوڕمانی ئەو.

بابە گەورە گوتی:

- بابەکەی بابم دەزانی؟ گوزەنە کێوییەکان هاتوونەتەوە ئەم ناوە. منداڵەکە بە شاگەشکەیی و ئەوپەڕی زەوقەوە سەری سوڕاندو گوتی:

- بەڕاستە؟!

- بەڵێ ڕۆڵە گیان خۆم بە چاوی خۆم دیتم. سێ دانە بوون.

- لەکوێوە هاتن؟

- گومان دەکەم لەو ملە شاخانەی ئەوبەرەوە هاتبێتن. ئەوێ پێی دەڵێن جەنگەڵی گرگ. پاییزی ئیمساڵ وەك زستانە. گەردنەی چیا کراوەیە. لەبەرئەمەیە گوزەنە کێوی هاتوونەتە ئەم ناوە.

- لێرە لە لامان دەمێننەوە؟

- ئەگەر لێیان خۆش بێ، دەمێننەوە. ئەگەر کاری بەسەریانەوە نەبێ و تخونیان نەکەوێ، دەمێننەوە. لێرە ئەوەندەی لەوەڕ هەیە کە بەشی هەزار سەر کێویش دەکا... سەردەمی زوو، گوزەنە کێوی- دایکە شاخدار، مێروموور بە هەموو جێگایەکدا بڵاو ببوونەوە... پیرەمێردە هەستی کرد منداڵەکە بە بیستنی ئەم قسانە شاگەشکە بوو و عێدزییەکەی لەبیرچۆوە. لەبەرئەمە سەرلەنوێ کەوتەوە گێڕانەوەی داستانی زەمانی زووی گوزەن و دایکە کێویە شاخدارەکان. خۆشی کەوتە ژێر ڕکێفی داستانەکەو بە خۆی گوت: بە چ سادەیی و ئاسانیەك دەکرێ خۆشبەخت بیت و خۆشبەختی خەڵکی دیکەش فەراهەم بکرێ.

کاشکێ دەکرا هەمیشە بەمجۆرە، وەك ئەم چرکەساتەمان، وەك ئەم سەعاتەمان بژیابایین! بەڵام ژیان بێبارە، هەمیشە بەدبەختی، بۆ خۆشبەختی لە بۆسەدایە، بە ژیانەوە دەدا و گیان و دڵ وەڕز دەکا، لە ئەزەلەوە هەتاهەتایە بەدوات دەکەوێ. تاوەکو لەم کاتەشدا کە ئەوان زۆر دڵخۆش بوون، پەشێوی و نیگەرانیش لەگەڵ خۆشی و شادییەکەیاندا هێلانەی لەناو دڵی پیرەمێردەدا کردبوو: ئارۆزکۆل چ خەوێکی پێوە دیتوە، چ بەسەر پیرەمێردا دەهێنێ، ئەو کە سەرپێچی فەرمانی ئارۆزکۆلی کردبوو، چ سزاو جەزرەبەیەکی بۆ پیرەمێردە

لەبەرچاو گرتبوو؟ ئارۆزکۆل کەسێکی وا نییە لە سەرپێچییەکەی ببورێ. ئەگەر وازی لێهێنابا، دیارە ئارۆزکۆل نەبووە.

مەئموون بۆئەوەی ئەو بەدبەختییەی چاوەڕێی ئەوو کچەکەی بوو، لەیاد بکات، لەبارەی گوزەنان، لە نەجیبی و جوانی و بەغاری ئەم گیانلەبەرانە کەوتە داستان گێڕانەوە بۆ نەوەکەی، زۆری داستان و سەربردە بۆ نەوەکەی گێڕاوە بە دڵێکی ئەوەندە پڕ لە سوێوە ئەوەندەی بە سۆزو پڕ لە کەف و کوڵەوە دەیگێڕایەوە، دەتگوت دەیتوانی بەم قسانە جڵەوگیری لە ڕووداوێك بکا کە مەحاڵ بوو ڕوونەدا.

بەڵام منداڵەکە نەیدەزانی لە ماڵەوە چی بەسەر دێ، لەناو شادی و لەزەتی خۆیدا نقوم ببوو، چاوەکانی دەدرەوشانەوەو گوێیەکانی داغ ببوون، بە خۆی دەگوت: چۆن بە چ شێوەیەك، بە ڕاستی گوزەنەکان گەڕاونەتەوە؟ کەواتە ئەم داستانە ڕاستە! بابە گەورە دەیگوت کە گوزەن- دایکە شاخدار- لەو تاوانانە خۆشبووە کە هەندێ کەس لەگەڵیاندا کردوون و ماوەی بە نەوەو بەچکەکانی داوە کە بێنەوە ناو چیاو کێو و بەندەنەکانی- ئیسیك کول-.

بابە گەورە دەیگوت ئێستا سیانیان هاتوون تا بزانن و ببینن ئێرە چۆنە، ئەگەر بەدڵیان بوو، ئەوا هەموو گوزەنەکان بۆ وڵاتی خۆیان دێنەوە.

منداڵەکە قسەی مەئموونی بڕی و گوتی:

- بابە، تۆ بڵێی دایکە گوزەن- دایکە شاخدار خۆی هاتبێتەوە؟ باری ئێرە چۆنە، پاشدان بەچکەکان دەنگدا، ها؟

مەئموون بە گومان و دوودڵییەوە گوتی:

— ڕەنگە... و زمانی گیرا. پیرەمێرد ناڕەحەت بوو، بیری کردەوە: ئایا زیادەڕەوی نەکردووە، ئایا کوڕیژگەکە زیاد لە پێویست باوەڕی بە

قسەکانی نەکردووە؟ بەڵام بابە مەئموون هەوڵی نەدا تۆوی بێباوەڕی لە دڵی نەوەکەی خۆیدا بچێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا کە ئێستا درەنگ بوو، لەبەرئەمە بوو پیرەمێردە شانەکانی بەرزکردەوەو گوتی:

- کێ دەزانێ. ڕەنگە، ڕەنگە خودی دایکە گوزەنی شاخدار هاتبێ، کێ دەزانێ...

منداڵەکە گوتی:

- ئێمە دەزانین. بابە، با بچینە ئەو شوێنەی تۆ کێویەکانت لێ دیت، منیش دەمەوێ بیانبینم.

- ئاخر ئەوانە لە شوێنێکدا ناگیرسێنەوە.

- شوێن پێیان هەڵدەگرین، شوێن پێیان هەڵدەگرین و ئەوەندە دەڕۆین تا دەیانبینین، هەرکە دیتمانن، دەگەڕێینەوە. ئەوساکە ئەوان بیردەکەنەوەو مرۆڤ ڕاوو دەستکاریان ناکەن.

مەئموون پێکەنی و گوتی:

- تۆ منداڵی. ئێستا دەچینەوە ماڵ، پاشدان با بزانین چۆن دەبێ.

- ئەوان لە کوێرە ڕێیەکەی پشت ماڵان لە بنکەی پاسەوانی دارستان نزیک دەبوونەوە. ماڵ لە دواوە سەیری کەی وەك سەیرکردنی مرۆڤە لە دواوە لە پشتی هەر سێ خانوودا هیچ نیشانەیەکی ئەوە دیار نەبوو. کەچی لەناو ماڵەکاندا ڕوو دەدا، حەوشەش چۆل و خامۆش بوو. مەئموون پێشبینی کرد شتێکی ناخۆش ڕوویدابێ. دەکرا چی ڕوویدا؟ ئارۆزکۆل دارکاری کچە بەدبەخت و چارەڕەشەکەی کردبوو؟ خواردبوویەوەو مەست ببوو؟ دەبێ چی دیکە هەبێ ڕوویدا؟ بۆچی ئەو بێدەنگیە مەرگباره باڵی بەسەر ئەویدا کێشا بوو، بۆچی لەم ساتەدا کەس لە حەوشەکە نەبوو؟ مەئموون بیری کردەوە: "ئەگەر ڕووداوێکی

خراپ ڕووینەدابێ، دەبێ بچێ ئەو قەدە سنەوبەرە نەحلەتیە لە ڕووبارەکە دەربێنێ. گوو بە گۆڕی بابی ئارۆزکۆل، باشترە قاپت لە قاپی ئەو نەئالێ. باشتر وایە هەر کارێکی ئەو دەیەوێ، بیکەی و هەقت بەسەر هیچی دیکەوە نەبێ. ئاخر ناتوانێ بۆ کەر بسەلمێنی کە کەرە" .

مەئموون چووە بەردەمی ئاخوڕو تەویلە و لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا پەشێوی و نیگەرانیەکەی بشارێتەوە. وەك لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتبن، بە نەوەکەی گوت:

- دابەزە! وا بە خێرو سلامەت گەیشتین.

بەڵام کە منداڵەکە ویستی بە خۆی و جانتایەکەیەوە بەرەوماڵەوە بچێ، بابە مەئموون پێی گوت:

- ڕاوەستە! پێکەوە دەڕۆین.

مەئموون ئالاباشی بردەوە تەویلەکە، گەڕاوەو دەستی منداڵەکەی گرت، بەرەو ماڵ بۆوەو بە نەوەکەی گوت:

- ئاگادار بە، ئەگەر لەگەڵم بەشەڕ هاتن، تۆ مەترسە، ئەسڵەن هەر گوێشت لەو قسانە نەبێ.

ئەم شتانە پەیوەندیان بە تۆوە نیە. تۆ تەنیا ئەوەت لەسەرە بچیتە قوتابخانەو بەس.

هیچ شتێك ڕووینەدا. کە گەیشتنەوە ناوماڵ، تەنیا نەنە نیگایەکی دووردرێژی سەرزەنشتئامێزی مەئموونی کرد. قەپۆزی پێکدا دابوو، سەرلەنوێ سەرقاڵی دەرزی و دوورمانی خۆی بۆوە.

بابـە گـەورەش هیـچی بـە نەنـە نـەگوت. بـە سەروسـەکوتێکی نـاخۆش و نیگـەران ماوەیـەك لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا وەسـتا، کاسـەیەکی گـەورەی دەستدایەو پڕی لەو چێشتی هەرشـتە کـرد کـە لەسـەر زۆپاکـە دانـدرابوو، دوو کەوچك و قەیاسێك نانی هەڵگرت و لەگـەڵ نەوەکـەی دانیـشتن خـەریکی نـانی نیوەڕۆ بوون، کە دەمێك بوو وەختی ئەم نانخواردنە بەسەر چووبوو.

ئەوان بە کڕی و بەبێ ورتە فراوینیان دەخـوارد، بـەڵام نەنـە هـەر تەماشـای لای ئەوانیـشی نـەکرد. ڕق و تـوڕەیی بەسـەر دەموچـاوە لۆچـاویە شـل بـۆوەو تێکقوپاوو ڕەنگ قاوەییەکەی نەنە نەخشی بەستبوو. منداڵەکە پـەی بـەوە بـرد کە ڕووداوێکـی زۆرخـراپ ڕوویـداوە. و بـەڵام پـیرەژن و پیرەمێـردە گـەلاقوپیان لێکردبوو.

منداڵەکە ئەوەنـدە گەشـکەو نیگـەرانی دایگرتبـوو خۆراکەکـەی لـە گـەروو نەدەچووە خـوار، ئـەو بـیری دەکـردەوە: مـرۆڤ لەسـەر نـان بێـدەنگ دەبـێ بـیرو خەیاڵی شووم و گوماناوی بە مێشکدا رادەبورێ، زۆر خراپە، لەوە خـراپتر. ئـەو لە دڵی خۆیدا بە جانتاکەی گوت: "ڕەنگە ئێمە گوناهبـار بـین؟" جانتـا لەسـەر دەلاقەی پەنجەرە کەوتبوو، دڵی منداڵەکە لەناو دنیـای خەیاڵـدا لـەناو ژوورەکـە خلۆر بۆوە، بە تاقەکـە هەڵگـەڕاو چـووە نـاو پەنـچەرەکەو خـۆی بـە جانتاکـەوە چەسپاندو لەسەر خۆ گوتی:

- تۆ شتێك نازانی؟ بۆچی بابە گەورە دڵـی ئەوەنـدە تەنگـە؟ چ گونـاهێکی کردووە؟ بۆچی ئیمڕۆ بە درەنگەوە هات، بۆ بە سواری ئالابـاش هـات، ئـەویش بەبێ زین بوو؟ ئەو قەت کاری وای نەکردبوو. ڕەنگە ئەو گوزەنـەکانی دیتبـێ و لەبەرئەمە دواکەوتبێ؟ ناکا هەر لە بنج و بنەوانەوە گوزەن هەر نەبێ؟ ناکا ئـەم قسانە هەمووی درۆ بن؟ ئەگەر درۆ بن چی دەبێ؟ بۆ بابـە گـەورە ئـەم قـسانەی

کرد؟ ئەگەر بابە گەورە ئێمەی خەڵەتاندبێ، دایکە شاخدار- مێیە گوزەن بە تەواوی دەرەنجێ.." .

هەرکە نانەکەیان خواردن بابە مەئموون لەسەرخۆ بە کوریژگەکەی گوت:

- تۆ بچۆوە حەوشە، کارێکم پێت هەیە. دەبێ یارمەتیم دەی، مـن ئێستا دێم.

منداڵەکە گوێرایەڵی کردو ڕۆیشت، هەرکە دەرگاکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، دەنگی نەنە بەرزبۆوە:

- بۆ کوێ دەچی؟

مەئموون وەڵامی داوە:

- دەچم دارسنەوبەرەکە لە ڕووبار بێنمە دەر. لە ناوەڕاستی ڕووبارەکە چەقیوە.

نەنە زریکاندی:

- ئێستا چ چەپکە گوڵێکت بە ئاودا داوە؟! بڕۆ بنۆڕە کچەکەت! گوڵ جەمال بردیە ماڵی خۆیان. ئێستا ئیدی کێ ئەو کچە نەزۆکەی تۆی پێویست دەبێ! بڕۆ با خۆی پێت بڵێ و بۆت بگێڕێتەوە. پیاوەکەی وەك سەگ بەرەڵای کردووەو لە ماڵ وەدەری ناوە.

مەئموون بە دەنگێکی خەماوییەوە گوتی:

- ئینجا چیە- دەری کردووە با دەری کا!

- ئاخر پیرەمێرد، تۆ کێی؟ کچەکانت هەریەکەی بەلایەك گومڕا بوون، ئێستا لەسەر ئەو بیرو خەیاڵەی نەوەکەت بگەیەنیە قوتابخانەو دەرس بخوێنێ و ببێتە سەرۆك؟ کەرەمەمرە بەهارە- کورتانت بۆ دێ لە شارە! ئەو فسکلە ئەوە دەهێنێ تۆ خۆتی بۆ بخەیە دەردەسەرییەوە!؟ ئێستا ئەوە کەمە، سواری

ئالاباش بووی و بەتاو ڕۆیشتی! لێتان دەوەشێتەوە! تۆ دەبێ بزانی کێی، دەبێ تێبگەی لەگەڵ کێدا پێی لێهەڵدەبڕی!.. وەك مێرووڵە لەژێر پێیەکانیدا پانت دەکاتەوە. لەکەیەوە تۆ هێندە ئازا بووی یەك و دوو لەگەڵ خەڵکی پێدا بچیێ! لەکەیەوە هێندە قارەمان بووی؟ ئاگادار بە نەخڵەتابی کچەکەت بێنیە ئێرە- ڕێگا نادەم پێی لەم دەرگایە بهاوێتە ژووریێ...

کوریژگەکە داماوو خەمبار لە حەوشە دەهات و دەچوو، دەنگەدەنگی نەنە دەهاتە گوێ، پاشدان دەرگاکە کراوەو مەئموون لەوان دەرپەڕی و بەرەو ماڵی سەیدەحمەد ملی نا. بەڵام گوڵ جەمال لەبەردەرگا ڕێگەی لێگرت و گوتی:

— لەم دەمە مەیە ژوورەوە، وا باشترە لەدواییدا بێی.

مەئموون بە پەشۆکاوییەوە وەستا. گوڵ جەمال بە نەرمی گوتی:

- سەری لە گریان ناوە، مێردەی لێی داوە. دەڵێ چیدیکە ئەوان پێکەوە ناژین. نەفرەت لە تۆ دەکاو دەڵێ هەمووی گوناهی باوکمە.

مەئموون مات ببوو. چی گوتبا؟ ئێستا کچەکەیشی نەیدەویست بیبینێ.

گوڵ جەمال لەسەرخۆ گوتی:

- هێشتاش ئارۆزکۆل لە ماڵەوە هەر خەریکی خواردنەوەیە. وەك ئاژەڵ و دڕندانی لێهاتووە.

ئەوان کەوتنە بیرکردنەوە. گوڵ جەمال لەرووی هاودەردی و هاوخەمییەوە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- خۆزگە سەیدەحمەدەکەی ئێمە کەمێ زووتر دەهاتەوە. دەبێ ئیمڕۆ بێتەوە. ئەم دارسنەوبەرەتان پێکەوە دەهێنا، هەر لانی کەم سەرتان لەم کارە سووك دەبوو.

مەئموون سەری باداو گوتی:

- مەگەر دەردی ئێمە ئەم دارسنەوبەرەیە؟

پاشدان کەوتە ناو دالغەو بیرکردنەوان، مندالەکەی لە ڕۆخ خۆیدا دیت و پێی گوت:

- تۆ برۆ یاری بکە.

مندالەکە لەوێ دوورکەوتەوە، چووە کادینەکەوە، دووربینەکەی لەوێدا شاردبۆوە، دەستدایە، تۆزەکەی لێداتەکان و بە ئاوازێکی خەم ئەنگێزەوە بە دووربینەکەی گوت: "کاروبارەکەمان باش نیە. وا دیارە من و جانتاکەم گوناهکارین. ئەگەر لە جێگایەکدا قوتابخانەیەکی دیکە دەبوو، من و جانتا دەچووین و لەوێ دەرسمان دەخوێند، تا کەس پێنەزانی ئێمە لەکوێین، بەلام تەنیا بەزەییم بە حالی بابە گەورەدا دێتەوە، بەدوامانەدا دەگەرا.

- لەو باوەڕەدای نەبم بە ماسی؟ دەبینی. مەلە دەکەم و بەرەو کەشتیی سپی دەچم.

مندالەکە لە پشت خەرمان و کۆمەلە پوشەکان ون بوو و بە دووربین کەوتە تەماشای ئەم لاو ئەولا. بەلام ماوەیەکی کەم بە خەمباریەوە تەماشای دەکرد. ئەگەر کاتێکی دیکە بووایە، لە چێژی ئەم سەیرو تەماشایە تێر نەدەبوو- کێوە پایزییەکانی پۆشراو بە جەنگەل و لێرەواری پاییزی سەریان بۆ کەشکەلانی فەلەك بردبوو. لە سەرەوە بەفری سپی و لە دامێن گەلاو پەلکی سووری وەك پشکۆ ئاگر دەدرەوشانەوە.

مندالەکە دووربینەکەی لە جێگای خۆی داناوە. لە کادینەکە وەدەرکەوت و دیتی بابە گەورە ئەسپەکەی بە قایش و قروش و زین و بەرگەوە لە حەوشە دەبردە دەرەوە. تا بچێتە لای تەنکاوی ڕووبارەکە. مندالەکە ویستی بەرەو بابە

گەورەی ڕابکا، بەڵام دەنگی نەڕەی ئارۆزکۆل لە شوێن خۆی جفتی کرد. ئارۆزکۆل کە تەنیا ژێرکراسی لەبەردا بوو کەوڵەکەی لەسەر شانی دانابوو، لە ماڵ دەرپەڕی، وەك سلقە سوور سوور هەڵگەڕا بوو، بە دەنگی پڕ لە گەف و هەڕەشەوە بەسەر مەئموونندا هاواری کرد:

– هێی ی! ئەو ئەسپە بەرەو کوێ دەبەی؟ بێ یەك و دوو بیبەوە جێگای خۆی! خۆمان دەری دەهێنین. دەستی بۆ مەبە! تۆ ئیدی لێرە کارێکت نیە. من تۆ لەم بنکەی دارستانە دەردەکەم. ڕێی خۆت بگرە، هەر جێگایەکی دەتەوێ بڕۆ.

بابە گەورە زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتە سەر لێوان، گەڕاوە کە ئەسپەکە بۆ تەویلە بباتەوە. ئەو لە هیکرا چۆوە بار خۆی، بەتەواوی پیر بوو و بچووك بۆوەو هێندەی چنگێکی لێهاتووە. دەرۆیشت، هەنگاوی بەسەر زەویدا دەناو تەماشای ئەم لاو ئەولای خۆی نەدەکرد.

منداڵەکە هێندەی دڵ بە بابە گەورە سووتا کە هەناسەی گیرا، کەوتە گریان بۆئەوەی کەس گریانەکەی نەبینێ، لە دەم ڕووبارەکە کەوتە ڕاکردن. بەرچاوی تاریك دادەهات، کوێرە ڕێگای بەری ناو ناوە ون دەبوو ناوناوە بەدیار دەکەوتەوە. منداڵ بە چاوی فرمێسکاویەوە رایدەکرد. بەردە ئازیزەکانی رۆخ ڕووبار تانگ" ، "گورگ" ، "زین" "وشتری نووستوو" لەبەرچاوەکانیدا بە دیارکەوتن. منداڵەکە هیچی پێنەگوتن، لەبەرئەوە بیری کردەوە کە ئەوان لە هیچ نەدەگەیشتن و بۆ خۆیان ڕاوەستابوون. ئەو شاخی "وشتری نووستو"ی لە باوەش گرت، خۆی بەسەر بەردە گرانیتە سوورەکەدا دا، هۆق هۆق دەمی لە گریان نا، ماوەیەکی باش بە کەف و کوڵەوە گریا، بەرەبەرە ئارام و ژێر بۆوە.

سەرەنجام سەری بڵند کرد، چاوەکانی سڕیەوە. سەیری پێشەوەی کردو وشك بوو.

ڕێك بەرانبەری ئەو، لە ڕۆخەکەی ئەوبەر، سێ گوزەنە کێوی لە دەم ئاوەکەدا وەستا بوون- گوزەنی بە ڕاستی، گوزەنی زیندوو، ئاویان دەخواردەوەو دەتگوت تێر ئاو بوون. یەکێکیان کە شاخی زۆر گەورەو گرانی هەبوو. دووبارە سەری نەوی کردەوەو بینی بە ئاوەکەوە نا، وەك چۆن لە ئاوێنە سەیری خۆی بکات، دەتگوت لەناو ئاوەکە تەماشای شاخەکانی خۆی دەکرد. ئەم گوزەنە بەهێزە سنگێکی پان و زەردباوی هەبوو. سەری بڵند کردو لەم لاو ئەولای شەویلاگی چەند تنۆکێ ئاو ڕژا. گوێ و شاخە گەورەکانی تەکان داو بەوردی چاوی لە منداڵەکە بڕی.

بەڵام گوزەنێکی نێرینەی سپی کە هەردوو لاتەنیشتی ئاوسابوون و شاخێکی باریك کە چەندان لقە شاخی دیکەی پێوە بوو، پتر لە هەمووان تەماشای منداڵەکەی دەکرد. ئەم گوزەنە وەك دایکە شاخدار بوو. چاوی گەورەو گەش و پڕ درەوشی هەبوو و خۆی بە ماینێکی ڕێك ئەندام دەزانی هەر ساڵەی جوانوویەکی دەهێنا. گوزەن- دایکە شاخدار بە لێوردبوونەوەو ئارامیەوە تەماشای کوڕێژگەکەی دەکرد، دەتگوت دەیویست بە بیری بێنێتەوە کە منداڵێکی وا سەرو کەللە پان و گوێ گەورەی لەکوێ دیوە. چاوەکانی لە دوورەوە دەدرەوشانەوەو ئاورینگیان دەهاویشت لە پەرەکانی لوت و قەپۆزی هەڵمێکی تەنکۆکە بە هەوادا بلاو دەبۆوە. جوانە گوزەنێکی کە هێشتا منداڵ بوو شاخی دەرنەکردبوو. لە تەك گوزەنە مێیەکەوە پشتی لە منداڵەکە بوو، ڕاوەستابوو و پەلك و گەڵای نەمامە دارانی دەخوارد، ئەم گوزەنە منداڵە قەڵەوو بەهێزو شادمان، هیچ خەم و خەیاڵێکی نەبوو، بیری لە هیچ

نـەدەكردەوە، لـەپڕ دەسـتی لـە لـەوەڕ وەسـتا، جووتكەیـەكی گورجوگـۆڵی تێهەڵتیزانـد، خـۆی بـە گوزەنـە مێیەكـەدا داو كەوتـە هەڵبـەزو دابـەزو بـە دەوروبەریـدا. بـە نـازو نـەوازش لـەش و سـەرە بـێ قـۆچ و شـاخەكەی بـە لاتەنیـشتەكانی دایكـە گـوزەنی شـاخداردا دەخـشاند، بـەڵام دایكـە شـاخدار هەروەك خۆی تەماشای منداڵەكەی دەكردو چاوی لیّ هەڵنەدەگرت.

منداڵەكـە بـەبێ هەسـت و خوسـت هەناسـەی خـۆی ڕاگرتبـوو، لـە پـشت بەردەكە هاتەدەرەوە دەتگوت خەونە، دەستی بۆ پێشەوە درێژ كـرد. بـەرەو ڕۆخ ڕووبارەكە چوو گوزەنەكان نەترسان و بـەبێ خۆشـێلووكردن و نیگـەرانی لـە ڕۆخ ڕووبارەكە تەماشای منداڵەكـەیان دەكـرد. ئـاوێكی سـازگارو ڕەنـگ سـەوز بـە خوڕو تەوژمەوە بەسەر بەردەكانی ناو ڕووباردا ڕەوان بوو، هەر ئەمـەش لـەنێوان گوزەن و منداڵەكەدا بوو، ئەوهای بە خەیاڵدا هات ئەگەر بێتـو ئـەم ڕووبارەیـان لەنێواندا نەبایە، منداڵەكە دەیتـوانی بەئاسـانی لـە گوزەنـەكان نێزیـك بێتـەوەو نەوازشیان بكا. گوزەنەكان لە چەوەلانێكی ڕاست و پـاك و خاوێنـدا وەسـتابوون و لە دواوەیاندا، كە چەوەلانەكە كۆتـایی دەهـات، درەختـی سـوورو ئەرخـەوانی جەنگەڵی پـایزی تایگـا، وەك دیـوارێكی لـە گـڕ دەدرەوشـاوە، لـە بـان ئـەوەوە خەرەندی گڵی و لەسەرووی ئەویـشەوە بێـشەی زێـرین و ئەرخـەوانی درەختـانی سەروسـنەوبەری تاریـك، سـەرووتر، جەنگـەڵی گـەورەو بـێ كۆتـایی و ئینجـا تاشەبەردی بە بەفر داپۆشراو پان ببوونەوە.

كوڕیژگە كە چـاوەكانی نوقانـدو سـەرلەنوێ كردنیـەوە. هـەر هـەمان دیمـەن لەبەرچاوی بوو. كەمێ لە پێـشتری پنـچك و بنـەدارە گـەلا سـوورەكان گوزەنـە ئەفسانەییەكان لەناو چەوەلانە پاك و شۆردراوەكە ڕاوەستابوون. لەپڕ گوزەنـەكان كشانەوە دواوەو بەدوای یەكدا بەناو چەوەلانەكەدا بەرەو دارستانەكە ملی ڕێیـان

گرت. گەورەکەیان لەپێشەوە، گوزەنە جوانە بێ شاخەکە لە ناوەڕاست و مێیەکە-واتە دایکە شاخدار بەدواوەیان بوو، دایکە شاخدار سەری وەرگێڕاو ئاوڕێکی دیکەی لە کوڕێژگەکە داوە. گوزەنەکان چوونە ناو لێرەوارەکەوە تێپەڕین. لق و پۆپە سوورەکان بە بان سەری گوزەنەکانەوە کەوتنە جوڵەجووڵ و گەڵای سووروو ئەرخەوانی پاییزیی ڕژانە سەر پشت و کەفەڵە نەرم و بێگەردەکەیان. پاشدان گوزەنەکان لە کوێرە ڕێگایەکدا هەڵکشان و لەسەر هەڵدێرێك وەستان. دیسان منداڵەکە وای هاتە بەرچاوان کە گوزەنەکان تەماشایان کرد. گوزەنە گەورەکە ملی قیت کردەوەو ئاوڕێکی دواوەی خۆی داوە، کە شاخەکانی بەر پشتی کەوتن و بە دەنگێکی وەك هەورەتریشقە بۆڕاندی: "بۆووع، بۆوع!" بەدرێژایی داروبەردو بەندەن و تەلان و بەسەر ڕووبارەکەی ئەوناوە هەر هەمووی لە یەکڕا دەنگیان داوە.

لەم چرکەساتەدا منداڵەکە بەخۆ هاتەوە. پێی بە ڕاکردنەوە ناو زۆر بەخێرایی لە کوێرە ڕێگایەکە بەرەو ماڵەوە بەزی. بە هەموو هێزو توانای خۆی ڕایکرد، خۆی گەیاندە ماڵەوە، تیژ لە حەوشەکە تێپەڕی، دەرگای خستە سەر گازەرای پشت هەر لەناو دەرگاوە، بە هانکە هانك، هاواری کرد:

- بابە، گوزەن هاتن! گوزەنەکان! لێرەن! بابە کە لە قولینچکێکی ژوورەکە کڕو بێدەنگ و خەمبار دانیشتبوو، تەماشایەکی کردو ورتەی لە دەمەوە نەهاتە دەر، دەتگوت حاڵی نەبوو کەوا منداڵەکە چی گوت؟

نەنە گوتی:

- ئەم هات و هاوارەی ناوێ! هاتن بەخێر بێن، ئێستا خەمی خۆمان کەم نیە.

منداڵەکە کرو بێدەنگ لە ماڵ وەدەرکەوت. حەوشە چۆڵ و هۆڵ بوو. شەفەقی ئەرخەوانی ئێوارە بەسەر لوتکەی کێوی قەراوڵ و زنجیرە کێوە تاریک و تنۆکە رووتەنەکانی دەوروبەردا باڵی کێشابوو، خۆری سوور لە پشت کێوەکاندا ئاوا دەبوو ئیدی هیچ گەرمیەکی نەدەگەیاندە تاشەبەردەکان. عەکسی لە رزان و ناپایەداری شەفەقی ساردی ئێوارە بەسەر کێوە پاییزیەکاندا بڵاودەبوونەوە دونیای تاریك و تنۆکی ئێوارە بەسەر جەنگەڵەکاندا سێبەری دەکرد.

بایەکی سارد لەسەر بەفرانەوە هەڵیکرد، سارد داهات، منداڵەکە لە سەرما هەڵدەلەرزی. کە منداڵەکە لەناو نوێن راکێشا، هێشتاش هەر دەلەرزی. قەدەرێکی چاك خەوی نەچووە چاوان. شەو دوو بەتڵی راشکابوو. سەری دەیەشا، بەڵام ورتەی لێوە نەدەهات. کەس نەیدەزانی نەخۆش کەوتووە. ئەویان لەبیر نەما بوو. لەناو ئەو هەموو خەم و گێرۆدەییە چۆن دەکرا ئەویان لەبیر بێ! بابە گەورە بەتەواوی ورەی نەمابوو، نەیدەزانی چی بکا! بەردەوام دەچووە دەرەوەو دەهاتەوە ژوور، جارێك غەمبار دادەنیشت و ئاهی ساردی هەڵدەکێشا، جارێکی دیکە سەرلەنوێ رەپێ دەبوو، دەچووە دەرەوە.

نەنەش لە ژوورەوە هەر دەهات و دەچوو، دەچووە حەوشەو دەهاتەوەو بە توڕەییەوە قرەقرِی بەسەر پیرەمێردەکەیدا دەکرد. لە حەوشە دەنگێ دەهات، دەنگی گفتو گۆیەکی پچڕپچر کە مرۆڤ تێنەدەگەیشت چ دەڵێن، دەنگی هەنگاوی خێرا، دەنگی جوێن و قسەی ناشیرین- بەدڵنیاییەوە دیار بوو دیسان ئارۆزکۆل بوو جوێنی دەدا. کەسێك هۆق هۆق دەگریا...

منداڵەکە کروکپ و ئارام درێژ ببوو و بەو دەنگەدەنگ و سەرو سەدای گفتوگۆو تەقەی پێ و هەر شتێکی کە لەو ناوە روویدەدا، زێتر نارەحەت و نەخۆش دەبوو.

منداڵەکە چاوەکانی نوقاند و ئەوەی لەو ڕۆژەدا ڕوویدا بوو، ئەوەی حەزی دەکرد بیبینێ، بەبیر خۆی هێناوە تا نەختێ دەردی تەنیایی و بێکەسی خۆی سووك بکا. ئەو لەسەر ڕووبارێکی گەورە وەستا بوو. ئاوەکەی ئەوەندە بەخوڕ بوو کە ئەگەر دەمێك سەیرت بکردبا، سەرت دەسوڕاو گێژ دەبووی. لە قەراخی ئەوبەرەوە گوزەنەکان تەماشایان دەکرد. هەرسێ گوزەنی کە عەسری ئەو ڕۆژە دیتبوونی، ئێستاش هەر لەوێدا وەستابوو. هەموو شتەکان سەرلەنوێ دووبارە بوونەوە. کە گوزەنە گەورە شاخدارەکە سەری لەسەر ئاوەکە بڵند کردەوە، تنۆکە ئاوەکان لە لاشەویلاگە تەڕەکەی تکانەوە ناو ئاوی ڕووبارەکەوە. بەڵام دایکە شاخدار بە چاوانی سەرەوڕێژ لە میهرەبانی و عاقڵانەی هەر بەهەمان شێوەو بەوردی سەرنجی کوڕیژگەکەی دەدا. چاوەکانی گەورەو ڕەش و بریقە بوون. منداڵەکە زۆر لەوە حەپەسابوو کە دایکە شاخدار وەك ئادەمیزاد، وەك بابە مەئموون ئاهی ساردو خەم ئەنگێزی هەڵدەکێشا، پاشدان گوزەنەکان بەناو دارەکاندا ڕۆیشتن. لق و پۆپە سوورەکان بەسەر سەریانەوە بەجووڵە دەکەوتن و گەڵای سوور هەڵدەوەرییە سەر پشتە نەرم و لووسەکانیان. گوزەنەکان چوونە سەر هەڵدێرو تەلانەکەو لەوێدا وەستان.

گوزەنی گەورە ملی بەرزکردەوە، تەماشایەکی دواوەی کرد، کە شاخەکانی بەر پشتی کەوتن، بە دەنگێکی وەك هەورەتریشقە: "باڕاندی!" کاتێ منداڵەکە بەبیری هاتەوە چۆن شریخەیەکی دوورودرێژ بەسەر ڕووبارەکەدا دەنگی داوە زەردەخەنەیەکی بەسەر لێواندا هات. دوای ئەمە گوزەنەکان لە چاوان بزر بوون. بەڵام کوڕیژگەکە نەیدەویست بەجێیان بهێڵێ و هێشتاش ڕووبارێکی بەخوڕی گەورەی لەبەردەمدا بوو، گوزەنەکانیش لە چەوەڵانەکەی کەناری ڕووبار وەستابوون. تەوژمی ئاوەکە ئەوەندە تیژبوو منداڵەکە سەری بە گێژەوە هات.

منداڵەکە بـە بازێـك پەڕیـەوە ئەوبـەری ڕووبارەکـەو ئـارام و لەسـەرخۆ لـە ڕۆخ گوزەنەکان کەوتە ئەرزی.

گوزەنی دایکە- دایکە شاخدار بانگی کردە کن خۆی و لێی پرسی:

- تۆ کوڕی کێی؟

منداڵەکە بێدەنگ بوو، چونکە شەرمی دەکرد بڵێ کـوڕی کێیـە. سـەرەنجام گوتی:

- ئای دایکە شاخدار، من و بابە گـەورە تۆمـان زۆر خـۆش دەوێ. لەمێـژە چاوەڕوانی تۆ دەکەین.

دایکە شاخدار گوتی:

- منیش تۆ دەناسم، بابە گەورەشت هەر دەناسم.

ئەو مرۆڤێکی باشە.

منداڵەکە بەم قسانە شاگەشکە بوو. بەڵام نەیدەزانی چـۆن سوپاسـی دایکـە شاخدار بکاو چۆن ڕێزی بگرێ. لەپڕ گوتی:

- دەتەوێ ببم بە ماسی، لە ڕووبارەکەوە بە مەلە بچمە ناو ئیسیك کـول و، بە تەنیشت کەشتییە سپیەکەوە مەلە بکەم؟

ئەو دەیتوانی ئەم کارە بکات. بەڵام دایکە شاخدار وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی نەدایەوە. ئەو حەلە منداڵەکە خۆی ڕووت کـردەوە وەك هاوینـان، لقـی بیەکـەی گرت، خۆی وێك هێنابۆوەو چووە ناو ئاوەکەوە. بەڵام ئاوەکە سارد نـەبوو، گـەرم و خۆشی بوو، بەجۆرێکی وا هەناسەی لەبـەر منداڵەکـە دەبـڕی. منداڵەکـە بـە چاوی کراوەوە لـەژێر ئـاوادا بـە مەلـە دەڕۆیـشت، هـەزاران هـەزار وردە چـەوی ڕەنگ زێڕی و وردە بەرد لەژێر ئاوەکەدا بە تەقەتـەق و دەنگەدەنگـەوە کەوتنـە

سوروسەما. هەناسەی منداڵە لە سینەیدا بەندبوو، بەڵام تەوژمی ئاوە گەرمەکە پێشەخۆیدا بوو دەیبرد. منداڵەکە بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد:

- دایکە شاخدار، بگە هاوارم! دایکە کێوی- دایکە شاخدار، منیش ڕۆڵەی تۆم، بگە هانام!

دایکە گوزەن- پێی پێوە ناو بۆی دەرپەڕی، لە قەراغەکە ئەوەندە بەخێرایی بەدوایدا ڕایدەکرد کە فیکەی بای نێو شاخەکانی دەهاتەگوێ. دەللە عاست حاڵو باری منداڵەکە باشتر بوو. منداڵەکە ئارەقەی کردبوو، لەم کاتانەدا بابە گەورە دایدەپۆشی تا گەرمی ببێتەوە، لەبەرئەمە لێفەکەی بەتەواوی ڕاکێشا سەرخۆی. کەس لە ماڵ نەبوو. فتیلەی چرایەکە تەواو سووتابوو، ڕووناکیەکی کزی مابوو. منداڵەکە ویستی قیت بێتەوەو چۆڕە ئاوێك بخواتەوە. بەڵام دیسانەوەش لە حەوشەکەدا دەنگی ناخۆش دەهات. یەکێك بەسەر یەکێکدا دەیشیراند، یەکێك دەگریا، یەکێك یەکێکی دیکەی کڕ دەکردەوە. بەڵام دەنگی ڕاکەڕاکەی پێیان دەهاتە گوێ... لەدواییدا لەژێر پەنجەرەکە دەنگی ئاخ و ئۆف دەنگی پێی دوو کەس بەرزبۆوە، دەتگوت یەکێکیان ئەوی دیکەی ڕادەکێشا و دەهێنا.

دەرگا بە دەنگێکی گەورەوە کەوتە سەر گازەرای پشت، نەنە لە حاڵێکدا هار ببوو و هانکەهانکی بوو، بابە مەئموونی هەڵداو فڕێیداوە ژوورێ. منداڵەکە تا ئەو وەختە بابە گەورەی ئەوەندە بە وەحشەت زەدەیی نەدیتبوو. وەك بڵێی بابە مەئموون لە هیچ نەدەگەیشت. چاوەکانی بە سەرسوڕماوی و پەرێشانیەوە دەگێڕا.

- دانیشە، دەی دانیشە، پیرەکەر، لە هەموو دزرەیەکدا مەبە ئەسکۆ، مەگەر جاری یەکەمیانە؟ ئەگەر دەتەوێ کارەکە ڕێك بێتەوە، دانیشەو لە ماڵ

مەیە دەرەوە. هەرچیت پێدەڵێن وا بکە. گوێت لێیە؟ ئەگەر نەیکەی، گۆڕی باوکمان دەردەهێنی! ئاخر بەم دوادوایی عومرەمان دەکرێ بۆ کوێ بچین؟ بۆ کوێ؟! نەنە ئەمەی گوت، دەرگای بە قایمی داخستەوەو چووە دەرەوە.

سەرلەنوێ بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەوەدا کێشا. تەنیا دەنگی هانکەهانکی بابە گەورە دەهاتە گوێ. بابە مەئموون لەسەر سەکۆی بەردەمی زۆرپاکە دانیشتوەو سەری خستۆتە نێوان هەردوو دەستە لەرزۆکەکانی. لەپڕ پیرەمێردە ئەژنۆی دادا. دەستی بۆ ئاسمان بڵند کردەوە، دیار نەبوو لەگەڵ کێدا قسان دەکا:

– بۆ خۆتم ببەوە، منی بەدبەخت و بێچارە ببەوە! تەنیا زارۆیەك بەو بدە! چیدی توانام تێدا نەماوە ئەو بەو حاڵە ببینم. هەر هیچ نەبێ بەزەییت بە ئێمەدا بێتەوە، منداڵێکی بدەیە...پیرەمێردە لە حاڵێکدا دەگریاو لە حەژمەتا هۆق هۆقی بوو، هەڵسا سەرپێ، دەستەکانی دا بەر دیوارو بە گاگۆڵکێ بەرەو دەرگا چوو، لە ژوورو چووە دەر، دەرگای لەدواوەی خۆیدا بەست، لەوێدا، لە پشت دەرگا، دەستی لەسەر دەمی خۆی داناو بە دەنگێکی نزم نووزەنووز کەوتە گریان.

حاڵی منداڵەکە خراپتر بوو، لە نوێ لەرزی گرتەوە، جارێك لەناو گڕی تادا دەسووتاو جارێکی دیکەیان هەڵدەلەرزی، دەیویست راست بێتەوەو بچێتە کن بابە گەورە. بەڵام دەست و قاچی بەدوادا نەدەهات. سەری کەوتە ژانێکی توند. پیرەمێردەکە لە پشت دەرگادا دەگریا، دیسانەوەش ئارۆزکۆل مەست و بێ هۆش کەوتەوە هاتو هاوار، پوورە بەگی بە دەنگی بەرز زۆر زۆر دەگریاو دەینالاند، گوڵ جەمال و نەنە دەستەودامانیان ببوون و تکایان لێدەکردن.

منداڵەکە وازی لەم بەزمە هێناو چۆوە ناو دنیای خەیاڵی خۆیەوە.

دیسانەوە لـە قـەراغ ڕووبـارە بەخوڕەکـەدا وەسـتا بـوو و گوزەنـەکانیش لـە قەراغەکەی ئەوبەرەوە. ئینجا منداڵەکە بە گریانەوە لەبەریان پاڕایەوە "گـوزەنی شاخدار- لانکێك لە شاخەکانت بخەو بۆ پوورە بەگی بێنە! لەبەرت دەپاڕێمـەوە، بێشکەیەکیان بۆ بێنە! با منداڵێکیان ببـێ" و لەسـەر ئاوەکـەوە بـەرەو دایکـە شاخدار ڕایدەکرد. منالەکە نقـومی نـاو ئاوەکـە نـەدەبوو، بـەڵام نەشدەگەیـشتە قەراغەکەی ئەوبەری، دەتگوت ڕادەکاو هەر لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتـەوە. بـێ پسانەوە لەبەر دایکە شاخدار دەپاڕایەوە: "لانکێك بە شاخەکانتەوە بکەو بۆیـان بێنە! کارێك بکە بابە گـەورە ژیربێتـەوە، کـارێکی وا بکـە خاڵـە ئـارۆزکۆل لـە پوورە بەگی نەدا. وا بکە ببێتە خاوەن منداڵ. من هەموویانم خۆشـدەوێ، خاڵـە ئارۆزکۆلیـشم خۆشـدەوێ. کـارێکی وا بکـە بێتـە خـاوەن منـداڵ. لانکێـك بـە شاخەکانتەوە ئاوێزان بکەو بۆیان بێنە" . منداڵـە وای بەخەیاڵـدا هـات دەنگـی زەنگێك لە دوورەوە گەیشتە گوێ. دەم لە دەمێ زێتر و باشتر دەبیـسترا. ئەمـە دایکە شاخدار بوو کـە لـەناو کێوانـدا ڕایـدەکرد، لانکێکـی لـە داری چـنار بـە دەسکێکی وەك کەمانەوە بە شاخەکانیدا شۆڕکردبۆوە، زرنگ و هـوڕی نـابۆوە. دایکە شاخدار زۆر پەلەی بوو. دەنگی زەنگەکە دەم لە دەمێ نزیکتر دەبۆوە...

ئەدی ئەمەیان چیە؟ قڕوهـوڕی مـاتۆڕی کامیۆنێـك لـە ماوەیـەکی دووردا دەڕۆیشت، تێکەڵی دەنگی زەنگەکـە بـوو. دەنگـی کامیۆنەکـە دەم لـە دەمـێ نزیکتر دەبۆوە، بەڵام دەنگی زەنگەکە لاوازترو نارێکتر دەبـوو و سـەرەنجام لـەناو گڕوهوڕی ماتۆڕی کامیۆنەکەدا خامۆش بۆوە.

دەنگی هەورەتریشقە ئاسای پێکداهاتنی ئاسنان گەیـشتنە گـوێی منداڵـەو کامیۆنەکە لە حەوشە نزیکبۆوە. سـەگ بـە وەڕەوەڕ بـۆ حەوشـەی پـشت مـاڵان هوروژمی هێنا. شەوقی ڕووناکی چرای کامیۆنەکە یەك چرکەسـات لـە پەنجـەرە

درەوشـاوەو خـامۆش بـۆوە. مـاتۆڕیش خـامۆش بـۆوە و دەنگـی کردنـەوەو داخستنی دەرگاکانی ئۆتۆمبێل هاتەگوێ. دەکرێ بەمەزەندە بڵێن ئەوانەی تـازە هاتوون سێ کەسن. بە دەم قسەوە بە بەر ئەو پەنجـەرەدا ڕابـوردن کـە منداڵەکـە لە پشتیدا نووستبوو.

لەپڕ گوڵ جەمال بە دەنگێکی پڕ لە شادییەوە بانگی کرد:

- سەید ئەحمەد هاتەوە!- بەپەلە دەست و پێی خۆی کـۆکردەوەو بـەرەوپیری پیاوەکەی ڕۆیشت و دیسانەوە گوتی:

- وای کە چەندە چاوەڕێت بووین!

دەنگێکی نائاشنا وەڵامی داوەو گوتی:

- سەلام و عەلێکم!

سەید ئەحمەد پرسی:

- چۆنن باشن؟

- هەروا دەبێ، خراپ نین، زیندووین، بۆچی هێندەتان پێچوو؟

سەید ئەحمەد وەڵامی داوە: هێشتاش هەر شوکرانەی دەوێ.

چووینە ساوخۆز چاوەڕێی ماشێنێك بووین کە بـەرەو ئـەم ناوانـە بـێ، هـەر نەبێ تا جەلسای بێ. ڕێکەوت ئەوانە بۆ بردنی قەدی درەخت بەرەو ئـەو نـاوەی ئێمە دەهاتن. دۆڵەکە تاریکە، ڕێگاش خۆت دەزانی چـۆنە... یـەکێك لـە تـازە هاتووەکان پرسی:

- ئەدی ئارۆزکۆل لەکوێیە؟ لە ماڵەوەیە؟

گوڵ جەمال بە دەنگێکی نادڵنیاوە وەڵامی داوە:

- لە ماڵەوەیە. نەختێ نەخۆشـە. نارەحـەت مـەبن. شـەو میـوانی ئێمـەن، جێگامان هەیە، فەرموون بابڕۆین.

ئەوان ڕێگایان گرتەبەر، بەڵام دوای چەند هەنگاوێك وەستان و گوتیان:

- سڵاوتان لێبێ، مامەی ڕیش سپی، سەلام و عەلێك خانمی گەورە.

میوانەکان سەلامیان لە نەنەو بابە گەورە کرد. وا دیاربوو نەنە و بابە گەورە شەرمیان لە میوانەکان دەکردو پێشوازییان لێدەکردن، چونکە دەبووایە لە حەوشەوە بەرەوپیری میوانان چووبان بەڵکە ئارۆزکۆلیش شەرمی لە خۆی کردبا؟ خۆزیا ئابڕووی خۆی و خەڵکەکەش نەبا.

منداڵەکە کەمێ ئارامی گرت. کەمێ باشتر ببوو. ژانە سەرەکەی کەم ببوو، تا بیری لەوەش کردەوە هەڵسێ و بچێ سەیری ماشێنەکە بکات بزانێ چ ماشێنێکە، چوار تایەیە یان شەش، نوێیە یان کۆنە، چۆن یەدەگێکی هەیە؟ بەهاری هەمان ساڵ کامیۆنێکی سەربازی هاتە بنکەکەی ئەوان، ئەو کامیۆنە تایەی زل زلی پێوە بوو، پێشەکەی زۆر کورت بوو، دەتگوت لووتیان بڕیبوو. سەربازە لاوەکەی شۆفێری کامیۆنەکە بوو ڕێگای بە منداڵەکەدا پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە دابنیشێ. تەواوێ بڵند بوو! ئەوی دیکەیان هەندێ نیشانەی وەك زێر زەردی بەسەر شانەکانەوە بوو لەگەڵ ئارۆزکۆلدا چووە ناو جەنگەڵەوە، منداڵەکە بیری کردەوە: چی ڕوویداوە؟ هەرگیز شتی وا ڕووینەداوە لە سەربازەکەی پرسی:

- ئێوە بۆ هاتوونەتە ئێرە بەدوای خەفیاندا دەگەڕێن.

سەربازەکە پێکەنی و گوتی:

- بەڵێ، بەدوای خەفیەو پیاوخراپاندا دەگەڕێین.

منداڵەکە بە دەنگێکی پڕ لە داخەوە گوتی:

- تا ئێستا هیچ جاسوسێك نەهاتۆتە لای ئێمە.

سەربازەکە پێکەنی و گوتی:

- تۆ چی لە جاسوس دەکەی؟
- بەدوایدا رادەکەین و دەیکرین.
- زۆر زرنگــی! هێــشتا چــکۆلانەی، کــەمێك گــەورە بــە، بەدرێــژایی ئــەو وەختــەی ئــارۆزکۆل و دەرەجەدارەکــە لــەناو جەنگەڵــدا دەگــەڕان، منالّەکــەو سەربازەکە سەرگەرمی قسەوباس بوون.

منداڵەکە گوتی:
- من هەموو ماشێن و شۆفێرێکم خۆشدەوێ.

سەربازەکە بە خۆشەویستیەوە پرسی:
- بۆ خۆشت دەوێن؟
- ماشــێنەکان هــەموویان باشــن، بــەهێزن، خێــرا دەڕۆن، بــە باشــی بــۆنی بەنزینیان لێدێ، شۆفێرەکان هەموویان لاون، هەموویان منداڵ و وەچەی دایکە گوزەنی شاخدارن.

شۆفێرەکە تێنەگەیشت و پرسی:
- چی؟ چی؟ کامە دایکە شاخدار دەڵێی؟
- مەگەر نازانی؟

هەرگیز لەمەڕ شتێکی وا سەیروسەمەرەوە هیچم نەبیستووە!
- تۆ کێی؟
- من خەڵکی شاری قرەقەندم، کازاخم. لە قوتابخانەی کانزاد خوێندومە.
- نا، نا، مەبەستم ئەوەیە کوڕی کێی؟
- منداڵی دایك و باوکی خۆمم.
- ئەدی ئەوان وەچەی کێن؟
- ئەوانیش هی دایك و بابی خۆیانن.

- ئەدی ئەوان؟
- گوێ بگرە، ئەگەر وابێ دەبێ تا ڕۆژی قیامەت هەر پرسیار بکەی.
- بەڵام من بەچکەیەکی دایکە گوزەنی شاخدارم.
- کێ ئەمەی پێ گوتوی؟
- بابە گەورەم.
سەربازەکە بە دوودڵی و گومانەوە سەری بادا گوتی:
- وەك بڵێی وڕێنە دەکەی

سەربازەکە خۆشەویستی بەرانبەر ئەو منداڵە کەللە زل و گوێ گەورەی نەوەی دایکە شاخداری لە دڵدا چەکەرە کردبوو. بەڵام کاتێ ئاشکرا بوو نەك تەنیا نازانێ ئەسڵ و فەسڵی لەکوێوە هاتووە، بەڵکو زانی ناوی هەفت پشتیشیان بۆ هەر کەسێك پێویستە و نایزانێ، نەختێ تەریق بۆوە. سەربازەکە تەنیا ناوی بابوباپیرو باپیرە گەورەی خۆی دەزانی، بەڵام لەپاشدا؟

منداڵەکە پرسی:
- مەگەر پێیان نەگوتووی دەبێ ناوی هەفت پشتی باوکت بزانی؟
- نا، پێیان نەگوتووم، چ پێویست دەکا؟ من نازانم. ئاسایی دەژیم.
- بابە گەورە دەڵێ ئەگەر مرۆڤ ناوی ئەژدادیان نەزانن، خراپ دەبن.
- کێ خراپ دەبێ؟ مرۆڤ؟
- بەڵێ.
- بەڵام بۆچی؟
- بابە گەورە دەڵێ ئەوساکە کەس لە کاری بەد شەرم ناکاو ناپەنگێتەوە، چونکە منداڵ و نەوەی نەوەکانی یادی ناکەنەوە، کەس کاری باش ناکا، چونکە

وەچەو نەوەی نەوەکانی یادی ناکەنەوە، هیچ کەس کاری باش ناکا، چونکە وەچەکانیان بەهیچ جۆرێك نازانن.

سەربازەکە بە واقورمانەوە گوتی:

- بابە گەورەیەکی عەجاییت هەیە! دەبێ مرۆڤێکی زۆرباش بێ.

بەڵام هەموو قسەیەکی بێ سەروبەری لە کەللەی تۆی دەئاخنێ. تۆش سەر لینگە دەستارێکی.. گوێیەکانیشت لە راداری گۆڕەپانی کوللەهاوێژیەکەی ئێمە دەکا. تۆ گوێ بە قسەکانی ئەو مەدە. ئێمە بەرەو کۆمۆنیزم دەچین. بەرەو ئاسمان دەفرین، بەڵام ئەو چی فێری تۆ دەکا؟ دەبووایە بێتە ناو دەرسە سیاسیەکانی ئێمە، بە چاوتروکاندنێك گۆش و پەروەردەمان دەکرد. کە گەورە بووی و کەوتیە ناو خوێندن، بابە گەورەت بەجێبهێڵە و لە کنی برۆ. ئەو نەخوێندەوارو ناتێگەیشتووە.

منداڵەکە بەرپەرچی ئەم قسەیەی دایەوە:

- نا، من لەلای ئەو نارۆم، ئەو باشە!

- ئەو ئێستا لە کن تۆ باشە. لەدواییدا تێدەگەی.

ئێستاکە منداڵەکە گوێی لە دەنگەدەنگی ناو حەوشەکە ڕاگرتبوو، بە بیر خۆی هێناوە چۆن ئەو وەختە نەیتوانی بەشێوەی پێویست لە سەربازەکە بگەیەنێ بۆچی شۆفێرەکانی ئێرە، یان هەر نەبێ ئەوانەی ئەو دەیانناسێ، هەموویان وەچەی دایکە شاخدارن.

منداڵەکە ڕاستی دەگوت.

ساڵێك پێشتر لە هەمان وەرزی پاییزدا، یان کەمێ درەنگتر بوو، ماشێنەکانی ساوخۆز بۆ بردنی کاوکۆت و پوشو پەلاش هاتبوونە ناو ئەو چیایانەوە. ئەوان بە کەنار بنکە جەنگەڵوانیەکەدا ڕەت نەدەبوون، بەڵکە

بەرلەوەی بگەنە پاسگاو بنکەکە بایانـدەداوە ڕێگـای دۆڵەکـەی ئارچـۆو بـەرەو هەوراز بۆ ئەو شوێنە دەیانهـاژوا کـە هاوینـان هەنـدێ پـووش و پەڵاشـی تێـدا دەدرواوە تا لە وەختێکی دیکەدا لە پاییزاندا بۆ ساوخۆزی ببەن.

منداڵەکـە هەرکـە دەنگـی ئۆتۆمبێلـەکانی سـەرکێوی قـەراولی بیـست، یەکسەر بۆ سەری دووڕیانەکە بەزی و یـەك ریـزی دووروودرێـژی کـامیۆن دیـت، ژماردنی، پانزەدانە بوون. وەرزی گۆڕانی کەشوهەوا بوو هەر ڕۆژێك بۆی هـەبوو بەفر بباریێ. ئەوساکە ناچار بـوون تـا سـاڵی تێـدا دەسـوڕایەوە پووشـەکە لـەوێ بەجێبێهڵن. لەوێ ئەگەر دەرفەت لـە بردنـی پووشـەکە نـەبینی، مانـای ئەوەیـە جارێکی دیکە بیری لێمەکەوە، چونکە ماشێن ناگاتە ئەوێ، دیـارە لـە سـاوخۆز سەرگەرمی کاری دیکە بوون و دواکەوتوون. وەختێ دەبوو کار لە کـار دەتـرازا، بڕیاریان دا بەیەکجاری بە خۆیان و هەموو ئۆتۆمبێلەکانەوە، هـەر کـاوکۆتێکی ئامادەیان کردبوون ببەن. بەڵام هەی هوو.. هەی هووو!..

بەڵام منداڵەکە لەم مەسەلانە ئاگاداری نـەبوو، لـە ڕاسـتیدا پەیوەندییـەکی بـەوەوە هـەبوو؟ ئـەو بەوپـەڕی شـادی و خۆشـییەوە بـۆ پێـشوازی هەریـەك لـە کامیۆنەکانـەوە دەچـوو، ماوەیـەك بەدوایانـدا لینگـی دەداو ئینجـا دەچـووە پێشوازی یەکێکی دیکە. کامیۆنەکان نـوێ بـوون، کابینـەی جـوان و شووشـەی گەورە و پانیان هەبوو.

شۆفێرەکان هەر هەموویان گەنج بوون، چوست و چالاك و بێ سمـێڵ بـوون و هەموویان بەیـەك دەچـوون، لـە هـەر کابینەیەکدا کەسـێك و لـە هەندێکیانـدا دووان دانیشتبوون، کەسـەکانی دووەم دەچـوون تـا پووشـەکە بـاری کامیۆنەکـە بکەن و بیبەستن، منداڵەکەی وای بۆ دەچوو هەموویان جوان و دلێر و شـادو دڵ پڕ لە خورپە بوون. وەك ئەو لاوانەی لە سینەمادا نیشانیان دەدان.

بەگشتی منداڵەکە هەڵە نەبوو، هەر ئەوهاش بوو، ئۆتۆمبێلی ئەو کوڕو کاڵە نویٚ و ڕێك و پێك بوون و کە لە نشێوی چیای قەراول نشێو دەبوونەوە، دەگەیشتنە جادەیەکی چەوریٚژو توندوتۆڵ، بەخێرایی دەیان ئاژوو. کوڕوکاڵەکە خۆیان بەکەیف بوون، لەبەرئەوەی هەواکەی خۆش بوو و کوریژگە کەللە زل و گویٚ پانەکە شەیتانەی دیار نەبوو لەکوێوە پەیداببوو. بە کەیف شادیەکی شێتانە بە پێشوازیانەوە دەچوو. لەم کاتەدا چۆن دەکرا پێنەکەنن و دەستی لیٚ هەڵنەبڕن و بە گاڵتە گەفی لێنەکەن، تا زێتر دڵخۆش بیٚ و زێتر نارەحەتی و شەیتانی بکا.

بەڵام دوا کامیۆن بۆی وەستا. لاوێك بە جلی سەربازی و بەڵام بەبیٚ کاسکێتی سەربازی، بەڵکە کلاۆێکی لەسەر کردبوو سەری لە کامیۆنەکە هێنادەریٚ. ئەو شۆفێر بوو. بە ڕووێکی خۆشەوە چاوێکی لە کوریژگەکە چوقاندو گوتی:

– سەلام! ئەوە لێرە چی دەکەی، ها؟

منداڵەکە نەختیٚ بە شەرمەوە وەڵامی داوە.

– هیچ، هەر ئەوها لێرەم.

– تۆ نەوەی بابە مەئموونی؟

– بەڵیٚ

– من یەکسەر زانیم. ئاخر منیش بۆگۆم. ئەم کوڕوکاڵەی ڕۆیشتن هەموویان بۆگۆن. بۆگۆی ئەم زەمانە یەکتری ناناسن. پەرش و بڵاو بوونەتەوە... سڵاو لە بابە گەورە بکە. پێی بڵیٚ قولی بەگی کوڕی دیت. پێی بڵیٚ قولی بەگ لە سەربازی گەڕاوەتەوەو ئێستا لە ساوخۆز شۆفێرە، باشە!. دەی خواحافیز...

شۆفێرەکە وەختی ڕۆیشتنی میدالیایەکی بچکۆلەی جوانی سەربازی بە منداڵەکە دا. ئەم میدالیایە زۆر لە هی ڕاستی دەچوو.

ماشێنەکە وەك بەور زیرانەی و بەخێرایی کەوتەگەڕ تا بگاتەوە ماشێنەکانی دیکە. لەپڕ منداڵەکە هەستی بە حەزێکی زۆر کرد کە لەگەڵ ئەولاوە بەکەیف و دلێرە. لەگەڵ ئەو برا بۆگۆیەیدا سواری ماشێن بێ و بڕوا. بەڵام ئیدی ماشێنەکە لە چاوان ون بوو و منداڵەکەش ناچار بوو بەرەوماڵ بگەڕێتەوە. ئەو بە لەخۆباییبوونێکەوە گەڕاوە ماڵ و چی دیتبوو هەر هەمووی بۆ بابە گەورەی گێڕایەوە و نیشانەکەیشی لە زگی خۆی دا. پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەپڕ بای سان تاش لەو زنجیرە چیایەی سەری لە کەشکەڵانی فەلەك دەسوی، هەڵیکرد. تۆزو بایەکی زۆر هەڵیکرد. گەڵا بەسەر دارستانەکەوە کەوتنە تەندورەو گێژخواردن و لە ئاسمان بەرزبوونەوە بەسەر چیاو چۆلەکەدا کەوتنە هاژوهوڕو گڤەگڤ. بوو بە باوبۆرانێك کە مرۆڤ نەیدەتوانی چاوەکانی بکاتەوە. دنیا تاریك داهات، بەفرێکی لە ئەندازە بەدەر باری. دارستانەکە کەوتە شەپۆلدان و ڕووبارەکە خرۆشا. بەزەحمەت توانیان ولاخەکان لە ئاخوڕو تەویلان کەنەوە، هەندێ کەلوپەل لە حەوشەدا کۆبکەنەوەو کەمێ چیلکەو چێو بێننە ژوورەوە. ئیدی ئەو ماڵەی خۆیان تێخزاند لێی نەهاتنەدەرێ. لە بەفرو باوبۆرانێکی وا بەهێز و پێش وەخت چ جای لە ماڵ هاتنە دەرەوە بوو! بابە مەئموون سۆپاکەی ئاگر دەداو گوێی لە گڤەگڤی با ڕاگرتبوو، هەر دەقەیەك دەچووە بەر پەنجەرەو بە سەرسوڕمان و پەشۆکاوییەوە دەیگوت:

– دەبێ ئەمە هۆی چی و لەبەرچی بێ؟

لەودیوی پەنجەرەوە هەوا بەخێرایی تاریك دادەهات و بەفرو زریان زێتر هەڵیان دەکرد.

نەنە قڕەقڕی دەکرد:

- دەدانیشە بۆ خۆت تۆتکە بگرە! مەگەر ئەمە جاری یەکەمە ئەوە ببینی؟ -دەوەلاسکەی بابە مەئموونی دەکردەوە:- "ئەمە هۆی چیەو لەبەرچیە؟" لەبەرئەوەیە زستان داهاتووە.

- لەناکاو بەمجۆرە، لە یەك ڕۆژدا؟

- بۆچی نا؟ خۆ ئیجازە لە تۆ وەرناگرێ. زستانە، دڵی گرتویەتی، دێ.

لوولەی سۆپاکە کەوتە فیکەکێشان. سەرەتا منداڵەکە ترساو ئەوکاتی لە حەوشە یارمەتی بابە گەورەی دەدا، سەرمای بوو. بەڵام ئاگری سۆبەکە بەخێرایی گڕی گرت، ژوورەکە گەرم داهات، بۆنی کای داغ و دووکەڵی دارسنەوبەر لە ماڵەکە گەڕاو منداڵەکە ئارامی هاتەوەبەرو گەرمی بۆوە.

لەدواییدا شێویان کردو بەنیازی نووستن لێی ڕاکشان.

بەڵام لە دیوی دەرێ بایەکی بەهێز بوو، بەفرو بۆران ئەوەی دەیکرد دەیکرد.

منداڵەکە گوێی بۆ دەنگەکانی دەرێ هەڵخستبوو و بیری دەکردەوە: "بێ چەند و چوون مرۆڤ لەم کاتانەدا لەناو دارستاندا زارەترەك دەبێ" لەپڕ هەندێ دەنگی نادیار هاتە گوێ، یەکێك بانگی کەسێکی دیکەی دەکردو کەسێك وەڵامی کەسێکی دیکەی دەداوە. منداڵەکە کەوتە دڵەڕاوکێ، یەکەمجار بە خەیاڵی خۆی وای دەهاتە بەرچاو.

کێ دەیتوانی لە ڕۆژێکی وادا بێتە ئەو پاسگە جەنگەڵوانیەوە؟ بەڵام بابەو نەنەش هەستیان ڕاگرت و نەنە گوتی:

- مرۆڤە.

پیرەمێردەکە بە نادڵنیاییەوە گوتی:

- بەڵێ.

بەڵام پاشدان نارەحەت بوو و بە خۆی گوت: -لەم ناوەختی و بارە خراپەی دەرەوە لەکوێ هاتوون؟- بەخێرایی دەستی بە گۆڕینی جلوبەرگەکانی کرد. نەنەش دەست و پێی خۆی کۆکردەوە. بەخێرایی رەپێ بوو و چرایەکەی داگیرساند. لەم سەروبەندانە مرۆڤەکان لە ماڵ نزیك بوونەوە. دەنگی گفتوگۆو دەنگی پێیەکی زۆری کە سەرەتا لەسەر بەفر دەڕۆیشتن، بەڵام دوایی لە هەیوان نێزیك بوونەوەو دەنگیان دەگەیشتە گوێ و بەهەشتاو لە دەرگایان دا.

- پیرەمێردەی ریشسپی، دەرگامان لێبکەنەوە!

- ئێوە کێن؟

- خۆمانەین.

مەئموون دەرگای کردەوە. هەمان ئەو شۆفێرانەی بە ڕۆژ بۆ بردنی کاو پووش چووبوونە دۆڵی (ئارچا)، بە سەرو گیانی بەفراوی، لەگەڵ سەرماو باو بەفر هوروژمیان بۆ ناوماڵ هێنا. منداڵەکە دەللە ئاست ناسینیەوە. ئەو قولی بەگەی نیشانەکەی پێدابوو و ناسیەوەو هەر هەمان جلوبەرگی لەبەردا بوو. کەسێکیان کە دەیناڵاند و بنهەنگڵیان گرتبوو و لاقێکی لە دوای خۆیدا رادەکێشا و هێنایانە ژوورەوە. یەکسەر ناوماڵەکە پڕ لە دەنگەدەنگ بوو. بابە مەئموون و نەنە بەیەك دەنگ گوتیان:

- ئەستغفروڵڵا! ئێوە چیتان بەسەردا هاتووە؟

- لەدواییدا باسی دەکەین، حەفت هەشت کەسی دیکەمان بەرێگاوەن. نەکا رێگا ون بکەن.

قولی بەگ لەگەڵ ئەوەی خەریك بوو ئەو کورە لاوەی دەیناڵاند، لەسەر سەکۆی پێش سۆپاکە دانێ، گوتی:

- دانیشە، لێرە دانیشە! قاچی لەگەڵ چووە.

بابە مەئموون بەپەلە گوتی:

- برۆ کورگەلەکە لەکوێن؟ من هەر ئێستا دەچم دەیانهێنم.

پاشدان بە کوڕەکەی گوت:

- ڕاکە برۆ بە سەید ئەحمەد بڵێ عەنەتریکەکەی بێنی و بێ.

کوڕیژگەکە لە ماڵ وەدەرکەوت و یەکسەر هەناسەی بەند بوو. ئەو تا دوا چرکەی ژیانی ئەم کاتە ترسناکەی لەبیر نەکرد. دێوێکی فەلامەزری خوری لەبەرو سارد، بە فیکەفیك ئەوکی ئەوی گرت و بە حەژمەت تەکانی دا. بەڵام ئەو لە مەیدانەکە نەهاتەدەر. خۆی لە چەپۆکی دوژمنەکەی ڕزگارکردو لە حاڵێکدا هەردوو دەستی بەسەرو کۆپەلاکیەوە گرتبوو، بەرەو ماڵی سەید ئەحمەد ڕایکرد.

ماڵی سەید ئەحمەد هەرچەندە بیست- سی هەنگاو دوور بوو، بەڵام واهاتە بەرچاوی منداڵەکە ئەو، وەك پاڵەوانێکی کە بۆ ڕزگارکردنی جەنگاوەرانی پەلەی دەکرد، لەنێو بەفرو باوبۆران بەرەو جێگایەکی دوور ڕایدەکرد. ئەو خۆی زۆر بەهێزو لە تێکشکان نەهاتوو دەدیت و تا گەیشتە ماڵی سەید ئەحمەد دلاوەری و قارەمانیەکی وای نواند باسی ناکرێ و مرۆڤ دەحەپەسێنێ. ئەو لە هەڵدێرێکەوە بۆ هەڵدێرێکی دیکە دەفڕی و لە لووتکەی کێویکەوە بۆ لووتکەیەکی دیکە بازی دەدا، بە شیرەکەی لەشکری دوژمنانی قڕ دەکرد، ئەوانەی لەناو کلپەی ئاگردا دەسووتان و گێژەنی ڕووبار قوتی دەدان، ڕزگاری دەکردن، دێوەڕەش لەناو دۆڵ و گەلیان و لە کێوو بەندەنان لە چنگی ئەو ڕایدەکردو ئەو بە سواری ئەسپی جەنگاوەرەوە بەیداخی سوری شەکاوەی بەرز کردبۆوە، سەرادووی دێوەی دەنا، ئەسپە جەنگاوەرەکەی وەك تیرێژی

ئەستێرەرژان بەدوای دێوە کەوتبوو. منداڵەکە دێوەی دەدا بەر دەستەڕێژی گوللە و هاواری دەکرد: "بیکوژە دایکە گوزەنی شاخدار لە تێکڕای ئەو جەنگانەدا ئامادە بوو و شانازی بەم کوریژگەوە دەکرد". کە گەیشتە ماڵی سەید ئەحمەد، گوزەنی شاخدار پێی گوت: "ئێستا ڕۆڵەکانی من- شۆفێرەکان ڕزگار بکە!" منداڵەکە بە دەنگی بەرزەوە گوتی: "دایکە گوزەنی شاخدار، سوێند بە گیانی تۆ دەخۆم ڕزگاریان دەکەم" و لە دەرگای داو هاواری کرد:

- خاڵە سەید ئەحمەد، خێرا وەرە بڕۆین براکانمان ڕزگار بکەین" ئەو قسەکانی بەخێرایی و کەف و کوڵێکی واوە کرد گوڵ جەمال و سەید ئەحمەد حەپەسان و ڕاچڵەکین.

سەید ئەحمەد پرسی:

- کامە برا ڕزگار بکەین؟ چی ڕوویداوە؟

- بابە گەورە گوتی کە عەنەتریکەکە بێنێ و ڕاکەین بچین شۆفێرەکانی ساوخۆز ڕێگایان ونکردووە.

سەید ئەحمەد بە ڕەقیەکەوە گوتی:

- ئەحمەق! باشە، مەبەستت ئەوەیە- ڕۆیشت تا خێرا ئامادە بێ.

بەڵام کوریژگەکە لە قسەکانی سەید ئەحمەد تورە نەبوو. سەید ئەحمەد لەکوێ دەیتوانی بزانێ ئەو چ قارەمانێتیەکی کردووە تا توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ماڵی ئەوان و چ سوێندێکی خواردوە. هەر کە کوریژگەکەش تێگەیشت بابە مەئموون و سەید ئەحمەد لە ئاقاری پاسگاکە گەیشتوونەتە هەفت کەسەکەی دی و بۆ ماڵیان هێناونەتەوە، دیسان هێندە تەریق نەبۆوە. لەبەرئەوەی ڕەنگ بوو مەسەلەکە بەم سادەییە کۆتایی نەیە. دوای ئەمە مەترسی نەما، ئەوی دیکە ئاسانە.. بەکورتی، ئەم شۆفێرانەش پەیدا بوون.

سەید ئەحمەد بردنیە ماڵی خۆی. ئارۆزکۆلیش ڕێگای دا پێنج کەسیان شەو لە ماڵی ئەو بمێننەوە. ناچار بوون شەو بە ئاگای بێنن. ئەوانی دیکەیان سەر لە پاکی لە ماڵی بابە مەئموون مانەوە.

بەڵام باووبۆران و زریانەکە لەناو کێوان ئارام نەبۆوە. منداڵەکە لە هەیوانەوە ڕایدەکردو سەرەتاتکەیەکی بەردەرگای دەکرد، دوای یەك دەقە نەیدەتوانی چەپ و ڕاست و سەروژوور لێك بکاتەوە. باوباران دادوبێدادیان بوو. قەیاسێکی وای بەفر تێکردبوو تا ئەژنۆی مرۆڤ دەهات.

تەنیا کاتێ کە شۆفێرەکانی ساوخۆز پەیدابوون و خۆیان گەرم کردەوە و ترسیان ڕەویەوە، بابە مەئموون بە پارێزەوە پرسی کە چیان لێ بەسەر هاتووە، ئەگەر چیش بە بێ ئەمەش هەر دیار بوو کە کاتێ شۆفێرەکان بە ڕێگاوە بوون، باووبۆران هەڵیان کردبوو. شۆفێرەکان دەیانگێڕاوەو پیرەژن و پیرەمێردە لە تاوان هەر ئاخ و ئۆفیان بۆ هەڵدەکێشان، لەوەی کە ڕوویدابوو حەپەسابوون، دەستیان بە سنگەوە دەگرت و سوپاسی یەزدانی گەورەیان دەکرد. نەنە لەگەڵ ئەوەی خەریکی چایی تێکردن بوو، بە دەنگێکی سەرزەنشتئامێزانە گوتی:

– ئاخر کوڕینە، ئێوە کە جل و جۆرێکی گەرم لەبەر خۆتان نەکەن. چۆن دەکرێ ئەوها بەتای کراسێك ڕوو لەناو شاخ و کوێستانان بکەن؟! هەمووتان بەخۆتان دەنازن، دەتانەوێ وەك شارستان بنوێنن. ئەگەر خودانەکردە ڕێگاتان لێ ون بووبا تا بەیانی لەو چۆڵە بمابانەوە، لاڵ بم، لە سەرما ڕەق دەبوونەوە.

قولی بەگ لە وەڵامی ئەودا گوتی:

– ئاخر کێ دەیزانی بارێکی وا دێتە پێشەوە؟ بۆچی دەبووایە جلی گەرم لەبەرکەین؟ ئەگەر شتێك ڕوویدا ماشێنەکانمان ناوەوەی گەرم دادەهێنا. وەك ئەوەی لە ماڵەوە بێ، دانیشەو سوکان بسوڕێنە. فڕۆکە چەند بەرەو ئاسمان بڕ

دەکا؟ لەوسەری سەرەوەدا ئەم کێوانە وەك حەمامۆکەی بچووك دێنە بەرچاوان، دەرەوەی فڕۆکە چل پلە لەژێر سفرەوەیە، لەناو فڕۆکەکەشدا خەڵکی بە تای کراسێك دادەنیشن... منداڵەکە لەنێوان شۆفێرەکاندا لەسەر کەوڵە مەڕێك لە تەنیشت قولی بەگ درێژ ببوو سەرتاپای گوێ قوڵاغ ببوو. هیچ کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو لە وەختی باووبۆرانێکی وادا هەڵسێ و شۆفێرەکان ناچار بن پەنا بۆ پاسگە و بنکەکەی ئەوان بێنن. ئەو شادمان بوو، ئەو لە کرۆکی دڵیەوە ئارەزووی دەکرد کە زریانەکە چەند ڕۆژ- هەرنەبێ سێ ڕۆژان- کر نەبێتەوە تا شۆفێرەکان لەماڵی ئەواندا بمێننەوە. چونکە ژیان لەگەڵ ئەواندا زۆر خۆش و دڵکێش بوو. بەدڵنیاییەوە بابە مەئموون ئەگەر خودی ئەوانیشی نەناسیبا ئەوا داك و بابیانی دەناسی.

بابە گەورە، بە کەمێ بە لەخۆباییبوونەوە بە نەوەکەی خۆی گوت:

- دەباشە، برا بۆگۆییەکانی خۆت دیت. ئێستا دەزانی چەند برات هەنە. ئەوهاو ئەهە! ڕاستی مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆر بەژندرێژ و خۆش ئەندامن! خوا بتانپارێزێ! بەبیرم دێ زستانی (١٩٤٢) ئێمەیان بەرەو ماگنیتوگورسك برد تا لە کاری بیناسازییدا کار بکەین...

بابە گەورە ڕۆچووە ناو گێڕانەوەی داستانێك کە کوریژگەکە بە باشی دەیزانی، بەپێی ئەوەی چۆن ئەوانەیان لە هەر گۆشەو کەنارێکی وڵات بۆ کارکردن لە دامەزراوە سەربازیەکاندا هێنابوو، لە ریزێکی دەرێ ریزیان کردن و قەرەگیزیەکان هەموویان کەوتنە کۆتای ڕیزەکە- لەبەرئەوەی بەژنیان کورت بوو. ناوەکانیان خوێندنەوە، ئینجا مۆڵەتی پشوویان دانێ، پیاوێکی زۆر باڵابەرزو قژ زەرد بە دەنگێکی بەرز پرسی:

- ئێوە کێن؟ خەڵکی کوێن؟ منوچۆرن؟

- لەنێوانیاندا مامۆستایەکی پیر هەبوو، وەڵامی داوە:

- ئێمە قەرەگیزین، بەڵام کاتێ ئێمە لەم ناوانەدا لەگەڵ منچورەکاندا دەجەنگاین، ماگنیتوگورسك هەر ناویشی نەبوو. قەدو باڵامان لە تۆ بچووکتر دەبوو. کۆتایی بە جەنگ دەهێنین. ئەوساکە باڵا دەکەینەوە...

بابە گەورە کۆتایی بەو چیرۆکە کورتەی هێنا، زەردەخەنەیەکی شادی و ڕازیبوونی هاتێ، جارێکی دیکە بە میوانەکانیدا هەڵڕوانی و گوتی:

- بەدەرکەوت ئەو مامۆستایە ڕاستی دەگوت، کە دەچینە شار تووشی کەسانی وا دێین. دەبینین چەند باڵابەرزو جوانن. جیاوازیان لەگەڵ مرۆڤی ئەو زەمان ئەرزو ئاسمانە...

کوڕە جحێلەکان زەردەخەنەی ماناداریان دەگرت کە نیشانی دەدا لەوە دەگەن کە پیرەمێرد چەند حەزی لە داستان سەراییە.

یەکێك لەوان گوتی:

- ڕاستە ئێمە باڵامان بەرزە. بەڵام ماشێنەکانمان خستە جۆگەلەی کەنار جادەو، ئەو هەموو کەسە بووین، نەمانتوانی ماشێنەکە دەربێنین.

بابە مەئموون پاکانەی ئەوەی بۆ کردن و گوتی:

- ماشێنی پڕ بارە، ئەویش لەبەر ئەو باوبۆرانە چۆن دەهێندرێتە دەر!.. ئەم شتانە ڕوودەدەن. خوا پشتیوان بێ هەموو کارێك جێبەجێ دەبێ. خوا بکا هەر بایەکە کپ بێتەوە. جحێلەکان بۆ بابە مەئموونیان گێڕاوە کە چۆن چوونە لەوەڕگا کوێستانیەکەی ئارچی و سێ خەرمانی گەورەی پووشی وشك لێ خەرمان کرابوو. دەم و دەست دەستیان بەکار کردو هەرسێ خەرمانەکەیان لە ماشێنەکان بارکرد. هێندەیان پووش بارکردبوو، باری ماشێنەکان لە خانوویەك بڵندتر ببوو، بەجۆرێك ناچار بوون بە کندڕو گوریسان بێنە خوارەوە، بەمجۆرە

ماشێنەکانمان یەك لە دوای یەکدا بار دەکرد. پێشەوەی ماشێن شوێنی شۆفێر دیار نەبوو، تەنیا جامی پێشەوەو بۆدی و تایەکانی دیار بوون، دەیانویست هەر هاتوون هاتوون بەجارێ هەر هەموو پووشەکە بار بکەن و بیبەن، تا ناچار نەبن جارێکی دیکە بۆی بگەڕێنەوە. دیانزانی ئەگەر هیچی بمێنێتەوە ئەوا تا ساڵێکی دیکە ناتوانن بێن بیبەنەوە. بە گەرموگوڕیەوە کاریان دەکرد. هەر کەسێك ماشێنەکەی پڕ بایە دەیبردە لایەك و دەهاتەوە بۆ یارمەتیدانی ئەوانی دیکە. وە بگرە هەموو پووشەکەیان بارکرد، تەنیا باری یەك دوو ماشێن ماوە. کەمێ پشوویان داو جگەرەیەکیان بۆ کێشاو بڕیاریان دا چۆن چۆنی بکەونە ڕێگاو هەرهەموویان بەدوای یەکەوە کەوتنە ڕێگاو زۆر بەئاگایی و لەسەرخۆیی لە چیاکە هاتنە خوارێ. پووش بارێکی گران نیە، بەڵام نالەبارو ترسناکە، بەتایبەتی لە ڕێگای باریك و پێچاوپێچی سەرەولێژ لێیان دەخوڕی و بیریان لەوە نەدەکردەوە کە چ بە فەلاکەت چوونێك چاوەڕێیان دەکا.

لە مێرگوزاری سەری چیای ئارچی هاتنە خوارو دۆڵێکی تەنگیان بڕی، بەرە بەری ئێوارە کە لە گەلیەکە دەردەچوون، لافاوو باوباران و بەفرو ڕەهێڵە دەستی پێکرد. قولی بەگ گوتی:

- فەرتەنەیەکی وا کەوتەوە ئارەقەی ساردوسوڕمان دەرکرد. دەمودەست هەوا تاریك داهات و بایەکی وا هەڵیکرد جلەوی لە دەست سەندین. دەترساین هەر ئێستا نا ئێستا ماشێنەکانمان وەرگەڕێن. ڕێگاکەش چۆن ڕێگایەکە کە بە ڕۆژ ترسی هەیە چ جای بارێکی ئەوها نالەبار. منداڵەکە هەناسەی لە خۆی بڕیبوو، چورچەی نەدەکرد. ئەو چاوەی لە قولی بەگی بڕیبوو هەڵینەدەگرت و هەموو گیانی ببووە هەستراگرتن. هەمان باوبارانی قسەوباسەکەی ئەو شەوەی لەسەر بوو، لە دەرەوە فیك و هورو شین و شەپۆری بوو. زۆر لە شۆفێرەکان بە

جلەوە لە ژوورە تەنگەکە نووستبوون. تەواوی ئـەوەی ئـەوان بەسـەریان هـاتبوو، ئێستا ئەو کوڕیژگە کەللە زل و مل باریك و تەبەقە سەرلەنوێ بـەبیر دێنێتـەوە. دوای چەند دەقەیـەك شـوێنەواری ڕێگایـەك بـەدی نـەدەکرا. ماشـێنەکان، وەك کوێری بە گۆپاڵ بڕوا، بە پێکەوەنووساوی دەیانهـاژوا و بـەردەوام دیـدو هوڕیـان بوو کە لە ڕێگا لانەدەن. بـەفرێکی ئـەوتۆ دەبـاری، بـەری ڕوونـاکی گڵۆپـەکانی دەگـرت، بەفرپاککـەرەوەکان نەیانـدەتوانی ئـەو بـەفرەی دەبارێتـە سـەر جـامی ئۆتۆمبێلەکان، پاك کەنەوە، ناچاربوون سەریان لە کابینەی ئۆتۆمبێلەکان بێننـە دەرەوەو ئینجـا ئۆتۆمبێلـەکان لێخـوڕن. بـەڵام مەگـەر دەکـرێ ماوەیـەکی زۆر بەمجۆرە ئۆتۆمبێل لێبخورێ؟ بەفریش بـەتاوتر تێـی دەکـرد. تایـەکان دەخـزێن. ڕیزە کامیۆنەکە لە تۆقەسەری نشێوێکدا وەستان. مەکینەکان بە دەنگێکـی زۆر گەورە غڕو هوڕیـان بـوو، بـەڵام هـیچ ئـەنجامێکی نـەبوو... لـە ئۆتۆمبێلـەکان دەرپەڕینـــە دەرەوە، یەکـــدیمان بـــانگ کـــرد، بـــەرەو ڕووی دەنگەکـــە بـــەرەو ئۆتۆمبێلەکانی پێشەوە چووین لەسەری ڕیزەکە کۆبووینـەوە. چـی بکـەین، چـی نەکەین؟ ئاگرکردنەوە کارێکی ناکردەنی بـوو. ئەگـەر لـە کابینـەی ماشـێنەکان دادەنیـشتین، دەبووایـە ئـەو بەنزینـەی ماومانـە کـە بەزەحمـەت بەشـی ئـەوەی دەکـردین بمانگەیەنێتـەوە سـاوخۆز، بـسوتێنین، ئەگـەر کابینەکانیـشمان گـەرم دانـەهێنابا، لەسـەرمان ڕەق دەبووینـەوە. کوڕگـەل دەسـت و پێیـان تێـك ئـاڵا. تەکنیکی بەتوانا، بێ توانا و لەکارکەوتبوو. ئەدی دەبێ چی بکەین؟ یەکێك لـە کوڕگەلەکە پێشنیاری کرد پووشی ئۆتۆمبێلێکیـان هەڵڕێـژین و هەرهـەمووومان بـــچینە ژێریـــەوە. بـــەڵام ڕوون و ئاشـــکرابوو بـــە کردنـــەوەی ئـــەو تەنافانـــەی پووشەکەمان پێبەستبوونەوە، ئەوا با هەر هەمووی دەبردو لە یەك چاوقووچـاندا کەلە پوشێکی تێدا نەدەهێشت. لەم سـەروبەندانەدا ئۆتۆمبێلـەکان پـتر بـەر لـە

ئێستا بە ژێر بەفر دەکەوت و تەپۆڵکەی بەفر لەبەر تایەکاندا کۆدەبۆوە. کوڕوکاڵەکە دەست و پێی خۆیان بەتەواوی لێ بزر بوو و لە سەرما هەڵدەرزین.

قولی بەگ بە بابە مەئموونی گوت:

- لەپڕ بە بیرم هاتەوە هەرکە کاتێ چوومە ئارچای، ئەم برا بچووکە (بۆگۆ)یەم لە ڕێگادا دیت-ئاماژەیەکی بۆ منداڵەکە کردو دەستێکی نەوازشانەی بەسەریدا هێنا- ئەو لە ڕۆخ جادەدا ڕایدەکرد. من ماشێنەکەم ڕاگرت و سەلامم لێکرد و کەمێ قسەمان کرد. هەڵبەتە هەر دەبێ سەلام بکەی، ڕاستە؟ ئەرێ تۆ بۆ نانوی؟

منداڵەکە پێکەنی و سەرێکی بە مانای ڕاستی قسەکەی ئەو بادا. بەڵام کاشکێ کەسێك هەبووایە و بیزانیبا بە چ جۆرە گەرمی و هەڵچوونێکەوە دڵی ئەو بە ترپەترپ کەوت. قولی بەگ بەهێزترین، قۆزترین و دلاوەرترین لاوی نێو لاوەکان بوو و لەبارەی ئەوەوە قسەی دەکرد. کوڕێژگەکە لەدڵەوە ئارەزووی دەکرد وەك قولی بەگ بێ. بابە گەورە لەگەڵ ئەوەی چیلکەو داری لە سۆپاکە دەکرد کەوتە پێداهەڵدانی کوڕێژگەکەو گوتی:

- جەناب کوڕەکەمان لەو جۆرە کوڕانەیە! کە حەز دەکا گوێ لە قسەوباسان بگرێ. دەبینی گوێیەکانی چۆن قولاغ کردوە.

قولی بەگ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- خۆشم نازانم چۆن بوو لەو دەقەدا کەوتمە بیری ئەوەوەو بە کوڕگەلەکەم گوت، بگەنە هاوارم کرد، لەبەرئەوەی باکە دەنگەکەی کپ دەکردەوە: "وەرن بابچینە بنکەی پاسەوانی جەنگەڵوانەکان، دەنا لێرە بەفەتارەت دەچین" . کوڕەکان لە بن گوێی مندا هاواریان کرد: "چۆن، بە چ جۆرێك خۆمان بگەیەنینە بنکەکە؟ پیادەکە ناتوانین بڕۆین. ناشتوانین ئۆتۆمبێلەکان

بـەجێبهێڵین و بـڕۆین" . مـن بـەوانم گـوت: "وەرن بـا ماشـێنەکان تـا سـەری گردەکـە پـاڵپێوەنێین لـەوێوە ڕێگـا سەرەونـشێوە، ئەگـەر هـەر ئەوەنـدە بتـوانین خۆمان بە گەلیەکـەی سـان تـاش بگەیـەنین، لـەوێوە دەکـرێ پیـادەش بـڕۆین و هێنــدە دوور نیــە" . کوڕگەلەکــە گوتیــان: "وەرەو فــەرمان بــدە" . ئێــستا بەمجۆرەیە، دەستمان بە ماشـێنی یەکـەم کـرد "عوسمـان عـەلی، سـوار بـە!" و ئەوانی دیکە هەر هەموویان شانمان دا بەر ماشێنەکەو هێزمان دا بـەر خۆمـان. ماشێنەکە بەرەو پێشەوە ڕۆیشت. سەرەتا وەك ئەوەی کارەکانمان لێ ڕاست بـێ. لەدواییدا لە برشت کەوتین. بـەڵام نـەدەکرا پاشەکـشە بکـەین. وەك ئـەوە وابـوو نەك پاڵ بە ماشێنەوە دەنێین، بەڵکە وەك ئـەوە بـوو پـاڵ بـە چـیایەکەوە بنـێین. هەروەها خەرمانێکیش لە ئۆتۆمبێلەکەدا بارکرابوو، بەردەوام هاوارمان دەکـرد: "یاڵڵا! یاڵڵا! خەریك بوو گەرووم هەڵـدەزڕا، بـەڵام هێـشتاش گـوێم لـە دەنگـی خۆم نـەبوو. هـەر بـەفرو زریـان بـوو هیـچی دیکـە نـەدەدیترا. ماشـێنەکە وەك گیانلەبەرێك ناڵەناڵی بوو. تین و توانای تێـدا نـەمابوو. ئێمـە لـەو بـێ توانـاترو خەریك بوو دڵمان دەتـەقی، لـەت لـەت دەبـوو. سـەرمان بەگێـژەوە هـاتبوو... مەئموون بە دەنگێکی پڕ لە بەزەییانەوە گوتی:

-وای، وای! چ فەلاکـەتێکتان بەسـەر هـاتووە. گومـانی تێـدا نیـە دایکـە گوزەنی شاخدار ئێوەو توخم و بەچەکانی خۆی پاراستوەو ڕزگاری کردووە، بـەڵام کـێ دەزانــێ .. گوێــت لێیــە؟ بــاوبۆرانیش ناخــەوێ، دەم لــە دەمــێ تونــدتر هەڵدەکا...

منداڵەکە پێڵووی چاوەکانی دەکەوتنـە سـەریەك. ئـەو هـەوڵی دەدا نـەنوێ، بەڵام پێڵوەکانی دەکەوتنە سەر یەك. منداڵەکە لە حاڵەتی نێوان خـەوو بێداریـدا بەشـێکی لـە قـسەکانی بابـە گـەورە قـولی بـەگ دەبیـست، ڕووداوە ڕاسـتی و

خەیاڵییەکانی تێکەڵ بە یەکدی دەکرد. وای دەهاتە بەرچاوان ئەویش لەنێوان کوڕگەلەکەدا بووە کە لە ڕێگادا تووشی ئەو هەموو کۆیلەیی و قوڕبەسەریە ببوون. پێشی ڕێگایەکی پڕ لە نشێوو سەرەو هەوراز بوو بەرەو لووتکە چیایەکی بە بەفر داپۆشراوی بەرز دەچوو. باوبۆران گۆناکانی دەچوزاندەوە. چاوەکانی دەزوڕاندەوە. کامیۆنی گەورەی پڕ لە پووش و پەڵاشی هێندەی یەك خانوویان بەرەوپێشەوە پاڵدەدا. لەسەرەخۆ، زۆر لەسەرەخۆ، لە هەورازەکە بەسەر دەکەوتن. بەڵام کامیۆنەکە چیدیکە بەرەوپێش نەدەچوو، دەوەستان، دەکشاوە دواوە. تاریك ببوو و بایەکی وەك گوێزان هەڵی کردبوو، زۆر ترسناك بوو. منداڵەکە لە ترسا چووبۆوە قەپێلکی خۆی، دەترسا کامیۆنەکە خلۆر بێتەوە خواری و هەموویان پان کاتەوە. لەم گیرۆدەییەدا لەپڕ دایکە شاخدار بەسەر ڕاگەیشت. شاخەکانی دابەر کامیۆنەکە تا کۆمەکیان بکا و کامیۆنەکە بەرەو سەرەوە پاڵپێوەنێ، منداڵەکە هاواری کرد "یاڵا! یاڵا یاڵا!" و ماشێنەکە کەوتەگەڕو گەیشتە سەر چیاکە، لێژبۆوە. ئەوان ماشێنی دووەم، ئینجا هی سێیەم و لەدواییدا ماشێنێکی زۆریان بەسەر چیاکە خست. لە هەر کامیۆنێکی بەسەریان دەخست، دایکە شاخدار یارمەتی دەدان. هیچ کەسێك ئەوی نەدەدیت، هیچ کەس نەیدەزانی ئەو لە دەورورۆخانە. بەڵام منداڵەکە دەیدیت و دەیزانی، دەیدیت هەر جارێ کە دەکەوتنە تەنگانە، هەرجارێ کە ترسیان لێدەنیشت، هەرجارێ کە هێزی ئەوەیان تێدا نەدەما ماشێنەکە بەرەو هەوراز پاڵدەن، دایکە گوزەنی شاخدار خێرا بە شاخەکانی کۆمەکی دەکردن تا ئۆتۆمبێلەکە بەرەوسەر ببەن.

منداڵەکە هاواری دەکرد: "یاڵڵا! یاڵڵا! یاڵڵا!" ئەو هەمیشە لە تەنیشت قولی بەگدا بوو. دوایی قولی بەگ پێی گوت: "بڕۆ لە پشت سووکانەکە

دانیــشه" . ئــەو لــە پــشت ســووکان دانیــشت. ئۆتۆمبێلەکــە دەلەرزییــەوەو دەینەڕاند. سووکانەکە خۆی لە خۆیدا لەناو دەستی ئەودا دەسـوڕا، وەك و بازنـە ئاسـنەی لـە سـەرەبەرمیلان دەخـراو بـە منـداڵی کـە هێـشتا زۆر بـچووك بـوو ماشێن بازی پێدەکرد. منداڵەکە لەوە تەریق دەبۆوە سووکانەکە وەك هـی یـاری منداڵانە دەهاتە دەستی. لـەپڕ ماشـێنەکە بەلایەکـدا خواربـۆوەو خـەریك بـوو وەرگەڕێ. سەرەنجام وەرگەڕاو هەپرون بە هەپرون بوو. منداڵەکـە زۆر زۆر کەوتـە گریان. زۆر شەرمەزار بوو، شەرمی دەکرد چاو لەبەر قولی بەگدا هەڵبێنێ.

قولی بەگ بەئاگای هێناو گوتی:

- چی بووە؟ چی ڕوویداوە، ها؟

منداڵەکە چاوەکانی کردەوەو زۆر بەوە شاد بوو کـە ئـەو شـتانەی دیتبـوونی خەون بوون. بەڵام قولی بەگ منداڵەکەی لەباوەش گرت و بە سـنگی خۆیـەوەی ناو پرسی:

— خەونت دیت؟ ترسای؟

بە لێوە زبرو برینداره‌کانی ڕوومەتی منداڵەکەی ماچ کردو گوتی:

- لە تۆ ناوەشێتەوە، تۆ کە قارەمانی! باشـە، وەرە بـا مـن بتنـوێنم، دەبـێ بنووی.

قـولی بـەگ منداڵەکـەی لەسـەر لبادەکـەی ناوەڕاسـتی ژوورەکـە لـەنێوان شۆفێرەکانی کە نووستبوون، ڕاکشاندو خۆیـشی لـە تەنیـشتیەوە درێـژ بـوو. لـە باوەشی گرت و بە دامەنێکی کراسەکەی دەموچاوی داپۆشی.

بەیانی زوو بابە گەورە منداڵەکەی بێدارکردەوەو لەسەرەخۆ پێی گوت:

- هەڵسە، جلی گەرم لەبەر بکە، دەبێ یارمەتیم بدەی. هەڵسە. لە دەرەوە دنیا تاریك و ڕوون بوو. لە ژوورەوە هەموویان لە پاڵ یەکدا لە شیرینی خەودا بوون. بابە مەئموون گوتی:

- وەرە، ئەم چەکمە لبادیانە لەپێ کە.

هەموو گیانی بابە مەئموون بۆنی پووش و پەلاّشی لێهەڵدەستا.

چونکە ئەو ئەسپەکانی داکردبوو. منداڵەکە چەکمەکانی لەپێ کردو ئەوو بابە مەئموون لە ماڵ وەدەرکەوتن. بەفرێکی ئەستوور بارییبوو. بەلاّم بایەکەی کڕ کردبۆوە، ناو ناو شنەبایەکی ساردو فێنك هەڵیدەکرد. منداڵەکە دەلەرزی و گوتی:

- ساردە!

بابە مەئموون لەژێر لێوەوە بۆلاّندی:

- هیچ نیە- وەك ئەوەی هەواکەی خۆشکا- عەجاییە!

یەکەم بەفرو بەمجۆرە! ئێستا گرنگ نیە، خوا بکاو و بەلاّیەك نەهێنێتە پێشەوە...

بابە گەورەو نەوەکەی چوونە ئەو ئاخوڕەی پێنج سەر مەڕی تێدا بوو. بابە گەورە دەستی بۆ دەرگا دارینەکەی ئاخوڕەکە برد، چرایەکی کە لەو ناوەدا ئاویزان بوو داگیرساند. مەڕەکانی کە لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بوون کۆخەیەکیان کردو سەریان بۆ لای ئەوان وەرگێڕا. بابە گەورە چرایەکەی دایە منداڵەکەو گوتی:

- دادەی بیگرە، ئاگات لێی بێ بەردەستم ڕووناك بکاتەوە.

بەرخە ڕەشەکە سەردەبڕین. ماڵەوە پڕ لە میوانە. دەبێ کە میوانەکان هەڵسان، گۆشت ئامادە بێ.

منداڵەکە چرایەکەی لەبەردەستی بابە گەورەیدا ڕاگرت. هێشتاش فیکەی بایەکە لە درزەکانەوە دەهات و هەوای دەرەوە سارد بوو، دنیا گورگ و مێش ببوو. پیرەمێردەکە یەکەجار باوەشێك پووشی خاوێنی لەبەردەرگای ئاخورەکە ڕۆکرد. بەرخە ڕەشەکەی بردە سەر ئەو باوەشە پووشە بەرلەوەی بەرخەکە لە زەوی بدا و دەست و پێی شەتەك بدا، کەمێ بیری کردەوە، لەسەر ئەژنۆیان دانیشت و بە کوریژگەکەی گوت:

- چرایەکە لە زەوی دانێ. تۆش دانیشە.

دەستەکانی لەبەر سنگی ڕاگرت و زەمزەمەیەکی لەژێر لێوانەوە کرد.

- ئەی ئەژدادی هەرە بەڕێزو گەورەمان، ئەی گوزەن- دایکە شاخدار! ئەم بەرخە ڕەشە لە ڕێی تۆدا قوربانی دەکەم. بە سوپاسی ڕزگارکردنی ڕۆڵەکانمان لە کاتێکی پڕ ترس، بە سوپاسی ئەو شیرە سپیە کە داتانە باب و باپیرانی ئێمە. لەپێناو دڵی پڕ لە بەزەیی‌و خۆشەویستی و چاوە پڕ لە بەزەییەکانی دایکایەتیت. لە ملەی چیاو، ڕووبارە بەخوڕو خرۆشاوەکانت، لە کوێرە ڕێگا خزو و بەستەڵەکەکان بەجێمان مەهێڵە! ئێمە، ڕۆڵەکانی خۆت هەتاهەتایە لەم وڵات و سەرزەمینە بەجێ مەهێڵە! ئامین! ئەو دەستی بە دەموچاویدا هێنا. منداڵەکەش هەرهەمان شتی کرد. ئەوساکە مەڕەکەی لە زەوی دا، و دەست و پێی بەستەوەو قەمە کۆنەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا.

منداڵەکە چرایەکەی لەبەردەستی ئەودا ڕاگرت تا بەردەستی ڕووناك بکاتەوە.

سەرەنجام بایەکە ئارام بۆوە. هەور یەك دوو جاران لەژێر هەورە رەشەکانی ئاسمان کە بەخێرایی لەجماندا بوون، سەری دەرکێشا. بە هەرلایەکدا هەڵترِوانیبا شوێنەواری لێشاوی باو زریانی دوێنێ شەو بە بەرچاو دەکەوت. بەفر بەکۆمەڵ

بەسەر دارو پنچکی شکاوەو نەمام و تازە درەختی لـەژێر فـشاری بـەفری زۆردا داهاتوو درەختی کۆنەساڵی شکاوەدا کەوتبوو. جەنگەڵی ئەوبەری ڕووبار هـێمن و خامۆش وەك بلێی دڵ بـە خـەم دەهاتـە بەرچـاو. ڕووبـار خۆیـشی وەك بلێـی نەختێ ڕۆتر چووبوو، ڕۆخە بە بەفر داپۆشراوەکانیشی بـەرەو سـەرەوە هـاتبوون‌و نشێوەکەیان لێژتر کردبۆوە.

خـۆریش ناپایـەدارو بـێ هێـز بـوو، نـاو نـاو سـەری لـە پـەنا پەڵەهـەوران دەردەکێشاو ناوناو ون دەبوو. بەڵام هیچ شتێك جێگای پەشۆکاندن و ئـازاردانی خەیاڵ و نیگەرانکردنی کوریژگەکە نەبوو. پەشێوی و نیگەرانی شـەوی رابـردوو لەبیر چووبۆوەو باو زریانی فەرامۆش کردبوو، بەڵام بـەفر ڕێگـای لـە کـاری ئـەو نەدەگرت، بەڵکو زێتر سەرگەرمی دەکرد. منداڵەکە بـە هـەر لایەکدا ڕایـدەکرد پتکە بەفر لەژێر پێیەکانیدا بەرزدەبوونەوەو دەردەپەڕین. زۆر شادو دڵخۆش بـوو کە ماڵەوە پڕ لە خەڵك بوو و مۆنجەی دەهات، کورگەلەکـە تێرخـەو ببـوون، بـە دەنگی بەرز قسەیان دەکردو پێدەکەنین، زۆر بە ئیشتیاوە ئەو گۆشـت بەرخـەیان دەخوارد کە بۆ وان کولێنرا بوو.

لەم سەروبەندانەشدا خۆر کەوتبووە خۆی و سەروسەکوتی بـەدیار دەکـەوت، بـۆ مـاوەی پـترو تیـشکی زێـتر و تێرتـر بەدەردەکـەوت. هـەورەکان بەرەبـەرە پەراگەندەیان دەکرد، بـەفری ناوەخـت دەتـاواوەو کـەم دەبـۆوە، بەتایبـەتیش لـە ڕێگاو کوێرە ڕێگاکاندا. هەڵبەتە کاتێ کـە شـۆفێرەکان کەوتنـە جـۆش و جمـان تاوەکو ئۆتۆمبێلەکان بۆ بەرێکەوتن ئامادە بکەن، نیگەرانی پەشۆکی سـەراپای کوریژگـەی تەنیـەوە، هـەر هـەموویان ڕژانـە حەوشـەکەوە، دوعـا خوازیـان لـە خانـەخوێکانی بنکـەی پاسـەوانانی جەنگـەڵان کـردو سوپاسـی بـێ وێنـەو گـەرموگوڕی خۆیـان بـۆ ئـەو هـەموو نـان و قەسـەم و میوانداریيـە گەرمـەیان

دەربڕی، بابە مەئموون و سەید ئەحمەد بە سواری ئەسپەوە ئەوانیان بەڕێ دەکرد. بابە گەورە یەك باوەش دارو چیلکە و سەید ئەحمەد جلیکانەیەکی ئاوی دەبرد تا ئاو بۆ مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان گەرم بکەن، هەموویان لە حەوشەکەدا بەڕێ کەوتن. منداڵەکە بۆ لای بابە گەورەی رایکردو گوتی:

- بابە، منیش دێم، منیش لەگەڵ خۆت سوارکە.

- دەبینی من دارو چیلکە دەبەم و سەید ئەحمەد جلیکانە دەبا. کەسێك نیە بتوانێ تۆ هەڵگرێ. بەڕاست تۆ دێی چی دەکەی؟ بە پێیان لەناو ئەم بەفرە ماندوو دەبی.

منداڵەکە ڕەنجاو لچی شۆڕ کرد. ئەوساکە قولی بەگ بانگی کرد، دەستی گرت و گوتی:

- وەرە لەگەڵ ئێمەدا بڕۆ، لەگەڵ بابە گەورەشدا دەگەڕێیەوە، ئەوان بەرەو ئەو دووڕیانەی لەوێرا ڕێگاکە بەرەو چەمەنزاری (ئارچا) نشێو دەبۆوە، ڕۆیشتن.

هێشتا بەفرێکی زۆر بەسەر ڕێگاوە مابوو، دیار بوو بۆ منداڵەکە ئاسان نەبوو بەپێی ئەو لاوانەی لە هەڕەتیدا بوون ڕێ بکا.

کە قولی بەگ دیتی منداڵەکە دوادەکەوێ، پێی گوت:

- وەرە کۆڵی من.. ئەو بە چاپووکی پەلی منداڵەکەی گرت و لە کۆڵێی کرد. ئەوەندە ئاسایی منداڵەکەی لە کۆڵی خۆی کردبوو دەتگوت هەموو ڕۆژێك لە کۆڵی کردوەو پێی ڕاهاتووە. یەکێك لە شۆفێرەکان کە لە تەنیشتیاندا دەڕۆیشت گوتی:

- قولی بەگ، زۆر ئاسایی منداڵەکەت لەکۆڵ کردووە!

قولی بەگ بە بەخۆنازینێکەوە گوتی:

- من بەدرێژایی تەمەنم خوشك و براکانم لەکۆڵ کردووە. من گەورەتر بووم ئێمە شەش خوشك و برا بووین، دایکم لەناو کێڵگەدا کاری دەکرد، باپیشم هەر هەمانجۆر لە کێڵگەدا کاری دەکرد. ئێستا خوشکەکانم منداڵیان هەیە. لە خزمەتی سەربازیی گەڕامەوە. ژن و منداڵم نەبوو، هێشتا نەچووبوومە سەر کارێ و دانەمەزرا بووم. خوشکی گەورەم گوتی:

"وەرە لەگەڵ ئێمەدا بژی، تۆ زۆر باش منداڵ بەخێو دەکەی" من پێم گوت: "نا، بەسە، ئێستا ئیدی منداڵەکانی خۆم بەخێو دەکەم" .

ئەوان دەڕۆیشتن و باسی هەر خەم و دەردێکیان دەکرد. منداڵەکە بە خەیاڵێکی ڕەحەتەوە لە کۆڵی قولی بەگدا بوو، لەزەتی دەدیت و ئارەزووی دەکرد کە:

"خۆزگە من برایەکی وام دەبوو! ئەوساکە لە هیچ کەسێك نەدەترسام، ئەگەر ئارۆزکۆل بەسەر بابە مەئموونی بیشیراندبایە بێویستبا لە کەسێك بدا، قولی بەگ دزە نیگایەکی لێدەکرد، ئارۆزکۆل یەکسەر کلکی شۆڕ دەکرد" .

ماشێنە پڕ پووش و پەلاشەکانی دوێنی شەو لە ڕێگادا مابوونەوە، لە نزیکەی دوو کیلۆمەتر هەورازتر لە دووڕیانەکەدا وەستابوون. هەموویان کەوتبوونە ژێر بەفرو بە خەرمانانێك دەچوون کە زستان لە دەشت و دەر مابێتنەوە. وادەهاتە بەرچاو هیچ کەسێك و بەهیچ جۆرێك نەتوانن لە شوێنی خۆیاندا بیانجوڵێنێتەوە، بەلام ئاگریان کردەوە دەستبەکار بوون تا یەکێك لە ماشێنەکان بە هەندل بەگەڕ بخەن. ماتۆر کەوتەگەڕ، پڕتەپرت و گڕەگڕێکی کردو کەوتەگەڕ. دوای ئەوە کارەکە ئاسانتر بۆ پێشەوە چوو. ماشێنی دواوەیان بە یەکەمەکە بەستەوە و ڕایان کێشا تا ئەویش بەگەڕ کەوت. بەمجۆرە تا دوایی ریزە ماشێنەکە هەر هەموویان بەگەڕ خست.

که هەموو ماشێنەکان بەگەڕ کەوتن، چوون ئەو کامیۆنەی دوێنــێ شــەو لــە جۆگەلەی کەنار ڕێگادا چەقی بوو بە دوو کامیۆنانیان شــەتەك داو ڕایــان کێــشا دەرەوە. هەموو ئەو کەسانەی لەوێدا بــوون، لــە هێنانــەدەرەوەی ئــەو ماشــێنەدا هاوکاریان کــرد. ئــەو بەدرێــژایی ئــەو ماوەیــە دەترســا کــە نــەوەکا کەســێکیان بەسەریدا هاوار بکا:

"تــۆ چــیتە هێنــدە دێیتــە ژێــر دەســت و پێمــان؟ بــڕۆ بــەولاوەدەی! بــەڵام کەسێك قسەیەکی وای پێ نەگوت، کەس دەری نەکرد.

ڕەنگە لەبەرئەمە بووبێ کە قولی بەگ ڕێگای دابوو یارمــەتیان بــدا. قــولی بەگ بە هەرەکەتترین کەســی نێــو گەنجــەکان بــوو، هــەموویان ڕێزیــان دەگــرت. شۆفێرەکان جارێکی دیکە دوعاخوازییان کرد.

ماشێنەکان کەوتنە ڕێگا.

سەرەتا لەسەرخۆو لەدواییدا بەخێرایی هاژوایان و وەك کاروانێك لــە ڕێگــای پێچاوپێچی ناو چیای بە بەفر داپۆشراو بەڕێکەوتن.

ڕۆڵــەکانی گــوزەن ڕۆڵــەکانی دایکــە شــاخدار ڕۆیــشتن. ئــەوان نەیانــدەزانی گوزەن- دایکە شاخدار بەپێی خەیاڵاتی منداڵانەی ئــەو، بــە بــازی خێــراو بــەرز بــەرز، بــەجۆرێکی نادیــار لــە بــەرایی کامیۆنــەکانی ئەوانــدا ڕایــدەکرد. دایکــە شاخدار لەم ڕێگا دژوارەیاندا ئەوانی لــە فەلاکــەتباری بەدبــەختی، لــە هەرەســی بــەفر و ڕمــانی چــیاو لــە بــاوبۆران و تەمومــژو هــەر بەڵایــەکی قەرەغیزیــەکان بەدرێژایی سەدەی دوورودرێــژی ژیــانی ڕەوەنــدی و کــۆچ و کۆچــباریاندا زۆریــان ڕەنج و ئازارو ناخۆشی بەدەستیەوە دیتبوو، دەپاراست.

مەگەر بابە مەئموون سپێدە دەمان کە خۆی ئامادە دەکرد بەرخەکە لە ڕێی دایکە گوزەن- گوزەنی شاخدار بکاتە قوربانی ئەو دوعا و داخوازیانەی لە دایکە شاخدار نەدەکرد؟

ئەوان ڕۆیشتن. کوریژگەکەش لەگەڵیاندا دەڕۆیشت، بەڵام لە جیهانی خەیاڵاویدا. ئەو لە کابینەی کامیۆنەکەدا لە تەنیشت قولی بەگدا دانیشتبوو و گوتی: "خاڵە قولی بەگ، گوزەن، دایکە شاخدار لە پێش ئێمەدا ڕادەکا. "چی دەڵێی؟!

"ڕاست دەکەی سوێند دەخۆم. خۆیەتی!" بابە مەئموون ئەوی لەناو دنیای خەیاڵدا دەرهێنا:

- چتە کوڕۆ، بۆ کەوتیە بیرکردنەوە؟ بۆ وەستاوی؟ سواربە بچینە ماڵەوە. مەئموون هەر بە سواری ئەسپەکەوە، داهاتەوە، منداڵەکەی بەرزکردەوە، لەسەر زینەکەی داناو پرسی:

- سەرماتە؟ و نەوەکەی لە کەوڵەکەی بەرخۆی وەرپێچاو گەرم داپۆشی.

ئەو کاتانە کوڕەکە هێشتا نەدەچووە قوتابخانە.

بەڵام ئێستا لە خەوێکی گران بێدار دەبۆوەو بیری دەکردەوە:

"من چۆن بەیانی دەچمە قوتابخانە؟ ئاخر، من نەخۆش کەوتووم، حاڵم زۆر خراپە..." پاشدان لە هۆش دەچوو، وای دەهاتە بەرچاو ئەو وشانەی خانمی مامۆستا لەسەر تەختە ڕەشدا نووسیبووی، ئەو لە دەفتەری خۆیدا دەینووسیەوە: ئان. ئاتا. تاکا"* ئەو بەو وشانە دەفتەری مەشق و ڕاهێنانی پۆلی یەکەمی لاپەڕە بە لاپەڕە پڕ دەکردەوە:

---

* ئەسپ. باوک، نەعل

"ئان، ئاتا. تاکا، ئات، ئاتا، تاکا" .

ماندوو دەبوو و، بەرچاوەکانی تاریك دادەهات، گەرم دادەهات، زۆر گەرم دادەهات، لێفەکەی لەسەر خۆی لادەبرد. هەرکە بەبێ لێفە دەبوو سەرمای دەبوو، سەرلەنوێ خەیاڵ و شتی سەیر سەیر و جۆراوجۆری دەهاتنە بەر دیدەی خەیاڵ. جارێك ماسی بوو و لەناو ڕووباردا مەلەی دەکرد، بەرەو لای کەشتیی سپی دەچوو و بەهیچ جۆرێك نەیدەتوانی خۆی بە کەشتییە سپیەکەی بگەیەنێ. جارێکی دیکەیان تووشی زریانو باوبۆران دەبوو. ماشێنە پڕ پووشەکانی کە لە ڕێگا پێچاوپێچ و هەورازەکانی چیادا دەڕۆیشتن. لەنێوان تەمومژو بای سارد، تەناشیان دەکرد، وەك مرۆڤ هاواریان دەکردو چەرخەکانیان شێتانە لە چەرخانەوە دابوو، وەك ئاگر سوور هەڵدەگەڕا، ئاگری دەگرت و کڵپەی دەکرد.

دایکە شاخدار شاخەکانی بەبەر دواوی ئۆتۆمبێلەکاندا هەڵدەداو ماشێنە پڕ پووش و ئالیکەکەیان بۆ سەرەوەی چیا دەبرد. کوریژگەکە کۆمەکی دەکرد، بە هەموو هێزی خۆی دەیکردو دەیکۆشا، شەڵاڵی ئارەقەی گەرم دەبوو... لەپڕ بارە پووش دەبوو بە لانك. دایکە شاخدار بە منداڵەکەی گوت:

"وەرە دەی لەگەڵم ڕاکەو تێی تەقێنە با بڕۆین ئەم لانکە بۆ پوورە بەگی و خاڵە ئارۆزکۆل ببەین" . ئەوان پێیان پێوە نا. منداڵەکە دواکەوت و بەجێما. بەڵام ڕەنگی زەنگۆڵەی لانکەکە لە پێشەوەدا، لەناو تاریکیەکەدا بێ پسانەوە زرنگەی لێوە دەهات و منداڵەکەی بۆ لای خۆی بانگ دەکردو منداڵەکەش بەرەو لای ئەو ڕایدەکرد.

ئەو لە تەقەی پێیەك کە لە هەیوانی ماڵەکەوە دەهات و لە سیڕەی کرانەوەی دەرگا، لە خەو ڕابوو. بابە مەئموون و نەنە گەڕانەوە، وەك بڵێی

خەیاڵیان نەختێ ڕەحەت ببۆوە. وا دیار بوو هاتنی خەڵکێکی بێگانە بۆ بنکەی پاسەوانی جەنگەڵوانیەکە، خاڵە ئارۆزکۆل و پوورە بەگی ناچار کردبوو کە ئاشت ببنەوە. ڕەنگیشە خاڵە ئارۆزکۆلیش لەو بەدمەست بازییەی بێزارو ماندوو ببوو، سەرەنجام خەو بردبوویەوە. هات و هاوارو جوێن و گەفکردن چیدی بەرگوێ نەدەکەوت.

سەر لە نیوەشەو و مانگ لە پشت کێوانەوە دەرکەوت و بەشێوەی کولێرەیەکی تەم گرتوو بەسەر بەرزترین قووللەی داپۆشراو بە شەختەو بەفرەوە ئاوێزان بوو. ئەم قووللە هەموو دەم بەبەفر داپۆشراوەی لەنێو تاریك و نوتەکیدا سەری بۆ پەرەکەی ئاسمان بردبوو و سەرە ناسافەکەی وەك شتێکی خەیاڵی دەدرەوشایەوە. لە دەوروبەری ئەو چیایانەدا، تاشەبەرد، جەنگەڵ و دارستانی تاریك و نوتەکی بێ جوولە، لە کپییەکی تەواودا ڕۆچوو بوو، تەنیا ڕووباری کوێستانی بوو لەو خوارە هاژەی دەهات.

تریفەی کزی مانگ بەشێوەیەکی مەیلان لە پەنجەرەوە دەرژایە ناو ژوورەوەو خەوی لە کوریژگەکە دەزڕاند. منداڵەکە زوو زوو تەنگێشی خۆی دەگۆڕی، پێڵوەکانی بەسەریەکدا فشار دەدا. پڕ بە دڵ حەزی دەکرد داوا لە نەنە بکا پەردەیەك بە پەنجەرەوە بگرێ. بەڵام ئەمەی نەکرد، لەبەرئەوەی نەنە زۆر لە بابە گەورە تووڕە بوو.

نەنە لەناو نوێندا ڕاکشا بوو، لەبەرخۆیەوە هەر پرتەوبۆڵەی بوو:

- هەی ئەحمەق، ئەگەر نازانی چۆن لەگەڵ خەڵکدا هەڵکەی، بەلایەنی کەمەوە کڕبە، هەناسەت لەبەرنەیە، گوێ لە قسەی خەڵکی دیکە ڕابگرە. تۆ لەبەردەستی ئەودای. مووچە لەو وەردەگری، ئەگەر قرۆشێکیش بێ، ئەوا

هەمو مانگێك هەتە. بەلاّم تۆ بەبێ معاش وكار كێی؟ پیر بووی، بەلاّم تۆزقاڵێك هۆش و فامت پەیدا نەكرد..

پیرەمێردە وەلاّمی نەدەداوە، نەنەش كڕبۆوە، پاشدان بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەگەر معاش و كاری خەڵكی ببڕن، ئەوا ئیدی مرۆڤ نیە، بەهیچ ناچێ.

پیرەمێرد دیسان هەر وەلاّمی نەداوە، بەلاّم منداڵەكە نەیدەتوانی بنوێ. سەری دەیەشا و غایلەو بیری سەیروسەمەرەو جۆراوجۆر نەیاندەهێشت بنوێ. بیری لە قوتابخانە دەكردەوەو نارەحەت دەبوو، دەپەشۆكا. ئەو تا هەنووكەشی لەگەڵدا بێ ڕۆژێك غایب نەببوو، ئێستا نەیدەتوانی وێنای ئەوە بكا ئەگەر بەیانی نەتوانی بچێتە قوتابخانەكەی لە جەلسای، چی ڕوودەدا. هەروەها بیریشی لەوە دەكردەوە ئەگەر ئارۆزكۆل بابە گەورە لە كار دەركا، ئەوا نەنە ژیان لە پیرەمێردە تاڵ دەكا.

ئەوساكە ئەوان چی بكەن؟

بۆچی خەڵكی وا دەژین؟ بۆچی هەندێكیان شەڕانی و نامیهرەبان و هەندێكی دیكەیان پیاوچاك و دڵ پڕ لە میهرەبانین؟ بۆچی هەندێكیان خۆشبەخت و هەندێكی دیكەیان بەدبەختن؟ بۆچی كەسانێك هەن هەموو خەڵكی لێیان دەترسێن و خەڵكێك هەن كەس لێیان ناترسن؟ بۆچی هەندێكیان چەندان منداڵیان هەیەو هەندێكی دیكەیان هیچیان نیە؟ بۆچی هەندێ كەس دەتوانن معاش و بژێوی بە خەڵكی دیكە نەدەن؟ باشترین مرۆڤ ئەوانەن كە زۆرترین معاش وەردەگرن. بۆ نموونە بابە گەورە پارەی مانگانەی كەمەو هەرهەموویان دەیڕەنجێنن. ئاهـ، چی دەكرێ بۆئەوەی بابە گەورەش مانگانەكەی زیاد بكەن! ڕەنگە ئەوساكە ئارۆزكۆلیش ڕێزی بابە گەورە بگرێ.

سەرەنجامی ئەم بیرو غایلانە سەریەشەی منداڵەکە دەم لە دەمی زۆرتر دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یادی گوزەنەکانی کردەوە کە پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لەناو تەنکاوەکەی ڕووباردا دیتبوونی و بیری کردەوە:

دەبێ گوزەنەکان لەناو ئەو دارستانانەدا شەوان چۆن بەسەر ببەن؟ ئەوان لەناو کێوە ساردو پڕ گابەردەکانن، لەناو جەنگەڵی تاریك و تنۆکدا تەنهان. زۆر ترسناکە، ئەگەر گورگ هەڵمەتیان بکەنە سەر، چی ڕوودەدا؟ ئەوساکە کێ موعجیزە ئاسا لانك بە شاخەکانیەوە دەکاو بۆ پوورە بەگی دەهێنێ؟

کاتێ خەو منداڵەکەی دەبردەوە. تکاو داخوازی لە دایکە گوزەن کرد کە بۆ ئارۆزکۆل و پوورە بەگی لانکێك لە داری چنار بێنێ. چەند جاران سوێندی داو لێی دووبارە کردەوە: "کارێکی وا بکە ئەوان ببنە خاوەن منداڵێك!" کەوتە خەوێکی ناخۆش و پەرێشانەوە. دەنگی زەنگی لانکی لە دوورەوە هاتە گوێ.

دایکە گوزەنی شاخدار لانکی موعجیزە ئاسای بە شاخەکانەوە ئاوێزان کردبوو و بەرەو کن بنکە جەنگەڵوانیەکە دەبەزی.

منداڵەکە بەیانی زوو هەرکە دەستی بە ناوچەوانی کەوت لە خەو وەئاگا هات. بابە گەورە لە دەرەوە هاتبووەو دەستی ساردبوو. منداڵەکە لە خۆڕا هەڵلەرزی. بابە گەورە گوتی:

– بنوو، بنوو، پاشدان دەستەکانی بە فوی هەناسەی گەرم کردەوە.

دەستی لەسەر ناوچەوان و دوایی لەسەر سنگ و مەشکی کوڕیژگەکە دانــاو بە دەنگێکی خەماویەوە گوتی:

– پێدەچێ نەخۆش بووبی. تات لێیە. من بیرم دەکردەوە دەبێ بچیتە قوتابخانە.. بۆچی نووستووی؟

منداڵەکە سەری کەمێك بڵند کردو گوتی:

- ئێستا هەڵدەستم..

و هەموو شتێك لەبەرچاوی دەخولاوە گوێیەکانی زیڕاندیان.

بابە گەورە سەری منداڵەکەی خستەوە سەر سەرینەکەو گوتی:

- بەهیچ جۆرێك بیر لەوە نەکەیتەوە ڕاست بیتەوە! کێ تۆی نەخۆش دەباتە قوتابخانە؟! زمانت دەربێنە ببینم.

منداڵەکە هەوڵی دا لەسەر قسەکەی خۆی موکوڕ بێ:

- خانمی مامۆستا دەنگەدەنگمان لەگەڵ دەکا. وە حەز لەو قوتابیانە ناکا غایب دەبن...

- دەنگەدەنگ ناکا، من خۆم پێی دەڵێم. باشە دادەی زمانت دەربێنە ببینم.

بابە گەورە لە زمان و گەرووی کوڕەکەی بەوردی نۆڕی. دەمێکی ویست تا توانی ترپەی دڵی بدۆزێتەوەو هەستی پێبکا.

دەستەکانی پیرەمێردە کە لەبەر کاری گرانو وەك تەختەدار وشك ببۆوەو، ئەنگوستە زبرەکانی ئەو، بە لێهاتووییەوە ترپەی دڵی کوڕیژگەکەی لە مەچەکە داغ و ئارەقاویەکەی گرت دەتگوت پەی بە شتێك برد. دوای ئەوە بە دەنگێکی ئارامبەخشانەوە گوتی:

- خوا کەریمە، تۆ تەنیا کەمێکت سەرما بووە. ئیمڕۆ لەناو نوێن مەیەدەرێ. شەو بەر لە نووستن، خۆم سینگو پشتت بە دووگو ڕۆنی داغ چەور دەکەم، ئارەقە دەکەیو خوا یار بێ بەیانی زوو سپو ساغ قیت دەبییەوە.

مەئموونی پیر ڕووداوی دوێنێو ئەوەی چاوەڕێی ئەویان دەکرد، هێناوە یادو هەر لەسەر بالینگانی نەوەکەی بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو کەوتە ناو بیرو

خەیاڵانـەوە. دوای هەنـدێك لـەژێر لێـوەوە گـوتی: "وێڵـی کـە" . دوایـی بـە کوریژگەکەی گوت:

- تۆ کـەی نـەخۆش کـەوتی؟ بۆچـی دەنگـت لەبـەرەوە نایـە؟ دوێنـی شـەو نەخۆش کەوتی؟

- بەڵێ، دوێنی دوای نیوەڕۆ، هەرکـە گوزەنـەکانم لەوبـەری ڕووبـاردا دیـت، ڕامکردو هاتمە کن تۆ. دوایی تێکچووم.

پیرەمێردە بە دەنگێکی وەك بلێی خۆی گوناهکارە، گوتی:

- باشە، گرنگ نیە.. تۆ بنوو، من دەڕۆم.

هەڵسا تا بڕوا. بەڵام منداڵەکە تکای لێکرد بوەستێ و پرسی:

- بابە، ئەوەی دیتم دایکە شاخدار خۆی بوو، وانیە؟ هـەروەکو بـەفر سـپییە، چـاوی گـەلێ گـەورەن و وەك مـرۆڤ دەڕوانـی.. مـەئموونی پـیر بـە پـارێزەوە پێکەنینێکی هاتێ و گوتی:

- ئەحمەق گیان!- دوایی بـە دەنگێکـی خەفـەوە بـەردەوامی بـە قـسەکانی دا:- باشە دەی، وەك تۆ دەتەوێ بـا وابـێ. ڕەنگـە ئـەو گوزەنـە هـەمان دایکـە شاخداری ئێمـە بووبـێ، کـێ دەزانـێ؟ ...مـن وای بـۆ دەچـم کـە... پیرەمێـرد دەرفەتی نەهێنا رستەکەی تەواو بکا. سەرو کەللەی نەنە لەماڵـەوە پەیـدابۆوە. نەنە کە خەبەرێکی زانیبوو، بەپەلـە خـۆی لـە حەوشـەی ماڵـەوە، کوتـاوە هـەر لەوێوە هاواری لێهەستا:

- پیرەمێرد، برۆ ئەوێ!

مەئموونی بەستەزمان تەنیا بە بیـستنی دەنگـی نەنـە هەناسـەی بەنـد بـوو بـە حاڵەتێکی ناخۆش و خەمبارییەوە بێـدەنگ بـوو. نەنـە درێـژەی دایـە:- لـەولای

دەیانەوێ قـەدی سـنەوبەرەکە بـە ماشـێن لـە ڕووبارەکـە دەربێـنن. تـۆش بـچۆ هەرچیان پێ گوتی، بیکە.. لەپڕ کەوتە بیری مـەنجەڵە شیرەکەیەوەو گوتی:

- وای، خوایە! هێشتا شیرەکەم نەکوڵاندووە...

دەستی بە ڕێکخـستنی ئـاگردان و ئاگرکردنـەوە کـرد. تـەق و هـوری هیربـارو ئاسنجاوان بەرزبۆوە. پیرەمێردە گرژ بـوون، دەیویـست شـتێك بڵـێ، بەرپەرچـی ئەو بداتەوە. بەڵام نەنە وچانی نەدا کە دەمی لێك بکاتـەوە. زۆر بـە تووڕەییـەوە هاواری کرد:

- چییە، دەڵێی بزنەگەڕی دەڕوانی؟ بۆچی جووتکان دەهاوێی؟

ئێمە کێین تـا جووتکـە بهـاوێین؟ تـۆ بـەڵای گیـانی منـی. تـۆ لـە بەرانبـەر ئەواندا کێی؟ ببینە چ پیاوێك هاتوونەتە لای ئـارۆزکۆڵ! ببینـە چ ماشـێنێکیان هەیە! ئەگەر دە داری وایشی لێ بار بکەی هـەر هـەمووی بـە ڕێگـای نـاو ئـەو چیایانەدا دەبـا. ئـارۆزکۆلیش تەماشـامان ناکـا. هەرچـی مـن لـێم خواسـتی، هەرچەندی خۆم بچووك نوانـد، هـەر نەهاتـە بـەر بـار. ڕێگـای کـچەکەتی نـەدا بچێتە ماڵەوە. ئەو کچە نەزۆکەت لە ماڵی سەید ئەحمـەد دانیـشتوە.. ئەوەنـدە گریاوە خەریکە چاوەکانی کوێر دەبن. بە ڕست نەحلەت بۆ باوکە بێ مێـشکەکە دەهۆنێتەوە.

پیرەمێردە جامی سەبری سەرەوڕێژ بوو گوتی:

- ئیدی بەسە!

بەرەو دەرگا ڕۆیشت و گوتی:

- منداڵەکە نەخۆش کەوتووە شیری گەرمی بدەرێ.

نەنە گوتی:

- دەیــدەمێ: شــیری گــەرمی دەدەمــێ، بــڕۆ، بــۆ خــاتری خــوا، بــڕۆ. پیرەمێردەکــەی لــە مــاڵ دەرپەڕانــدو دوای ئــەویش هــەر قڕەقــڕی بــوو:- ئــەم پیرەمێردە چی لێ بەسەرهاتووە؟ قەت یەك‌و دووی لەگەڵ کەسدا نــەدەکرد. وەك بەرخۆلە سەری لەبەرخۆی و گوێڕایەڵ بوو، جارێـك هەڵەیــەکی وایکــرد! ســواری ئەسپی ئارۆزکۆل بوو و ئاویشی دا..

ئینجا نیگایەکی دڵبەقینانەی لە منداڵەکە کردو گوتی:

- هــەر هــەموو ئــەو کارانــەی لەبــەر فــسکلێکی وەك تــۆ کــردووە. ئەگــەر مرۆڤیش بایە.. نرخی ئــەم دەردەســەریەی دەزانــی، شــتێك پاشــان نەنــە شــیری گەرمی بــە ڕۆنــی زەردەوە بــۆ کوریژگەکــە هێنــا. شــیرەکە لێــوی کوریژگەکــەی دەسووتاند. بەڵام نەنە ناچاری دەکرد بیخواتەوەو بە موکوڕیەوە گوتی:

- بیخۆوە، هەر بە گەرمی بیخۆوە، مەترسە، تەنیا بە شتی گــەرم دەتــوانی سەرما لە لەشت دەربکەی.

شیرە داغەکە دەم‌و لچی منداڵەکەی دەسووتاند، لە گــەرما فرمێــسکی بــە چاواندا دەهاتە خوار. لەپڕێکدا نەنە دڵی نەرم بوو گوتی:

- دەباشە، وازی لێبێنە ساردبێتەوە.

ئاهێکی هەڵکێشاو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

- ئێستا وەختی ئەوە بوو تۆ نەخۆش کەوی!..

منداڵەکە دەمێك بوو پێویستی بەسەر پێــشاو بــوو ئیــدی زۆری بــۆ هــاتبوو چیدی نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێ. هەڵساو هەستی بە بێ هێزیەکی سەیر کــرد وەك گیانی داهێزرابێ. نەنە ڕێگای لێگرت و گوتی:

- بوەستە، من ئێستا دەستشۆرێکت بۆ دەهێنم.

منداڵەکە شەرمی کرد، خۆی وەرسوڕاندو لەسەر دەستشۆرەکە دانیشت، و سەرسام بوو لەوەی بۆچی میزەکە زەردو گەرم بوو، ئەو بەرەبەرە هەستی بەوە دەکرد لەشی سووکتر دەبێ، ژانەسەرەکەی کەم دەبێتەوە.

منداڵەکە ئارام لەناو نوێنەکەیدا نووستبوو، لە دڵەوە سوپاسی ئەو خزمەتانەی دەکرد کە نەنەی دەیکرد، بە خۆی دەگوت کە دەبێ هەرچۆنێ بێ تا بەیانی چاك بێتەوە و بچێتەوە قوتابخانە. بیری لەوە دەکردەوە کە لە قوتابخانە چیرۆکی ئەو سێ گوزەنەی دیتبووی دەگێڕێتەوەو دەڵێ کە گوەزنە سپیەکەیان، هەمان دایکە شاخدار خۆیەتی، بەچکەیەکی گەورەو بەهێزیشی هەیە، گوزەنێکی زەردی زۆر بەهێزی شاخداریشیان لەگەڵدایە، گوزەنە زەردەکە زۆر بەهێزەو دایکە شاخدارو بەچکەکەی لە گورگ دەپارێزێ- جگە لەمانەش دەڵێ ئەگەر گوزەنەکان لە کن ئەوان بمێننەوە و بەلایەکدا نەڕۆن، گوزەنی شاخدار بەخێرایی لانکێکی موعجیزەیی بۆ ئارۆزکۆل و پوورە بەگی دەهێنێ.

بەڵام گوزەنەکان بەیانی زوو کاتێ خۆری پاییز گزنگی دەدا، لە دارستانی سەری سەرەوە هاتنە دەرەوە بۆ ئاو خواردنەوە، هەرچەندەی خۆر زێتر هەڵدەهات، لە دامەنێدا لەنێو چیایاندا هەوا ڕووناکترو گەرمتر دەبوو. جەنگەڵ دوای کپی و ئارامی شەوانەی، گیانێکی هاتە بەرو پڕ لە جووڵەو تیشکی ڕەنگاوڕەنگی سەد تەرز بوو.

گوزەنەکان ساڵدانە ساڵدانە بەنێو درەختەکاندا دەڕۆیشتن، لە چەمەنزارە بەربەڕۆژەکانیدا گەرم دەبوونەوە، گەڵاو پەلکی درەختانێکی هێشتا شەونمیان لەسەردا دەدرەوشاوە، لق و پەلەدارانیان لێدەکردەوە و دەیانخوارد. گوزەنەکان بەهەمان شێوەی جاران دەجووڵانەوە: نێرە گوزەنە شاخ گەورەکە لە بەرایی، بەچکەکە لە ناوەڕاستێ و دایکە شاخدار لەدواوە. گوزەنەکان لەهەمان

کوێرەرێدا دەهاتنە خوارەوە، کە دوێنێ ئارۆزکۆل و بابە مەئموون لەو ڕێگایەدا دارسنەوبەرە نەگبەتەکەیان تێدا ڕادەکێشاو سەرەوخواریان دەبرد. شوێنی دارسنەوبەرەکە بەسەر خاکی ڕەشی ناوکێوانەوە هێشتا وەك قەڵشێکی تازەی بەجێماو گونبەتۆکەی بە گیاداپۆشراو بەو گیایەی هەڵکەنرابوون. لە دەوروبەری قەڵشەکەدا بەرچاو دەکەوت. ئەم کوێرە ڕێگایە بەرەو تەنکاوی ڕووبار، بۆ ئەو ئاستەی قەدە سنەوبەرەکەی تێدا گیر ببوو، دەچوو.

گوزەنەکان دەچوونە ئەو جێیە، چونکە ئەوێ بۆ ئاوخواردنەوە لەبار بوو. ئارۆزکۆل و سەید ئەحمەد لەگەڵ ئەو دوو کەسەی بۆ بردنی دارەکە هاتبوون، بەرەو ئەوێ دەچوون تا بزانن چۆن دەکرێ باشتر ماشێنەکە بۆ ئەو شوێنە ببردرێ. ئەوان دەیانویست سنەوبەرەکە بە پەتێکەوە لە ماشێنەکە گرێ بدەن و لە ڕووبارەکەی بێننە دەرەوە. بابە مەئموون سەری لەبەرخۆی نابوو بە دوودڵی و گومانەوە بەدوای ئەواندا دەڕۆیشت. پیرەمێردە نەیدەزانی دوای ئەو جەنجاڵیەی دوێنێ چ ڕێگایەك بگرێتەبەرو چی بکا! ئایا ئارۆزکۆل ڕێگای پێدەدا بەشداری لە کارەکەیاندا بکا؟ ئایا وەکو دوێنێ، کاتێ پیرەمێردەکە دەیویست بە ئەسپەکە سنەوبەرەکە لە ڕووبارەکەدا دەرکێشێ، دەری ناکا؟ ئەگەر ئارۆزکۆل بڵێ: "تۆ لێرە چیت دەوێ؟ پێیان وتوی لە کار دەرکراوی!" ئەوسا چی بکا؟ ئەگەر لەبەرچاوی خەڵکدا قسەکی ساردو ناشیرینی پێ بڵێ و لەوێ دەری بکا، ئەوساکە چی ڕوودەدا؟ دوودڵی و گومان دەست و پێی مەئموونیان تێك ئاڵۆزکاند بوو، دەتگوت دەیبەنە ئەشکەنجەخانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەڕۆیشت. نەنەشی بە خۆو شاقەلبادانەوە بەدواوە بوو. لەڕاستیدا نەنە لەژێر کاریگەریێتی هەستی چاودێری و تۆژینەوەدا دەڕۆیشت تا تەماشا بکا و کاری بەسەر کەسەوە نەبوو. بەڵام لەڕاستیدا پیرەمێردەی کردبووە قۆچی قوربانی و بۆ

پێشەوەی دەرەتاند. بەرەوپێشەوەی دەبرد تـا ناچـاری بکـات لەگـەڵ ئارۆزکۆڵـدا ئاشبێتەوە، بە هاوکاریو بەدیارخستنی خزمـەتگوزاری ببێتـە جێـی بەخـشین و لێبوردنی ئارۆزکۆل.

بـەڵام ئـارۆزکۆل، وەك خاوەنکارێـك، بـە تـین و شـکۆوە شـەقاوی دەنـا. مشەمشی لێوە دەهات، بەم لاو بەولایـدا هەڵـدەڕوانی و دەڕۆیـشت. ئەگەرچـی سـەری لـە ئـەنجامی بەدمەسـتیو خواردنـەوەی زۆر ژانـی دەکـرد، بـەڵام دڵـی سەراوێژ بوو لە لەزەتی تۆڵەسـەندنەوە، ئـاوڕی داوەو بابـە مـەئموونی دیـت کـە وەك سەگێکی وەفادار کە لە ماڵی خاوەنەکی کوتەك کاری کرابـێ، بەشەلەشـەل بەدوایدا دێ.

ئـارۆزکۆل بـەبیری هاتـەوە کاتـێ ژنەکـەی دارکـاری دەکـردو لـە ماڵـەوەی دەردەکرد، ژنەکەی چۆن کەوتبووە سەر پێیەکانی و ناڵەناڵی بوو، دڵی لە شـادی تۆڵەکردنەوەدا سەراوڕێژ بوو، زەهرخەرێکی گرت و لە دڵی خۆیدا بە مـەئموونی گوت: سەبر بگرە، ئێستا لەکوێتە، کوێیت دیتوە! تـۆ بـۆ مـن هـیچ وجودێکت نییە. خۆشت دەخەیتە سەر پێیەکانم" . لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئـەو کەسـەی بۆ بردنی دارسنەوبەرەکە هاتبوو. بیری کردەوە: "لێگەڕێ بـا جـارێ ئـەم بابایـە لەگەڵ دارسنەوبەرەکە بەڕێ بکەم، ئەوساکە باوك و کچە تا سەر لێواری مـەرگ دەبەم. با کچەکە چاوەکانی بـاوکی هـەڵکۆڵێ. ئـەو ئێـستا وەك گورگـەمێ دڕو دڕندە بووە" .

ئـەو کەسـەی بـۆ دارسـنەوبەرەکە هـاتبوو. نـاوی کوکتـای بـوو. مرۆڤێکـی بەهێزو ڕەشتاڵە بوو لـە کـاڵخۆز لـە کـەناری دەریاچـەکەدا وەك ژمێریـار کـاری دەکرد. لە دەمێکەوە لەگەڵ ئارۆزکۆلدا دۆستایەتی و ئاشنایەتی پەیدا کردبـوو. نزیکەی بـەر لـە دوازدە سـاڵێك بـۆ خـۆی خـانووێکی دروسـت کـرد. ئـارۆزکۆل

کۆمەکی کرد، کاریتەیەکی زۆری بە نرخێکی زۆر کەم پێ فرۆشت. تا بیانبڕێتەوەو، شەپکەدارو دەرگاو پەنجەرەی لێ دروست بکا.

لەدواییدا کوکتای ژنی بۆ کوڕەکەی هێناو خانووی بۆ هەڵنان. دیسانەوە ئارۆزکۆل ئەوی لەلایەنی دارو تەختەوە خەیاڵ ڕەحەت کرد. کوکتای دەیویسیت ژن بۆ کوڕە بچووکەکەشی بێنێ و دیسان بۆ خانوو دورستکردن پێویستی بە دارو تەختە بوو. دیسان دۆستی دێرینی واتە ئارۆزکۆل، بەهانایەوە دەهات. لەڕاستیدا ژیان دژوارە! کارێك تەواو دەکەی وا دەزانی ئیدی بەسەری ڕەحەت تاسەر دەژیەی. بەڵام ژیان جارێکی دیکە خەونێکی دیکەت بۆ ئامادە دەکاو کارێکی دیکەت دەخاتە بەردەم. لەم دەرو ڕۆژگارەدا بەبێ یارمەتیدانی کەسانی وەك ئارۆزکۆل کارت بەڕێوە ناچێ... کوکتای بە ئارۆزکۆلی گوت:

- خوا پشتیوان بێ بەمزوانە بەبۆنەی خانووی تازەمانەوە دەعوەتتان دەکەم. ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕین، تەشریف بێنن.

ئارۆزکۆل بە لەخۆرازیبوونێکەوە دووکەڵی جگەرەی بەبا دەکردو هانکەهانکی بوو، گوتی:

- سوپاست دەکەم، دەعوەتمان بکەن، دەچین، بانگمان نەکەن، نایینە میوانی ناوەخت، ئەگەر دەعوەتیشم بکەی، دێینە خزمەتتان، جاری یەکەمان نیە نان و نمەکی تۆ دەکەین، بەڵام دەزانی من هەنووکە بیر لە چی دەکەمەوە؟ باشتر نییە تۆ تا ئێوارە سەبر بکەی، کە دونیا تاریك داهات بڕۆی؟ مەسەلەکە ئەمەیە کە بەجۆرێك لە ساوخۆز ڕەت بی کە کەس نەتبینێ. دەنا ڕێگات لێدەگرن...

کوکتای بە دوودڵی و گومانەوە گوتی:

– ڕاستە، بەڵام تا ئێوارە دەبێ وەختێکی زۆر دانیشم و چاوەڕێ بکەم. لەسەرخۆ لە ساوخۆز ڕەت دەبین. وەك ئەوەی لە ڕێگا کەس نەبێ لێمان بپرسێ؟ تەنیا ڕەنگە بەڕێکەوت فەرمانبەری ڕێگاوبان و هاتوچۆ یان کەسێکی دیکەت تووش بێ...

ئارۆزکۆل لەبەر دڵەکزەو ژانەسەر ڕووی ترش کردو قرەقرێکی کرد:

– ئەوهایەو ئەها! سەد ساڵ بۆ کاری ئیداری دەچی، لە ڕێگادا تووشی سەگێکیش نابی، بەڵام لە سەد ساڵدا بارێك دار دەبەی، یەکسەر دەگیرێی. هەمیشە هەر وایە...

ئەوان بێدەنگ بوون و هەریەکە بۆ خۆی کەوتە ناو بیرو خەیاڵاتی خۆیەوە. ئارۆزکۆل داخی دەخوارد کە دوێنێ ناچار بوو دارسنەوبەرەکە لەناو ڕووباردا بەجێبهێڵی و بڕوا. ئەگەر ئەمە نەهاتبا پێشەوە، دارەکە ئامادەی بردن بوو، هەمان شەو باری ماشێنیان دەکردو بەیانی زوو بەڕێیان دەکرد تا بڕواو بەبێ گیروگرفت کارەکە کۆتایی دەهات.. ئاه، بۆ دەبووایە دوێنێ ئەوە ڕووبدا! هەمووی گوناهی ئەو مەئموونە ئەحمەقەیە، هەوای جووتکەیەکی لەسەردابوو: سەرکێشی بکا، بە قسەی من نەکا. زۆرباشە، با وابێ! ئەم کارەیانی لەو کارانە نییە کە بە هەرزان بۆی تەواوبێ...

هەرکە پیاوەکان گەیشتنە ڕۆخ ڕووبارەکە. گوزەنەکان لە قەراخی ئەوبەردا دەلەوەڕان، مرۆڤ شتی سەیرن، بەردەوام لە ڕاکەڕاکەو سەرەگێژەو جەنجاڵیدان. ئێستا ئەوانە ئەوها سەرگەرمی کارو قسەوباسی خۆیان بوون کە هەتا ئەو گوزەنانەشیان نەدیت کە لەوبەری ڕووبارەکە بەرانبە ئەوان دەلەوەڕان. گوزەنەکان لەناو دارونەهاڵی ڕەنگ سورێکی وەك ڕەنگی بەرەبەیانان وەستابوون و تا گۆزنگان لەناو ئاوەکەدا بوون و لە چەوەلانی چاك و بێگەردی کەنار

ڕووبارەکە، ئارام و بەکاوەخۆ، قوم قـوم ئاویـان دەخـواردەوە. ئاوەکـە زۆر سـارد بوو، بەڵام هەتاو لەو سەرەوەدا دەم لە دەمێـدا گـەرمتر و خۆشـتر دەدرەوشـاوە. گوزەنەکان تێریان ئاو خواردەوەو چێژیان لە هـەتاوە گەرموگوڕەکـە وەردەگـرت. ئەو شەونم و تنۆکە ئاوانەی بەدەم ڕێگـاوە لـە لقـی درەختانـەوە پـەڕیبووە سـەر پشتیان وشـك دەبـۆوەو هـەڵمێکی ناسـکی لێهەڵدەسـتا. بـەیانی ئـەو ڕۆژە بـۆ گوزەنەکان بەیانیەکی خۆش و ئارامبەخش بوو. بـەڵام خەڵکەکـە گوزەنـەکانیان نەدیت. یەکێك لەوان بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە گەڕاوەو ئەوانی دیکە لـە کەنارەکـەدا مانـەوە. گوزەنـەکان گوێـچکەکانیان دەجووڵانـدەوەو بەمـلاوبـەولادا قوڵاغیـان دەکردو دەنگی قسەو گفتوگۆیـەکی کـە ناوناوەیـەك دەگەیـشتە گوێیـان ڕوون و ئاشکرا گوێیان لێدەبوو. هەرکە کامیۆنـە تایـە زنجیردارەکـە لـەو قەراغـە پەیـدا بوو، گوزەنەکان لە جێی خۆیاندا وشك بوون و پشتیان کەوتە موچڕکدان. نـەڕەی هەورەتریشقە ئاسای کامیۆن گوزەنەکانی والێکرد لەوێ بڕۆن. بەڵام کامیۆنەکـە لەپڕ وەستاو دەنگی کپ بۆوە، گوزەنەکان وەستان، بەڵام لەدواییـدا هاتنـە سـەر ئەوەی ڕێگا بگرنەبەرو لەسەرخۆ بڕۆن. چـونکە ئـەو مرۆڤانـەی لـە قەراغەکـەی ئەوبەری بوون. بە دەنگێکی زۆر بەرز قسەیان دەکـردو لەڕادەبـەدەر سەراسـیمەو بەپەلەپەل دەجمان. گوزەنـەکان لـە کـوێرەڕێی نێـوان دارو پنـچکاندا بـە هێمنـی دەڕۆیشتن.

جارجارە پشت و شاخەکانیان لەنێوان پنچکەکاندا بەبەرچاو دەکەوت. بـەڵام دیـسانەوە خەڵکەکـە ئـەوانیان نـەدیت. تـەنیا کاتـێ کـە گوزەنـەکان لـەنێو پنچکزارەکە تێپەڕین، خەڵکەکە ئەوانیان لەبەر تیـشکی گەشـی ڕۆژدا بـەڕوونی

دیت و بە واقوڕمانێکی زۆرەوە، بە لەشولارو باری جیاجیا، لە شوێن خۆیاندا لە حەپەساویدا وشك بوون.

بەر لە هەمووان سەید ئەحمەد بانگی کرد:

- بنۆڕە، بنۆڕە، ببینە چیە! سێ ئاسك! لە کوێوە هاتوونەتە ئێرە؟

ئارۆزکۆل بەبێ بایەخیەوە قسەکەی ئەوی بڕی و گوتی:

- ئەوە چ هات هاوارتە؟ کام ئاسك، ئەمانە گوزەنن. ئێمە دوێنێ دیتمانن. لە هەر کوێ هاتبن؟ ئەوا هاتوون! کوکتای تێك سمڕاو بەهێز شێت شەیداو حەیرانی گوزەنەکان بوو و گوتی:

- پەح، پەح، پیەح!- یاخەی کراسەکەی کە فشاری بۆ گەرووی دەهێنا دەبووە هۆی بە زەحمەت هەناسە هەڵکێشانی، کردەوەو، درێژەی بە قسەکەی دا: ئای کەچ خڕوپڕو قەڵەون. دەڵێی دابەستراون شۆفێرەکە کە بە سەرسامیەوە دەیڕوانی، هاوئاوازی کوکتای گوتی:

- دایکە گوزەن چ گوزەنێکە! تەماشاکە چۆن دەڕوا! سوێند بەو خوایەی بان سەرمان، هێندی جوانە ماینێکی دوو ساڵەی. یەکەم جارە کە دەیبینم.

کوکتای لە حاڵێکدا بروسکەی تووڕەیی لە چاوەکانیدا لە چاوی بەراز دەچوون، شەوقی دەداوە گوتی:

- گوزەنە نێرەکە بە ئەندازەی یەك گاجووت! سەیری شاخەکانی کە چەند گەورەن! چۆن ئەم شاخە بەملاوبەولادا دەهاوێ! لە هیچ ناترسن!- لە ئارۆزکۆلی پرسی: ئەمانە لەکوێوە هاتوونەتە ئێرە؟

ئارۆزکۆل بە ورەو شکۆ شایستەیی ئەرباب و ئاغایێکەوە وەڵامی دایەوە:

-گومان نیە کە لەو ملانەوە، لە(قرقگاوە)هاتوون. بەڵام بۆ ناترسن؟ کەس نەیترساندوون، لەبەرئەمەیە ناترسن.

سەید ئەحمەد لەپڕ لە دەمی دەرپەڕی:

- ئای بۆ سێرەی تفەنگێك! یەك خەروار گۆشتی هەیە، ها؟ مەئموونەکە تا ئەو کاتە وەك کەڕولاڵ لە لایان وەستابوو، زۆری بۆ هات و گوتی:

- چ دەڵێی، سەید ئەحمەد! شکارو ڕاوی ئەم گوزەنانە قەدەغەیە. ئارۆزکۆل ناوچەوانی گرژبوو: چپ چپ دەیڕوانیە پیرەمیردەکە، ئاگری کینەی داگیرساو لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆ لێرە بەهۆی منەوە خۆت بە دەردەخەی!" ویستی پیرەمێردەکە بداتە بەرجوێن و قسەی ناشیرین، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت.

بە هەر شێوەیەك خەڵکی لاییدە لەوێ بوون. بەبێ ئەوەی تەماشای مەئموون بکات، بە دەنگێکی ڕقاویەوە گوتی:

- پێویست ناکا دەرسمان بدەی! ئەو جێیەی ئەوان تێیدا دەژین ڕاووشکار قەدەغەیە. لە کن ئێمە نا ژین. ئێمەش بەرپرسی ئەوان نین. تێگەیشتی؟ چاوێکی هەڕەشاوی لە پیرەمێردەکە کرد کە بەتەواوی دەست و پێی خۆی ون کردبوو:

مەئموون وەڵامی داوە:

- بەڵێ، تێگەیشتم. ملکەچ و گوێڕایەڵ سەری لەبەرخۆی ناو خۆی تەریك کرد. لەم کاتەدا نەنە قۆڵی کراسەکەی ڕاکێشاو بە دەنگێکی سەرزەنشت ئامێزانە لەژێر لێوەوە قڕەیەکی لێوەهات:

- دە تۆ بێدەنگ بە!

هەموویان بەشەرمەوە سەریان لەبەرخۆیان ناوچاویان لەبەر پێی خۆیان بڕی. دوای چرکەساتێك سەریان بەرزکردەوەو کەوتنە تەماشاکردنی گوزەنەکان کە بە کوێرە ڕێگا پڕ هەورازو هەڵدێرەکەدا هەڵدەگەڕان. گوزەنەکان بە پاڵ یەکدا لە کوێرە ڕێگاکەدا هەوراز دەبوونەوە. لە پێشەوە گوزەنە نێرەکە بە لە خۆبایی بوونێکەوە شاخەکانی ڕادەوەشاند، لە ناوەڕاستدا گوزەنەکاریلەکەو لە دوای

دواوەشـــدا دایکەشـــاخدار بـــوو. گوزەنـــەکان لـــە کـــوێرە ڕێگـــا رووتەنـــەبێ داروبارەکـەوە، زۆرجـوان و ڕێـك ئەنـدام دەهاتنـە بەرچـاوان و هـەموو هـەنگاو جوولە یەکیان بە باشی دەدیترا.

شـــۆفێرەکە لاوێـــك بـــوو بـــە دووچـــاوی دەرپـــەڕیوو بالاّوبـــەژنێکی ئـــارام و گوێڕایەڵ، نەیتوانی پەشێوی خۆی بشارێتەوەو گوتی:

- پیەح..پیاح! بە ڕاستی جوان و نازدارە! مەخابنە کە کـامێرا دوورگرەکـەم لەگەڵ خۆمدا نەهێنا، "دەنا....

ئارۆزکۆل بە دەنگێکی پڕ لە نارەزاییەوە هاتە نێو قسەکانی ئەوەوە:

- دەباشە، ببڕێتەوە، جوانە! خۆت خەریك مەکە.

جوانی. تێر ناکا. ئۆتۆمبێلەکە بۆ دواوە لێخوڕە، بۆ ڕۆخ ڕووبارەکە، بـۆ نـاو ئاو، بەلاّم هەر لە کەنارەکە.

لە حاڵێکدا کە دڵی سەرەوڕێژی تواناو هێـزی فـەرمانڕەوایی بـوو، فـەرمانی بە سەید ئەحمەددا، گوتی:

- سەید ئەحمـەد، تـۆ پێلاّوەکانـت داکەنـە.. بـە ئامـاژەوە بـۆ شـۆفێرەکە- تۆش! و گوریـسیەکەش بـە درەختەکـەوە ببەسـتن. هێـشتاش کـارێکی زۆرمـان لەبەرماوە.

سـەید ئەحمـەد خـەریکی دا کەنـدنی پێلاّوەکـانی بـوو چـەکمەکانی نـەختێ تەسك بوون. نەنە نەقیزەیەکی لە مەئموون سرەواندو بـۆ پێـشەوە پـالّی پێوەنـاو زۆر بەتوڕەییەوە کەوتە قڕەقڕ بەسەریدا!

- بۆ وەستاوی و تەماشا دەکەی، یارمەتیان بدە! پێلاّوەکانـت داکەنـە، بـڕۆ ناو ئاوەکەوە.

بابە مەئموون یەکسەر بەرەو لای سەید ئەحمەد ڕایکرد، و کۆمەکی کرد بۆ داکەندنی کەوشەکانی، و خۆیشی کەوشەکانی خۆی داکەند. لەو کاتەدا ئارۆزکۆل و کۆکتای بە لێخوڕین و ڕێنماییکردنی ماشێنەکەوە خەریك بوون:

- وەرە دواوە، بدە دواوە.

- کەمێ بەلای چەپدا، هەر دەستی چەپ بگرە. بەمجۆرە وەرە.

- کەمێکی دیکە..

کە گوزەنەکان دەنگی ماشێنەکەی دامەنیان بەرگوێ کەوت، لە کوێرە ڕێگاکە هەنگاویان هەڵێنا. لە حاڵێکدا بە پەشێوی و نیگەرانیەوە سەیری دواوەیان دەکرد، بە هەورازەکە هەڵگەڕان و لە بێشەکەدا لە چاوان بزربون.

کوکتای وەك ئەوەی نێچیری لە دەست ڕزگاربووبێ، بە حەسرەتەوە ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- حەیفێ، ڕۆیشتن.

ئارۆزکۆل لە مەبەستەکەی ئەو گەیشت و گوتی:

- خەم مەخۆ، بۆ هیچ لایەك نارۆن!- لەوەی کە توانی بووی پەی بە مەبەستەکەی کۆکتای ببات، بە خۆی نازی و لە سەرقسەکەی بەردەوام بوو ئیمرۆ تا شەو بەهیچ لایەکدا ناچی. میوانی منی. خوا خۆی وای ویستوە دەعوەتێکی شاهانەتان دەکەم.

لەدواییدا قاقا پێکەنی و دەستی لە شانی دۆستەکەی دا.

ئارۆزکۆڵیش دڵی خۆ بەم قسانە خۆش دەبوو.

کوکتای بەهێز پڕبەدەم پێکەنی، ددانە گەورەو زەردەکانی بەدەرکەوتن و پێکەنی و گوتی:

– باشە، کە وایە، وا ئەمر دەفەرموون، میوان گوێڕایەڵی خانەخۆیەی. ئۆتۆمبێلەکە لە کەنار ڕووبارەکەدا بەجۆرێکی ئەوها چەقی تایەکانی دواوەی تا ناوەڕاست کەوتبووە ناو ئاو. شۆفێرەکە ترسا زێتر بکەوێتە ناو ئاوەوە. ئێستا دەبووایە تەنافەکە ڕاکێشن و لە درەختەکەی ببەستن. ئەگەر سەری تەنافەکە بگەیشتبایە دارەکە، ئەوا دەرهێنانی لە چنگی بەردەکانی ژێرئاوەکە هێندە زەحمەت نەبوو.

تەنافەکە پۆلایی و درێژو گران بوو. دەبووایە سەرەکەی ڕاکێشرێ و بگەیەنرێتە دارەکە. شۆفێرەکە لەگەڵ ئەوەی بەبێمەیلی چەکمەکانی دادەکەند. زەقزەق سەیری ئاوەکەی دەکرد. ئەو هێشتا بڕیاری تەواوی نەدابوو کە بەچکمەوە لە ئاوەکە بدا یان دایان بکەنێ. سەرەنجام بە خۆی گوت: "بەپێی پەتی باشترە. ئاوەکەش لە ئەژنۆیان بەرەوسەر بوو و بە هەموو بارێك ئاو دەچووە ناو پێڵاوەکانی،و دوایی دەبووایە بە درێژایی ڕۆژەکە بە کەوشی تەڕەوە ڕێ بکا" . بەڵام ئەو، لە هەمان کاتدا، دەیوویست بزانێ کە ئاوی ڕووبار لەم کاتەیساڵدا دەبێ چەندە ساردبێ. بابە مەئموون کەڵکی لەو دوودڵییەی ئەودا دیت، رایکردە بەردەمی و گوتی:

– کوڕەکەم، تۆ پێڵاوەکانت دامەکەنە، ئێمە لەگەڵ سەید ئەحمەددا دەچین.

شۆفێرەکە شەرمی لە خۆی کردەوە وگوتی:

– نەخێر، قوربان پێویست ناکا ئێوە بڕۆن.

بابە مەئموون پێی داگرت:

– تۆ میوانی ئێمەی، ئێمە خەڵکی ناوچەکەین. تۆ لەسەر سووکان دانیشە. هەرکە مەئموون و سەید ئەحمەد ئەڵقەی پەلە دارێکیان لەناو ئەڵقەی

تەنافەکەوە کرد و لە ئاوەکەیان دا تا تەنافەکە ڕاکێشن، سەید ئەحمەد لە کرۆکی دڵیەوە نالاندی و ئاخ و ئۆفی لێهەڵسا:

- وای، وای، کە ئەمە ئاو نییە، دەڵێی شەختەیە! و جوێنێکی بە دەمدا هات. ئارۆزکۆل و کوکتای گەورە پیاوانە پێدەکەنین و بۆئەوەی زێترهانی بدەن و بۆێری بخەنەبەر پێیان دەگوت:

-دان بەخۆتدا بگرە، ددان بەخۆتدا بگرە! شتێك پەیدادەکەین کە بتدەینێ و گەرمت بێتەوە.

بەڵام مەئموون متەقی لە دەم نەهاتەدەر. ئەو تا هەستی بە ساردییە لە ڕادە بە دەرەکەی ئاوەکە نەکرد. سەری بردبۆوە قاوغەی خۆی تا کەمتر جێی تێبینی و سەرنجدان بێ، بەپێی پەتی بەسەر بەردە لوس و خزەکانی ژێر ئاوەکەدا دەچووە پێشەوەو بەردەوام خوا خوای بوو ئارۆزکۆل نەیگەڕێنێتەوە، لەوێ دەری نەکاو لەبەر چاوی خەڵکدا قسەی ساردو ناشیرینی پێ نەڵێ. خوا خوای بوو ئارۆزکۆل- پیرەمێردەی ئەحمەق و بێچارە- ببەخشێ... ئارۆزکۆڵیش قسەیەکی نەکرد. ئەو دەتگوت بابە مەئموون هەر بە مرۆڤیش ناژمێرێ و هەوڵ و کۆششی پیرەمێردەی نەدەدیت، مەستی بادەی سەرکەوتن بوو کە سەرەنجام ئەژنۆی بە پیرە یاخیەکە دادابوو لە دڵی خۆیدا پێکەنینی گاڵتە ئامێزی دەگرت و دەیگوت: "ئەها، سەرەنجام هاتی، کەوتیە سەر قاچەکانم، بەداخەوە کە من دەسەڵات و ئیختیاری زۆرم نیە، دەنا مرۆڤی لە تۆ گەورەترم ڕام و گوێڕایەڵ دەکرد، قەپۆزیانم دەشکاند. ئەگەر بەلانی کەمەوە کۆلخۆزێك یان ساوخۆزێکیان دەدا دەست من، یاساو ڕێکوپێکیەکی وام تێدا پیادە دەکرد کە هەر بە داستان بگێڕدرێتەوە. خەڵکەکەیان بەرداوەتە گیانی خۆیان و ئێستا خۆیان سکالادەکەن کە ڕیزی گەورە ناگرن، ڕێزی سەرۆك ناگرن. فلان و فلانە شوانە بەجۆرێکی وا قسە لەگەڵ سەرۆکەکان دەکەن، وەك ئەوەی هاوشانی

سەرۆکەکە بن وایە. دەسەڵاتداران ئەحمەقو بێ سەروبەرو بێ توانان، مەگەر دەکرێ بەجۆرە لەگەڵ کەسی وا دا بجولێیتەوە؟ حەیف بۆ ئەو وەختانەی کە سەران بە با دەچوون و کەسێك هەناسەی لە بەروە نەدەهات! بەڵام ئێستا چ بارێك هاتۆتە پێشەوە؟ ئێستا ئەم پیرە پەککەوتەو شەکەتەش لەپڕ دێتە سەری گەردەنکێشی بکا" ئارۆزکۆل جارجارە لەژێرچاوانەوە تەماشای مەئموونی دەکردو بە شادی و خۆشیەکی کینەوتۆڵە ئامێزانە بەخۆی دەگوت: "ها، قەپۆزت لە خاك بخشێنە! لمۆزت لە خاك بخشێنە!"

بەڵام مەئموون لەناو ئاوە ساردەکەدا بەشە لە شەل دەچووە پێشی، خۆی گرمۆڵەدەکرد، لەگەڵ سەید ئەحمەددا تەنافە پۆڵاییەکەی ڕادەکێشاو بەوە ڕازی بوو ئارۆزکۆل ئەوی بە ڕووکار بەخشیوە.

لە دڵی خۆیدا بە ئارۆزکۆلی دەگوت: "تو منی پیر لەو ڕووداوەی کە دوێنێ ڕوویدا، ببورە، زۆر دەهەری بووم، سواری ئەسپ بووم و تاوم داو چوومە قوتابخانە تا نەوەکەم بێنمەوە. ئاخر ئەو تەنیا و بێکەسە، مرۆڤ دڵی پێی دەسووتێ. بەڵام ئەمرۆش نەچۆتە قوتابخانە، وەك نەخۆش بووبێ وابوو. لە بیری کە، ببورە، خۆتۆ بۆ من بێگانە نیت. وا دەزانی من بۆ تۆو بۆ کچەکەم هیوای خۆشی ناخوازم؟ ئەگەر خوداوەند بە چکەیەکتان بداتێ، ئەگەر من دەنگی گریانی منداڵ و ژنەکەت ببیستم، سوێند بەخوا. ئامادەم دەم و دەست گیان ببەخشم. لەمەڕ کارکردنیشەوە، تا دەتوانم لەسەر پێیان دەوەستم، کاری خۆم دەکەم. هەر کارێکی تۆ بلێی ئەنجامی دەدەم..."

نەنە لە ڕۆخ ڕووبارەکە لەلایەکەوە وەستا بوو بە ئاماژان، بە هەموو جووڵەی لەش و لاری بە پیرەمێردەکەی دەگوت: "پیرەمێرد، هەوڵ بدە،

دەبینــی ئــەوتۆی بەخــشیوە هەرچــیەکی پێــت دەڵــێن، بیکــە، کارەکــان ڕێــك دەکەونەوە" .

منداڵەکە نووستبوو، بەڵام هەرکە گوێی لە دەنگــی تەقــەی تفــەنگێك بــوو، بێدار بۆوەو دیسان خــەوی لێکەوتــەوە. کوڕیژگەکــە کــە بــە دەســت بێخــەوی و نەخۆشی دوێنێکــەی زۆری ئــازار کێــشابوو ئیمــڕۆ کــەوتبووە شــیرینە خــەوێکی ئارامەوە، لە خەودا هەستی دەکرد نووستن لەناو نــوێن ودرێــژبوون بەرەحــەتی و ئاسوودەیی و نەبوونی لەرزوتا، چەندە لەزەت بەخشە، ئەگەر نەنەو پوورە بــەگی وازیان لێهێنابا، ئەو ماوەیەکی زۆر دەنووست.

نەنەو پوورە بەگی لەسەرەخۆ قسەیان دەکــرد، بــەڵام کوڕیژگەکــە لــە تــەق و هوڕی قاپ و قاچاغان بێدار بۆوە، نەنە لە ژوورەکەی پێشەوەدا بەنەرمی، بــەڵام بەگەرمیەکەوە دەیگوت:

- ئــەم کاســە گــەورە بگــرە، دەورییەکــەش بێنــە، مــن ســەتڵ و بێژنگەکــە هەڵدەگرم، وای کەمەرم لە کفتیا خەریکە بشکێ. چەندمان کــار کــرد! ســوپاس بۆ خوا، من ئەوەندە خۆشحاڵم کە...

- وای، وا مەڵێ، نەنــە گیــان، منــیش ئەوەنــدە خۆشــحاڵم کــە لــە ئەنــدازە بەدەرە. دوێنێ خەریك بوو بمرم، ئەگەر گوڵ جەماڵ نەبووایە، خۆم کوشتبوو.

نەنە بە دەنگێکی سەرزەنشت ئامێزەوە گوتی:

— ئەم قسانە چیە!

بەردەوام بوو:

- بیبــەرت هێنــا؟ بــابڕۆین. خــودا خــۆی بــۆ ئاشــتکردنەوەی ئێــستاکە ئــەم نیعمەتەی ناردووە. با بڕۆین، با بڕۆین!

هە کە لـەماڵ وە دەرکـەوتن، لـەناو دەرگـادا، پـوورە بـەگی سـەیری حـاڵی کوریژگەکەی کرد:

- ئەو هێشتاش نووستووە؟

نەنە وەڵامی داوە:

- ئێستا لێی گەڕێ نووسـتووە. هەرکـە ئامـادە بـوو، شـۆربای گـەرمی بـۆ دەهێنین.

منداڵەکـە خـەوی ڕەویـەوە. لـە حەوشـەدا دەنگـەدەنگ و تەقـەی پێیـان دەهـات. پـوورە بـەگی پێدەکـەنی، گـوڵ جـەماڵ و نەنـەش لـە وەڵامـی ئـەودا پێدەکەنین. دەنگی نائاشناش دەهاتە گوێ. منداڵەکە بـیری کـردەوە: "هـەبێ و نـەبێ ئەوانـە ئـەو کەسـانەی دوێنـی شـەون هاتوونەتـەوە. دیـارە هێـشتاش نەڕۆیشتونەتەوە" . بەڵام سەروسـەکوتی بابـە مـەئموون دیـار نـەبوو و دەنگـی نەدەهات. منداڵەکە بیری کردەوە: دەبێ لەکوێ بێ؟ چی بکا؟

منداڵەکە گوێی بۆ دەنگەکانی دەرەوە شل کردبوو چاوەڕێی بابە گەورە بـوو. زۆری حەز دەکرد لەگەڵیدا لەمەڕ گوزەنەکانی دوێنێکەوە قسە بکا. دەچۆوە نـاو ئەندێشەو خەیاڵان: ئاخر، زوو زستان دادێ. دەبێ ئالیکێکی زۆر بۆ گوزەنـەکان لەناو دارستاندا بەجێبهێڵرێ. با بیخـۆن دەبـێ بـەجۆرێك مـاڵی بکـرێن کـە لـە مرۆڤ نەترسن و لە ڕووبارەکە بپەڕنەوەو ڕێـك بێنـە نـاو حەوشـەکەمانەوە. لێـرە شتی وایان دەدەینێ کە لە هەموو شتێك زێتر حـەزی لێدەکـەن. بەڕاسـت ئـەوان لە هەموو شتێك زێتر حەز لە چی دەکەن؟ ئەگـەر دەکـرا بەچـکەکە بەشـێوەیەك فێر بکـرێ کـە بـۆ هـەموو شـوێنێك بەدوامانـدا بـێ، زۆربـاش دەبـوو. ڕەنگـە ئەوساکە لەگەڵی چووبامایە قوتابخانەش؟..

منداڵەکە چاوەڕێی بابە گەورە بوو، بەڵام بابە گەورە خەبەرێکی نەبوو. لەباتی ئەو لەپڕ سەرو کەللەی سەید ئەحمەد پەیدا بوو. سەید ئەحمەد زۆر شادکەیف بوو، بەم لاو ئەولادا دەهات و پێدەکەنی. هەرکە سەید ئەحمەد نزیك بۆوە، بۆنی کهولی هاتە بەر کونەلووتان. منداڵەکە لەم بۆنە تیژە نەفرەت و قێزی دەکردەوە، ئەو بۆنە ئەوی دەبردەوە یادی سەرخۆشیەکانی ئارۆزکۆل و ڕەنج و ئازارەکانی بابە گەورەو پوورە بەگی بەدبەخت، بەڵام سەید ئەحمەد، تەواو بەپێچەوانی ئارۆزکۆل، کە مەست دەبوو شادو دڵنەرم و ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین دەبوو. بەتەواوی بێ عەقڵۆکە دەبوو هەرچەندە لە کاتی هۆشیاریشدا هێندە ئاقڵ و دانا نەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی کە سەید ئەحمەد سەرخۆش دەبوو، لەنێوان ئەو و بابە گەورەدا ئەم جۆرە قسانە دەهاتنە کردن:

- سەید ئەحمەد، بۆ وەك ئەحمەقان، بەگاڵتەوە پێدەکەنی؟ تۆش سەرخۆش بووی؟

- قوربان، نازانی چەندەم تۆ خۆش دەوێ! بە ویژدانم هێندەی باوکم خۆشم دەوێی.

- ئای! لەم تەمەنەی تۆدا، هی وا هەیە ئۆتۆمبێل لێدەخورێ، بەڵام تۆ ناتوانی زمانی خۆشت بگری! ئەگەر من لە تەمەنی تۆدا بوومایە، ئێستا هەر نەبایە لەسەر سوکانی تراکتۆر دادەنیشتم.

- قوربان، وەختێ من خزمەتی سەربازیم دەکرد، فەرماندەکەمان پێی گوتم کە من ناتوانم ئەم کارانە بکەم. لەباتیان، من پیادەم، بەبێ پیادەش قوربان، هیچ کارێك ناکرێ...

- پیادە، تۆ پیادە نیت، تەنبەڵ و بێعاری. ببینە چ ژنێکت هەیە!...

سەدی وەك تۆ بەمووێکی گوڵجەمال ناگەن.

– هەر لەبەرئەمەشە، قوربان، ئێمە لێرەین، من تەنیا و تەنیا.

– قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێ کەڵکە. وەك گا جووت بەهێزی، بەڵام بە قەدی دەنکە جۆیەك عەقڵت نیە...

بابە مەئموون بە بێ هیوایی دەستی ڕادەتەکاندو دەڕۆیشت.

سەید ئەحمەد بەدوای ئەوەوە وەك گاجووت دەیبۆڕاندو پێدەکەنی.

پاشان لە ناوەڕاستی حەوشە وەستاو گۆرانیەکی سەیروسەمەرە کە دیار نەبوو لەکوێ گوێی لێ ببوو، دەگوت و زۆریشی حەز لەو گۆرانیە دەکرد:

من لەسەر کێوە زەردەکانەوە هاتووم،
بە سواری ئەسپێکی کەرەند.
هاتم، ئەی بازرگانی زەرد، دەرگا بکەوە،
تا شەرابی سوور بنۆشین!
من لەسەر کێوە زەردەکانەوە هاتوم
بەسواری گا زەردی خۆم،
هاتوم، ئەی بازرگانی زەرد، دەرگا بکەوە
تا شەرابی سوور بخۆینەوە!...

سەید ئەحمەد دەیتوانی ئەم گۆرانیە هەتاهەتایە بڵێ، چونکە ئەو لە تۆقەڵەی چیاوە بە سواری وشتر، کەڵەشێر، مشك، کیسەڵەوە، بەکورتی بە سواری هەر گیانلەبەرێك دەهات. کوریژگەکە سەید ئەحمەدی مەستی پتر لە سەید ئەحمەدی هۆشیار خۆش دەویست.

هەر لەبەرئەمە کاتێ سەید ئەحمەد کەمێ مەستو دڵخۆش هاتەژوورەوە، کوریژگەکە بە پێکەنینێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە پێشوازی کرد.

سەید ئەحمەد بە دەنگێکی پڕاوپڕ لە سەرسامیی و شادیەوە گوتی:

هە، هە، ها! پێیان گوتم تۆ نەخۆشی، تۆ هەر نەخۆش نیت، بۆ لە حەوشەکەدا پیاسە ناکەی؟... خۆی فڕێدا سەر نوێنی منداڵەکە، قژی منداڵەکەی دەسکەنەکرد و ماچی کرد. بۆنی کهولی لێدەهاتو بۆنی گۆشتی تازە لە دەستو جلو بەرگەکەیەوە دەهات ڕیشە زبرو نەتاشراوەکەی ختوکەی منداڵەکەی دەداو دەیزووڕاندەوە.

منداڵەکە گوتی:

- خاڵە سەید ئەحمەد، وازبێنە بەسە! بابە گەورە لە کوێیە، تۆ نەتدیتوە؟

سەید ئەحمەد پەنجەی بەشێوەیەکی نادیار لە هەوا تەکانداو گوتی:

- بابە گەورەی تۆ لەوناوانەیە، لەم دەوروبەرانە.. ئێمە دارسنەوبەرەکەمان لە ئاو دەرکێشا- پاشدان شتێکمان خواردەوە کە نەختێ گەرمان بێتەوە. ئێستا بابە گەورە. خەریکە گۆشت دەبرژێنێ. تۆش قیت بەوە، جلەکانت لە بەرکە بڕۆین. چۆن دەبێ ئێمە هەموومان لەوێ بین و تۆ تەنیا لێرە بی! ئەمە ڕاست نیە.

- منداڵەکە گوتی:

- بابە گەورە ڕێگای نەداوە.

- ڕێگای نەداوە چیە، وازبێنە! با بڕۆین تەماشاکە. ئیمڕۆ دەعوەتێکی وامان سازکردوە کە کەم شتی وا دیتراوە.

کاسەو قاپ و قاچاغ و کەوچك و کەوێڵ و دەمەکان هەموویان لەناو ڕۆندا نقوم بوون. ڕاست بەوەدەی!

سەید ئەحمەد ئەمەی گوتو دەست بەکاربوو تا جلوبەرگی منداڵەکە بگۆڕێ، بەڵام لەبەر مەستی وەك مرۆڤی بێ دەست وقاچ وابوو.

منداڵەکە لەبەرئەوەی سەری نەختێ دەسورا، گوتی:

- من خۆم جلەکانم لەبەردەکەم.

بەڵام سەید ئەحمەدی مەست گوێی بە قسەکانی ئەو نەدا، ئەو وایدەزانی کە کارێکی چاك دەکا، لەبەرئەوەی لە ڕۆژێکی وادا کە کاسەو ملاکو دەمەکان نقومی ناوڕۆنن، منداڵەیان تاك و تەنیا لەماڵ جێهێلاوەو ڕۆیشتون...

کوڕیژگەکە بەلاکەلاك بەدوای سەید ئەحمەددەوە لەماڵ هاتە دەرەوە لەناو کێواندا باهەڵی کردبوو و هەوری پەڕاگەندە ئاسمانی داپۆشی بوو. هەور بە خێرایی لەئاسمان دەجوولانەوە. تا منداڵەکە لە هەیوانەکەوە چووە بەردەرگا و گەیشتە حەوشە، هەوا دووجار بەتوندی گۆڕا- سەرەتا هەتاو وا درەوشاوە چاو لەبەری هەڵنەدەهێنرا، دوایی هەموو شوێنێك کەوتە ناو تاریك و تنۆکی.

منداڵەکە هەستی کرد کە چۆن سەری لەم گۆڕانکاریە لەپڕە، بە ژان کەوت. با هەڵی کرد و دوو کەڵی ئاگرەکە بەرەو دەم و چاوی منداڵەکە هات. چاوەکانی زوورانەوەو بەخۆی گوت: "هەبێ‌و نەبێ ئیمرۆ کۆڵ دەکەن" ، چونکە بە عادەت ئەو ڕۆژانەی کە کۆڵیان دەکرد، ئاگریان لە حەوشەدا دەکردەوەو لە مەنجەڵێکی ڕەشی گەورەدا ئاویان بۆ هەرسێ ماڵ گەرم دەکرد. کەسێك بە تەنیا نەیدەتوانی ئەم مەنجەڵە بلند بکا. پوورە بەگی‌و گوڵ جەمال پێکەوە هەڵیان دەگرت.

منداڵەکە حەزی لەو ڕۆژانە بوو کە هەموویان پێکەوە جلوبەرگیان دەشۆری. چونکە: یەکەم جیاوازی نێوان ئاگری ئاگردانی حەوشە لەگەڵ هی ماڵەوە جیاوازیان نێوان زەوی‌و ئاسمانە دەکرێ بەم ئاگرەیان یاری بکرێ! دووەم، هەڵخستنی جلوبەرگ زۆر جوانە و ماڵی ئەوەیە سەیری بکەی. کە جلوبەرگی سپی‌و شین‌و سووریان هەڵدەخست، حەوشەکەی دەڕازاندەوە، منداڵەکە حەزی

دەکرد لەسەرخۆ لە جلوبەرگە شۆڕدراوەکانی سەر ڕستە نزیك بێتەوەو گۆنا و ڕوومەتی لە جلوبەرگە تەڕەکان بخشێنێ.

بەڵام ئەمجارەیان هیچ جلوبەرگێك لە حەوشەدا هەڵنەخسترا بوو، لەژێر مەنجەڵدا ئاگرێکی گەورەیان کردبۆوە، مەنجەڵەکە پڕاوپڕ لە پشكو پلە گۆشتی گەورە گەورە بوو، ئاوو گۆشتەکە دەکولاّ و هەڵمێکی چڕوپڕی لێوە هەڵدەستان گۆشتەکە کولاّبوو، بۆنی گۆشت و ئاگر دەهاتە بەر کونەکەپووان، بەجۆرێك مرۆڤ ئاوی دەزایە ناو دەم. پوورە بەگی بە کراسی سووری تازەو نوێوە، بە چەکمەی سووری نوێو بە دەسماڵو کوڵوانەی ڕەنگاوڕەنگی سەرشانی بەلایەکدا کەلا ببۆوە، بەسەر مەنجەڵەکەدا داهاتبووەو بە کەوگیر کەفی گۆشتاوەکەی دەگرت. بابە مەئموونیش لە تەنیشت پوورە بەگی ئەژنۆی دادابوو و بزۆتەکانی ژێر مەنجەڵەکەی خۆش ڕەپێش دەکرد.

سەید ئەحمەد بە منداڵەکەی گوت: بابە گەورەت، لێرەیە، با بچینەلای و گۆرانیە تاقانەکەی دەستپێکرد:

مـن لەسەر کێوە زەردەکان

بەسواری ئەسپێکی کەرەندوە..

بەڵام لەهەمان چرکەساتدا ئارۆزکۆڵ بەسەروکەللەی لە کۆلك دراوو تاشراوەوە، بە خۆو سەردەستی هەڵکراو و تەورداسەوە، لە عەمبارەکەوە سەرێکی هێنایە دەرو بە دەنگێکی گەفئامێزەوە ڕووی دەمی لە سەید ئەحمەد کردو هاواری کرد:

- لەکوێ خۆت شاردۆتەوە؟- بەرەو ئاراستەی شۆفێرەکە کە خەریکی شکاندنی کۆلکە دارێکی گەورە بوو، ئاماژەیەکی کردو لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیی، میوان لێرە خەریکی دارشکاندنە، تۆش بۆ خۆت گۆرانیان دەڵێی.

سەید ئەحمەد بەرەوکن شۆفێرەکە چوو بۆ ئارام کردنەوەی ئارۆزکۆل گوتی:

- ئێمە هەر بە چاوتروکانێك ئەو... و بە شۆفێرەکەی گوت:-

بێنە براله، من خۆم...

و بەڵام منالەکە لە دواوە لە بابە مەئموون نزیك بۆوە کە لەکن ئاگردانەکە ئەژنۆی دادا بوو و، گوتی:

- بابە!

مەئموون گوێیی لە دەنگی ئەو نەبوو. مندالەکە دووبارە گوتی:

- بابە!- دەستێکی لە شانی بابە مەئموون دا.

پیرەمێردەکە ملی سوڕاند. ئەو هێندە مەست بوو کە هیچی لە بابە مەئموونی ئاسایی نەدەچوو. مندالەکە نەیدەتوانی بە بیری بێتەوە کە چ کاتێك بابە مەئموونی بەسەرخۆشی دیتوە.

تەنیا کاتێك کە لە کۆڕی یادی پیرانی ئیسیك کول دا کە بۆ هەمووان، تەنانەت بۆ ژنانیش، ڤوتکایان دەهێنا، وا ڕێکدەکەوت دەمی لێبدا. بەڵام بەبێ هیچ بۆنەو هۆیەك بابە مەئموون مەی بخواتەوە، قەت شتی وا ڕووی نەدابوو.

پیرەمێردەکە تەماشایەکی سەیرو دڕندانەی مندالەکەی کرد. دەموچاوی لە گەرماندا سوور هەڵگەڕابوو، کە نەوەکەی ناسیەوە، خوێن لە دەموچاوی زاوە، دیسانەوە سوورتر هەڵگەڕاو دەللەعاست وەك پەلکی پیواز سپی داگەڕا. بابە گەورە بەپەلە هەڵسا، نەوەی لە باوەش گرتو بە دەنگێکی کپ گوتی:

- چ دەکەی؟ چ دەکەی؟ چ دەکەی؟ نەیدەتوانی جگە لەم قسانە شتێکی دیکەی بەدەمدا بێ. دەتگوت هێزی قسەکردنی تێدا نەمابوو. سەرلێشێوان پەشێوی ئەو لە مندالەکەشدا ڕەنگیان دابۆوە- مندالەکە بە نیگەرانیەوە پرسی:

- بابە، تۆ نەخۆشی؟

- بابە مەئموون لەژێر لێوەوە گوتی:

- نا.. نا شتێکی وام نیە. تۆ برۆ کەمێك بگەڕێ، من لێرە نەختێ دارو چیلکە ئەمە ئیدیکە..

وەبگرە ئەو منالّەکەی وەلاناو وەك بلّێی پشتی لە هەموو جیهان کردبێ، رووی لە ئاگردانەکە کردەوە، لەبەر ئاگردانەکە ئەژنۆی داداوە، ئیدی ئاوڕی نەداوە، تەماشای هیچ کوێیەکی نەکرد، تەنیا بە خۆیو ئاگردانەکەوە خەریك بوو. پیرەمێردەکە نەیدیت کە چۆن نەوەکەی بە پەرێشانی پێیەکی کردە دووپێ و، لە حەوشەکەدا بەرەو کن سەید ئەحمەد کە داری دەشکاند رۆیشت.

منداڵەکە تێنەگەیشت کەچی لە بابە گەورە روویداوەو لە حەوشەکەدا چی ڕیداوە. تەنیا کاتێ کە گەیشتە لای عەمبارەکە، چاوی بە کۆمەڵە گۆشتێکی نەرمی سووری گەورە کەوت کە لەسەر پێستی ئاژەڵەکە رووپانکردبوو. پێستەکەیان بەجۆرێك لەسەر زەوی ڕاخستبوو کە لای مووەکانی رووی لە زەوی بوو. هێشتاش لەملاو ئەولای پێستەکەدا چۆڕاوگەی بچووك بچووکی خوێنێکی کەم ڕەنگی لەبەر دەڕۆیشت. کەمێك لەولاتر، کە پیسایی‌و زبڵو زاریان لێدەرێژت، سەگەکە دەیمڕاندو دەوری ورگ و ڕیخۆڵەکانی دابوو وەرگێڕوداگێڕی دەکردن. پیاوە لایدە بەهێزو ڕەشتاڵەکە، وەك تاشەبەردێکی گەورە لە تەنیشت گۆشتەکە ئەژنۆی دادابوو، ئەو پیاوە کوکتای بوو. ئەو و ئارۆزکۆل کێردیان بەدەستەوە گرتبوو و گۆشتیان دابەش دەکرد. ئەوان ئارامو لەسەرەخۆ پلە گۆشتو پارچە ئێسقانیان دابەش دەکردو لەسەر پێستەکەیان دادەنا. پیاوە لایدەکە گۆشتەکەی بۆن دەکردو بە دەنگێکی گڕەوە دەیگوت:

- پیاو سوێی دەبێتەوە! چ بۆنێکی خۆشی هەیە!

ئارۆزکۆل حاتەم ئاسا دەیبەخشیەوەو دەیگوت:

- هەڵگرە، هەڵگرە. لەسەر کۆمەڵەکەی خۆتی دانێ. ئیمڕۆ کەتۆ تەشریفت هێناوە، خوا لە مێگەلەکەی خۆی دیاری پێ بەخشیوین. ڕێکەوتی لەم جۆرە کەم ڕوودەدا.

لەم کەین و بەینەدا ئارۆزکۆل تووشی هەناسەبڕکێ ببوو، هەر هەڵدەستاو دادەنیشتەوە، دەستێکی بەورگە زلەکەیدا دەهێنا کە وەك بڵێی لە زۆرخۆریا وەك دەهۆڵی لێهاتبوو. لە هەمان کاتدا دەدیترا کە ئەو زۆری خواردبۆوە. هەناسەی گیرا، هانکە هانکی دەهات. سەری دەبردە دواوە تا هەناسەیەکی تازە وەربگرێ.

گوپو دەمو چاوە گۆشتنو خڕەکان کە لە گوانی پڕ شیری مانگا دەچوو، لەبەر ڕا لەخۆبوونو تێریدا دەبریقانەوە.

کەمنداڵەکە لەپاڵ دیواری عەمبارەکەدا سەری شاخداری گوزەنی دیت، ماتو سڕ بوو ئارەقەی ساردی دەرکرد. سەرەبڕاوەکەی کە پەڵەی خوێنی پێوە بوو لەنێوان خاکوخۆڵدا کەوتبوو بە کۆلکێکی ڕزیو دەچوو کە لە ڕۆخ ڕێگایەکدا فڕێدرابێ. چوارپەل کە لە ئەژنۆیانەوە بڕابوونەوە، لەلای سەرەکە بەرچاوان دەکەوتن.

کوڕێژگەکە بەترسو هەراسانیەوە دەیڕوانیە ئەو دیمەنە ترسناکەو باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەدەکرد. سەری دایکە شاخدار لەژێر پێی ئەودا کەوتبوو. منداڵەکە دەیویست لەو ناوە ڕابکا، قاچەکانی بەدوایدا نەدەهاتن. ئەو وەستابوو سەیری سەرە خوێناویو بەخۆڵو لە لەش جیاکراوەکەی گوزەنە سپیەکەی دەکرد، هەمان گوزەنە مێیە سپیەکەی دوێنێ دایکە شاخدار بوو. هەمان گوزەنی کە دوێنێ لە کەنار ڕووبار بە میهرو خۆشەویستی چاوی لەو

بڕیبوو، ئەو لە دنیای خەیاڵ لەگەڵ دایکە شاخدار دەدواو تکای لێدەکرد کە لانکێکی موعجیزاوی زەنگۆڵەدار بە شاخەکانیەوە بکاو بیهێنێ. ئێستا ئەوانە هەمووی لەپڕێکدا بەکۆمەڵێك پلە گۆشت بە کەولێکی هەڵدراو، بە قاچی بڕاو و سەری بڕاوی بۆ لایەك فڕێدراو گۆڕاون.

منداڵەکە دەبووایە لەوێ بڕوا. بەڵام لە شوێنی خۆی وشك هەڵاتبوو و نەیدەتوانی تێبگات ئەم ڕووداوە ترسناکە چۆن و بۆچی ڕوویدابوو. پیاوە تێکسمڕاو ڕەشتاڵەکەی گۆشتی دابەش دەکرد، گورچیلکی گوزەنەکەی بە نووکی کێرد لەنێوان پلە گۆشتان هەڵگرت، بۆی منداڵەکەی درێژ کردو گوتی:

- وەرە، کوریژگە، لەسەر ئاگری دانێ تا ببرژێ، بەتامە.

منداڵەکە لە جێی خۆی نەبزوت. ئارۆزکۆل بە دەنگێکی فەرماندەرانە گوتی:

- بگرە!

منداڵەکە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ دەستی درێژکردو لە جێی خۆی نەجووڵا، هێشتا گورچیلکە جوانەکەی دایکە شاخدار هەرگەرم بوو، لەناو دەستی بێ هەستو ساردی خۆیدا دەیگوشی. لەم کاتەدا ئارۆزکۆل شاخی گوزەنەکەی گرت و سەرە بڕاوەکەی لە زەوی بەرز کردەوە. نەختێکی هەڵسەنگاندو گوتی:

- ئای کە گرانە! تەنیا شاخەکانی شەڵتەیەك دەبێ!

لەدواییدا سەری گوزەنەکەی لەسەر لایەکدا لەسەر کۆلکەکە دانا، تەورەکەی هەڵگرتو دەستی بە بڕینەوەی شاخەکانی کرد. تەورەکەی بە حەژمەت بە ڕەگو بێخی شاخەکاندا دەکێشاو لەهەمان کاتدا دەیگوت:

- بەمە دەڵێن شاخ !

چاوێکی لە منداڵەکە داگرت و بەردەوام بوو:-

هەرکە بابە گەورە مرد، ئەم شاخانە لەسەر گۆڕەکەیدا دەچەقێنین. دە ئێستا پێم بڵێ کێ دەتوانێ بڵێ کە ئێمە رێزی ناگرین. مەگەر رێزگرتن لەمە زێتر دەبێ! ئەوەندە دەهێنن کە مرۆڤ هەر ئیمرۆ بە ڕاگێری ئەم جۆرە شاخانەبێ. بەحەژمەت تەورەکەی پێداکێشاو لە قاقای پێکەنینی دا.

شاخەکان نەدەشکان، دیار بوو بڕینەوەیان کارێکی هێندە ئاسان نەبوو.

ئارۆزکۆل مەست بوو، نەیدەتوانی تەورەکە بەرێکی بەبێخی شاخەکاندا بدا. ئەم کارە پتر ئەوی سەر شێت دەکرد. سەرەکە لەسەر کۆلکە دارەکەوە کەوتە خوارێ. ئەو ساکە ئارۆزکۆل هەوڵی دا تا هەر بەو جۆرەی سەرەکە لەسەر زەویە، شاخەکان ببڕێتەوە. سەرەکە دەپەڕییە لایەك‌و ئارۆزکۆل بەدوایدا دەچوو.

منداڵەکە هەموو جارێ بەدەست خۆی نەبوو هەڵدەلەرزی‌و دەکشاوە دواوە، بەڵام نەیدەتوانی زۆر لە خۆی بکا تا ئەوێ بەجێ بهێڵێ. دەتگوت خەوێکی پەریشانی دەدیت. بەهێزێکی ترسناك‌و نادیار لە جێی خۆی وەك مێخ زنجیر داکوترا بوو سەیری لەوە دەهات کە بۆچی چاوە بێ جووڵەکانی دایکە شاخدار- لە تەور نەدەترساو پێڵوەکانی نەدەتروکاند. دەمێك بوو کە لەناو پیسی‌و خاك‌و خۆڵدا خلۆر دەبۆوە، بەڵام چاوەکانی پاگژوخاوێن مابوونەوە و لەگەڵ هەمان حەپەساوی بێدەنگی‌و بێ جووڵەی سەرمەرگ، دەیڕوانیە جیهان. منداڵەکە دەترسا کە نەوەکا ئارۆزکۆلی سەرمەست تەورەکە بە چاوی گوزەنەکە دابکێشێ.

ئەوەندەی دەیکردو دەکرا شاخەکە نەدەشکا، ئارۆزکۆل دەم لە دەمێ پتر ئاگری دەگرت‌و شێت‌و هار دەبوو، بەبێ ئەوەی نیشانە بپێکێ هەر جارەی تەورەکەی بەلایەکی سەرەگوزەنەکەدا دەکێشا.

سەید ئەحمەد هاتە پێش و گوتی:

- ئا ئەوها شاخ دەشکێنی. بیدە من.

ئارۆزکۆل تەورەکەی لە هەوادا بەرزکردەوە و بە دەنگێکی نوساوەوە گوتی:

- برۆ بەولاوە! خۆم! دەیشکێنم!؟

سەید ئەحمەد ملی ڕێگای ماڵەکەی خۆی گرتەبەر، تفێکی ڕۆکردو گوتی:

- بەئارەزوی خۆت بکە.

پیاوە توندوتۆڵە ڕەشتاڵەکە بە کیسەپڕ لە بەشە گۆشتەکەی خۆیەوە بەدوای سەید ئەحمەدا ملی ڕێگای گرتەبەر.

بەڵام ئارۆزکۆل ئەوەندە بەسەر کێشەیەکی مەستانەوە کەوتەوە قەڵاشتنی سەری دایکە شاخدار، دەتگوت تۆڵەیەك دەکاتەوە کەساڵانێك بوو چاوەڕوانی بۆ کێشابوو. کەفی لە لێوان نیشتبوو وەك بڵێی سەرەبڕاوەکە گوێی لە قسەکانی دەبێ، دەیگوت:

- هیچ و پوچی بێ شەرەف! خەیاڵت خاوە! ئەگەر پارچە پارچەت نەکەم، من ئارۆزکۆل نیم- یەك بەدوای یەکدا تەورەکەی بەسەر کەللەسەرەکەدا دادەکێشاو دەیگوت:

- نۆشی گیانت بێ! نۆشی گیانت بێ!

کەللەسەرەکە هاواری دەکردو پارچە ئێسقان بەم لاو ئەولادا دەپەڕی. جارێکیان کە بەرێکەوت تەورەکە بەرچاوی کەوت، ئاهێك لە ویژدانی کوڕیژگەکەوە سەری کرد. کاسەی چاوەکە تەقی و لیقاوێکی تاریکی خەستی لێوە دەرپەڕیە دەرێ. چاوەکە پووکایەوە.. ئارۆزکۆل لەوپەڕی توڕەیی و نەفرەتی دڕندانە بەسەر ئەو سەرە بێگوناهەدا، دەی نەڕاند:

..من دەتوانم کەللەی زۆر لەوە ڕەقتر پارچەپارچەکەم، شاخی لەمەش مەحکەم تریش بشکێنم!

سەرەنجام توانی نێوچەوانو پشتی کەللەکە بشکێنێ. ئەوساکە تەورەکەی فڕێدا ئەولاوە، بە هەردوو دەست شاخەکانی گرت، پێی لەسەر کەللەکە داناو بۆ زەوی فشاری داو بەهێزێکی ئاژەڵانە کەوتە سوڕاندنی شاخەکان. ئەو هێزی دەدا بەرخۆی تا شاخەکان هەڵکەنێ شاخەکانیش وەك درەختێك کە لە ڕەگەوەی هەڵکەنی، دەنگی لێ بەرز دەبۆوە، ئەمە هەمان ئەو شاخانە بوو کە دەبووایە دایکە شاخدار، بە پاڕانەوەو ناڵانەوەی کوڕیژگەکە، لانکە پەڕجوو ئاساکەی پێوە بکاو بۆ خاڵە ئارۆزکۆل و پوورە بەگی بهێنێ...

منداڵەکە حاڵو باری تێك چوو، گەڕاوە، گورچیلکەکەی فڕێدا سەر زەوی لەسەرخۆ لەو ناوە دوورکەوتەوە. ئەو دەترسا کە هەر لەوێدا لەبەرچاوی خەڵکی بکەوێ. یان هێڵنجی بێتیو بڕشێیتەوە. ڕەنگی لە ڕوودا نەمابوو ئارەقەی سارد و چەسپناکی لە تەختی تەوێڵی دانیشتبوو. لە تەنیشت ئاگرداندا ڕۆیشت. ئاگرەکە پڕ گروگڵپە بوو. هەڵمێکی گەرمو خەست لە مەنجەڵەکەوە هەڵدەستا، بابە مەئموون بە بارێکی پڕ زارو فیگارەوە پشت لە جیهانو ڕوو لە مەنجەکەڵە وە دانیشتبوو. منداڵەکە وەزعی لە بابە مەئموون تێکنەدا. حەزی دەکرد زووتر خۆی بگەیەنێتە ناونوێنو بنوێو لێفەکە بەسەر خۆیدا بکێشێ. هیچ نەبینێ هیچ نەبیستێ، هەموو شت لە بیر خۆی بباتەوە..

پوورە بەگی ڕوو بەڕووی هات. خاڵە بەگی بەبێ سەلیقەیی تەواو خۆی ڕازاندبۆوە، بەڵام شوێنەواری شینو مۆر بۆوەی کوتەك کاری ئارۆزکۆل لە دەمو چاویدا بە بەرچاو دەکەوت. ئەو ڕۆژە پوورە بەگی بە لەشو لارێکی لاوازو شادیەکی نابەجێ و بێ بۆنەوە بۆ "کولاندن و لێنانی چێشتێکی گەورە"

لەهەوڵ و تەقەللا دابوو بەملاو ئەولادا ڕایدەکرد، کە کوڕیژگەکەی دیت، پێشی لێگرت و گوتی:

- ئەوە چیتە؟

منداڵەکە وەڵامی داوە:

- سەرم ژان دەکا.

پوورە بەگی لەپڕ خونچەی میهرو خۆشەویستی پشکوت، سەراپای منداڵەکەی لە ماچ و موچدا نقوم کردو گوتی:

- ئازیزی دڵەکەم، خۆشەویستە نەخۆشەکەم..

پوورە بەگیش مەست بوو بۆنی نەفرەت ئامێزی ڤۆدگای لێوە دەهات. بەدەنگێگی پڕ لەخۆشەویستیەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:-

- سەری منداڵە ئازیزەکەم ژان دەکا. گیانەکەم، دڵەکەم، وا دیارە برسیتە؟

- نا برسیم نیە. دەمەوێ بخەوم.

- باشە، دەبابڕۆین، من دەتنوێنم., بۆ دەبێ بە تەنیا بنووی. ئاخر هەموویان لە ماڵی ئێمەن میوانەکانو خۆییەکانیش هەر لەوێن.؟ گۆشتەکەم کولاوە. پوورە بەگی منداڵەکەی ڕاکێشاو لەگەڵ خۆیدا بردی.

کاتێ ئەوان دووبارە لە ڕۆخ ئاگردانەکەوە تێدەپەڕین. ئارۆزکۆل بە دەموچاو سەروسەکوتێکی شەلالی ئارەقەو وەك سلقە سوور لە پشت عەمبارەکەوە هاتە دەرێ.

بە قیافەتێکی سەرکەوتووانەوە شاخە بڕاوەکانی گوزەنەکەی، لە ڕۆخ بابە مەئموونداا دانا. پیرەمێردە هەڵسا.

ئارۆزکۆل بەبێ ئەوەی تەماشای مەئموون بکا. سەتڵە پڕ لە ئاوەکەی هەڵگرت. بۆ سەرەوەی بەرزکردەوەو دەستی بە ئاو خواردنەوە کرد، ئاو بە سەرورِیشیدا دەرِژا. ئارۆزکۆل دەمی لە سەتڵەکە کردەوەو بە مەئموونی گوت:

— ئێستا دەتوانی لە داخا بمری.

سەرلەنوێ بینی بە ئاوەکەوە ناوە

منداڵەکە گوێی لێ بوو چۆن بابە گەورە بە زمانی گیراوەوە گوتی:

- سوپاست دەکەم، کورِی خۆم، سوپاست دەکەم، ئێستا ئیدی ترسم لە مردنیش نیە. دیارە رِێزو پایەم لێدەنێن..

کوریژگەکە بێ هێزو لاوازییەکی لە گیانی خۆیدا هەست پێکردو گوتی:

- من دەچمەوە ماڵێ.

پوورە بەگی گوێی بە قسەی ئەو نەداو گوتی:

- لەوێ بە تاكو تەنیایی دەتەوێ چی بکەی،- وە بگرە بە زۆر منداڵەکەی بردە ماڵەوەو لە گۆشەیەکی ژوورێدا لەسەر تەختەی نووستنەکەدا نواندی. لە ماڵی ئارۆزکۆلدا هەموو شتێك بۆ میوانداری ئامادەو سفت و سۆ درابوو. نەنەو گوڵ جەمال بە جۆش و خرۆشەوە خەریکی کاروبارەکان بوون. پوورە بەگی لەنێوان ماڵ و ئاگردانی ناوەرِاستی حەوشەدا لە هاتو چۆدا بوو. ئارۆزکۆلو کوکتای رِەشتاڵە لە چاوەرِوانی پارووییەکی چەور و نەرمی گۆشتدا، خۆیان سەرقاڵی چای خواردنەوە دەکرد. ئەوان بە دەعیەو لووتبەرزییەکەوەو بە غەبغەبەی شۆرِەوە، لەسەر تەژگە بەرِی رِەنگین پاڵکەوتبوون و چەند سەرینی کوڵکی گەورە گەورەیان لەژێر باڵدا دانابوو. سەید ئەحمەد چای بۆ تێدەکردن.

بەڵام منداڵەکە ماتو بێدەنگ لە گۆشەیەکی ژوورێدا درێژ ببوو سەرلەنوێ تای لێ هاتبوو. دەیویست رِاستبێتەوە و برِوا، بەڵام فشاری دەدا خۆی، ئەگەر

لەسەر تەخت و نوێنەکەی بێتەخواریێ، دەللە عاست سەرودڵی تێك دەچیێو دەرشێتەوە. لەبەرئەمە بە هەموو هێزو توانای گریێیەکی کە لە قورگی گیر کردبوو، دەترسا لە جێی خۆی بجولێ.

ژنەکان سەید ئەحمەدیان بەپەلە بۆ حەوشە بانگ کرد. سەید ئەحمەد ڕۆیشتو لەدواییدا بە سینییەکی گەورەی پڕ لە گۆشتی برژاوەوە کە هەڵمی لێوە هەڵدەستا، لەناو دەرگاوە پەیدا بۆوە. بەزەحمەت سینییە گۆشتەکەی گەیاندە ژووریێو لەبەردەمی ئارۆزکۆلو کۆکتای دانا. لەدوای ئەوەوە ژنەکان هاتنە ژووریێو خواردنی جۆراوجۆری دیکەیان هێنا.

هەموویان سەرلەنوێ لەسەر خوانی نانخواردندا دانیشتن قاپو قاچاغیان ئامادەکرد. لەم سەروبەندانەدا سەید ئەحمەد ڤۆدگای لە پیاڵان دەکرد. بەسەر ئاماژەیەکی بۆ بوتڵەکانی گۆشەی ژوورەکە کردو بە قاقاوە گوتی:

- من فەرمادەی ڤۆدگا دەبم.

بابە مەئموون دوا کەس بوو هاتە ژوورەوە. ئەو ڕۆژە پیرەمێردە بەپێچەوانەی عادەت، سەروسەکوتێکی عەجایبو نائاسایی خەفەتباری هەبوو. ویستی لە گۆشەیەك دانیشێ، بەلاّم کوکتای گەورە پیاوانە داوای لە پیرەمێرد کرد تا لە تەنیشتی ئەودا دابنیشێ:

- قوربان، تەشریف بێننە ئێرە.

بابە مەئموون وەلاّمی داوە:

- سوپاست دەکەم. ئێمە لێرەدا، لە ماڵی خۆمانین.

کوکتای پێی لەسەر قسەکەی خۆی داگرت:

- لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێوە لە هەموومان گەورەترن.

بابە مەئموونی لەنێوان خۆیو سەید ئەحمەد دانیشاند. قوربان شانازی بە ئێوەو بە سەلامەتی ئێوە دەخۆینەوە.

بابە مەئموون بە نادڵنیاییەوە کۆخەیەکی کردو بە دەنگێکی نائاسایی گوتی:

- بۆ ئاشتیو ئاشتەوایی لەمماڵەدا، ڕۆڵە ئازیزەکانم، ئەوە بزانن لە هەر جێگایەکدا ئاشتی هەبێ خۆشبەختیش هەیە.

هەموو پیاڵەکانیان هەڵداو گوتیان:

- ڕاستە، بەجێیە!

بابە مەئموون لە شەرمان لێوی لە پیاڵە نەدا، کوکتای بە دەنگێکی سەرزەنشتئامێزانەوە گوتی:

- کەواتە ئێوە؟ نا، ئەمە نەکرا. بۆ زاواو کچەکەتان ئارەزووی خۆشیو خۆشبەتی دەکەن، بەڵام خۆتان ناخۆنەوە.

پیرەمێردەکە بەپەلە گوتی:

- ئێستاکە بۆ شادیو خۆشبەختیە، من هەڵبەتە...

و پیاڵەی پڕ لە ڤۆدگای یەك بین هەڵداو بەبێ حاڵیەوە سەرە سپیەکەی بادا.

هەموو بە سەرسوڕمانو سەیرێکەوە گوتیان:

- ئا ئەوها دەبێ!

- پیرەمێردی ئێمە لەو پیرەمێردانە نیە!

- ئافەرین بۆ پیرە پیاوی ئێمە!

هەموو پێدەکەنین، هەموو ڕازی بوونو هەموو بە شان و باڵی بابە گەورەیان هەڵدەدا.

هەوای ماڵێ گەرمو خەفە بوو، منداڵەکە درێژ ببوو, لە رەنجورییەکی زۆردا بوو، بەردەوام هێڵنجی دەهاتێ. ئەو بە چاوی نوقاوەوە درێژ ببوو و گوێی لێ بوو کە مرۆڤە مەستەکان چۆن گۆشتی دایکە شاخدار بە ملچەملچێکەوە هەڵدەلوشن، چۆن پلە گۆشتە بەتامەکانیان بۆ یەکدی ڕادەگرت، پیاڵە پیسەکانیان چۆن پێکدا دەکێشاو ئێسقانە شکاوەکانیان لەناو قاپێکدا دەهاوێشت؟

کوکتای بە ملچەملچەوە کەوەتە باسو پێداهەڵدانی گۆشتەکە:

- پیەح، پیەح، چ گۆشتێکە! لە کۆشتی جوانووە ئەسپ باشترە.

ئارۆزکۆل هەڵی دایە:

- مەگەر ئێمە ئەحمەقین کە لەناو چیادا بژین و گۆشتێکی وا نەخۆین!

سەید ئەحمەد لەگەڵ ئەودا هاودەنگ گوتی:

- ڕاستە، ئەدی ئێمە بۆ لێرە دەژین!؟

هەمووی هەر باسی گۆشتی دایکە شاخداریان دەکردو پیایاندا هەڵدەدا- نەنەش، پوورە بەگیش. گوڵ جەمال و تا دەگاتە بابە مەئموونیش. بۆ منداڵەکە گۆشتو خۆراکی دیکەیان دادەناو بەزۆر دەرخواردیان دەدا، بەڵام ئەو بەرگری لە خواردنیان دەکردو نەیدەخوارد، کە مەستەکان دیتیان حاڵی مندڵەکە باش نییە، وازیان لێهێنا. منداڵەکە درێژ بوو، ددانەکانی لە جیڕەوە دەبرد. ئەو وایدەزانی بە ددان بەسەریەکدا فشاردان باشتر دەتوانی بەری هێڵنجەکانی بگرێ، بەڵام درکی بە بێ توانایی خۆی دەکردو نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو کەسانەی دایکە شاخداریان کوشتبوو هیچ شتێك بکا، ئەمەش لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدا.

ئەو لەنێو تورەیی منداڵانە، لەنێوان نائومێدی و دەستەپاچەیی خۆیدا، لە دنیای خەیاڵیدا جۆرەها ئامرازی تۆڵەکردنەوەو ڕێگای دەدیتەوە کەبتوانێ بە هۆیانەوە جەزای کارەکانیان لەچنگ نێو وتێیان بگەیەنێ کە چ تاوانێکی ترسناکیان کردووە.

بەڵام لە دنیای خەیاڵ بەولاوە ڕێگایەکی دیکە نیە کە بتوانێ داوای یاریو کۆمەکی قولی بەگی پێ بکا.

بەڵێ، هەمان لاوی کە لەو شەوە تۆفو زریانەدا لەگەڵ شۆفێرەکان هاتبوونە ماڵەوە. قولی بەگ تاکە کەسێك بوو لەنێوان هەموو ئەو کەسانەی کە منداڵەکەی دەناسی، بتوانێ دەروەستی ئارۆزکۆل بێو هەموو ڕاستیەکی لەبەرچاوی خۆیدا پێ بڵێ.

قولی بەگ بە دەنگی منداڵەکەوە هات، بە سواری کامیۆنەوە بۆ یاری و کۆمەکی ئەو هات و بە دەست و تفەنگەوە، لە کامیۆنەکە بازی دا دەرەوەو پرسی:

- لەکوێنە؟

- لێرەنە.

هەردووکیان بەرەو ماڵی ئارۆزکۆل خۆیان هەڵکوتا دەرگاکەیان بەتوندی خستە سەر گازەرای پشت. قولی بەگ هەر لەناو دەرگاوە بە تفەنگەکەی سێرەی لێگرتنو بە دەنگێکی هەڕەشاویەوە گوتی:

- خۆتان بکرنەوە. لە شوێنی خۆتان نەجوولێن! دەستان بەرزبکەنەوە! هەموویان مات و سەرسام بوون. پارویان لە گەروودا گیر بوو. بەو ئێسقانە گەورەی بەدەستیانەوە بوو، بە دەستو دەم و لچی چەورەوە. بە ورگی ئاوساویان کە لەبەرئەوەی زۆریان خواردبوو وەك دەهۆڵیان لێهاتبوو، مەستو

بێ هۆش لە ترسان زارەترەك بوونو لە شوێنی خۆیان نەبزوتن، وشك بوونو نەیانتوانی پەنجە لەئاو دەن. قولی بەگ تفەنگەکەی لەسەر تەپڵی سەری ئارۆزکۆلدا داناو فەرمانی دا:

- ڕاست بەوە با بتبینم، ناکەسی هیچ و پووچ!

ئارۆزکۆل لە حاڵێکدا کە سەراپای دەلەرزی، کەوتە سەر قاچەکانی قولی بەگ و بە زمانی گیراوەوە ناڵاوە.

- ررررررحمێ، مممممم کوژە!

قولی بەگ گوێی بە ناڵانەوەکەی نەداو گوتی:

— برۆ دەرەوە! رۆژت هاتووە!

بە نووکەشەقێك ئارۆزکۆلی ناچار کرد ڕاستبێتەوەو لە ماڵ بچێتەدەرێ.

هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون، زارەترەك ڕاستبوونەوە، بێدەنگو خامۆش چوونە حەوشەوە. قولی بەگ فەرمانی بەسەر ئارۆزکۆلدا دا کە:

- لەپای دیواردا بوەستێ! بە تاوانی کوشتنی دایکە شاخدار، بە تاوانی بڕینی شاخەکانی کە لانکی پێوە دەکرد، تۆ مەحکومی بە مەرگ!

ئارۆزکۆل کەوتە سەر زەوی، خزی، نوزەیەکی کردو ناڵایەوە:

- مەمکوژە من بەستەزمان وجاغ کوێرم. لەم دنیایەدا تاكو تەنیام، نە کوڕێکم هەیە، نە کچێك...

ئەدی ئەو هەموو لوتبەرزی و خۆبەزلزانینەی ئەو لەکوێ بوو!

ترسنۆکی داماوو ناکەس! منداڵەکە نەیدەویست کەسێکی وا بکوژێ، لەبەرئەمە بوو بە قولی بەگی گوت:

- باشە، نایکوژین، بەلاّم وای لێبکە لەم ناوە نەمێنیّو هەرگیز نەگەڕێتەوە. چیدی ئەومان لەم ناوە پێویست نییە. با ملی خۆی بشکێنیّ و بڕوا.

ئارۆزکۆل هەلّسا، خۆی کەمیّ گورج کردەوەو لە کاتێکدا دەترسا تەنانەت ئاوڕی دواوەش بداتەوە. بە ورگی گەورە و شڕو وڕیی و شەلەشەل و نافەکی شۆڕەوە، پێی پێوە ناو دەرپەڕی، بەلاّم قولی بەگ فەرمانی دا:

- بوەستە: ئێمە دوا قسەی خۆمانت پێدەلّێین، تۆ قەت منداڵێکت لیّ نابیّ، وجاغتان ڕوون نابێتەوە. تۆ مرۆڤێکی شەڕانیو بیّ نەوای. هیچ کەسێك لەم ناوە حەز بە چارەت ناکا. نە جەنگەلّ تۆی خۆشدەویّ، نە درەختێك تا بەیەك تەلّەگیایش دەگا. تۆ فاشیستی. بڕۆ بۆ هەتاهەتایە بڕۆ! دەی پەلە بکە. ئارۆزکۆل پێی بە غارەوە ناو هەر ئاوڕێکیشی نەداوە.

قولی بەگ قاقای پێکەنینێکی بەدوادا لێداو گوتی:

— خێرا، کوڕە خێرا-

یەك ڕیزی بە هەواوە نا.

منداڵەکە لەخۆشیا نەیدەزانی چی بکا. کە ئارۆزکۆل لەبەرچاواندا ون بوو. قولی بەگ ڕووی لەوانی دیکە کرد کە لەناو دەرگادا بە گوناهباری وەستا بوونو پێی گوتن:

- ئاخر ئێوە چۆن لەگەلّ کەسێکی وادا هەلّتان دەکرد؟

شەرم لە خۆتان ناکەنەوە؟

منداڵەکە هەستی بە ئارامیەك کرد. دادگای هەقو عەدالەت کۆتایی پێهات. منداڵەکە باوەڕێکی وای بە ئارەزووە خەیاڵیەکانی خۆی هەبوو کە لە بیری چووبۆوە لەکوێیە و بەبۆنەی چ ڕووداوێکەوە لە مالّی ئارۆزکۆلّدا

بادەنۆشیان دەکرد. قاقای پێکەنین کوریژگەکەی لەو خەیاڵە شیرینەوە هێناوە ناو جیهانی ڕاستی. چاوەکانی کردەوەو گوێی هەڵخست. بابە مەئموون لە ژووری نەبوو. هەبێ‌و نەبێ کارێکی هەبووە. ژنەکان ئاسنجاویان کۆدەکردەوەو خۆیان بۆ چای هێنان ئامادە دەکرد. سەید ئەحمەد بە دەنگێکی بەرز شتێکی دەگوت. ئەوانەی لەوێ بوون بە قسەکانی ئەو پێدەکەنین.

- ئێی، دوایی؟

- بیگێڕەوە.

ئارۆزکۆل کە خەریك بوو لە پێکەنینا بپچڕێ، گوتی:

- نا.. گوێ بگرە، جارێکی دیکە بیگێڕەوە، لەو بارەوە چیت پێی گوت؟ چۆن ترساندت، وای، چیدی توانام نەما!

سەید ئەحمەد بەوپەڕی زەوقەوە ئەوەی گوتبوی، سەرلەنوێ دەیگێڕاوە:

- بەڵێ بەمجۆرە. هەرکە خەریك بوو لە گوزەنەکان نزیك دەبووینەوە. هەرسێکیان لە داوێنی جەنگەڵەکەدا وەستابوون. کە ئەسپەکانمان لە قەدی داران بەستەوە، پیرەمێردەکەمان دەستی منی گرت‌و گوتی: "ئێمە ناتوانین تفەنگ لە گوزەنان بگرین. ئێمە بۆگۆین، ئێمە نەوەی دایکە شاخدارین!" کتومت وەك منداڵێك تەماشای چاوەکانی دەکردم. چاوەکانی تکاو پاڕانەوەیان لێدەباری. لەبەرئەوەی من پێکەنینم گرت نەمدەتوانی خۆم لەسەر لاقان بگرم. بەڵام بەری پێکەنینەکەی خۆم گرت‌و زۆر بەڕاستی پێم گوت: "تۆ دەڵێی چی؟ دەتەوێ بچیە زیندانەوە؟" ئەو گوتی: "نا" من گوتم "تۆ دەزانی ئەمە ئەفسانەیە؟ لە ڕۆژگاری تاریکی نەزانیدا ئەم ئەفسانانەیان داهێناوە تا خەڵکی هەژارو داماوی پێ بترسێنن" . ئەوسا لە سەرسامیاندا دەمی بەش بۆوەو گوتی: "چ دەڵێی؟ من گوتم: "وەك گوێت لێیە. چیدیکە ئەم قسانە مەکە،

دەنا سەیری پیریەکەت ناکەم، بۆ ئەو شوێنانەی دەنووسم کە خۆت دەزانی کوێندەرن" . ئەوانەی لەوێ بوون قاقا پێدەکەنین. لە هەمووان پتر ئارۆزکۆل پێدەکەنی، چێژی لە پێکەنینەکەی خۆی دەدیت.

سەید ئەحمەدی مەست بە بەخۆهەڵدانێکەوە درێژەی بە قسان دا:

- بەڵێ، دوایی ئێمە لەسەرەخۆ لە گوزەنەکان نێزیك بووینەوە. ئەگەر گیاندارێکی دی بووایە، وای ڕادەکرد شوێنەواری نەدەما، بەڵام ئەم گوزەنانە بێ عەقڵ و هۆش بوون نەڕۆیشتن. وا دیاربوو لێمان نەدەترسان. من بیرم کردەوە باشترە کە ناترسن. من بەخۆو تفەنگەوە لێیان دەچوومە پێشەوەو پیرەمێردەشی بەدوامەوە بوو. لەم کاتەدا گومانم کرد. لە تەواوی ژیانمدا چۆلەکەیەکم نەکوشتوە، بەڵام ئێستا نێچیرێکی وا دەکوژم. گوللەم نایپێکێ، گوزەنەکان بۆی دەردەچن. خۆیان لە دارستانەکە دەکوتنەوە. ئەوساکە هەرچەندەی بەدوایاندا ڕابکەی بەدەستت ناکەونەوەو دەپەڕنەوە ئەوبەری چیا. کامە عاقڵە نێچیرێکی وا لە دەستی خۆی دەدا؟

بەڵام پیرەمێردەکەی لەمەڕ ئێمە تەڕشکار چیەکە، جارێکیان کەڵەشێرێکی ڕاوکردوە. لەبەرئەمە پێم گوت: "وەرە بابە، تفەنگەکە بگرە و تۆ تەقەی لێبکە" . بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێك گوێی لەم قسانەم نەبوو! گوتی: "تەقەی لێبکە" . من پێم گوت: "ئاخر من مەستم" .. و بەلادا هاتم، وەك نەتوانم خۆم لەسەر پێیان ڕاگرم وابووم. ئەو دیتبووی هەرکە دارسنەوبەرەکەمان لە ڕووباردا دەرهێنا، یەك قاپمان خواردبۆوە. ئەمە بوو سەرمەستی کردبووم. دەنگی قاقای پێکەنین لە ماڵەکە دەنگی داوە، سەید ئەحمەد بەردەوام بوو. پێم گوت: "من گوللەم بە خەسار دەڕوا، گوزەنەکان ڕادەکەن، ناگەڕێنەوە. ئێمەش ناتوانین بەدەستی خاڵی بگەڕێینەوە. خۆت بیر بکەوە، بۆ ئێمەیان ناردۆتە

ئێرە؟" پیرەمێردە متەقی لە خۆی بڕیبوو و تفەنگەشی وەرنەدەگرت من گوتم: "خۆت دەزانی" تفەنگەکەم فڕێداو گەڕامەوە دواوە بەمانای وا من دەڕۆم. ئەو بەدوامدا ڕایکرد. پێم گوت: "بۆ من نرخێکی نیە، ئەگەر ئارۆزکۆل دەرم بکا، دەچمە ساوخۆز کار دەکەم. بەڵام تۆ بەم پیریە بۆ کوێ دەچی؟" وەڵامی نەدامەوە. من بۆئەوەی بزوتنەوەم ڕێك بێ، لەسەرەخۆ گوتم: "لەسەر چیا زەردەکانەوە".

بە سواری ئەسپێکی کەرەند

هاتم، ئەی بازرگانی زەرد، دەرگا بکەوە!...

دیسان دەنگی قاقای پێکەنین لە ژوورەکەدا دەنگی داوە. سەید ئەحمەد بەردەوام بوو: باوەڕی کرد کە من بەڕاستی مەستم. بەدوای تفەنگەکەدا چۆوە. منیش گەڕامەوە. تا ئێمە خەریکی ئەو قسانە بووین. گوزەنەکان کەمێك دوورکەوتنەوە: من گوتم: "ئاگاداربە، دەڕۆن، ئیدی دەستت پێیان ناگاتەوە، ئێستاکە نەڕەوینەتەوە، تێی گرە". پیرەمێردەکە تفەنگەکەی هەڵگرتو لەسەرخۆ لە گوزەنەکان نزیك بووینەوە. پیرەمێردە وەك نیوە شێتان هەر لەژێر لێوەوە دەیگوت: "بمبەخشە، دایکە شاخدار، من ببەخشە..."

من پێم دەگوت: "ئاگاداربە، ئەگەر نەیپێکی، سەر بۆ بیابان هەڵگرە، بەدوای گوزەنەکاندا بڕۆو ئیدی مەگەڕێوە".

دیسان دەنگی قاقای پێکەنین لە ژوورەکەدا دەنگی داوە. لەنێوان بۆنی پیسی دەمی مەستەکان قاقای شێتانەی پێکەنینان منداڵەکە هەستی دەکرد دەم لە دەمێ پتر گەرم دادێ، هەناسەی زێتر دەگیراو سەری لەبەر ئەو هەموو ژانەی دەم لە دەمێ زیاتر دەبوو، خەریك بوو بتەقێ. وای هەست دەکرد کەسێك بەشەق لەسەری هەڵدەدا، یا کەسێك بە تەور سەری لە لاشەی جوودا

دەکاتەوە. وای بە خەیاڵدا دەهات کەسێك بە تەور نیشانەی لە چاوەکانیدا دەگرتو تەورەکەی تێدا دەبردە خوارێ. ئەوسەری تەکان دەداو هەوڵی دەدا لەژێر تەورەکەی بێنێتەوە دەرێ. لەبەر بەرزی تاو ئازاری گەرما دەستەپاچەو بێ توانا ببوو، لەپڕ وایزانی بۆتە ماسی و لە ڕووبارێکی زۆر ساردا مەلە دەکا. کلك و سەرەوەی لەش و باڵەکانی- کت و مت ماسی بوون، تەنیا سەری مابۆوە ژانی دەکرد. ئەو لە جیهانێکی فێنك و تاریکی و تنۆکدا لەژێر ئاودا مەلەی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە هەر بە ماسی دەمێنێتەوەو هەرگیز ناگەڕێتەوە ناو کێوو شاخان، بە خۆی دەگوت: "ناگەڕێمەوە، ماسی بم باشترە، ماسی بم باشترە..." کەس ئاگای لێنەبوو منداڵەکە چۆن لەناو نوێنەکەی هاتە خوارەوەو لە ماڵەکە وەدەرکەوت. هەرکە پێچی کردەوە پشت ماڵێ، کەوتە هێڵنجدان. منداڵەکە بە هەردوو دەست خۆی بە دیوارەکە هەڵسەپاردبوو و، دەیناڵاندو فرمێسکی دەڕێژت، زۆر زۆر دەگریا، هەناسەی بەند بوو و لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد:

- نا! باشترە ماسی بم. بە مەلە لێرە دوورکەومەوە، باشترە ماسی بم..

لەم نێوانەدا قاقای پێکەنینو نەڕەنەڕی مەستانە لە پشت پەنجەرەکانی ماڵی ئارۆزکۆل دەگەیشتە گوێ: ئەم قاقا دڕندانە گوێی منداڵەکەیان کەڕ کردو دەبووە هۆی دەردو ئازاری لەتوانابەدەری ئەو. وای لێکدەداوە بە بیستنی ئەم قاقا دڕندانە حاڵو باری تێکچوو بوو. دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشاوە، لە حەوشەکەدا ڕۆیشت. حەوشە چۆڵ و هۆڵ بوو. منداڵەکە لە قەراغ ئاگردانە خامۆشەکەدا بابە مەئموونی دیت کە مەستو بێ هۆش لە خاكو خۆڵ گەوزابوو، لە تەنیشت شاخە بڕاوەکانی دایکە شاخداردا کەوتبوو، وەك مردوو درێژ ببوو. سەگ پارچەیەکی لەسەری گوزەنەکە دەجوویی. کەسی دیکەی لێ

نەبوو. منداڵەکە بەسەر بابە گەورەدا داهاتەوە، دەستێکی لە شانەکانی داو گوتی:

- بابا، بڕۆ با بچینەوە ماڵێ.

پیرەمێردەکە وەڵامی نەداوە، گوێی لە هیچ نەبوو. نەیدەتوانی سەری ڕاست کاتەوەو ئەو چی هەبوو هەتا بیڵێ. چ وەڵامێکی هەبوو هەتا بیداتەوە.

منداڵەکە بە ئاوازێکی پڕ لە تکاو پاڕانەوە دووبارەی کردەوە:

- بابە، هەڵسە، هەڵسە با بچینەوە ماڵێ.

کێ دەزانێ، کوریژگەکە بە عەقڵی منداڵانەی خۆی تێدەگەیشت، یا هێشتا عەقڵی نەیدەبڕی کە مەئموونی پیر بە سزای ئەفسانەکەی خۆی، ئەفسانەی دایکە شاخدار، لەو ناوە کەوتبوو، و بابە مەئموون بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆی بەوەی کە بەدرێژایی تەمەنی بە گوێی نەوەکەیدا خوێندبوو، بەیادی پیاوچاکانا، بۆ سەر ویژدان و وەسیەت و ئامۆژگاریەکانی خۆی دەستدرێژی کردبوو، ئەمەش لەبەرخاتری کچە هەش بەسەرو بەختڕەشەکەی، لەبەرخاتری- نەوەکەی، دەستی دابووە ئەم کارە...

- ئێستاش پیرەمێردەکە لە حەژمەتی خەم و نەنگی و ریسوایی لەپێ کەوتبوو، وەك مردووان لەم ناوە لێی کەوتبوو. ڕووی خۆی لە خاك دەسووی و وەڵامی منداڵەکەی نەدەداوە.

منداڵەکە لە تەنیشت بابە گەورە دانیشت، هەوڵیدا بیجووڵێنی و بە دەنگێکی پاڕانەوە گوتی:

- بابە، سەرت بڵندکە.. ڕەنگ و ڕووی منداڵەکە وەك مانگەشەو سپی و جووڵەیەکی کەمی تێدابوو. دەست و لێوەکانی دەلەرزین. سەری لە گریان ناو دووبارەی کردەوە: بابە، ئەمە منم، گوێت لێمە؟ حاڵم زۆر خراپە. سەرم ژان

دەکا، زۆر ژان دەکا وەختە بتەقێ. پیرەمێردەکە نالّەیەکی بۆ کرد، کەمێ تەکانۆکەیەکی دا، بەلاّم نەیتوانی بەخۆ بێتەوە، لەپڕ منداڵەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پرسی:

- بابە، قولی بەگ دێ؟ بەلێ، قولی بەگ دێ؟

پیرەمێردەی ڕاتەکاند.

منداڵەکە بابە گەورەی ناچارکرد خۆی بخاتە سەر لاتەنیشتێك، و هەرکە چاوی بە ڕووی خاك و خۆلاّوی پیرەمێردەی ریشسپی و پەشۆکاوی ئەو کەوت، لەو سەرەوەش سەری گوزەنی دایکە شاخدار کە بە تەوری ئارۆزکۆل لە گیان جیاکرابۆوە، هاتە بەرچاوان بەتاو لەرزی لێهات. منداڵەکە بە هەترەشرژانەوە کشاوە دواوە. لە بابە گەورە دوورکەوتەوەو گوتی:

- من دەبمە ماسی. بابە گوێت لێمە، مەلە دەکەم و دەڕۆم.

هەرکاتێ قولی بەگ هات. پێی بلێ من بووم بە ماسی.

پیرەمێردە وەلاّمی نەداوە.

بەلاّم منداڵەکە بە قەلەمبازان دوورکەوتەوە. ڕێی رووباری گرتەبەر یەکراست خۆی لە ئاوەکە کرد.

هێشتا هیچ کەسێك نەیدەزانی کوریژگەکە ببووە ماسی و لەناو ڕووبارەکەدا کەوتە مەلە و ڕۆیشت. دەنگی مەستانەی سەید ئەحمەد لە حەوشەدا دەنگی دەداوە:

من لە کێوی پڕ لە لوتکەوە

بەسەر پشتی وشترەوە.

هاتم، ئەی بازرگان، دەرگاتم لێبکەوە،

تا شەرابی تاڵ بخۆینەوە[xiv]

تۆ بە مەلە ڕۆیشتی. چاوەڕێی هاتنی (قولی بەگ)ت نەکرد. مەخابن، سەد جاران مەخابن کە چاوەڕێی هاتنی قولی بەگت نەکرد. بۆ بە ڕێگادا نەڕۆیشتی و هەر بەسەر ڕاستە ڕێیەکەدا راتنەکرد؟ ئەگەر ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕێگاکەدا راتکردبا بێ چەندوچوون تووشی قولی بەگ دەبووی. لە دوورەوە ماشێنەکەی ئەوت دەناسیەوە، هەر ئەوەت بەس بوو دەستێکت لێ بڵند کردبا. (قولی بەگ)یش یەکسەر ماشێنەکەی ڕادەگرت و دەیپرسی:

- بۆ کوێ دەچی؟

تۆ وەڵامت دەداوە:

- بۆ کن تۆ دەهاتم.

ئەو سواری ئۆتۆمبێلی دەکردی، لە تەك خۆیەوە دایدەنای پێکەوە دەڕۆیشتن. لە پێشی ئێوەشدا دایکە شاخدار قەڵەمبازی دەهاویشت و بۆ پێشەوە خۆی تەکان دەدا. هیچ کەسێك نەیدەدیت. تەنیا تۆ دەتدیت. بەڵام وا تۆ بە مەلە ڕۆیشتی. ئایا دەزانی قەت نابیتە ماسی. ناگەیتە ئیسیك کول. کەشتیی سپی نابینی و ناشڵێی: سڵاو لە تۆ، ئەی کەشتیی سپی! ئەمە منم!"

تەنیا دەتوانم شتێك بڵێم: تۆ بەرانبەر ئەو شتانەی لەگەڵ دڵ و گیانی منداڵانەتدا نەدەسازا، خۆت بەدەستەوە نەداو سەرت بەرانبەری شۆڕ نەکرد. ئەمەش جێی دڵخۆشیو ڕەزامەندی منە. تۆ وەك پزیسکێك ژیای کە دەدرەوشێتەوە دەکوژێتەوە. بەڵام پزیسك ئاسمان دەنەخشێنێ. و ئاسمان جاویدانیە. ئەمە جێگای دڵخۆشی و ڕەزامەندی و دڵنەوایی منە.

ئەمەش جێی دڵخۆشی منە کە ویژدانی منداڵ لە مرۆڤدا، وەك چەقەڵۆکەی[XV] ناو دان وایە، دان بە بێ ئەو چەقەڵۆکە ناڕوێ. تا ئەوێ ڕۆژێ کە مرۆڤەکان پێ دەنێنە ناو جیهانەوەو ڕەخت لە جیهان دەبەستن، هەرشتێك لە ئێمە مانای بێتە پێشەوە، ڕاستە زیندوو جاویدان دەبێ...

گیان و دڵەکەم، کوریژگەکەم، من لەگەڵ دووبارەکردنەوەی قسەکانی خۆم بۆ تۆ ماڵئاواییت لێدەکەم: "وێردو سڵاو لە تۆش، ئەی کەشتیی سپی! ئەمە منم!"

## پەراوێزەکان:

[i] بییخ: کە وشتر پاڵ دەخەن
[ii]
[iii] دووبرا: مەلێکی ڕاوچییە و لە تیرەی بازە
[iv] ڕژوو: خەڵووز
[v] گەچ: مەبەستی تەباشیرە
[vi] کەپوو: لووت
[vii] پێدەگەیشتن
[viii] ژێرەوژوور سەرەوبن. دارەکە تەڕو سەنگین بوو.
[ix] گوراح. زەوق
[x] قیسی: هەتا. تەنانەت.

[xii] ماڵبەند: ئەمە فارسییەکەیەتی: مانای ئەو دارە کە سەرێکی بە گالیسکەو سەرەکەی دیکەی بە ئەسپەوە بەستراوە.
[xiii] یق سقل: لەڕاستدا دەمزانی ئەم وشە مانای چیەو لە فەرهەنگیشدا نەبوو، بۆیە من بە مەزەندە وشەی(قوربان)کە بۆ ڕێزگرتنە، بەکارم هێنا
[xiv] لەڕاستیدا مـن وەرگێڕانـی ئـەو شـیعرانەم بەپێویـست نـەدەزانی، چـونکە وەك نووسـەرەکەی دەگێڕێتەوە لە قسەی بێ مانا بەولاوە شتێکی دیکە نین. جگە لەمانەش وشـەی بـێ مانـای تێدایـە ماناکانیان نادیارن، بەڵام ئەوەی هەڵکرێنرا ئەوا لەبەردەستدایە.(وەرگێڕ).
[xv] چەقەڵۆکە: نوتفە. ئەو چرۆ بچووکەی لەناو دانەوێڵەدایەو دەبێتە هۆی ژیانەوەی.